سەرنووسەر
محمد أمين محمد

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە
لە دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

کانوونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

شۆرشەکەتان لەژێر ڕێنوێنی بیروباوەڕو
بەرنامەکانی حزبە سەرکردەکەیدا ڕێکای دیموکراتیەتی
لە ڕەفتارکردن لە گەل جەماوەرو گیروگرفتو
مەسەلەکانی جەماوەردا کرتوتەبەر .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● چوارشەممە ٧ی ئەیلولی ١٩٧٧ ژمارە ٣٨٤ ●

● الاربعاء ٧ ايلول ١٩٧٧ العدد ٣٨٤ ●

دانانی ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دووبڕیاری دەرکرد کەبە گوێرەی ئەوان ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بوونە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەبنە بیست و دوو کەس .

ئەمەش دەقی بڕیارەکانە

بسم الله الرحمن الرحيم

بڕیار

بەپێی ئەحکامی بڕگە (ب) لە مادەی شەشەمو شەشی دەستوری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە دانیشتنی ڕۆژی ٤-٩-١٩٧٧دا بڕیاری دا .. ئەم بڕیارەی خوارەوەی کاتیدا بکرێ ..

مادەی یەکەم دەقی مادەی سێوحەوتەمی دەستوری کاتی بڕگە (أ) وەك خۆی دەمێنێتەو ئەم دوو بڕگەی خوارەوەی لێ زیاد دەکرێ .

ب-ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دادەنرێ

ج - ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەبنە بیستو دوو ئەندام .

مادەی دووەم - بڕگەی (ج) لە مادەی سێو هەشتەمی دەستووری کاتی لادەچێ و زنجیرەی بڕگەکانی دوانەر بەوپێیە دەسکاری دەکرێ .

مادەی سێیەم - ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوەو لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕەفتاری پێدەکرێ .

احمد حسن البكر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

بڕیار

بەپێی ئەحکامی بڕگە (ب) لەمادەی سێو حەوتەمی دەستووری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە دانیشتنی ڕۆژی ٤-٩-١٩٧٧دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

یەکەم - بەرێزان ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کە لە خوارەوە ناوەکانیان بانرەکراوە بەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دادەنرێن .

ناوەکان :-

١ - نعيم حميد حداد
٢ - تايه عبدالكريم
٣ - محمد محجوب مهدی
٤ - عدنان حسين عباس
٥ - غانم عبدالجليل
٦ - طاهر توفيق يوسف
٧ - عبدالفتاح محمد امين
٨ - حسن علی نصار
٩ - سعدون شاكر محمود
١٠ - جعفر قاسم حمودی
١١ - عبدالله فاضل عباس
١٢ - طارق عزيز عيسى
١٣ - عدنان خيرالله طلفاح
١٤ - حكمة مزبان ابراهيم
١٥ - محمد عايش حمد
١٦ - برهان الدين عبدالرحمن مصطفى
١٧ - محيى عبدالحسين مشهدی

دووهەم - ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوەو لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕەفتاری پێدەکرێ .

احمد حسن البكر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

وەك دەزانین پێش دەرچوونی ئەم دووبڕیارە تازەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە بەرێز سەرۆك احمد حسن البكر سەرۆكو بەرێز صدام حسين جێگری سەرۆك وبەرێزان سعدون غيدانو عزه ابراهيمو طه ياسين رمضان ئەندامان پێك هاتبوو .

بەدانانی هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزب بەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارەی ئەندامەکانی بوو بە بیستودوو ئەندام . بڕگە (ج)ی لابراوی مادەی سێوهەشتەمی دەستووری کاتی ئەندامانی ئەنجومەنی بەدوازدە ئەندام دانابوو .

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوو مەرسوومێکی کۆماری دەرچوو کە بەگوێرەی ئەو ژمارەیەك لە بەرێزان وەزیرانی دەولەت کە بەپێی دەستکار یکردنی تازەی دەستوور بوونە

بروانە ل : ٧

سەرۆك بەکرباوەڕی خۆی دەردەبڕێ بە هاوکاری هێزەکانی ئاشتی لەگەل بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبدا

لە نامەیەکی سەرۆکی فەرماندەدا بو ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی بەبۆنەی هەفتەی هاوکاری لەگەل بزوتنەوەی بێلایەنی یدا :-

بەخۆشیەوە ، سەیری مەزنبوونی دەوری کاریگەری بزوتنەوەی بێلایەنی ئەکەین لە تێکوشاندا دژی ئیمپریالیەت وکۆنەپەرستی و سەهیونیەت وڕەنەپەرستی .

بەداخەوە پەنجە ئەکێشین بو ئەو کردارە نالەبارەی دیاردەی پاشکەزبوونەوەی هەندێ ڕژێمی عەرەبی سەربە (سازاندن) ئەیکاتە سەر بزوتنەوەی بێلایەنی . بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ، باوەڕی خۆی دەربڕی بەوەی هێزەکانی ئاشتی خەباتی هاوکاریانەی خۆی لەگەل بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبدا توندەکات دژی دیاردەی پاشکەزبوونەوەو هێرشی تازەی ئیمپریالیەت لەناوچەکەماندا ... و لە پێناوی پاکژدانی دەستدێژی ئیمپریالی سەهیۆنی و ڕزگار کردنی خاکە داگیرکراوە عەرەبیەکانو هێنانەدی مافە نەتەوەیی یەکانی گەلی فەلەستین لەگەڕانەوەیا بۆ نیشتمانەکەی و لە بڕیاردانی چارەنووسی لەسەرخاکی خۆیدا . ئەمە لەو نامەیەدا هاتوە کە بەڕێز سەرۆکی فەرمانده بەبۆنەی حەفتەی هاوکاری کردن لەگەل بزوتنەوەی بێلایەنیدا کە ئەنجومەنو لیژنەکانی لە مانگی ڕابوردوودا ڕێکیان خستبوو ، بۆ ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی ناردوە .

سەرۆکایەتی ئەنجومەن نامەکەی سەرۆکی بەڕێزی بەسەر هەموو بزوتنەوەو لیژنە نیشتمانیەکانی ئاشتی (١٣٠) وڵاتدا بڵاوکردۆتەوە .

ئەمەش دەقەکەیەتی :-

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاشتی جیهان :

زۆر پێخۆشحالم بەبۆنەی ئەو حەفتەی هاوکاری کردنەی لەگەل بزوتنەوەی بێلایەنیدا ئیژەو ئەو ڕێکخراوانەی بە ئەنجومەنەکەتانەوە بەندن ، ئەیکێڕن ، سڵاوتانلێ بکەم .

ئێمە بەخۆشیەوە تێبینی دەوری کاریگەری بزوتنەوەی بێلایەنی ئەکەین لەژیانی دەولەتاندا و پەنجە بۆ ئەو خاڵە بە بڕوایانە ئەکێشین کە وەك کۆماری عیراق بە سەرۆکایەتی ئوتنەرمان لە کۆنگرەی باڵای سەرەك دەولەت و حکومەتە بێلایەنەکان کە لە کۆڵۆمبۆ لە مانگی ئابی ١٩٧٦دا گیراو سەباردت بە بەهێز کردنی دەوری ئەو بزوتنەوەیە لە تێکۆشان دژی ئیمپریالیەت و بزوتنەوەو ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستانەوە بەندن، بەتایبەتی دژی زایۆنی و ڕەگەزپەرستی ، خستیەڕوو .

شتێکی شاڕاوەنی یە کە هێزی بزوتنەوەی بێلایەنی لە بەهێزی و بەتوانایی ئەو ڕژێمە نیشتمانیانەوەیە کە ئەندامن لەو بزوتنەوەیەدا . لەگەل دەوری ئەو هێزە لە تواندنی بەرژەوەندی گەلان سەبارەت بە

بروانە ل : ٧

ئالۆز بوونەوەی سەرلەنوێ دۆخی لوبنان

بیروت - ٦ی ئەیلول - ئا.د.ع : پاش بیست و چوار سەعات ئارامی نیسبی کە تەنیا چەند پێك هەڵپڕژانێکی پچڕ پچڕو پچووك لە میحوەرەکانی شەڕدا ڕوویدا ، سەر لەنوێ دۆخی ئاسایشی خوارووی لوبنان تێك چۆتەوە .

ئەو ڕاپۆرتانەی لەوێوە ڕووخاونو چەند جێگایەکیش هاتوون وا دەگەیەنن کە هێزە ئاگربان تێبەربووە .

زایۆنیو دەستەڕاستیەکان ئەمڕۆ بەیانی ماوەی چوار سەعات بەتۆپی قورس شاری نبطیەیان بوردومان کردوە .

بەیامنێرەکە باسی چەند پێك هەڵپڕژانی توندی تری کردوە کە لە میحوەرەکانی ترو بەتایبەتی لە میحوەری خیام - مرجعیون لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و میحوەری بنت جبیل - عین ابل لە ناوچەی ڕۆژئاوادا ڕوویان داوە .

هەروەها گوتوویە ئەمڕۆ بەیانی لە میحوەری یارین - ناقورە لە ناوچەی ڕۆژئاوادا بەتۆپو ڕەشاش پێکیانەوە ناوە .

دوژمن لەسەر مستوطنە دروست کردن بەردەوامە .

خاکی داگیرکراو - أش.ا.ئا.د.ع : زایۆنی دوژمن بەردەوامە لەسەر جێبەجێ کردنی نەخشەی داگیرکەرانەی خۆی و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر مستوطنە دروستدەکا بۆ ئەوەی داگیرکاریەکەی بۆ خاکەعەرەبیەکان بچەسپێنێ .

ڕێکخراوی زایۆنی « جویش ایمونیم » ڕایگەیاندوە کە لەبیستوحەوتی ئەم مانگەدا دەستدەکا بەدروست کردنی (١٢) مستوطنەی تازە لەکەناری ڕۆژئاوای داگیرکراودا .

ڕێکخراوەکە ئەمەی لەنامەیەکیدا ڕاگەیاند کەڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لەیەکێك لەومستوطنە زایۆنیانەدا بەڕیای کردبوو کە بەتازەیی و بەڕەزامەندی حکوومەتی دوژمن لەکەناری ڕۆژئاوادا دروست کراوە . لەوتاهەنگەدا مەناحیم بیگن سەرۆك وەزیرانیش بەشدار بوو .

ئەوەشمان لەبیرە کە ئەریل شارون سەرۆکی لیژنەی (استيطان)ی حکوومەتی زایۆنی لەچەندڕۆژی ڕابردوودا نەخشەیەکی زایۆنیستی تازەی ئاشکراکرد کە دەیەوێ ژمارەی زایۆنیەکان بگەیەنێتە ٦ - ٨ ملیۆن کەس ، ئەمەش بەدامەزراندنی چەند مستوطنەیەکی زایۆنی گەورە کەهەموو ناوچەکانی خاکی داگیرکراوی عەرەبو بەتایبەتی لەکەناری ڕۆژئاوای داگیرکراودا .

لەلایەکی ترەوە ڕۆژی یەك شەممەی ڕابردوو ڕۆژنامەکانی یوگوسلافیا بەتوندی هێرشیان کردۆتە سەر بڕیاری کاربەدەستە زایۆنیە داگیرکەرکان کەدەیانەوێ یاسازایۆنیەکان بەسەر کەناری ڕۆژئاواو ناوچەی غەزەدا بسەپێنن و چەند مستوطنەی تازە لەخاکە داگیرکراوەکانی عەرەبدا دروست بکەن .

ڕۆژنامەکانی یوگوسلافیا گوتوویانە ئەم بڕیارەی زایۆنیەکان چەشنە زەبرو زەنگێکی بێوێنەیەو هەڵوەشاندنەوەیەکی سامناکی یاسای ناوەوەڵەتانە .

ڕۆژنامەکان دووپاتیان کردۆتەوە کەدۆخی ناوچەی عەرەبی بەو کردارانە زیاتر ئالۆزدەبێ و شێوەیەکی مەترسیدار وەردەگرێ .

هەروەها ڕۆژنامەکان داوایان کردوە هێزەزایۆنیەکان

بروانە ل : -١١-

لەبارەی ڕوداوەکانی (٥)ی ئەیلولی ١٩٦٤

پێرێ سیانزەمین یادی ڕۆژی پێنجی ئەیلول تێپەڕی ، کاتێ کە دەسەڵاتی دەسڕەشی تشرین دەستی لە حزبی بەعسی سوسیالیستی عەرەبو کۆمەڵانی میللەت ڕاوەشاند .

ئەم دەسوەشاندنەی کە لە لە هەژدەی تشرینا یەکەم تەجرەبەی حزبی لەبار برد کە لە شۆرشی مەزنی ٨ شوباتا بەرپا ببوو ، لەهەمان کاتا ئەیویست خەباتی حزبو بوونو مانی سیاسی لەناو بەرێت .

ئەم هێرشە ناهەمواره ، خۆی لە خۆی دا کینەی ڕەشی هێزە چەپەڵەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی لەسەر حزبی بەعس دوپات ئەکردەوە .. بێگومان ئەو دوژمنکاریە کۆنەی کە لە نێوانی حزبو بەرەی هاو سوێندی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی ئەگەڕێتەوە سەر جیاوازی ستراتیجیەتی نێوان مەبدەئە شۆرشگێرەکانی ئەم حیزبەو مەبەستو بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم لە سەرانسەری ناوچەی عەرەبی دا ..

بە حوکمی ئەوەی کە حزب سەرکردایەتی خەباتی ئەتەوایەتیو نامانجو نارەزوەکانی دوارۆژی ئەتەوە ئەکاتو دژی بەرژوەندیەکانی ئیمپریالیزمو مۆنۆپۆڵو کۆنەپەرستی ئەبێتەوە وبەشدار یەکی کارامە لە جوڵانەوەی شۆرشی عەرەبو شۆرشی جیهانی دا ئەکات ، بەپێی ئەو حوکمە ئەبوایە دەستەو دایەرە

بروانە ل : -١١-

یەکێ لەکرێگرتەکانی ڕژێمی سوریا دان بەتاوان و وێرانکاریەکانی خۆی لە لەبنان .

دوێنێ ئێوارە تەلەفزیۆنی بەغدا یەکێ لەکرێگرتەکانی ڕژێمی سوریا « محمد عصام محمود عمر » ناوی پیشاندا ، کە سیخوڕایەتی ئەو ڕژێمە پاڵی پێوەنابوو تا هەندێ کاری وێرانکارانە لەبەغدادابکات ... کرێگرتەکە بەدرێژی باسی سیخوڕایەتی سوریاو دەوری باڵیۆزی سوریا لەبەغدا « نصوح جويجاتی » کرد کەچۆن پاڵی پێوەناوە تا ئەم کوشتارو توقاندنانە لەبەغدادابکات .. هەروا وونی : لە ٢٥-٧-١٩٧٧دا بۆمبایەکی دانراوەتەناو ئۆتۆمۆبێلێك ولەناوچەی مربعەی بەغداو لەشەقامی ڕەشید ئەقاندوێتی .. ئەمەیش دەقی گفتو-گۆکەیە :

محمد عصام : ناوم محمد عصام محموده

تەمەنت : ساڵی ١٩٤٦و لەجۆلانی سوریا لەدایك بووم ، سەرەتاییم لەقوتابخانەی طارق ابن زیادو ئامادەییم ساڵی ١٩٦٩ لەقوتابخانەی دار الحكمه تەواوکردوە .. لەسوریا عەفوکراوم ، تاقانەم وچوار خوشکم هەیە دوویان شوویان کردوە ، دووی تریان قوتابین .. دایك و باوکیشم ماون .. ساڵی ١٩٦٩ چوومەکوێت چونکە لەسوریادا کارم دەس نەکەوت دوای ئەوەی پەساپۆرتی کۆیتم دەستگیرکرد لەکوێت مامەوە ولەکۆمپانیای الرومی بەمانگانە کەوتمە سەرکار .

گوێندەکە : کارەکەت چی بوو ؟

کرێگرتەکە : دارتاشیو دیکۆرو سەرپەرشتی کردنی هونەری لەبنیادنان . کۆمپانیای الرومیم بەجێهێشتو لەدەزگای البسام ولەلای سیف الدين النصری بەلێندەری گشتی کەوتمە سەرکار ، لەپاشا بۆخۆم شوێنێکم کردەوەو لەناوچەی « الشرق » خەریکی دیکۆریستی بووم .. بیستم لەعیراق گەلێ پرۆژەی گەورە هەبەو ڕۆڵەکانی عەرەبیش ئەتوانن بەئاسانی ئیشی تیابکەن .. ئەوەبو ساڵی ١٩٧٤ هاتمە بەغدا ، لەپاشا شوێنێکم لەناوچەی « الشرق » گرتو کەوتمەکار ، ئینجا « مەکتەبی الوطن العربی »ی لەناوچەی السنك بۆ بەلێندان و بۆ دیکۆرکردەوە ، کارم زۆرباش ئەڕۆشت ،سەرەتای پەیوەندیم لەگەل سیخوڕایەتی سوریا لەسەرەتای ئەمسالەوە دەس-پێ ئەکا ، کاتێ کەپەساپۆرتەکەم بزرکرد .. ئەمسالە واتە : ١٩٧٧ .

گوێندەکە : ١٩٧٧ .

کرێگرتەکە : بەڵێ ، کاتێ کەپەساپۆرتەکەم بزرکردو چوومە باڵیۆزخانەی سوریاو باڵیۆزکەم چاوپێکەوت .

گوێندەکە : ناوی باڵیۆزەکە

کرێگرتەکە : نصوح جويجاتی .

تا پەساپۆرتم باتێ ووتی : دوای دوومانگ معاملەکەت بۆ سوریا ئەنێرین تا ڕای ئەوان وەرگرین .. دوای دومانگ پێی ووتم :

ئێمە ئەمانەوێ لە سوریادا پەساپۆرتەکەت بدەنێوە ، لێرە ناتوانین ، چۆن پەساپۆرتت لە بەغدا بزرئەکەی ، لێرە بەندیخانەو

بروانە ل : ٧

سەروتار

دەربارەی بڕیاری حیسابکردنی ئەندامەکانی سەرکردایەتی قوتری بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش :

بڕیارێکی بەباوەڕی قوتکردنەوەی ڕەفتاری دیموکراتیانەیە لەولاتەکەماندا

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیارێکی دەرکردو بەپێی بڕیارەکە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش حیسابکران ، ئەو ئەنجوومەنەش بە باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانو ڕاپەڕاندنی وڵات دانەنرێ .

خۆ ئەگەر بڕیارێکی تر لەو ڕێبازەوە پێش ئەو بڕیارە مێژوویی یە دەرچووبێو هەشتەم کۆنگرەی قوتری حیزب لە کۆبوونەوەو نا ئاسایی یەکەیدا لە دەیەم ڕۆژی کانونی دووەمی ڕابوردوودا گرتبیەتە بەر ، بەوەی کە سەرکردایەتی قوتری فراوانتر بکرێتو بکرێ بە (٢١) ئەندامو ئەو ئەندامانەی وەزیریش نین بەوەزیری دەولەت حیساب بکرێن ، وا هەردوو بڕیارەکە لە جەوهەری بیروباوەڕە دیموکراتیەکانی حیزبی سەرکردەوە لە باشترین شێوازی ڕەفتار کردنی دیموکراتیەتو ئەو سەرکردایەتیە بە کۆمەڵیەوە هەڵئەتوێ کە سەرکردایەتی تەقەلای بەجێهێنانی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەولەتو کۆمەڵگادا ئەدا .

بڕیارەکانی سەرکردایەتی کە مۆرکێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕانەیان هەیە ، بە مەبەستی قولکردنەوەی ڕەفتارو بەشداربوونی بە کۆمەڵو دیموکراتیانەو فراوان کردنی ئەرکی سەرکردایەتیو پەیدا کردنی تاقیکردنەوەو شارەزایی نوێی سەر ڕێبازی بەجێهێنانو قوولکردنەوەی ئەخشەکانی بنیاتنانو پێشکەوتنن .

سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش بە پاڵپشتی کەلەپوورێکی بەرزی بیروباوەڕی دیموکراتی یەوە لەناو ریزەکانی جەماوەراندا خەبات ئەکات بۆ ئەوەی هۆشیان سەبارەت بە گرنگی ڕەفتار کردنی دیموکراتیەت تیدا بڵاو بکاتەوە ، ئەمەش لەو بڕوایەوەیە کە ڕەفتارکردنی دیموکراتیەت تەنها وزەو بەهرەکانی جەماوەران بەرەڵا ناکاو تەنها بەشداریەکی فراوان لە کرداری بنیاتنانو ڕووبەڕوو بوونەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیەتدا ناکا ، بەڵکو باشترین شیوازی گونجاو سروشتی ی مرۆڤایەتیە کە حەز لە سەربەستیو چاکە ئەکا . لەبەر ئەوە لەگەل ئەوەشدا کە نیقابەو کۆمەڵەو یەکیەتیەکان دەورێکی باڵایان لە باڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی دیموکراتیەتو ڕاکێشانی کۆمەڵانێکی میللی فراوان بۆ ناو ریزی شۆڕشداگێڕا ، کەچی سەرنجی سەرکردایەتی لەمەسەلەی ڕەفتارکردنی دیموکراتیەتدا ، لە ستووری شێوازەکانی ڕێکخستنی کاری نیقابەیی و پیشەیی و گەلیدا ناوەستێ ، بەڵکو خواستی ئەوە ئەخوازێ کە شێوازی دیموکراتی بخاتە هەموو ئاقارێکی کۆمەڵایەتیو

بروانە ل : -٧-

Institut Kurde de Paris

لەگەڵ نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی

پەرەسەندنێکی ڕێک و پێکی لقەکانی کەرتەکانی ئابوری نیشتمانی

نیشانە ئاشکراکانی ئابوری وڵاتانی جیهانی سێیەم ، ئەوەیە کە تاکڵان و هاوسەنگی لەو ئابوریە دواکەوتوانەو لەئابوری عیراقماندا نییە ، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە یەکێکە لەو وڵاتانەی سالانێکی زۆر بەدەست جەوری ئیمپریالیەت و مۆنۆپۆڵەکانەوە چێستوێنی ، ئابوریەکی دواکەوتوو نارێکی بۆ بەجێماوە .. لە هەندی لقەکانیدا لاواز وەك لە پیشەسازیدا ، لە هەندێکی تریاندا بەرفراوان وەك لە کەلوپەل لەدەرەوە هێناندا .

ئەو دۆخە وای لە ئابوری عیراق کرد نەتوانێ هەنگاوێ ڕیشەکێشا کە چاککردنی وا خواستەکانی گەل ، یاخود ڕووبەڕوی هەردۆخێکی کوتوپڕبوەستێ کە باری ڕوداوەکانی ناوچەکە بە سەریدا ئەسەپێنن ، ئاتەواوی لە تەرازوی بەرەپێدان و لە تەرازوی بارزکانیدا ئەوەندەی ڕیشەکێشا کە چاککردنی وا دابنرێ لەدەست نایەت .

ئابوری عیراق دوای شۆڕشی ١٧ی تەموزی سانی ١٩٦٨ بەدەست ئەو جێماوە قورسەوە چێشتی ، بەتایبەتی پێش میللیکردنی سامانی نەوت کە مۆنۆ ئۆلەکان دەستیان بەسەر ئەو داهانە سەرەکیەدا گرتبو .

لەو جێماوە قورسەوە ، هەندێ لە خاوەن نەقلەکانی دزکانی دەولەت نەیان نەتوانی لەبازنەی بیرکردنەوەی سنووردارى خۆیاندا کە لە « پیشەیی » و « نیقابە » یەتیدا خۆی ئەواند بجنەدەرەوە ، تاوەکو بتوانن پێویستی خۆیان لەدانانی بڕدجەی سالانە یاخود بەرنامەی ڕەنێوهێنان و شتهێناندا بخەملێنن ، کە ئەوەش ناهاوسەنگی و نارێکیەکی لەنێوان لقەکان و کەرتەکانی ئابوری نیشتمانیدا ئەرەخساندو وای لە دەزگا مەرکەزیەکانی ئەخشەکێشان ئەکرد لە پێشنیازەکانی وەزارەت و دایرەکانی تر بکۆلنەوە بۆ ئەوەی چاو بە بڕدجە دانانی خۆیاندا بخشێنەوە تاوەکو هاوگونجان و هاوڕێکیەك لەنێوان لقەکانی ئابوری نیشتمانیدا بڕەخێ و زیاتر بایەخ بە دەستەسەرەکیەکانی کرداری پەرەپێدان بدرێ .

شۆڕش دەستی نایە سەر ئەو ئاتەواویە ئەورەیەو زیاتر لە دەرفەتێك ڕاپۆرتی سیاسی پەنجەی بۆ مەترسی ئەو کارە بۆسەر سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی و بەستنەوەی ئیرادەی نەتەوە ، ڕاکێشاوە .

هەروەها هاوڕێ صدام حسین جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کاتێ لە ئەنجومەنی ئەخشەکێشاندا لەو شێوازە چەپەڵانە ئەدوا کە مۆنۆپۆڵەکان و ئیمپریالیەکان پەنایان ئەبەنەبەر بۆ کۆسپ خستنەبەر پەرەپێدانی وڵاتە گەشەسەندووەکان ، کە زۆریان لەبردی بێبڕوگرامی و نارێکی نیوان کەرتە جیاجیاکانی ئابوری ئەو وڵاتانەوە تێیەڕ ئەبن ، دستی بۆ ئەو مەسەلەیە کێشا .

ئەخشەکە بەئاشکرا پەنجەی بۆ ئەو مەسەلەیە کێشا ئەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەیی ١٩٧٦-١٩٨٠ لێکدانەوەیەکی دربڕینێکی ڕاکانی حیزبو تێڕوانینی کۆمەڵایەتیانەی مەسەلەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای ماوەی ئایندەیە . لەبەر ئەوە بەئاشکرا پەنجە درێژکردنی بۆ مەسەلەی هاوسەنگی و هاوبڕوگرامی نێوان کەرتە جیاجیاکانی ئابوری نیشتمانی تیدایە .

هەروەها ئەخشەکە بایەخێکی تایبەتی بە چارەسەرکردن و ئەو ناتەواویانە داوە کە ئەخشەی پێشوو بەدەستیانەو نالاندویەتی .

بەتایبەتی بەردەوام بوون لە دروستکردنی کۆئەکە بنچینەییەکانی ئابوری نیشتمانیدا ، بۆئەوەی ئەو داواو پێداویستە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانە هەڵبگرێ کە کرداری پەرەسەندنی ئایندە پێویستیەتی ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە یەکێك لە کۆئەکە بنچینەییەکان بۆ زامنکردنی هاوسەنگی نێوان لقەکانی ئابوری نیشتمانی مسۆگەر بکرێ .

هەموومان لەبیرمانە ، کە چەندمان چێشت بە دەست کەم وزەیی و ناتەواوی هەردووکەرتی کوێزانەودو عەمبارکردنەوە ، لەکاتی شت لە دەرەوە هێنانە زۆرەکەی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا ، کە ئەمەش بوە هۆی گیروگرفت و ئالوزی پەیداکردن و زیان پێگەیاندنی داهاتی وڵات و کەلەبەرخستنە بەر ڕێڕەوی پەرەپێدانەوە .

ئەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەیی پرۆژەی بڵاوبڵاوی ئابوری نییە ، بەڵکو بەپێی بیروڕاو ستراتیژیەتی ئاشکرای حیزبەوە بەرفراوان ئەبێ بۆ ئەوەی ڕووبەڕێکی فراوانتر لە مەسەلەی هێنانەدی بەرزبوونەوەیەکی زۆری داهاتی نەتەوەیدا کە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی کرداری کۆڕانکاریەکی سەرانسەرانەی قەبارەی کۆمەڵایەتی ، بگرێتەوە .

هەروەکو بەپێز وەزیری ئەخشەکێشان لە دوانەکەیدا کە دەربارەی ئەخشەکەبووو لە کۆمەڵەی ئابوری مەندەکان ئیوارەی ١٢-٧-١٩٧٧ دای ، پەنجەی بۆ ئەوە درێژکرد کە « ئەخشەکە کردارێکی بەرفراوانە بۆ ڕێکخستنەوەی هێزە بزوێنەرەکانی ناو کۆمەڵگا » و « کردارێکی بەرفراوانیشە بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی بەرژوەندە تاکیەکان و کۆمەڵیەکان بەپێی پێداویستی بنیاتنانی سۆشیالیستی » ئەمەش ئەرکی سیاسی ئەخشەکە دیاری ئەکاو بە ڕەفتارکردنی ئابوریانە دەرئەبڕێ .

لەسەر ئەو بنەوانە ئەخشەکێشانی پەرەپێدان و ڕاپەڕاندنی ئەبێ لەگەڵ بزوتنەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا یەکگرتوی و لێکبدرێ .

هەروەها لەگەڵ ئەو توانا وزانەشدا کە لەکاتی کرداری بیاتنانی سۆشیالیستیدا بەپێی بیروڕاو ئامانجەکانی حیزب و شۆڕش و پەیوەندی یەنیکانی بەرهەمهێنان ، بەرهەمدان یا چاوەڕێ ئەکرێن .

ئەخشەی سالانەی لقەکانی سەرەکی یەکان .

لەبەر ڕۆشنایی ئەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەیی ، ئەخشەکانی سالانەی لق و کەرتە سەرەکیەکان دائەنرێت کە بریتین لە بەرنامەی ڕەنێوهێنانی سالانە و بەرنامەی لەدەرەوە هێنان و پرۆژەی خزمەت گوزاری کە کەرتەکانی پیشەسازی و کشت و کاڵی و بازرگانی و خزمەت گوزاری بەربرسیارن لە جێبەجێکردنی وەهاربکاری نێوان ئەم کەرتانە ئەبێتە هۆی :

١ - زاڵ بوون بەسەر کەم و کوڕی پێداویستیەکانی پەرەپێدان .

٢ - دورە پەرێز بوون لە ووشککردنی سەرمایە لەکاتی چاودێری نەکردنی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە لەپێشەوەن .

٣ - مانەوەی ئەو کەرتانە لەخۆبەستنەوەیان لە ئاستی هاوڵاتیان بەوەی کە گەلو پەلیان بخەنەبەردەست لەکاتی تایبەتی و بە ئووڕەی پێویست .

لەسەر بنچینەی بەربرسیاری هاوبەش و هاوکاری نێوان کەرتەکان لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پێویستیەکانی جەماوەر بنچینەی کار ڕێکخستنی نێوان کەرتەکانی بەرهەم هێنان و لە دەرەوە هێنان و بۆ دەرەوە ناردن و دابەشکردن و خزمەتگوزاری دانەنرێت . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ سەرەڕای ڕێنوێنیەکانی ئەخشەدانانی ناوەندی لە لووتکەدا ئووڕینەوەی ئەخشەو ئووڕەکاری نێوان لقەکان هەروەها ئووڕینەوەی پێشنیاری و ڕوون کردنی گیروگرفتەکانی کاریان ..

بۆ نموونە دەزگای لە دەرەوە هێنان و بۆ دەرەوە ناردن ئەخشەی سالانەی خۆی دائەنێت وەرێککەوتنامە لەگەڵ لایەنەکانی لە دەرەوە هێنان و بۆ دەرەوە ناردن لە دەرەوەدا مۆرکەکات بۆ ئەو شتومەکانەی کە کەرتی بەرهەمهێنان پێویستیەتی وە لەبەر ڕۆشنایی دیراسەی دەزگای تایبەتی و ژمێریاری بۆدەست نیشان کردنی قەوارەی پێویستی بۆ ئەم شتومەکە ئەتەرێت و بەکار هێنانی میللی بێت یاخود بۆ پێداویستی بەرەپێدان بێت ئەمەش بۆ کەرتی خزمەتگوزاری ئەشێ کە ئەخشەی دائەنێت لەبەر ڕۆشنایی توانای دەزگای بەرهەم هێنان و لەدەرەوە هێنان لە زامن کردنی پێویستیەکانی لە کەل و پەل و شتومەکدا ، کەوتی بەرهەم هێنانیش ئەخشەکەی دائەنێت لەبەر ڕۆشنایی پێویستی کەرتە جیاجیاکانی بەپێی وزەی بەرهەم هێنانی وەلەبەر ڕۆشنایی ئەخشەی کەرتەکان لایەنەکانی جیاجیا لەنێوان خۆیاندا ڕێکئەکەون کە پێویستە خۆیان بەبەستنەوە بەوەی کە بەربرسیارێکی کۆمەلیە پێویستە جێبەجێ بکرێن وەئەم ڕێککەوتنانە چەند مەرجێکی سزایی تیایە بەرامبەر ئەولایەنەی کە کاری پێنەکات . چونکە ڕەددەست هێنانی پێویستیەکانی جەماوەرو پەرەپێدان کارێکی نیشتمانی شۆڕشگێریە بۆ هەموو کەرتەکان نەك کارێکی بازرگانی یاخود دەستاو دەستکردن شتومەك کە ئەتوانرێ کەمو کوری تیابکرێت و ئەنجامی کارەکەشی بخاتە ئەستۆی .. ئەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەیی ٩٧٦ - ٩٨٠ کۆتایی بەپەرت و بڵاوی هەوڵو سەرچاوەکانە کە لە سەردەمەکانی ڕابوردودا بەدی ئەکرا لەکاتی شتومەك لە دەرەوە هێنان بەبێ بەرنامەو هەنگاو ڕێکخستن و بەکارنەخستنی وزەو خزێنەبەستنەوەدا بۆیە یاسای ئەم ئەخشەیە دووباتی . دانانی سیاسەتی نابوری کە جێبەجێ کردنی بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و هاوسەنگ زامن ئەکات لەکەرتە سەرەکیەکانی جیاجیا .. کردۆتەوە ..

سەرکردایەتی شۆڕش ئەخشەی هێنە سەرەکیەکانی کێشاوەو هەموو پێویستیەکی جێبەجێکردنی خولقاندووە بەلام جێبەجێ کردن و بەرووبوم هێنانی ئەمە ئەکەوێتە ئەستۆی دەزگای جێبەجێکەرو داهێنەرەکانی وە ئووڕینی سووربونی شۆڕشگێری کە ئەلەکەمانی **تیا ئەژی بۆ وزەیەکی کاریگەر لە کاری کەورەی ئیستای بنیاتنانی وڵات .. وەجێبەجێ کردنی ئەم ئامانجانە کارێکی نیشتمانی و تێکۆشانێکی بەشەرەفە وەئێمە لەو باوەڕەدانین کە کەس هەبێت لەشەرەفی بەشداربونی ئەم داستانەی بنیاتنانی سۆشیالیستی کەگەل ئۆماری ئەکات دووا بکەوێت .**

دوژمن هەر لەسەرەتای نەخشەی نیشتمانیدا کردنی دەروات لەدەخاکی زەوت کراودا

- **قبرص نارەزایی دەردەبڕێ بەرامبەر بەکردارە مەزن خوازیەکانی سەهیونیەکان**
- **ڕەسوا کردنی مەراوەکانی « تل أبیب » لەبارەی چەك نادرنە دەرەوە**

خاکی زەوت کراو - ٣١ - ئاژانسی دەنگوباسەکان : حکومەتی دوژمن ئەخشەیەکی ئامادە کردوە بو دامەزراندنی شەش ئاوایی سەهیۆنی تازە ، بەشێك لەو ئەخشەیەی کە بو جۆلەکاندنی خاکی داگیرکراوی عەرەبو ئووڕینی شوێن و ڕێ میژوییە عەرەبیەکانی دا ناوە .

ئەوەی شایانی باسە ، دامەزراندنی کۆمەڵێکی زۆر زۆر ئاوایی سەهیۆنی لەخاکی داگیرکراوی عەرەبدا ، بەردەنگاری نارەزایی و توڕەییەکی زۆر توندبووە لەلایەن ڕای گشتی جیهانەوە ...

هەروەکو زانراوە ، کاربەدەستانی سەهیۆنی دوژمن نیستا خەریکی ئەخشەکێشانن بو دامەزراندنی هەندی مۆڵگای بازرگانی و نیشتەجێکردن لە نزیك شورە کۆنە کەی شاری قودسەوە بۆ ڕێ پاك کردنەوەبۆ جولەکاندنی ئەم شارە پیرۆزە ، لە سەرپانایی ٣٠ کیلومەتر زەوی .

ئەمە جگەلەوەی ، کاربەدەستانی داگیرکاری سەهیۆنی هەرخەریکی هەڵکەندن لە نزیك شوێنەوارە پیرۆزەکانی شاری قودسەوە سەرەڕای نارەزایی ڕای گشتی جیهان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کە قەدەغەیان کردوە دەستبدرێ لە چۆنیەتی باری دانیشتوان و شوێنەوەی جوگرافیایی و ڕۆشنبیری و میژوویی خاکی داگیرکراوی عەرەب .

لەسانی ١٩٦٧دا ، بەگوێرەی ئەو ژمارانەی کە بڵاوکراونەتەوە ، ٩٣ ئاوایی جۆراوجۆر دروست کراوە ، لەوانە ئاوایی کیبوتسی و سوبایی (ناحال) و کە ٢٥ یان باش سانی ١٩٧٣ دروست کراون ، هەروەها ، (٤٢) یان لە ڕۆخی ڕۆژئاوا و (٢٤) لە مەلەتە داگیر کراوەکانی سوریا و (١٧) لە غزەو سیناء .

قبرص نارەزایی خۆی بەرامبەر بە کردارەکانی دوژمن دەردەبڕێ :

لەلایەکی ترەوە ، حکومەتی قبرص نیگەرانی قوولی خۆی دەربڕی لە بارەی بەردەوامی قەوارەی سەهیۆنیەوە لەسەر ئەو ڕیبازە مەزینخوازیەی کە هەوڵ ئەدا بو دەست بەسەرداگرتنی خاکی داگیرکراوی عەرەب ، ئەمە لەنامەیەکدا هاتووە کە جون گریستوفیدس وەزیری دەرەوەی قبرص دوێنێ ناردویە بو کۆرت فالدهایمی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان تیدا نارەزایی و بێزاری توندی قبرصی دەربڕیوە بەرامبەر بە کردارە نوێیەکەی (ئیسرائیل) لە ڕۆخی ڕۆژئاوادا .

هەروەها ووتی ، سیاسەتی دروستکردنی ئاوایی سوبایی کە ئەبێتە هۆی کۆزینی شێوەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ، بێشێل کردنی میزوراو شوێن و ڕێی بنەڕەتی عەداڵەتەو دژی بڕیارە دەولیەکانە ..

هەواڵەکانی خاکی داگیرکراو وایان گەیاندوە کە وا کاربەدەستە سەهیۆنیەکان هەندێ تەعلیماتیان دەرکردوە کە لاوانی کەرتی غزە نابێ بۆ دەرەوە سەفەربکەن .

ئەم کردارە سەهیۆنیە ، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی دوژمنە کە هەوڵئەدا کە ئەندو کۆسپ بخاتە بەردەم لاوانی فەلەستین تا نەتوانن خوێندنی دانشگا لەدەرەوە تەواو بکەن و ئەو ڕەفتارە نائینسانیانەی سەهیونیەت ڕیسوائەکات کە دژی هاوولاتیە عەرەبەکان لە خاکی داگیرکراوداو هێشتنەوەیان لە وەزعی نەزانی و دواکەوتوییدا ئەکرێ .

هەروەها هەواڵەکانی خاکی داگیرکراو ڕایانگەیاند کە وا کاربەدەستانی دوژمن ئاوی خواردنەوەیان لە شارەکانی ڕام الله والبیرە ئرتوە چونکە دانیشتوانی ئەم دو شارە ڕازی نەبوونی بۆ ڕی ئاوی شارەکانیان بەسەتری لەگەڵ بۆڕی ئاوی سەهیونیەکاندا لەشاری قدس .

بۆچی دوژمن چەك بۆدەرەوە ئەنێرێ ؟ ئە مۆسکۆش ، ئەمڕۆ ڕۆژنامەی سوفیسکایا روسیا ، نوسیویەتی دەتێ بەگوێرەی ڕاپۆرتی شارەزاکان قەوارەی سەهیۆنی نزیکەی نیوەی بەرهەمی چەکی خۆی بۆ دەرەوە ئەنێرێ ، ڕۆژنامەکە ، هەروەها نوسیویە - هۆی ئەمە ئەو دەسکەوتانەیە کە قەوارەی سەهیۆنی لە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکاو ئەلەمانیای ڕۆژئاداوە دەستی ئەکەوێ .

ڕۆژنامەکە ئەوەی خستە ملی دوژمن کەوا نیستا بوە بە دەڵالی چەکی ئەمەریکی و ئەلەمانیای ڕۆژئاوا بۆ ئەو ڕژیمانەی کە هەوڵ ئەدەن ڕاستەوخۆ چەکی ئەمەریکی نەکرن یاخۆ ئەوانەی ئەمەریکا واخێری دەرئەخا کەوا چەکیان پێ نافرۆشن وەکو دەوڵەتە ڕەگەزپەرست و فاشیەکانی ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی .

ڕۆژنامەکە ، هەروەها ، بەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کەوا دوژمن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی پرێتۆریای بە جەکی جۆراوجۆر پرچەك کردوەو جگە لەڕژێمی حوکمفەرمانی چیلی کە ساروخی ئاسمان بۆ ئاسمانی شایفری داوەتێ .

کاروباری جیهان

جەزا سالح

کێشەی نێوان مرۆڤایەتی وهێزە خێرخوازەکانی لە لایەکو ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکانو ئەو لایەنە ئیمپریالیستی یانەی پشتیان دەگرن لەلایەکی تر ، یەکێك لە دیاردە گرنگەکانی ڕۆژگاری ئێستایەو ئەم دیاردەیە بە چەشنێکی بەربڵاو جێگای سەرنجو بایەخ پێدانی بیروڕای گشتی جیهانە .. چونکە لە کاتێکدا مرۆڤایەتی بە بڕوایەکی پتەوەوە بەرەو جیهانێك دەڕوا کە بیرو کردەوەی هاوکاری و برایەتی حوکمی بەسەردا بکاو هیچ چەشنە چەوساندنەوەیەکی فکری و کۆمەڵایەتی تیدا نەبێ ، ئا لەو کاتەدا تاقەتێکی تەواو کۆنە پەرست و سۆفێنی هەوڵ دەدەن بە بەکارهێنانی ڕەفتاری بەدناوی جیاوازی ڕەگەزایەتی بینە کۆسپو بەرهەڵستی ڕێرەوی براییەتی مرۆڤ ، و دەیانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو بوەستێنن و هەستی بەدخوایی هەڵایسێنن .

بیرو باوەڕی ڕەگەزپەرستی وزایۆنیستی لەبەر ئەوەی بەجارێك لە کۆنەپەرستیەتیدا نوقم بووە ، بێجگە لەتاکو تەریك مانەوەیەکی کوشندەبەرهەمێکی دەست نەکەوتوە و بێجگە لە دەولەتە ئەمریکا هیچ کەس دەستی کایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئیمپریالیستیەکان بە سەرۆ هاوکاری بۆ درێژ نەکردوە .

خەبات دژی ڕەگەزپەرستی سروشتێکی توندو تیژی وەرگرتوە . لەو دەوڵەتانەداکە تووشی حوکمی ڕەگەزپەرستی هاتوون هێزە شۆڕشگێڕەکان ڕێبازی خەباتی چەکدارانەیان گرتۆتە بەرو لەدەرەوەی ئەو وڵاتانەش بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و ڕژێمە پێشکەوتنخوازەکان شێوازی جۆربەجۆر بۆ خەبات دژی ڕەگەزپەرستی بەکار دەبەن ، وەك پچڕینی پێوەندی لەگەڵ ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان و بەستنی کۆنفرانسی بێزاری دەربڕین و هاروژانەنی بیروڕای گشتی خەڵکی جیهان دژی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان و جەندین جار هێنانە گۆڕی مەسەلەکە لە لای ڕێکخراوەناو دەوڵەتیەکان و بەتایبەتی لە ڕێکخراوی نەتەوە بەگگرتووەکاندا . وڵاتەکەمان عیراق لە سێبەری شۆڕشی حەفدەی تەموزو حزبە سەرکردەکەیدا . دەورێکی پێشڕەوانە لە مەیدانی خەباتی دژی ڕەگەزپەرستی و زایۆنیزمدایاری دەکا و هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەفریقا ڕخ بۆ هەڵوێستی عیراقی شۆڕش دادەنێن . بەرێز جوشوا نکۆمۆ سەرۆکی بەرەی نیشتمانی زیمبابۆی ستایشی ئەو پشتگیری و پشتیوانیەی کردوە کە عیراق بر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی ئەفریقای دەکا .

لە دواهەفتەی مانگی ڕابردوودا کونفرانسی جیهانی بۆ بەربەرەکانی جیاوازی ڕەگەزایەتی لە لاگوس بەسترا . کۆنفرانس سیاسەتی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی قارەی ئەفریقای گوناهبار کردو دووباتی کردەوە کە خەبات تەنیا ڕێگایە بۆ پاکژدانی ئەو ڕژێمانە .

ئەم کۆنفرانسە لە قۆناخێکی ناسك لە قوناخەکانی خەبات دژی ڕەگەزپەرستیدا بەستراوە ، واتە پاش ئەوەی ئەو دەنگوباسە بڵاوبۆوە کە ڕژێمی ڕەگەز پەرستی پرێتۆریا نیازی تەقاندنەوەیەکی ئەتۆمی هەیەو بەوجۆرە ڕەگەز پەرستان هەرەشەیەکی گەورە لە ئاشتی جیهانی دەکەن .

هەر بۆیە چوونەوەیەکی ڕابردووی خەبات دژی ڕەگەز پەرستی دەری دەخا کە بە چەشنێکی ڕوون پارسەنگ بەلای هێزە ڕزگاریخوازەکانی دژی ڕەگەز پەرستیدا کەوتوە .. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە خەبات دژی ڕەگەز پەرستان و ئاغا ئیمپریالیست و زایۆنیەکانیان توندوتیژتر بکرێ .. تاوەکو دوا سەنگەری جیاوازی ڕەگەزایەتی تێك دەرووخێندرێ . ئومانیش لەوەدا نیە کە ئەو گەلانەی تووشی ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکان هاتوون دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن و سەربەخۆیی نیشتمانی بۆ خۆیان دابین بکەن .

Institut kurde de Paris

بیرو دلێر

وڵاتەکەمان بە دوژمنی ئیمپریالزم ناسراوە

نووسینی : دلێر

عیراق لە ناو دەوڵەتانداشوێنێکی گەورەو پێشرەوی هەیەو بیروڕای گشتی جیهان بەسەرنجو پێشوازی کردنێکی گەورەوە بەرەوروویهەڵوێستەکانی شۆرشی ١٧ی تەموز دەبێتەوە .

ئەم شوێنە بەرچاوەی عیراق بەرهەمی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی چەند هەڵوێستێکی کاتی نیە ، بەڵکوو نیشانەیەکی رەسەنە بۆ ئەوەکە بنەماڵەی ناو دەوڵەتان سیاسەتی عیراق لەمەیدانی ناوخۆیی و نەتەوەیی و جیهانیداباش تێگەیشتوە .

وەك دەزانین سیاسەتی عیراق لەمەیدانی جیهانیدا بریتیە لە دوژمنایەتی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو هەموو شێوەیەکی دەستدرێژی

لەناوخۆی وڵاتیشدا ئەو سەرکەوتنە شۆرشگێریانەو ئەو بیناکردنە سۆشیالیستیە کە شۆرش بۆگەلی عیراقیوەدی دێنێو ئەو دیموکراتیەگەلیەی لەعیراقدا هەیەو لەناوبردنی ئەوکەمو کووڕیانە کە رژێمە کۆمان لێکراوەکان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتوون چ لەبارەی بەکیەتی نیشتمانیە ـ دەوج لەچوارچێوەی پێوەندی نێوان دەستەو کۆمەڵەکانی کاری نیشتمانیدا ، هەروەی ئەم سەرکەوتنو دەسکەوتانە عیراقیان کردۆتە ناوەندێکی تیشکدانو سەنگەرێکی گەورەی خەبات کە کۆمەڵی مرۆڤایەتیو بەتایبەتی گەلانی جیهانی سێهەم زۆربایەخی پێدەدەن .

تاقیکردنەوەی عیراق ئەمرۆ کە نیشانەی رەسەنیەتی بیروباوەڕی سۆشیالیستیو دێموکراتی شۆرشی حەفدەی تەموزەو راستیو دروستی ڕێبازەکەو شێوەی جێبەجێ کردنە کەنیشان دەدا ، زۆر ئەرکی گەورەوگران دەخاتە سەرشانی هێزەکانی گەلی عیراق .

لەو چەند سانەدا کە لە ١٧ ـ ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ وە تائێستا تێپەڕیون پشتلێك بەستێنێکی گەورەو نایاب لەنێوان تەڵو سەرکردایەتیە شۆرشگێڕەکەیدا هەبووە . ئەم پشتلێك بەستنەش شوێنەواری زۆرگرنگی لە ڕژەوو پێشکەوتنی کردەوەی شۆرشگێرانەدا هەبووە .

کارتێکردنی شۆرشگێرانە لەنێوان گەڵو سەرکردایەتیەـ کەیدا بۆتە هۆی بەرباببوونی باشترین پێوەتەدی دێموکراتیانە لەنێوان هێزو حزبەنیشتمانیو نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکاندا .. کاری نیشتمانیی هاوبەش کە یەکێك لەسروشتە تایبەتیەکانی ژیانی سیاسی عیراقە لە سەر چوار چێوەیەکی بەرەبی دامەزراوەو بناخەکەی کاری نیشتمانیو رێو شوێنی کارکردن لەبەرەی نیشتمانیو نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازدا پتەودەبێو دەچەسپێ .

چارەسەری ناشتیخوازانەو دێموکراتی مەسەلەی دەسکەوتی زۆری بۆ گەلی عیراق بەگشتی وەدیهێناو دامەزراوەکانی رابەڕاندنو یاسادانان رۆژ بەرۆژ گەشەدەکەن کە بەشێکن لەحوکمیزاتی و ئەویش بناخەی ئەو چارەسەرە دیموکراتیەیە .

ڕژەوی سۆشیالیستیو پەرەپێدان هەنگاوی زۆر گەورە داوێژێ بۆ بەرزکردنەوەی رادەی هەلدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو دامەزراندنی بینای سۆشیالیزم لە ئاواتی جەماوەری رەنجدەری گەلی عیراق بەجێدەگەیەنێ .

ئەو ئالوگۆڕە ریشەدارەی ئەمرۆ لە هەموو دیاردەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری عیراقدا بەرچاودەکەوێ ئەرکی کاری چالاکانەو بێ وچاندەخاتە سەرشانی هەموو عیراقیەکی دلسۆزو هەروەها ئەرکیو شیاریو بێداری بەردەوامی دەخاتە سەرشان بۆئەوەی لەلایەك ئەو شەرتانە بێنەدی کە بۆ پەرەپێدانی ئەو دەسکەوتانە پێویستو لەلایەکی تریشەوە دەسکەوتەکان بپارێزرێنو بەرگریان لێبکرێ .

پال وێکدانو دستی یەکترگرتنو برایەتی نێوان هەموو رۆڵەکانی گەلی عیراق رێبازێکی جەماوەو ئەگۆڕاوە لەرێڕەوی شۆرشی حەفدەی تەموزداو لەبژچوونی شۆرشگێرانەیدا بۆوەدی هێنانی پێشکەوتنو رابەرینێکی سەرتا پاگیر لەعیراقدا کەبناخەکەی پێش هەموو شتێك رەسەنی بۆ چوونەکانی شۆرشو راستیو دروستی هەڵوێستەکانیو تێگەیشتنی شۆرشگێرانەیەتی لەکارو بارەکان .

ئەو دەسکەوتانەی عیراق بەدەستی هێناونو ئەو سەرکەوتنانە کە سەرکردایەتی شۆرشگێر بۆ گەلی مەزنی عیراقی هێناونە دی ، هەوڵو تەقەلایەکی شۆرشگێرانەن کە لەگەل ڕژەوی بەرەوپێش ـ چووی شۆرشدا بەرەوپێش دەچنو بەردەوام دەبن بۆ بنیاتنانی عیراقی نوێی گەشەکردوو .

ئەگەر ئەم ئاوگۆڕە شۆرشگێریانە لەهەموو مەیدانێکدا نیشانەی ئەو دیمەنە سۆشیالیستیەن لەوڵات تێیدا دەژی ، لەبەرامبەردا ئەو دیمەنە رەشەش دەخاتەروو کە عیراق پێش بەرپابوونی شۆرشی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ بە سەر کردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو پشتیوانی تەواوی گەلی عیراق ، تێیدادەژیا .

عیراق کە ئێستا خواستی تەواوی خۆی بڵاودەکاتەوەو دەسەڵاتداریتی نیشتمانی خۆی وەدەست دێنێو خاوەنی سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی ئابووریەو هەموو عونسورەگومان لێکراوەکانی دژبەئاوات و ئارەزووەکانی گەلی عیراق لەناودەبا ، ئەمرۆ قەڵایەکی بەرزە بۆ دروستکردنی سۆشیالیزم لەجیهانی ئازاددا . کە تاقیکردنەوەکەی جێگای بایەخپێدانو ریزلێگرتنە .

عیراق ئەمرۆ ملکی رۆڵەکانیەتی کە کەلك لە خێروبێرەکەیو لەو دێموکراتیە کە شۆرشی پێکیهێناوە و لەوبیناکردنە شۆشیالیستیە وەردەگرن کە ئێستاخەریکە جێبەجێ دەبێ .

★

ڕێگای تازەی شۆرش

ئامادە کردنی : کامل عوید

عیراق سەربەخۆیی سیاسی خۆی پاش شۆرشی جواردەی تەموزی ١٩٥٨وەدەست هێناوە ، ئەو شۆرشە کە کۆنەپەرستی رووخاندوعیراقی لەپەیمانە عەسکەریو ئیمپریالیستیەکان رزگار کرد. پاشان شۆرشی حەفدەی تەموز هاتو بە پاکژدانی رایەڵکەکانی جاسووسو بەکرێگیراوانی بێگانەو چەسپاندنی دەسەڵاتێکی نیشتمانیی راستەقینە ئەم سەربەخۆییەی پتەوتر کرد .. ئەمجار حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کەسەرکردایەتی شۆرش دەکا بایەخ پێدانی خۆی خستە سەر وەدیهێنانی سەربەخۆی ئابووری لەبەر ئەوەی کە بەشێکی تەواوکەرەبۆ سەربەخۆیی سیاسی . ئەم نامانجەی لەیەکەمی حوزەیرانی١٩٧٢دا وەدیهێنا کە کومپانیا مۆنۆپۆڵەکانی نەوتی خۆمالی کردو ئابووری نیشتمانیی لەژێر دەسەڵاتی مۆنۆپۆڵە ئیمپریالیستیەکانی جیهانی هێنایە دەر . پاش وەدیهاتنی سەربەخۆیی ئابووریو سیاسی ، عیراق دەستی کرد بە دانانی بناخەو بنچینەی راستو دروست بۆئالوگۆری سۆشیالیستی لەگەل پێچەقاندن لەسەرسەنعەتی کردنی وڵات ، لەبەر ئەوەی کە ئەڵقەیەکە . لەزنجیرەی ئەو کاروباری پەرەپێدانە کە ئێستا لەوڵاتداهەیە . ئەو پەرەپێدانەی شۆرشو حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە نیازیاندا هەیەلە بناخەدا ئامانجی وەدیهێنانی پێشکەوتنێکی راستەقینەی کۆمەڵایەتیو ئابووریە بەگوێرەی پێداویستیەکانی ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتیو بنیاتنانی سۆشیالیزم . چونکە تەنیا بەهۆی سۆشیالیزمەوە پێشکەوتن وگوزەرانی باشتر بۆ گەل دابین دەکرێ .

ئەو پێشکەوتنوسۆشیالیزمەی لە وڵاتە خەباتکەرەکەماندا دێتە بەرچاوبەهێزێکی خوراگری راستەقینەی هەموو گەلدادەنرێ لە بیناکردنی یەکیەتی خۆیدا . هەر بۆیەش ئەو رێگا تازەیەی شۆرش کە شۆرشی حەفدەی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست گرتوویەتە بێش بایەخێکی زۆر بەوە دەدا کە تەکنۆلۆژی نوێ بێتە ناو هەموو مەیدانەـ کانی ژیانەوە .. لەو حەوت ساڵەی دواییدا شۆرش زۆر هەنگاوی لەو بارەوەهاوبشتوونو لەوەوە دەستی پێ کردوە کە لە لقە جۆربەجۆرەکانی پیشەسازیدا ولەو کەناڵە نوێیانەدا کە لەگەل مەعهەدە پیشەسازیەکانی بێگانەدا دامەزراون ناوەندی لێکۆڵینەوەی دامەزراندووە . ئاڵنێستاش سەرکردایەتی سیاسی باوەڕی بەوەهەیە کە تەکنۆلۆژی لەچوار چێوەی ئامانجە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیەکانی شۆرشی سۆشیالیستیدا ئاراستەبکرێ بێجگەلەوەش کە تەکنۆلۆژی نوێ لەرێگای خێراتر کردنی رابەرینەکەماندا بخرێتەکارو لەبلەی ناوخۆو عەرەبیو جیهانیدا توانای جموجوڵمان پێببەخشێ بەرێککەوتن لەگەل ئامانجەکانی حزبو شۆرشدا.

بەوپێیە پێویستە لەسەرچاوەی جۆربەجۆرەوە بەدوایە ئەم تەکنۆلۆژیەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی لەهەموو مەیدانێکدا تاقی کردنەوەیەکی دوولایەنیمان دەستبکەوێ ، ئەك هەر بەجۆرێكو سەرچاوەیەکی ئەوتاقی کردنەوانەوە بەسترێینەوە . بەکەلك وەرگرتن لەتاقی کردنەوەی ئەتەوەیێگەیشتووەکان دەتوانین تێبگەین کەپداویستیە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان بایەختێکی زۆریان هەیە ، وەیەکێك لەوپێداویستیانە بەرزکردنەوەی پلەی بەرهەمداریە بۆ بەرەوروو بوونەوەی ئەرکە لەناکاوەکان وڵاتەکەمان رێگای تازەی شۆرشی لەسەر ئەو بنەڕەتە دەست پێکردوە کە پێشکەوتن بەشێوەی کەرەستەو کەلوپەل ئەکڕێ ، بەڵکوو بە سەنعەتی کردنی وڵات پێش بکەوێ ، ئەویش بە بشتبەستن بەتێکۆشانی تایبەتی وڵاتو بەیارمەتی تەکنۆلۆژی نوێ کەلەدەرەوەڕا دەهێنرێ .

شۆرش بایەختێکی زۆربەسەنعەتی کردنێکی راستو دروست دەدا ، بۆیە ئەوەی بەدڵفراوانی بۆ تەکنۆلۆژی نوێ خەرج دەکرێ بۆ ئەوەیە کە شارەزاییمان دەست بکەوێو خێراتر بچینەپێش وبتجگەلەوەش رێگا بۆ لێوەشاوەیی داهێنەری هاونیشتمانیانی عیراق بکرێتەوە .

رقەبەری ئێستای نێوان وڵاتەسەرمایەداریە پیشەسازیەکانو رەفتاری نابەرامبەریان لەگەل وڵاتانی دنیای سێهەم هەروەك کۆنفرانسی هاوکاری ئابووری کە ئەم دواییانە لەپاریس گیرادەری خست بەعیراقو گەلانی بەرە ئەستێنی دیکە دێنێتەسەر ئەو بڕیارەکە تەکنۆلۆژی نوێ لەهەموو جێگایەك بکرێ ئەوان لەبیریانە کە پێویستە هەرچی هەیانە بیخەنەکار بۆ وەدەستهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیە پێویستە بۆ بڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان تاکوو بتوانن لەبووژاندنەوەی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بەشداربن .

پەرەسەندن سەرانسەری مرۆڤایەتی

پاڵپشتە بە بۆنەهێشتنی پیس بونی ژیانگە

ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ بۆشارەکانمان ، پاراستنی ساغیو تەندروستی شارەکانەلەهەموو قۆناغێکدا کەپیاتێئەپەڕن ، هەرلەدامەزراندنیانەوە تا پەرەسەندنو گۆڕانو نشونماکردنو فراوانبوونی هاوچەرخانەیان .

ئەو ساغو تەندروستیەش کەلیرەدا مەبەستمانە ، ڕەخساندنی هەموو پێداویستێکی ژیانێکی دروستە بۆ هەموو ناوچەیەکی ئەخشەکێشراوی شار ـ دەزگای حکومەت ، کارگە ، دەزگای ئابینی ، ماڵ ، شەقام ... کەهەموویان شارستانیەتی پێویستن .

ساغی شار کەیەکە ئەخشەکێشراوەکانی یاخود شانە مۆرفۆلۆجیەکانیەتی مانای ساغیو دروستی پێکهاتن یاخود تێکڕای لەشی شارەکە ئەگەیەنێ .

ئەمەش بەوە دێتەدی کە چەندوچۆرێکی لەبار لەناوی خواردنەوەو هەواو تیشکیڕۆژ زامنبکرێ .

کاتێ کاربەدەستانی ئەخشەکێشان ئەو ئامانجە ڕەچاو ئەکەن ، ئەبێ سیاسەتی کار دیاری کردن بکرنەبەرکە ، لەگرنگترین ئەرکەکانی ئەوکارە بایەخدانە بەلایەنی تەندروستی.

وەك : دوورخستنەوەی یاخود دابڕینی ئەوکارانەی لەهەندێ شوێنی ناوچەکانی تری کارکردندا ئەبنە مایەپیس کردنی مەئبەندی شارستانیەتی ، لەگەل تێبینی کردنی چەند فرمانێکی گرنگ وەك ڕووی باو لایەنی نشونماکردنی هاوچەرخانەی شارەکەو نشونما کردنی دوارۆژی ، بۆ ئەوەی هەموو زیانێك بەربەست بکرێت کەلەوانەیە لەدوارۆژا ڕوویدا .

بەچێهێنانی ئەمەش لەشارەکانماندا کە هێشتا دەرفەتی پەرەسەندنیان لەبەردەمدا کراوەیە ، کارێکە ئەتوانرێ بەنیش کردن بڕەخسێنرێ ، بەڵام نابێ پەرەسەندن وپێشکەوتنی شارەکانمان ئالەباریو ئەخۆشیەکانی مەئبەندی شارستانیەتی ئەوروپای لەکەلدابێت لەو بوارەوە پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشرێ کە کاربەدەستان یاخود ئەوانەی بەڕێوەبردنی شاریان لەئەستۆدایە ، ناتوانن بەتەنیا مەئبەندێکی تەندروستداز لەو پارچەیەی خانووبەرەی لەسەردروست کراوە یاخود ئەوپارچەیەی بەکارهێنانی کاروباری تری شارستانی تەرخانکراوە ، بهێننەدی ..

بەڵکو ئەو کارە پێویستە لەچوارچێوەی وڵاتدا بەجێبهێنرێو حکومەت لەو جۆرە ئەرکە گەورەیەدا بەشداری بکات .. هەندێ کاتی تر وائەبینین کە پێویستە شێوازێك بۆ هاوکاری کردن بڕەخسێنرێ ، چونکە وائەبێ کە پیس بوونی ئاو وهەوا ئەرکی تەنها وڵاتێك نەبێ بەڵکو ئەرکێك بێت لەسەرشانی چەند وڵاتێکی دراوسێیێت . هەموان ئەبێ ئەرکیچارکردنی بگرنە ئەستۆ .

پێشکەوتنی شارستانیەتی شارەکانمان ، پاراستنی ساغیو تەندروستی شارەکانەلەهەموو قۆناغێکدا کەپیاتێئەپەڕن ، هەرلەدامەزراندنیانەوە تا پەرەسەندنو گۆڕانو نشونماکردنو فراوانبوونی هاوچەرخانەیان .

ئەوکارە وا لەکاربەدەستانی شارەوانیو ئەخشەکێشان ئەکا کە لەهەموو ڕوویەکەوە چاو بەجێگە دابەش کردنی بەکارهێنانی زەوییدا بخشێنرێتەوە ـ هەتا شوێنە پیشەسازیو ئیستگەکانی کارەباش ـ وە بەپێی پێوانەیەکی دیاریکراوی دانراو رێبەرێ یا ئەدرێ بەدروست کردنی کارگەکان ، بەمەرجێك کە لەگەل ئامانجی پاراستنی پاك ڕاگرتنی مەئبەندی شارستانیەتیدا بگونجێ . بێگومان ئەو جاوبێداخشانەوەیە رەنجێکی زۆری پێدەوێ ، بەتایبەتی ئەگەر دەرکەوت کە ئەبێ سەرلەنوێ شوێنی کارگەکان بگۆڕرین وەك گوێزانەوەی کارگەیەك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر .

دروستکردنی مەئبەندێکی شارستانی وا کەشایستەی مرۆڤبێت، وا لەکاربەدەستانی ئەخشەکێشان ئەکا ، بایەخ بەرێکخستنی هاتوچۆدەن (شەقامەکان ، هۆکانی گواستنەوەو ئۆتۆنۆمۆبێل بەهەموو جۆرەکانیانەوە) .

لێرەدا ئەبێ ئەوە بوترێ کە مەئبەندی شارستانیەتی تەنها هەمەجۆری بیناو رژێمی شەقام ناگرێتەوە ، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرچاوەکانی ناو وهەواو چارەکردنی گیروگرفتەکانی زەویەکی شارستانی لەبری بەکارئەهێنرێ، زیاتر لەجارێك بیربکەینەوە ، چونکە ئەبێ بەرادەیەك کە لەگەل ڕووبەری زەویەکاندا بگونجێ ، ڕەنگی سەوز لەوشوێنانەدا بڕەخسێنرێ، هەروەها پێویستە قوربانی بەپاکی هەواو سەرچاوەکانی ناو ئەدرێ ، بەوەی کە ئەبێ دوای لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی داهاتیمادیو کۆمەڵایەتیو تەندروستی چاودێکراوی هەرکارگەیەك ، زەویەکە بەکار بهێنرێو لەو بەکارهێنانە دوورکەوینەوە کە لەوانەیە زیانێك بگەیەنێ .

ناتوانین بگەینە شێوازێکی چاکی پەیوەندی شوێن لە بەکارهێنانی زەوی شاردا بێ ئەوەی لە ئاووهەوای گشتیو وەرزی وردنەبینەوە چونکە هەریەکێ لەرێژەی شێوەیلەی گەرماو خێرایی باو ڕووەکانیو گۆڕانی پلەی ڕۆژانەی گەرماو ـ وەرزیو ساڵانە ـ پەیوەندی بەمیقداری ئەو مەوادە زیانبەخشانەوە هەیە کە لەهەوادا ئەگەڕێن ، جاج لەسەر شێوەی ئۆکسید یاتەپوتۆز یاخود دوکەڵبن . لەو هۆیانەی کە بۆشکاندنی ڕادەی پیسی یاخود ڕێژەکەی ڕەچاو ئەکرێ ، سازکردنی پشتینی سەوز یاخود هەرشتێکی ترە کە لەشارەکانماندا لەوبکات .

لەڕووی زانستیەوە ساغبۆتەوە کە داروودرەخت ئەتوانێ ڕێژەی تەپوتۆز لەهەوادا زیاتر لە ٣٥٪ بهێنێتە خوارێ .

مرۆڤ لەو وەختەدا ، لەگەل پەرەسەندنی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیادا ، زامنی ئەوە ئەکەن کەرێ لەو جۆرە مەترسییە بگرن ، هەندێ نموونەی سەرکەوتووش لەهەندێ وڵاتی ڕووروویادا هەن کە ئەمە ئەسەلمێنن . گرنگترین خواردەمەنی (ئاژەڵیو روەکی) ئەگرێتەوە ، کەئەمانەش پیسی کاریان تێئەکاو ئەبنە مایەی مەترسیدارکردنی تەندروستی دەروونو ئەقڵو لەشی مرۆڤ ئێمە نامانەوێ شارەکانمان هەڵەکانی ڕۆژئاوا دووبات بکەنەوە ، ئەو هەڵانەی ئەوەندە ئەکەون کەبۆدجەی شارەکانمان لەتوانایدانییە هەلیسورێنێ بۆ دانیشتوانیان ... هەیە .

لەو تێگەیشتنەوە لەسەرمانە تیبینی هەموولاکانی نشونماـ کردنی کارگەکان بکەین ،جۆری کارگەکان ، جۆری مەکینەکان، چۆی بەکارهێنانی هەر جۆرێکیان .

هەروەها ئەبێ لەکاتی بڕینی درەختێکی ناوشارماندا کە لیرەشا ئەبێ سەربکرێتەسەر هەندێ جۆری درەخت ، نەك هەموو درەختێك ، چونکە هەرجۆرە خاسیەتی خۆی هەیە کە ڕادەی توانای پاككردنەوەی ئاووهەوا لەو نەبوتۆزەی تیایەتی دیاری ئەکات .

ڕیگای تازەی شۆرش

Institut Kurde de Paris

چیرۆك

تاوان لەژێر سێبەری دارێکدا

عبدالله عزیز خالد

نوکی پێنوسەکژلەکە لەسەرخۆو بەوپەڕی ئارامو دورلەهەڵشەیی‌یەوە بە ئارەزوی خۆاستنی ڕۆژئاوا پەرە لەدوای پەرە مێژوی ڕەش ئەکردەوە • کێردە کوولەکەش بەناخی قولایی ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا ئەچوە خۆاری‌و جەرگی ڕاستی هەڵئەدری •• شەوو ڕۆژ ، مانگ‌و ساڵ ، چەرخیش خولی خۆی بەئاسایی ئەترەنجانە چاڵی ڕابوردوەوە •

ئەو شێوازەیە وێژدانی هیچ مرۆڤێکی لەناستی ئەو بێ‌مروەتیەدا ئەئەهەژانو دەنگی بێزاری لێ‌بەرز ئەکردەوە •

زمان لاو لەئەزکەوتو، گوێ کەرو مێشتی‌کراو ، چاوکەزو کوت‌وکوێر •

ـ ١ ـ

کەرەك سەرەوخوار بەبەزمەکەیان ئەزانی کەچی کەسیان لەپاوەشی تامو چێژی ئارەزویان دورنەئەکەوتنەوە ، دنیا بەچاوتروکاندنی ژێرەوژور بوایە خەمیان نەبوو، سەریان لەکۆشی نەرمو نۆلا نەئەچولا •

بژیە ئەیان ووت :

ـ چی‌ئەبێت بابێت •

ـ دنیا ئاو بیبات پوشێکی ئێمەی تیانی‌یە •

داماتینی بێوێژدانەکان لەهەستی مرۆڤایەتی‌و ئەو بێ‌مروەتیەیان وای‌کردبوو کەس بەئەنگ خەرامانەوە نەیەت کە هەژاری بێ‌کەسی کردبوو ، بێ‌کەسیش دەستەڵاتی لەچنگ فراندبوو ، بێ‌دەستەڵاتیش بەختەوەری وئازادی لاڤراندبوو •

بەرلەوە دەستی ناعەموارەی بۆ درێژ بکرێ کەس بەئەنگی‌یەوە نەئەهات‌و چوونکە لەپێناوی ژیانی تولفەکەیدا هەلیەی مەردانەی بەعەرچوارلادا جەوری ئەهات شەرمی لانەهێشت‌و ڕەنگ‌و ڕووی لێ‌بڕی‌بوو ، هەر ئەوەش بوو وای‌کرد لەوانەی کە لەئزیکیەوەن تێکەوتنی لەگەڵ‌بکەن • هەر لەسەرەتاوە خەرامان دەستی دامێنی خەلکەکە نەبوو :

ـ فریام‌کەون •• بەپاکی خۆم لەگەڵ بکەن ، ئەنیا ئەمجارەو بۆ خاتری تولفەکەم فریام‌کەون •• !

ـ سەرشۆڕی من ڕووڕەشی ئەم کۆمەڵەیە •

خۆل‌ودۆڵ بەسەراکراو دواجار بەناچاری‌و بێ‌بەروا ئەنیا ئەوەی بۆ مابوەوە پەنا بەرئەنەبەر بەزەیی بەلام کام بەزەیی ؟ ئەو بەزی‌یەی بەری بەداری زێرەوەیە کەچی داری زێرسێبەری هەیەو ئەمەبەسزمانە سێبەرەکەشی چنگ نەئەکەوت تایا بچەوتنەوە •

ـ ٢ ـ

خەرامان بەئەنیا تولفەکەی لەمالەوە جێ‌هێشتبوو خۆشی بەناوی کارکردن لەمالانی کەرەکە دورەکانەوە ئەڕۆیشت، ڕۆژێکیان ساوەری ئەکوتا بەو نیازەی بۆ ئیوارە لەپەکەی حەلال بکات ، کەچی بەزۆرەملێ ناوی کارەکەریان لێ‌نا • لەکاتی ساوەرکوتانا وڕێنەی ئەکرد :

ـ تولفەکەم شیرە خزرەیە ، ئیستا لەبرسانا مردووە •

ـ ماوەم بدەن سەرێکی لێ‌بدەم ، ئای لەم دلڕەقانە •

وەلامیان بەچەند قسەیەکی جگەربڕ ئەدایەوە :

ـ تولفی‌چی ؟ قەت ناشێ ئەزۆك نەبیت !؟•

ـ درۆ ئەکەیت ، ئەمەشت وەك هەموو درۆکانی‌ترت •

ـ تا بەباشی ساوەرەکە ئەکوتی ناهێلین دەست هەلگری •

ژنەش هاواری دادوبێ‌دادی بەڕووی ئاسمانا هەڵئەدا •

کەچی سەرەڕای ئەو وەلامە چەلاویانە دەنگی ڕادیۆکەیان بەرزکردەوەکە ئۆرانی هەی‌وەی بەلەرزانەیەکی بەجۆشی ئەووت •

خەرامان لەبێ دەستەلاتیدا بەچنگ سەروقژی خۆی بەڕێیەوەو بڕیەدەم ئەیقیژاند :

ـ تولفەکەم ، لەژیانما هەر ئەو شك‌ئەبەم ، سەرچاوەی هەموو بەختەوەریەکمە • خاوەن مال قسەو هاواری خەرامانیان بەفلسێکی قەلپ نەئەکڕی ، لەناویاندا کچێکی مێش تیاویان هەبوو ئەوەندە حەپڵ بوو بەدەگمەن ووریە لەدەمیەوە ئەهاتە دەرێ کەچی لەناستی دایکی تولفەکەدا بوویە سەگی‌هارو بیایا هەل ئەشاخا :

ـ منالێکی بچوك ئەوە ئەهێنی‌وای بۆبکەیت •

بەلاسایی کردنەوە :

ـ تولفەکەم ـ تولفەکەم •

ـ تۆ ساوەری خۆت بکوتەو لەپەکە حەلاڵکە •

بەرلەوەی فلیمی « ئەمەریکا.. ئەمەریکا »ی ترواوبێت ئیلیکازان : ئەدەب لەسینەما گرنگترە

تازەترین کاری دەرهێنەری ئەمەریکایی نکلیاکازان برتێیە لەفلیمی ((دوادەوتەمەندە مەزنەکان)) ئەم فلیمە ئیستا لەپاریس ئیش‌دەکات ، ناوەروکی لەڕۆمانێکی نوسەری ئەمەریکایی (فیتزجیراڵد)ـ وە وەرگیراوە •

فلیمەکە باسی کوریکی دەوڵەمەند دەکات کەهەچی‌بوت‌و حەزی لەهەرشتێك بێت لەبەردەستی‌دایەو بۆمەبەسەر دەبێت ، بەلام ناتوانی دڵی کچولەیەك بەلای‌خۆیدا ڕاکێشێ کە بەئەوینی گرفتار دەبێ لەبەردەم ساردوسڕی ئەو کچەدا کوڕە شپرزەو بەرباد دەبێ بەمەدا ئەوەی بۆدەردەکەوێت کەسامانەکەی دایی هەموشتێکی نادات • • دەرهێنەر دەستەیەك لەئەکتەرە بەناوبانگە کانی جیهانی بۆ پاڵەوانی ئەو فلیمە تەرخان‌کردوە •

لەگفتوگۆیەکی ئەدەبیدا کە((ڕۆموندی)) فەرەنسی بڵاوکردۆتەوە کازان دەربارەی زۆرشت دواوە ، لەبارەی سینەماو ڕۆمان‌و لەبارەی ئەمەریکاو بەوەندی دەدەوروبەری خۆی‌و دنیاوە • لەو گفتوگۆیە لەبەر گرنگی هەندی لەبیروراکانی کازان هەلدەبژێرین کە بۆ ئێمە دەستدەدات ، ئێمە کە گیرۆدەی خەمی ڕۆشنبیریی گشتین ، وەئەم دەرهێنەرەش دیسانەوە گیرودەمان دەکات چونکە بەرای ئەو نوسین کێشەیەکی دووفاق‌و دوولایەنە : لایەنی زمان‌و لایەنی خۆخواردنەوە :

● ئەراگونی تاوانبار :

« هەست بەتاوانباری ناکەم . ئەراگون تاوانبارە ، چونکە بێ‌دەنگ‌کە دەبێت بەشێوەیەکی کشتی‌و وەك هەمو بنواڕینە بیاو .. لەکتیبەکەمدا (دوادەوتەمەمەند) ئەوەبو (سورەکە) ئەو مرۆڤێکی ئەرم‌ونیان تیرە ، هەمیشە پێ‌دەکەنێت‌و کچانی خۆش‌دەوێت .. ئەو بیاوێکی تەواوە .. کی‌ئەمەی سازکردوە ؟ من بەلام کارەکە هێنندە ئاسان‌نی‌یە وەك هەندێك بیردەکەنەوە » •

« لەوسەردەمەدا خەلکی خەریکی چەلەحانی‌بون ، وەك بریمر ، بۆئەوەی کتێبەکە بایەخ پەیدانەکات ، بەلام ئەوەندەی پەیوەندی بەبیروڕای یونانیەتی دژ بەشیوعیەتەوە هەیە ، ئەو دەخواتەوە ، ئەو شێت‌و سەرگەردانە : « یونانێکان شیوعیان تێدانی‌یە » . من خۆم بەبیاوێکی بەساری دادەنێم • ئەوەی پەیوندیشی بەنابوری‌یەوە هەیێت من سۆشیالیستیم . ئەوەی پەیوەندی‌یە کاروباری ڕۆشنبیریەوە هەیە ، من ئازاوەچیم ! واتە نەچاودێری کردن‌و نەشکنین . »

● دورەپەرێزی‌و خەلکی •

من‌خۆم لەخەلکی دورەوپەرێز ئەگرم لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ کۆمەڵی خەلکدا کاردەکەم .. من یونانیەم‌و تورکەکانم خۆشدەوێت .. زۆر ئەخوێنمەوەو حەز لەوەرزش کردن ئەکەم . دوفاقیتی نامترسێنێ .. ژیان برێتی‌یە لەئازاوە .. حەز لەریکوینکی ناکەم . . حەزم لەدووفاقیە. فلیمەکانم باشن. کارەدا لە دەستی خۆی دەدات‌و لە خەیاڵات‌و خەوبینین ڕزگار نابێت ، بەدرێژایی ماوەی کێشانی یانسیبەکە ، بۆیە من وای بۆ دەچم کە زۆر پێویستە ئەم یانسیبە هەڵبگیرێت‌و ئەم دەردە پەتا کوشندەیە سەرنگوم بکرێ ، کە هیچ سوودو خێرێکی تیادا نابینین ، بۆیە داوا لە ڕۆژنامە نووسە گەنجەکان دەکەم دەستەوسان نەوەستن‌و شان‌و باهووی نووسین‌و ڕیپۆرتاجی لێ هەڵبکەن تا کارێکی وابکەن خەڵکی لێ‌ی دوور بکەونەوە •

هشیار عابد

بەغدا

● دڵدارەکەم •• من لێرەمو تۆ لەوێ‌ی ، ڕێگەش دوورە تاوەکو بێت بگەم ، دڵیشم لێدەدا وەك بڵێی نەء کاتژمێرەیە کە لە خەراوە لە دەستی بەتاوانبارە ، چونکە بێ‌دەنگ‌کە دەبێت بەشێوەیەکی کشتی‌و وەك هەمو بنواڕینە بیاو .. لەکتیبەکەمدا (دوادەوتەمەمەند) ئەوەبو (سورەکە) ئەو مرۆڤێکی ئەرم‌ونیان تیرە ، هەمیشە پێ‌دەکەنێت‌و کچانی خۆش‌دەوێت .. ئەو بیاوێکی تەواوە .. کی‌ئەمەی سازکردوە ؟ من بەلام کارەکە هێنندە ئاسان‌نی‌یە وەك هەندێك بیردەکەنەوە » •

« لەوسەردەمەدا خەلکی خەریکی چەلەحانی‌بون ، وەك بریمر ، بۆئەوەی کتێبەکە بایەخ پەیدانەکات ، بەلام ئەوەندەی پەیوەندی بەبیروڕای یونانیەتی دژ بەشیوعیەتەوە هەیە ، ئەو دەخواتەوە ، ئەو شێت‌و سەرگەردانە : « یونانێکان شیوعیان تێدانی‌یە » . من خۆم بەبیاوێکی بەساری دادەنێم • ئەوەی پەیوندیشی بەنابوری‌یەوە هەیێت من سۆشیالیستیم . ئەوەی پەیوەندی‌یە کاروباری ڕۆشنبیریەوە هەیە ، من ئازاوەچیم ! واتە نەچاودێری کردن‌و نەشکنین . »

● دورەپەرێزی‌و خەلکی •

من‌خۆم لەخەلکی دورەوپەرێز ئەگرم لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ کۆمەڵی خەلکدا کاردەکەم .. من یونانیەم‌و تورکەکانم خۆشدەوێت .. زۆر ئەخوێنمەوەو حەز لەوەرزش کردن ئەکەم . دوفاقیتی نامترسێنێ .. ژیان برێتی‌یە لەئازاوە .. حەز لەریکوینکی ناکەم . . حەزم لەدووفاقیە. فلیمەکانم باشن.

ـ ٣ ـ

هەرکە لاشە ناوساوەکەی خەرامانیان بەرەو کۆختە کاول‌بوەکەی بردەوە قسەی خەڵکەکە ڕەنگدانەوەی هەتوسیان نەبوو ، بەلام دەمەچیت لێ‌کەمە ، لەقسەی قەڵەوو بێ‌باج ئەئەکەوتن •

یەکێکیان :

ـ ئەوە دوای‌چی واخۆتان دلگیر نیشان ئەدەن ؟

ـ دوای باران کەپەنك ..!

ـ هەموو ئاوانبارن ـ هەموو ئاوانبارین •

یەکیکی‌تریان :

ـ بێ‌ئاوناەبوو، کەمتەرخەمی بەرامبەرکرا ، بێ‌کەس بوو هەژارە •

خەڵك‌و خواکە دوای هەڵوەرانی خۆچەی لاژێتی خەرامان لژەی بارانی خەڵەت‌و بەزەیان بەسەرا ئەباراند •

یەکێ لەوانەی ماتی دایبنیوو کابرایەکی ڕەقەلەی بڵاو بەرزبوو ، ئەقینەوەی خەمی پەنگ‌خاردوی کەللەی سەری لەنیو ئەوەی‌دا بەسەر حەشامەکەدا دەبینی ـ ئێوە هەموو بێ‌غیرەتی کردەوە :

نازانن گیانی مرۆڤایەتی بەری‌بەکری‌وەیە ، ئاخەرامان مابوو خۆتان لەنام‌و چێژی ئەودا ئەبینی‌و ئیستاش ئەو لەنام‌وچێژی لەدەست دەرچوی خۆتانا ئەبینن •

ـ درۆ ئەکەن چەپەلینە •

قسەی کابرای ڕەقەلە کاری‌کردە سەر هۆش‌وهەستی خەڵکەکە ژنەیان لەچەند گەز بلوری سپی بێ‌تاوانیدا ئالاندو هەریەك ئۆبالی گوناهی ئەم تاوانەی ئەخستە ئەستوی ئەوی‌تریان ، لەهەمووی سەمەرەتر ئەوەبوو ، ئەئەم ئەئەو بێ‌عارەقی شەرمەزاری دەرئەنەچون •

یەکێکی‌تریان ووتی :

ـ هەموو تاوان بارین •

ـ ٤ ـ

لەبەردەم ژورەکەی خەرامانا کابرای ڕەقەلە بەرلەهەمووان ڕووەو ژورەکە ڕۆیشت‌و قفلی دەرتاکەی‌کردەوە ، چونکە لەوە ئەچوو قفلەکە شکابێت‌و ئەنیا بەڕاکێشانێك کرایەوە •

هەر کە خۆی کرد بەژووردا چەرگەکەی خەرامانی بینی کەلەناو پێشکەکەدا بەدەسترازەی بەن شەتەك درابوو ، بەلام دوای‌چی ؟ دوای ئەوەی ئەمەنی تولفە ساواکە زەردەخەنەیەکی بۆباکی‌و بۆوەیی بەپێی کردبوو •

کابرای ڕەقەلەش بەدەمی پڕلەگریانەوەهاتە دەرێ‌و ڕووی کردە خەڵکەکە :

ـ ئەم دیمەنە زینەدوە تفێکی بێ‌عارانەیە بەناوچەوانمانەوە •

ـ ئەمە ئەوبەپێی شوریی‌یەو کەسی لێ‌بێ‌بەش نی‌یەو بێ‌بەش نابێ •

ـ هەمووان تاوانبارین •

خەڵکەکە بەبیستنی قسەکانی کابرای ڕەقەلە بێ‌دەنگ بوون‌و ڕەشمالی کش‌وماتی‌و بەشیمانیان بەسەر خۆیاندا هەڵداو دەمیان بۆبەتەلەی تەقیو ، کەسێك وەلامی بۆ نەدرایەوە وسەریان دانەواندبو وچاویان بڕی‌بووە بەردەمیان لەناویاندا منالێکی زیتەلەی تازەبێ‌گەیشتوو سەردەقی ڕووکردنەوەی بەلای خۆیدا شکانەوە :

ـ ڕاست ئەکات •

ـ ڕاست‌ئەکات •

لەپەنجەرەوە

شیعر لەنێوان دووشت‌دا

• فۆاد حسین احمد •

لەم ڕۆژانەدا زۆر لەونوسین‌و ووتارانەی دەنووسرن‌و دەخوێنرێنەوەدەربارەی شیعرن ، تیایاندا بزوتنەوەی شیعری نوێ‌ی‌بەسستی‌و ووشك بوونەوە پیشان دەدرێت ، بگرە هەتاشاعیرە لاوەکان خۆیانیش ، بە سەرلێ شێواوو ئارۆشنبیروتێنەگەیەشتووی هەموو لایەنەکانی ئەم دیوو ئەو دیوی‌شتە ئاشکراو و نهێنیەکان دەدرێنە قەڵەمو وا ئاوانبازدەکرێن ، کە ئەمانە ئەتەر چی دۆخ‌و باری ئیستایان بۆهەنگەو تیبت بەلام لەوانەیە ـ بەڵکو دەبێت ـ لە داماتوودا بشت گوی بخرێن‌و نەتوانن لەگەڵ ڕەورەوەی ڕۆژئاردا،شان بەشانی بزوتنەوەی شیعر بەتایبەتی‌و هونەر بەشستی‌یەردەوام بن و لە ناکاودا لە ژێر پێچکەکانی بیرچوونەوەداهیواو ئاوات‌و خەونەکانیان ووردو خاش بێت ، ئەمە جگەلەوەی کە زۆربەی ئەو شاعیرە لاوانە ، کەوا ئیستاو لەرابوردوو شدا لە کۆری نووسین‌و بڵاوکردنەوەدا بوون‌وەەن ، بەوە تاوانبار دەکرین کە ئەمانە بەتکو ڕەچاکردن‌شتەکانیان لەمەر لایەوەی ڕۆڤارو ڕۆژنامەکان ڕاویان‌هەڵدێنن ، هەر ئەم تاوانبار کردنە خوی بەنجەی ئاوانبارکردنە کە ڕووەو ئەو کەمانە دەکاتەوە ، کەوا بەم جۆرە بیرکردنەوەو لەناو کۆشکی عاجی‌ی خۆیانەوەو بەناخی ئارەزووەکانیاندا چوونەتە خواری‌و تا بناوی‌یانچەقیوەتە لیتەی قسەی هەڵەق‌و مەلەق •

بۆ وەلامی ئەو جۆرە نووسینانەش ، دەڵێین راستە چەند کۆسپ‌و ئەنگەوەی‌دژوار ڕێگەی لە شیعری نوێ‌و بزوتنەوەی شیعری نوێ‌ی‌ئەنیوەتەوە ، بەلام ئەمە لەوە ناتەیەنێت کە ئەم بزوتنەوەیەدەستەوەستان وەستاوەو نیازی پاشکەزبوونەوەی هەیە ..ئەخێر ئەم شتە هیچ کرتیك لەنارادا نی‌یەو نابێت ، بەڵکوبەو پەڕی لێپرسراوی‌و بەرەپێدانی ئەم بزوتنەوەیە ،دەبینین جۆرە جم‌و جرولێکی بەتین دیارو ئاشکرایەو هەولی‌ئەوەستان‌و بەردەوام بوونی ئەو بزوتنەوەیە دەدات ، ئەشەی‌بێ‌دەکات‌و بەوەو ئاسۆیەکی فراوان‌تری دەبات •

ڕۆژگاریش ئەوەی‌سەلماندووە کە ئەوەی دەنگی تایبەتی‌ی خۆیی هەیە‌و لەوورەو وانایدایە ، بەردەوام بێت‌و ئەوەستێت ، هیچ کۆسپ‌و قسەی پووچی ئەمەو ئەو ناپوەستێنێت‌و کاری‌ئی‌ناکات ، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر هانی دەدات خێری ماندووبکات‌و سەری ووشەی ڕۆژتر بلند بکاتەوە ، بۆ ئەوەی‌بەوانەی بسەلمێنێت کە هیچ هێزێك نی‌یە بەرەنگاری مرۆڤ‌ببێت‌و لەپەڵ‌و بۆی بخات یەك شت نەبێت ئەویش ـ مردن ـ ە •• کە هیچ دەستەلاتێك نەیتوانیوە بەرەنگاری‌ی لەگەڵدا بکات ••

بەگوێی ئەو جۆرە کەسانە شدا ناچێنین بەڵکوو بە دەنگی بەرزو ناشکرادەڵێین‌و خویشیان لە مەن‌و تۆ چاك تردەزانن کە ئەوبەرهەمەی شایانی بڵاوکردنەوە ببێت‌و جۆرە تاقی‌کردنەوەو سۆزو هەژاندن‌و کارتێکرێنێکی تیدا بێت ، بتوانێت لە دڵی‌خوێنەردا جێگەی خۆی بکاتەوەو باشە ڕۆژی خۆی‌ببارێنێت‌و ئاوینەی سەردەمی خۆی بێت‌و بەزمانی ئیستەوداهاتووش قسەبکات ، خۆ ئەوە بەبێ سێ‌و دوو لێ‌کردن‌بڵاودەبێتەوەو ڕووناکی دەبێنێت ، بەبێ ئەوەی‌خاوەنەکەی لەم‌و ئەو بیارتەوەو بڵانکێتەوەو بکروزێتەوەوداوای یارمەتی‌ی بڵاوکردنەوەی بۆ بدات ، چونکە لەئەدەبداەئشتی و لە شیعردا بەتایبەتی تایەفەکەری‌و دەست مەاچ‌کردن‌و خاترانە هەروجوودی نی‌یە ، بەڵکو ئەم شتە لەبیری‌کەسدا نی‌یە •• ئەوانە ئەبێت کە خۆیان لەگەڵ ئەم جۆرەمەسەلە بێ‌بایەخانەدا خەریك دەکەن‌و بووەتە خولیای شەوو ڕۆژیان‌و خەوی پێوە دەبینن •

ڕۆشنبیری

خوێنەرانیش بیروڕای خۆیان هەیە

● بێ‌ئومان یانسیب دەردێکی کوشندەیەو کرمی لە لەشی کۆمەڵ داوە چونکە ئەوانەی خەڵاتەکانیان بردووەتەوە خۆیانیان دۆڕاندووە ، چکە خاوو خێزانەکانیان • چکە لەو هەموو پارەیەی تاکە کەسێك لەم بارانە خەمێکە) کە دەڵێی (بەم چیرۆکە سەرەتای بەرهەمەکانم دەست پێ دەکات) ئەواوت نەکردووەو لە ناکاودا چیرۆکەکە ڕادەگەیێت‌و دەنووسیت : « ماویەتی » • چیرۆکەکەمان بە ئەواوی بۆ بنێرە ، کەو شیاوی بڵاوکردنەوە بێ ئەوا بڵاودەکرێتەوە ج لە ڕۆژنامە ج لە گۆڤاردا بێت •

هۆنراوە

● کاك عبدالکریم سعید قادر ـ سەرچنار :

کە چاپی یەکەمی ڕۆمانی « کۆخی مامتۆم» لە ئەمەریکادا کەوتە بازاڕەوە ، هشت‌ومرێك‌و دەنگدانەوەیەکی داوە هەر چەندەش نوسەرەکەی ـ کە ناهرەت بوو ـ بەیەرەوی دەستوورە بنەڕەتی‌یەکانی خەڵکی ئەمەریکا ئەمەریکا))یە •

ـ بەداخەوە ئەنگە شتی ناوەها لە ئێو ڕۆشنبیراندا ڕووبدات، هیوادارین خۆیان بە ناکامێکی شارستانی‌یانەی هاوچەرخی ڕۆشنبیرانەوە خەریك بکەن • ئەك شتی وای ڕوبوچ •• !

چیرۆك

● کاك عبدالکریم صابر ـ سلێمانی :

چیرۆکەکەت (هەر تنۆکی (٦١)ی ڕۆشنبیری نوێ چونکە من لەوەتی دەستم داوەتە توسین هیچ جۆرە بەرهەمێکم نەناردووە بۆ ڕۆشنبیری نوێ ، نازانم ئەوەش لە کوێوە هات ، جا ئەوەی ئەو هۆنراوەیەی بە ناوی منەوە ناردووە (با سەری خۆی بدات لە بەرد !)

عمر امین علی

ڕانیە

هۆنراوە

● کاك عبدالکریم سعید قادر ـ سەرچنار :

کە چاپی یەکەمی ڕۆمانی « کۆخی مامتۆم» لە ئەمەریکادا کەوتە بازاڕەوە ، هشت‌ومرێك‌و دەنگدانەوەیەکی داوە هەر چەندەش نوسەرەکەی ـ کە ناهرەت بوو ـ بەیەرەوی دەستوورە بنەڕەتی‌یەکانی دەستوورە لە ئەمەریکا ئەمەریکا))یە •

ـ دەدەب لە سینەما گرنگترە ، زۆر حەز لەکۆسپ‌و تەگەرەو ناخۆشی ژیان دەکەم‌و سەیرم لەنوسەرەکان دێت ، تائیستا خۆم وانابینم کە بەکەك بێم .. سست‌و هیواش پێش‌دەکەوم. پێشدەکەوم . تەنیا دەستپێ‌دەکەم . لەئەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا دەستم‌کردوە بەنوسین ، ئەمەش شتێکی باش‌وگرنگە . مرۆڤ دەتوانی لێرەولەوی بژی لەلادی .. لەهەر شوێنێکی تریێت . نوسین کارێکی سەخت‌وگرانە . وەك کێشەیەك وایە . شەش ڕۆمانم نوسیوەو چەند ئاریان بڵاوبونەتەوە بێنجەمیان لەپایزدا لەژێر ناوی (دیمەنی بورانەوەدا) بڵاو دەکرێتەوە ، ئەم ڕۆمانە برێتی‌یە لە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی کچێکی ١٩ساڵان، هەندی گیروگرفتی دڵداری وای‌لێ‌دەکات کەخوی ئوم‌کات. لەم ڕۆژانەدا چاکترین فلیمم تەواودەکەم کەئەویش ((ئەمەریکا ئەمەریکا))یە •

ـ تۆ ساوەری خۆت بکوتەو لەپەکە حەلاڵکە •

ـ دەدەب‌و سینەما :

« ئەدەب لە سینەما گرنگترە ، زۆر حەز لەکۆسپ‌و تەگەرەو ناخۆشی ژیان دەکەم‌و سەیرم لەنوسەرەکان دێت ، تائیستا خۆم وانابینم کە بەکەك بێم .. سست‌و هیواش پێش‌دەکەوم. پێشدەکەوم . تەنیا دەستپێ‌دەکەم . لەئەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا دەستم‌کردوە بەنوسین ، ئەمەش شتێکی باش‌وگرنگە . مرۆڤ دەتوانی لێرەولەوی بژی لەلادی .. لەهەر شوێنێکی تریێت . نوسین کارێکی سەخت‌وگرانە . وەك کێشەیەك وایە . شەش ڕۆمانم نوسیوەو چەند ئاریان بڵاوبونەتەوە بێنجەمیان لەپایزدا لەژێر ناوی (دیمەنی بورانەوەدا) بڵاو دەکرێتەوە ، ئەم ڕۆمانە برێتی‌یە لە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی کچێکی ١٩ساڵان، هەندی گیروگرفتی دڵداری وای‌لێ‌دەکات کەخوی ئوم‌کات. لەم ڕۆژانەدا چاکترین فلیمم تەواودەکەم کەئەویش ((ئەمەریکا ئەمەریکا))یە •

ـ دەدەب‌و سینەما :

« ئەدەب لە سینەما گرنگترە ، زۆر حەز لەکۆسپ‌و تەگەرەو ناخۆشی ژیان دەکەم‌و سەیرم لەنوسەرەکان دێت ، تائیستا خۆم وانابینم کە بەکەك بێم .. سست‌و هیواش پێش‌دەکەوم. پێشدەکەوم . تەنیا دەستپێ‌دەکەم . لەئەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا دەستم‌کردوە بەنوسین ، ئەمەش شتێکی باش‌وگرنگە . مرۆڤ دەتوانی لێرەولەوی بژی لەلادی .. لەهەر شوێنێکی تریێت . نوسین کارێکی سەخت‌وگرانە . وەك کێشەیەك وایە . شەش ڕۆمانم نوسیوەو چەند ئاریان بڵاوبونەتەوە بێنجەمیان لەپایزدا لەژێر ناوی (دیمەنی بورانەوەدا) بڵاو دەکرێتەوە ، ئەم ڕۆمانە برێتی‌یە لە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی کچێکی ١٩ساڵان، هەندی گیروگرفتی دڵداری وای‌لێ‌دەکات کەخوی ئوم‌کات. لەم ڕۆژانەدا چاکترین فلیمم تەواودەکەم کەئەویش ((ئەمەریکا ئەمەریکا))یە •

Institut Kurde de Paris

کۆڕه ئەدەبیەکان لە سلێمانی

احمد سید علی بەرزنجی

ئەم جوڵانەوە ئەدەبی وڕۆشنبیریەی ئێستا والەناودا هەیەو هەردوو لقی یەکێتی نوسەرانی سلێمانیو هەولێر کە کەوتونەتە خۆیان بۆ بوژاندنەوەی باری ئەدەبی نیشانەیەکی زۆر دڵخۆشکەرەلە ئەنجامی گرتنی ئەم کۆڕانەشدا هەندێ سەرنجو تێبینی دیتەکۆڕیو ئەبێ بخرێتە بەرنیشکیشی کردنەوەو لێکۆڵینەوەوە ، چونکە ئەگەر ئەو کۆڕانەش نەبووایە ئێمەش مەودای ئەم سەرنجانەمان نەئەبوو ، هەر لە ئەنجامی کارکردنو جموجۆڵە باری سەرنج ئەبێ • گرنگیشی لەمەدایە ئەم سەرنجانە جێکای خۆیان بکرن لەلای برایانی دەستەی بەڕێوەبەری هەردوو لقەکە •

لە هاوکاری ٣٨١ دا کاك شێرزاد عبدالرحمن باری سەرنجی خۆی بەرامبەر (کۆڕێکی چیرۆکو •• کۆڕێکی شیعر) دەربڕیبوو لە هەولێر ، جا وامنیش دوای ئەو رای خۆم بەرامبەر (کۆڕێکی چیرۆکو •• کۆڕێکی شانۆگەری) دەردەبڕم کە لە بارەی لقی سلێمانی گیرا •

لە ئێوارەی ٨-٨-١٩٧٧دا کۆڕێیەکەمی بۆ چیرۆك سازکرد کە تیایدا : کاك محمد نوری توفیق وعبدالله ئاگرینو مستەفا سالح کەریم چیرۆکی خۆیان تیادا خوێندەوەو دواییش لەلایەن کاك اکرم قەرەداخیەوە هەڵسەنگێندران بەپێی بڕچوونی من بەرامبەر ئەو سێ بەرهەمەو رەخنەکەی کاك اکرم ئەڵێم :

● ئەوەی شارێکی خاموش کە کاك محمد نوری پێشکەشی کردو هەروەك خۆی روونی کردەوە لە ١٩٧٤دا لە(بەیان)دا بڵاوکراوەتەوە ، وە ئێستا هەندێ دەستکاری کراوەو فراندنی تیا روداوە بەڵام ناودرێژەکەی وەك خۆی ماوەتەوە •

من لێرەدا ئەوەندە ئەڵێم کە چاوەڕوانی بەرهەمێکی نوێ بووین لە (شێوەو ناوەڕۆکدا) •• بەڵام بۆ بەرهەمێکی ٩٧٤ ؟ ئەمە حاڵ لە دوو قەفەرە بەدەر نییە •• یان کاك محمد نوری لەجێی خۆی (راوچ) دەکاك هیری پێنەماوە ، وەیا ناتوانێ شان بەشانی شێوەو تەکنیکی ئێستا بروات •

جا وتن دەربارەی بەوبەرهەمەیو دەستکاری کردنی بەلای منەوە بێسودە ، چونکە گرنگ لەودایە بەرهەمەکەی ١٩٧٤ هەروەك ئەو لێشاوە چیرۆکانەی پەنجاکانیان وایەو هیچی تر •

● بەرهەمی دووەم کە ئەمیش خاوەنەکەی لەجلەکانەوە ئەنوسێ - مستەفا سالح کەریم - و بەردەوام ئاکاداری ئەوکۆڕانانەیە کە بەسەر شێوەو تەکنیکی چیرۆك نوسیندا دێت ، وە (جاروبار) ئەیەوێ خۆی لە قەرەی ئەم رێبازە نوێیە بدا « تکایە بڕوانە - ئاسمانیش چەخماخەی ئەدا - لە رۆژی کوردستان ژمارە (٣ ، ٤) ساڵی ١٩٧١ ، هەروا - سێ وئنەو رێبوارێکی ماندو - لە چیرۆکی هەڵبژاردەی رۆژی کوردستاندا ١٩٧٦ »و هەروەك دەری‌بخا کە ئەوەی چل‌وبەنجا کانیش ئەتوانێ (ئەگەر بە هەنسکە بڕکێش بێ) شان‌بدا لە شانی ئەوەی حەفتاکان ، بەڵام ئەم چیرۆکەی کە لەم کۆڕەدا خوێندیەوە بەداخەوە رۆژ بەباشی خیزەخیزی سنگی نوسەرمان گوێ لێبوو کە ماندویەتی شەکەتی کردووەو بەڵام ئەم لە ئێوان شێوە کۆنەکەو نوێکەدا ون بووە •

١٥-٨-١٩٧٧دا کۆڕێکی تر دەربارەی شانۆو شانۆگەری بەسترا کە کاك غازی بامەرنی پێشکەشی کردوو دوای ئەمیش کاك احمد سالارو سمکو عزیزو عمر علی امینو نوزاد مجیدو خوشکە بەدیعە دارتاش هەریەکەیان دەربارەی باسەکەی کاك غازی باری سەرنجی خۆیان دەربڕی • بەراستی باسەکە سودەمند بوو وە ئەڵێ شتی تیا بوو کە نیشانە بوو بۆ خۆماندو کردنی خاوەن بەرهەمو شارەزایی تەواوی •

بەڵام نابێ ئەوەش لە یادکەین کە کاك غازی بە چاوێکی (مطلق)ی‌یەوە دەروانێتە بەرهەمی شانۆیی‌و نوسەری شانۆگەری‌و ئەکتەر • من نازانم (چیکۆفو گۆگۆلو شکسبیر ••) وزۆری تر لە لە نوسەرانی شانۆگەری‌یە جیهانیکان ئەو خاڵانەیان رەچاو کردوە تا دەست بدەنە نوسین،

ـ مکرم رشید تاڵەبانی ـ

ئێمەی کورد ئەوەندە ئۆرانیبێژی وامان تێدا هەڵکەوتووە کە دەنگێکی زۆرخۆش‌و نایابیان هەبووە ، هەمووش بەوپەڕی ئارەزووەوە لەگەڵ ئۆرانیەکانیاندا کاتدەبەینە سەرو دەچنە ناخو دڵودەروونمانەوە ، چێژیان لێوەردەگرین‌و گەشکەیان پێدەکەین •

لەگەڵ ئەوەشدا ئۆرانیبێژەکانمان کە لەژیاندان هیچ ڕیزێکیان لێ ناگرین‌و کە کۆچیشیان کرد گوێیان نادەینێ‌و یادیان ناکەینەوەو هەواڵیان ناپرسین •

لەو ئۆرانیبێژە دەنگخۆشە کۆتانەمان ، کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە تاماوەیەك بەردەوام بوون : سەید عەلی ئەزغەرو کاوێس ئاغاو مریەم خانو مەلا کەریمو کوێستانی‌و عەزیز ئاغاو هەندێکی تر •

ئەم ئۆرانیبێژانە بایەخی خۆیان بێ‌نەدراوەو خەریکە ناویان لەبیر دەچێتەوەو کەمە کەمە ئۆرانیەکانیان لەیاد دەچنەوە لەبەرئەو هۆیانەی سەرەوەو بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل‌ساڵی ڕەبەق بەسەر کۆچی دوایی ئۆرانیبێژی خوالێخۆشبووی دەنگ خۆش‌و مەقامبێژ سەید عەلی ئەزغەردا بەئەم چەند دێڕە ئەو یادەیەی دەکەینەوە •

کورتەی ژیانی :

سەید عەلی ئەزغەر بەیەکێك لەو ئۆرانیبێژانە دەژمێردرێت کە لە ماوەیەکی زۆرکەمدا توانیویەتی شێوەکی نوێ بداتە ناوازو ئۆرانیی‌ی کوردی ، کە لەتەمەنی شازدە ساڵیدا بوو ، توانیی‌ی ئەو سەیدی عەلی ئەزغەز بەسەید بەوبەڕی ئارەزووەوە گوێ یادیان بکەنەوە •



ناوازانە لە بەربکات‌و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی تێدا بەدی بهێنێت‌و دەستێکی باڵا لەووتنەوەو خوێندنی مەقامی کوردیدا پەیدا بکات •

بەزووترین کاتیش توانی‌ی بچێتە دڵی هەموو گوێ گرێکەوەو هەمیشە لەدەروونی ئەو گوێگرەدا بمێنێتەوە •

سەید عەلی ئەزغەر لەساڵی ١٨٧٦ی ز • دا لەدایکبووە ، لەخێزانێکی ناوەندی ، خەریکی کشتوکاڵ بوونو مەڕومالاتیان بەخێودەکرد • تۆمارکراون بەڵام ئێستاش کردووەکان لەبیرنەکەنو عەسکەریش ناوبانگی‌ی دەرکردووە ، هەر لەمندالی‌یەوە نیشانەی زیرەکی‌و ئۆرانی‌وونی پێوە دیاربووە بۆیە لەتەمەنی شازدەساڵیدا دەستی داوەتە گۆرانی ووتنو دوای ماوەیەکی کەم ڕۆشتووەتە تاران‌و لەوێنە لەسەر قەوان ئۆرانیەکانی تۆمار کردووە کە زمارەیان گەیشتووەتە حەفدە گۆرانی لەوکاتەدا ، کە هەندێکیان لەئیزگەی کوردی بەغدادا هەن ، لەگەڵ ئەوەی کەئۆرانیەکانی بەر لەنیوسەدە تۆمارکراون بەڵام ئێستاش کردووەکان لەبیرنەکەنو کاك غازی کۆمەڵێ خاڵی دانا بۆ ڕەچاوکردنی نوسەری شانۆیی کە هەروەك خوشکە بەدیعە وتی (نوسەرانی ترساندو وای لێکردن کە بیرلە نوسینی چیرۆکی شانۆیی نەکەنەوە) •

دیسان ئەو سەرنجانەش کە لەلایەن دوو برای کوی‌گرەوە خرانە رو زۆر گونجاو بوو لەگەڵ باسەکەداو ئەمە ئەوەمان دێنێتەوە یاد کە داوا لە برایانی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی بکەین کە جاروبار ڕێگای یەك دوویە بەدەن تا باری سەرنجیان (بەرەورو) بخەنە بێشدەم •

وردە وردە شێوەو چۆنێتی کۆڕەکان بەرەو باشی دەڕوا ، نوسەرانیشی ئەبێ لەیادیان بێ کە ئەبێ ئەوەیە پەروەردە بکەن کە بزانێ چۆن لەو کۆڕانەدا

بڕوانە ل : -١١-

کرەکان چێژ لەگۆرانیەکانی وەردەگرن‌و حەزدەکەن گوێی لێبگرن ، زۆربەی گۆرانی‌و مەقامەکانی سەید عەلی ئەزغەر لەهۆنراوەی شاعیرە کلاسیکی‌یەکانن وەك طاهر بەگی جاف‌و ئەحمەد موختار جاف‌و شاعیرانی تر لەگەڵ هۆنراوەی فۆلکۆری‌دا •

سەید عەلی ئەزغەر جوارشانەو ئاڕادەیەکیش باڵابەرز بووەو دەموچاوی ناوڵە لێ‌دابوو بەڵام ئەم ڕووداوە هیچی لەجوانی‌و ڕێکی دەموچاوی کەم نەکردبووەوە ، کەواو سەلتەو فەقیانەی لەبەر دەکردو بەمشکی سەری دەبەستەوە ، لەمەقامە بەناوبانگەکانی ئەمانەی خوارەوە :

١ - مەقامی هەمایۆن •
٢ - مەقامی هومایۆن •
٣ - قەتاری سنە •
٤ - مەقامی دەشت •
٥ - مەقامی غەمگین •
٦ - مەقامی حیجاز •
٧ - بەیاتی تورکو چەند گۆرانی‌و مەقامێکی تر •

ئەمەو خوالێخۆشبوو لەتەمەنی شەستویەك ساڵی‌دا لەساڵی ١٩٣٧دا کۆچی‌دوایی کردووەو لەگۆڕستانی تایلان - لەگەڕەکی جوارباغی شاری سنە نێژراوە •

ئەمە چەند ووشەیەکبوو بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەرکۆچی‌دوایی گۆرانیبێژی دەنگخۆش سەید عەلی ئەزغەر •

هیوادارین لەمەودوا نووسەرو ڕۆشنبیرو هونەردۆستانمان کۆرانیبێژو هونەرمەندە کۆچ کردووەکان لەبیرنەکەنو

بڕوانە ل : -١١-

چەند غەزەلێکی بلاونەکراوەی شوکری فەزلی

جمال محمد

شوکری فەزلی‌ی شاعیر چەندە ناوداره‌و چەندە بەتواناو بەدەسەڵاتە لەجیهانی شیعردا ئەوەندە بەرهەمی کەمەو یاخود ئەگەر بەرهەمیشی هەبێت کەم بەرچاو کەوتووە لەم دوایی‌یەدا چەند غەزەلێك‌و چەند شیعرێکی هەجووی -م چنگ کەوت کە شیعرە هەجووەکەی رووی بڵاوکردنەوەی نی‌یە ، بەڵام بەپێوستم زانی‌چەند غەزەلێکی بڵاوبکەمەوە بۆ یەکەم جار بۆ ئەوەی لەفەوتاندن رزگاریان بکەم •

غەزەلی یەکەم

لەهیجرا ڕۆژو شەو عاشق خەریکی ناڵەیی زارە
پەرێشان حاڵە قوربان عاجزو غەمبارو بیمارە
شیفام با ماچی لێوت قەت نی‌یە ئێستاکە دڵ چونکە
بەنووکی خەنجەری موژگانی خوێك‌ڕێژت بربندارە
بنازم وردە غەمزەی چاوی مەستت ئەی کەمان ئەبرۆ
کەوا بۆ کوشتنی عاشق عەجەب تیرێکی خوێن‌خوارە
ئەگەر بۆ صەیدی مورغی دڵ نەبێ کاکوڵی مشکینت
لەبەرچی هەروەها چین چینو پێچاو پێچو خوارە
لەچینی پەرچەمی تۆدا صەبا سست هاتە صەفحەی باغ
مەگەر سەرمەستە قوربان بۆیە وا ئاهستە ڕەفتاو
بەکوشتن شاد ئەبم ئێستا بەشەرتێ گەر بەچێ بێلی

لە دڵدا خەنجەری بۆ یادکاری ئەو شۆخە غەدداره
« حەمەد بەگ » تا بڵێی شیرینە « هەممی » هەروەکو نەزمم
کە هەم مەشهووری ئافاقو پەسەندەی‌یارو ئەغیارە

غەزەلی دووەم

**بۆ کوشتنی عوشاقان هەر لەحزە موهەییایە
ئەی دڵ حەزەری لێ‌گە بێ خەوفو موحابایە
وا مەستە دەڵێن چاوی ببینە چە هوشیارە
بۆ صەیدی دڵ عاشق تیری لە کەمان‌دایە
نەفعی چی‌یە ئەم ڕۆحە هەر لەحزە ئەگەر نەیکەم
قوربانی قدو بالای ئەو دڵبەرە ڕەعنایە
باعیس بەفیراقی یار هەر تەعنەیی ئەغیارە
کوئربت هەموو مەحرووم بن لەم بەزمو تەماشایە
نەزمو غەزەلی « هەممی » شایستەی تەحسینە
مەوزوون تەرو شیرین دلجوو دڵ ئارایە**

(١) غەزەلەکان ژمارەیان پێنج غەزەلە ، بەهۆی ئەحمەد محەمەد کوڵەوە چنگم‌کەوت ، سوپاسی ئەکەم •

(٢) شوکری فەزلی لەم غەزەلانەدا لە کۆتایی هەر غەزەلێکدا وشەی « هەممی » کردووە بەنازناوی خۆی •

دەنگی

محمود زامدار

ئەدەبو ••• سیکس ••!

★ نێرومێ بنچینەو سەرڕشتەی ژیانو ئەم کەردونە ئاوسەیە •• کرۆکی ژیانو بەردەوام‌بوونی ئەو ژیانە لە نێرولەمێینەو لەتێکە لاوبوونی پڕ لە میهرو بەتامی ئەم دوانەوە دەس پێ‌ئەکا !! - قسەیەکی رووتەو هەمو ئەیزانین - کەچی هێشتا ، کاتێ کەباسی سێکس بکرێ ، هەڵاڵەکەی بۆن بدات ، هەست بە •• شەرمەزاری ئەکەین‌و تەریق ئەبینەوەو رەنگ‌وڕومان‌و هەڵئەبزرکێو چاوشۆڕ ئەکەین ودلەکوتێ دامانئە گرێ نێو ڕانمان ، کلێنچکەمان ئەلەرزێو لێومان ووشك وبرنگ ••!!••

تائێستاو لەدوادوایی ئەم سەدەی بیستەمەیش ، کە جارناجار بەسەدەی « شۆڕشی سێکس » ناوزەدئەکرێ •• ناتوانین بەزاتو دڵازاییەوە ، باسی سێکس‌و باسی بەشێ لە لەشی ئافرەت یا پیاو بکەین •• هەمو تاسەو سۆزمان کیبسی‌کردوە ••!! کەچی سێکس - سەرباری هەمو دیوارو نەریت‌و کۆسپێ - وەکو غەریزەیەکی هەرە بنەڕەتی رازەکانی ژیان ، مل بۆ ئەم رواڵەتبازی‌و ترس‌وشەرم‌و ماکیاچو «دزی»و فزی‌و چاوشۆڕی‌یە شۆڕناکات خۆی لە نێو یانی منالیمان ،لە مشەمش‌و خەونمان ، لە کەل‌وپەل‌و لەبەرکردنمان ئەدۆزێتەوە •• لە نەرمە پێکەنین‌و ماچ وموچ وهەڵپەڕکێو زیبکەو چاوباری‌و باویشك‌و لیبرو رەوت‌و رۆیینی کوڕان‌و نازونیو نازی کچان‌دا ، شیلاوگەی لێ‌ئەرژێ •• لەسەیرکردن‌و سەرنج‌و قسەو هەڵسوکەوتمان لە رەخنەو بلاروتوانجمان ، لە دەسبازی‌و شەوانی درێژو رۆژانی کورت‌و لە گۆرانی‌و پەندولاوك‌و حەیرانمان •• لە نووسین‌و سەرەقەڵەم‌و خوێندنەوەو بیرو گریان‌و ئەندیشەمان ، لەژێر سەرین‌و سەر دۆشەگمان ، ملەتاتکێ ئەکاو ئەکەوێتە مۆزەمۆز و (پەڕوبال) دەرئەکا ••!! کەچی هێشتا هەر ناتوانین بەیەکڕویی‌و بەراشکاوی رازەکانی بدرکێنین ، بەئاشکرایی‌و پاکی بچینە نێو جیهانە رەنگاورەنگەکەی •• کەچی « ئەم » بە « دزی »و بە هەزاران شێوە خۆی ئەنوێنێ‌و ئێمە ئەنوێنێ ، لاس‌ئەپیاتەوەو ئەگەرێتە لاسکەلاسك‌و سەر هەزاران کەلکەلەو ئارەزووەوە ••!

★ کەچی لەلای ئەلانی چاوکراوەو پێشکەوتودا، دەمانێکەو تا بە ئەمرۆیش ئەگا ، بلیمەتەکانیان ، هەزاران هەزار لێکۆڵینەوەی وردولەباری سێکس ، بۆ نەوەی دوا نەوەی سەر بە گۆیەندی کچۆڵەو کوڕۆڵانیان ئەنووسنەوە ، سەدەها دوکتۆرو پسپۆرو سایکۆلۆژیستی وەکو « فروید - ماکدوگال - رایش - ئادلەر - کنزی ••• تاد » لە نێو ئەم زانستە قوولەدا بازویان لێداچنیوە ، چونکە زانیویانە لەنێو چ جۆرە زانستێك‌و غەریزەیەکی رەگداکوناوی مرۆڤدا ئەژین ولێی ئەدوێن •• چۆن لەرێ ئەم زانست‌و غەریزەو لێکۆڵینەوەیەدا ، چەشەی سێکس‌و باری سەرنج‌و دڵی‌نەوەکانیان زاخ‌بدەن‌و بەرەو قۆناغی « دایکایەتی‌و باوکایەتی » پاك‌و پیرۆز ئامادەیان بکەن ••!•• بۆیە سەدەها سەدەها بەرنامەی زانستی ، لە ئێزگەو تەلەفزیۆنەکانەوە بۆ سێکس رەهاکراوە •• دەیەها زانستگەو رۆژنامەو گۆڤارو پارنۆگراف‌و نامیلکە ، لەم جیهانەدا ، شان‌بەشانی سەدەها فلیمی ناراستەکراوی سێکس بەرینچ‌و پەناو شەرم ، باسی سێکس‌و دەوری سێکس‌و دنیای بێ‌بن‌و پڕ لە ئیقاع‌و ئاوازی سێکس ، ئاوڕشتن ئەکەن •• نا بەڵکو جارناجار کۆنگرەشی بۆئەبەستن ••!!

هەر لە پێناوی ئەم مەبەستەیش‌دا، سەیرنیە،سەدانی وەك : « فروید »و « رایش » بەسەرگەرمیەوە ، بایەخ بەم دیاردەیەبدەن‌و هەمو دیاردەکانی ژیان - لەلای فرویدیستەکان - بکەن بە دوو گرێو سایکۆلۆژی « ئۆدیب »و « ئیلیکترا » ••!! چونکە - ئاڕادەیێ - زانیویانە غەریزەی ژیان‌و مردن‌و ، غەریزەی برسێتی‌و غەریزەی سێکس ، چەند غەریزەیەکی قوولی مرۆڤن‌و دابڕبوونیان بۆنیەو هەریەکێ لابدەی ئەوەی ترو ئەوەی‌تر ، کەلەلائەبێت ••!!

★ لەو روانگەیەی ، کە « ئەدەب »یش بەیامی خۆی‌هەیە ، بۆیە هەر لە کۆنی کۆنەوە خۆی خزاندۆتە ، نێو ئەم جیهانە مەزنەو درێغی لێ‌نەکردەوە •• لەنێو ئەدەبیاتی سەرانسەری جیهاندا ، هەزاران نمونەی گەش‌و هەڵوێستی « ئەدەب » لەبارەی سێکسەوە رەنگ‌ئەداتەوە : « بلزاك - دیستۆیفسکی - جۆیس - وێلز - ساند - مۆراڤیا - باربۆس - کۆلن وێلسن •• تاد » کە بەوبەڕی ناسکی‌یەوە ، قەڵەمی خۆیان خستۆتەگەڕو باسی گرفت‌و حەزو نەخۆشی‌و جیهانەکانی سێکسیان بۆکردوین •• سەدەها کەلەنووسەرو شاعیرو هونەرمەندو شانۆنووس‌و وچیرۆکەوان‌و رۆمانووس ، بەوبەڕی جگەرقایمیەوە ، ئەم مەسەلەیەیان هەڵخستوە •• ئەمەو جگە لە چەندین چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی‌وا ، کە لە بارەی سێکس‌و دنیا سێکسەوە ، لەنێو دنیای ئەدەب‌و خامەدا رەنگی رشتوە •• نزیکترین ئەدەبێ بۆ ئێمە ئەدەبی براعەرەبەکانە ، کە دەمانێکە خەریکی‌چارەسەر-**

بڕوانە ل : -١١-

Institut Kurde de Paris

بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی خانوی بەرێوەبەریی ناوخۆیی یەوە

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری‌دا بەپێی بەستنی بەکرێ گرتنی خانوە- کانی بەڕێوەبەریی ناوخۆیی کرایی پێدێت ، ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی تیایەتی نیشەکەی وازرایەوە بۆ دەرەوەی ئەو پارێزگایەی خانوەکەی تێدایە ، وە بەپێی بڕیارەکە ئەبێ لەهەموو دۆخێکدا خانوەکە لە ماوەیەکا چۆل بکرێت کە لەسێ مانگ تێنەپەڕێت لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی گواستنەوەیەوە ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە :

بەپێی یاسای بڕگە (١)ی ماددە ٤٢ی دەستووری‌وەختی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٥-٩-١٩٧٧ یدا بڕیاری ئەوەی خوارەوەی‌دا :

١ - بەیمان بەستنی بەکرێ گرتنی خانوی بەڕێوەبەری ناوخۆیی کۆتایی پێدێت ،ئەگەر هاتوو فرمانی گوازانەوەی ئەو کەسەی تیایەتی بۆ دەرەوەی ئەو پارێزگایە دەرچوو کە خانوەکەی تێدایە ، وە لە سەریەتی لەهەمرو دۆخێکدا لەماوەیەکا خانوەکە چۆل بکاکە لە سێ مانگ نێپەڕ نەکات لە ڕۆژی دەرچوونی فرمانی گواستنەوەکەیەوە .

٢ - ئەو ئەسانەی لە خانوەکانی بەڕێوەبەریی ناوخۆ- یدان‌و لە کارگوزارانی‌وەزارەتی ناوخۆ تین ،پێویستە لە ماوەیەکا ئەو خانوانە چۆڵبکەن کە لە ڕۆژی بەجێهێنانی ئەو بڕیارەوە لە سێ مانگ نێپەڕ نەکات . وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە هەندێ فەرمانبەر لەیاسای ئەو بڕگەیە ، لە هەندێ کانی پێویستداو بەپێی‌ڕەزامەندی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵبوێرێ .

٣ - ئەگەر خانوێکی بەڕێوەبەری ناوخۆیی چۆڵ بوو .. ناشێ لە غەیری کارگوزارانی بەڕێوەبەریی ناوخۆیی ئەو پارێزگایە بچێتە ناویەوە ، بەبێ‌ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ .

٤ - بەهیچ دەقێکی تری یاسایی گارناکرێ کە لەگەڵ یاسای ئەو بڕیارەدا نەگونجێ.

٥ - ئەو بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی بەجێ ئەهێنرێ‌و وەزیرە پەیوەندیدارەکان رای ئەپەڕێنن .

احمد حسن البكر
سەرۆکی ئەنجوومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

کۆڕێک بۆلیکۆلینەوەی پرۆژەی یاسای نوێی وەزارەتی ڕاگەیاندن

ڕۆژی دووشەمە ی‌رابوردوو بەڕێز طارق عزیز وەزیری‌ڕاگەیاندن سەرۆکایەتی کۆڕێکی‌کرد بۆلیکۆلینەوەی‌پرۆژەی یاسای نوێی‌وەزارەتی ڕاگەیاندن .

وەزیری بەڕێز لەبارەی لیکۆلینەوەکانی کۆڕەکاوە کە لە هۆڵی بەڕێوەبەریەتی گشتی گونیتە گیرا ، وتی ، ئەو یاسانوێیە لەئەنجامی تاقیکردنەوەکانمانەوە لەبواری ڕاگەیاندن‌و ڕۆشنبیری‌و گەشتوگوزاردا هاتوەو چارە سەرکردنی ڕێکخستن‌و یاسایی گونجاو بۆ گیروگرفت‌و ئەو کار تێکەڵبونە دانەنێ کە لە چالاکیەجیاجیاکانی وەزارەتی ڕاگەیاندندا ڕوونەدەن .

هەروەها وتی ئەو یاسانوێیە ئەنجوومەنێک بۆ وەزارەت ئەڕەخسێنێ ، ئەرکەکانی ، ڕاوێژکاری‌و ئەخشەیی ئەبن ، بۆ ئەوەی بیتە کاڵەی بەڕێوە بردنێکی دیموکراتیانە لە قۆناغی ئایندەدا ، بەپێی بیروڕای مەرکەزیەت‌و دیموکراتیەت‌و ڕەخساندنی مەرجی لەباری دیموکراتیەت‌و ڕەفتارکردنی دیموکراتیەت لە ئیشوکارو چالاکیەکانماندا .

بۆ لایە شارەزاکان تاوەکو بیکەن بەیاساو بڕیاری لەسەر بدرێ . لیکۆلینەوەیەکی فراوانی لەسەرکراوە .

پڕۆژەی یاساکە ، دروست بوونی ژمارەیەک دایرەی تێدایە بۆ بەرەپێدانی چالاکیەکانی ئیستای وەزارەت‌و دروست‌کردنی چالاکی نوێ‌و دانانی لە چوار چێوەیەکی نوێی ڕێکخستندا کە لەگەڵ پێداویستەکانی ڕاگەیاندن‌و ورۆشنبیری‌و گەشت‌و گوزاری وڵاتدا بگونجێت .

بەڕێز طە یاسین وەکیلی وەزارەت‌و سەرەک دایرەکان‌و دەزگاکانی سەربە وەزارەت لە کۆڕەکەدا ئامادەبوون .

سێ مەڵبەندی نوێ بۆ مەشق پێکردنی پیشەیی

دەزگای کرێکاران بۆ بەکارخستن‌و مەشق پێکردن‌و فێرکردن ، لەیەکی ئەم مانگەدادەمەزرێ‌و دەوەتە دروست‌کردنی سێ مەڵبەندی پیشەیی بۆ مەشق پێکردن لە پارێزگای هەولێرو سەلاحەددین‌و قادسیە، کە ملیۆنێک‌و هەشت سەد دیناریان تێدەچێت .

ئەمەش بەپێی‌وبەری پرۆژەکانی دەزگا کە ڕای ئەیاندووەو ووتوویەتی هەر مەڵبەندێک شەش سەد دیناری تێدەچێت‌و بڕیتی دەبێت لە یازدە بەش بۆ مەشق‌کردن لە سەر پیشە پەنەڕەتیەکانی وەک - خراطە - و - برادە - و کارەباو - تەفریز - و لەحیم‌کردن‌و میکانیکی تۆتۆمۆبیل‌و دارتاشی‌و دامەزراندنی کەرەسەی تەندروستی‌و کارەبایی .

واش چاوەڕوان دەکرێت ئەم مەڵبەندانە لەماوەی سێ سالی ئایندەدا تەواوبکرێن بۆ هەزار دیناری تێدەچێت .

پڕکردنەوەی کەمی‌ی کرێکارانی مەشق پێکراو کە پڕۆژەکانی ئەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەیی پێویستی‌یان پێی هەیە .

ئیستاش دەزگاکە خەریکی جێبەجێ‌کردنی فراوان‌کردنی ئامێزگای فێرکردنی پیشەیی ‌یە لەوەزیریە ئەویش بەکردنەوەی چەند بەشێکی‌نوێ کە ٢١٣ هەزار دیناری تێدەچێت .

هەروەها فراوانی‌کردنەوەی مەڵبەندی مەشق‌پێ‌کردنی پیشەیی لە وەزیریە کە سەد هەزار دیناری تێدەچێت .

میهرە جانێکی ڕۆشنبیری لە هەولێر

لەناوەڕاستی ئەم مانگەدادامەزراوی گشتی ڕۆشنبیری جووتیاری میهرەجانێکی‌ڕۆشنبیری بەربڵاو لەناوچەی ڕۆژئاوای بەرپا دەکا کەزۆرمەیدانی جۆربەجۆری سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌ی‌دەگرێتەوە .

میهرەجانەکە هەفتەیەک درێژەی دەبێ‌و گەلێ‌بابەتی جۆربەجۆری تێدا پێشکەش دەکرێن ، بێجگە لە چەند هێزێکی بۆ پێشکەش کردنی باشترین‌و بەربڵاوترین خزمەتی گشتوکاڵی‌و ڕۆشنبیری ڕۆڵەکانی ئەو ناوچەیە .

لەو میهرەجانەدا دامەزراوی گشتی ئیزگەو تەلەفزیۆن‌و دامەزراوی گشتی سینەماو شانۆو یەکیەتی کۆمەڵە هەروەزیەکانی جووتیاران‌و یەکیەتی گشتی تەندروستی‌و بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینگۆرتەکردنی ئافرەتانی عیراق ودامەزراوی تەندروستی لادێ بەشدار دەبن .

جموجوولێکی تەندروستی فراوان

ژمارەیەک لەپارێزگاکانی وڵات لەم ڕۆژانەداجموجوولێکی تەندروستی فراوان بەخۆیانەوە دەبینن لەبواری جێبەجێ‌کردنی ڕۆگرامەکانی ڕۆشنبیر کردن‌و کردنەوەی دەورات‌و بارەوەی تەندروستی‌دا بەمەبەستی پێشکەش کردنی چاکترین خزمەت‌گوزاری‌ی تەندروستی بۆ هاوولاتیان .

ئەوەتا سەرۆکایەتی تەندروستی‌ی پارێزگای بابل بڕۆگرامێکی ڕۆشنبیری‌ی فراوانی بۆ ماوەی چوارمانگ ئامادەکردووە ، لە چوارچێوەی ئەو بڕۆگرامەدا چەند کۆڕێک بێکدەهێنێت بۆ کارکردنی دەزگا تەندروستی‌یەکانی پارێزگاکە بۆلیکۆلینەوەی باشترین ئەو ڕێگایانەی دەبنەهۆی فراوان‌بوونی خزمەت گوزاری پزیشکیەکان‌و تەقیم‌کردنێکی‌تەواوی کارکەران خۆیان جگە دەستنیشان‌کردنی ئەو کۆسپانەی دێنە سەرڕێگای کارو چۆنیەتی چارەسەر- کردنیان .

لەپارێزگای سلێمانیش سەرۆکایەتی تەندروستی باربۆهێنکی تەندروستی فراوانی ڕێکخست بۆ ئوندەکانی قەزای دەربەندیخان ئەویش لەبێناوی پێشکەش‌کردنی خزمەت‌گوزاری پاراستن‌و چارەسەری‌و پشکنینی خێرایی‌یانەی هاوولاتیان لەم‌بارەیەدا سەرۆکی تەندروستی‌و پزیشکەکانی هەموو جۆرە پسپۆری‌یەک‌و تیپی‌تەندروستی‌ی لادێ‌و مەڵبەندی بەربەرەکانی‌ی نەخۆشی شیرپەنجەو پەتاو- درەکان کەسەرپەتیپەکانی ڕێنمایی‌و ڕۆشنبیری تەندروستیەن بەشداری‌یان تیاداکرد .

هەروەها ڕۆژی‌یەکشەمەی ڕابوردوو سەرۆکایەتی تەندروستی‌ی پارێزگای دهۆک دووەورەی بۆکارکەرانی مەڵبەندی تەندروستی‌و لقەکانی کردەوە ، لەیەکەمیان‌دا ، کە لەمەڵبەندی تەندروستی تاقی- کردنەوەیی‌لە ناحیەی سومێل- کرایەوە ، (٣٠) یاریدەری پارێزگاری‌و چاودێری تەندروستی بەشداریان‌تیاکرد ، لەدووەمیشیان‌دا ، کە لەموختەبەری تەندروستی گشتی‌کرایەوە هەشت یاریدەری موختەبەر بەشداری- یان تیداکرد .

چەندکۆبۆنەوەیەک بۆلیکۆلینەوەی ئامادەبوونی پێویست بۆ کاروباری سەرژماردنی گشتی‌ی ڕانیشتوان

پێرێ لە پارێزگاکانی‌وڵاتدا لیژنەکانی سەرژماردن چەند کۆبوونەوەیەکیان بۆ لیکۆلینەوەی پێویستی‌ی ئامادەبوونی کاروباری سەرژماردن بەست .

بغداد

ئەوە بوو پێرێ بەیانی‌لیژنەی بالای ڕاگەیاندنی گشتی سەرژماردن لە پارێزگای بەغدا کۆبووەوە .

لەم کۆبوونەوەدا لە کاروباری جێبەجێ‌کراوی هەفتەی ڕابوردوو کۆڵرایەوە ، ئەوەش دووبات‌کرایەوە کە پێویستە باش‌تر کاربکرێت بەرەو ئامادەبوون بۆ کاروباری سەرژماردن کە لە حەفتەی مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوودا بەڕێوەدەبرێت .

تەئمیم

بەڕێز محمد حمزە پارێزگاری تەئمیم پێرێ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەی سەرژماردنی گشتی‌ی پارێزگەی کرد لەگەڵ لیژنەکانی ئامادەکردنی کادرو هێزی گواستنەوەو پۆلیس‌و دادوەری‌و تەندروستی‌وڕاگەیاندن‌دا .

پارێزگاری بەڕێز ئەرکی ئەم لیژنانەی ڕوون‌کردەوە سەبارەت بەو ماوەیەی ماوە بۆ دەست‌پێ‌کردنی کاروباری سەرژماردن‌و داوای هەوڵی زۆر ترو چڕتری‌کرد بۆ گوێ ڕایەڵ‌کردنی بەردەوام لە پێناوی بەدی‌هێنانی ئامانجە زانستیەکانی سەرژماردنی گشتی‌دا .

کەربەلا

پێرێ بەڕێز عبدالجلیل مسافر جێگری پارێزگاری کەربەلا سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەی سەرژماردنی پارێزگاکەی‌کرد تێیدا لە پێویستییەکانی خۆئامادەکردن کۆڵرایەوە لەو ماوەیەی ماوە پێش دەست‌پێ‌کردنی سەرژماردن هەروەها ئەوەشی تێدا دووبات‌کرایەوە کە پێویستە هەموو هەوڵەکان یەکبخرێن‌و هاریکاری‌یەکی تەواو لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان‌دا بکرێت بۆ پترچڕکردنی باربۆمی هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیان.

سلێمانی

هەروەها لەبارەی هۆشیار کردنەوەی ڕاگەیاندنەوە ، لیژنەی ڕاگەیاندنی سەرژماردنی پارێزگای سلێمانی پێرێ کۆبوونەوەیەکی بە سەرۆکایەتی نوێنەری سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست - لقی سلێمانی بەست ، سەرۆکانی لیژنەکانی ڕاگەیاندنی سەرژماردن لە قەزاو ناحیەکان‌دا تێیدا ئامادەبوون ، کۆبوونەوەکەش بۆ لیکۆلینەوەی چالاکیەکانی ئەم لیژنانەو ڕێ‌وشوێنی پترکردنی باربۆمی ڕاگەیاندن لەپارێزگاکەدا بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیان سەبارەت نرخ‌و گرنگی سەرژماردن‌بوو .

دهۆک

پێرێ لە کۆبوونەوەیەکدا ، لیژنەی مەڵبەندی‌ی ڕاگەیاندنی سەر بە پارێزگای دهۆک ، بەسەرۆکایەتی هاوڕێی ئەمیندار‌ی نهێنی‌ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست - لقی دهۆک ، لە ڕێڕەوی ڕاگەیاندنی خۆی سەبارەت بەماوەی ڕابوردوو کۆڵایەوە ، لەگەڵ دانانی پلانێکی نوێ‌ی لیکۆڵراوە بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیان سەبارەت بە دوورەمەوەداو مام‌ناوەندی‌یەکانی سەرژماردن

نەینەوا

لیژنەی ڕاگەیاندنی سەربە- لیژنەی سەرژماردنی گشتی‌ی مەڵبەندی پارێزەگای نەینەوە، پێرێ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە لیژنە لقیەکانی سەرژماردن ، لە پارێزگاکەدا ، بەستووە ، بۆ لیکۆلینەوەی پێویستی‌یەکانی لیژنەکانی کادرو هێزی گواستنەوەو چیگە پلانی سەرژماردن‌و پڕۆگرامەکانی لە بواری پۆلیس‌و دادوەری‌و تەندروستی‌دا .

هەولێر

مەکتەبی ڕابەڕاندنی یەکێتی کۆمەڵە هەرەوەزی‌و هاریکاری جووتیاران لە پارێزگای هەولێر بڕیاری لەسەر پلانێکی ڕاگەیاندن داوە بۆ هۆشیار کردنەوەی جووتیاران سەبارەت بەسەرژماردنی گشتی دانیشتووان .

واسط

هەروەها لیژنەی ڕاگەیاندنی سەرژماردنی گشتی‌ی دانیشتووان لە پارێزگای واسط بەردەوام کۆڕی هۆشیارکردنەوە دەبەستێت بۆ جووتیارانی ناوچەکانی عەزیزیەو سومێرەو زوبەیدیەو شحیمیەو حەی .

بەبۆنەی نزیک بونەوەی‌جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە :

هەڵەت بردنێکی فراوان بۆفرۆشتنی یەکسەری لەهەموپارێزگاکانی وڵاتدا

کۆمپانیای گشتی لە دەروە هێنان‌و دابەش‌کردنی بەرهەمی ڕستن‌و چنینی سەر بە دەزگای گشتی بازرگانی گەل‌وبەلی بەکارهێنان دەستی‌کردووە بە هێرشێکی فراوان بۆ فرۆشتنی ڕاستەوخۆ بەڕۆهاوڵایتان لە هەموو پارێزگاکاندا بەبۆنەی نزیک‌بونی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە ..

بەڕێز سعد عبدالهادی سەرۆکی دەزگای گشتی بازرگانی گەل‌وبەلی بەکارهێنان ئەمەی ڕاگەیاندووەو ووتویەتی ئەم کارە بریتیە لە فرۆشتنی هەمووجۆرە جل‌وبەرگی مندالان و ژنانەو پیاوانەو کوڕانە سەرەڕای چەرچەف‌و بەتانیەی باش وە هەروەها ووتویەتی ژمارەیەکی زۆری ئوتوموبیل بۆ هەموو پارێزگاکان ئامادەکراوە بۆ دابین‌کردنی پێویستیەکانی هاوڵاتیان لە ئیستا .لە کۆتادا بەدەست گراوە بۆ دابین‌کردنی پێویستیەکانی هاوڵاتیان لە لادێکاندا سەرەڕای ئەرەگەکانو شارەکانی سەر بە پارێزگاکە وە هەروەها ووتویەتی هەموو جۆرە شتومەکی خواردەمەنی ئامادەکراوە بۆ دابین‌کردنی پێویستیەکانی ناوچەکانی وڵات .. هەروەها هەموو جۆرە گەل‌وبەلی بەکارهێنان ئیستا .لە کۆتادا بەدەست دەکەوێت‌و دەنێردرێتە پارێزگاکان بۆ دابین‌کردنی داخوازی‌و پێویستیەکانیان لەم ڕۆژانەدا هەروەها گەل‌وبەل دابەشی ناوچەو لادێکان‌کراوە بە گوێرەی هێزی‌کریتی ئەم ناوچەو لادێیانە لەپێناو جێبەجێ‌کردنی ئەو ئامانجەی کە لەپێناویدا ئەم هێرشە ڕێکخراوە سەرەڕای ئەمە هەموو جۆرە گەل‌وبەل دراوەتە دەست خاوەن کۆتاکان‌و وەکیلەکانی کە هاوولاتیان پێویستیان پێی‌هەیە وە بەڕێز عبدالهادی ووتویەتی کادری لیژانەو بەشی ئەم کارە ئامادەکراوە بۆ پێشکەش‌کردنی باشترین خزمەت بۆ هاوولاتیان .. وە ئەم هێرشە تا جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بەردەوام دەبێت کە ئەمەش بۆ جاری یەکەمە وولات شتی وابەخۆیەوەنەبینێ‌و ئەبێتە هەنگاوێکی چەسپاو دەزگا لە هەمو مناسبەتیکا ئەیگرێتە بەر بۆ سووک‌کردنی پاڵەپەستۆ لەسەرکۆگا‌و وەکیلەکانی .

یەکسانی نێوان ئەوفەرمان بەرەی بۆ خۆیندن ئیجازەی ئەدرێتێ و قوتابی زەماڵە لەگەڵ قوتابی بعثەدا

وەزارەتی دارایی ڕێ‌و شوێنی‌دەربارەی بەجێهێنانی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش ژمارە (٦١٣)ی ٢١-٥-١٩٧٧ کە تایبەتە بەیەکسانیەتی ئەو فەرمانبەرەی بۆ خوێندن ئیجازەی ئەدرێتێ‌و ئەوەش کە بە زەماڵە بۆ خوێندن ئەنێرێ ، لەگەڵ ئەو قوتابیەدا کە بۆ خوێندن ئەنێرێ ، دەرکرد بە پێی‌ڕێ‌و شوێنەکە کارکردن بە پێی لیستەی موچەو فەرمانبەرە ئیجازە پێدراوەکانی خوێندن بەردەوام ئەبێت کە پێش ١-٩-١٩٧٧ ئیجازەیان دراوەتێ ، لەگەڵ ئەوانەشدا کە لە خوێندن بەردەوامن ،ئەو بارەیەی بە پێی ئەمەش ئەیان‌کەوێت ئەبێ هەروەک پێشی ١-٩-١٩٧٧ بیاندرێتێ .

ئەو یاسکێ ڕۆشنبیریانەی‌لەو وڵاتەدا بەڕێرسیاری قوتابیە ئێراوەکانن کە فەرمانبەرە ئیجازە پێدراوەکە لێی ئەخوێنێ ، هەر ئەوانیش‌بە پێی ئەو لیستە موچەیەی دایەرەی فەرمانبەرەکە ئاردویەتی ، ئەرکی موچە پێدانی فەرمانبەرەکەیان لەئەستۆدایە .

هەروەها بە پێی ڕێ‌وشوێنەکە ئەرکی موچە پێدانی ئەو فەرمانبەرانەی زەماڵەی‌خوێندنیان دراوەتێ ، لە ئەیلولی ١٩٧٧وە لە باڵوێزخانەکانی عیراقەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ سەر شانی ئەو یاسکۆڕۆشنبیریانەی لەو قوتابیە ئێرراوانە بەرپرسیارن کە لەهەمان زانکۆکاندا ئەخوێنن . هەروەها ئەو فەرمانبەرانەئەبێ لە مانگی ئەیلولەوە موچەکانیان بە تەواوی‌وەربگرن‌و موچەی (اسمی)و بارەی زیان گرانی‌و بارەی‌خێزان‌و منال حیساب ئەکرێ.

ڕێ‌و شوێنەکە ئەوەشی‌ڕوون کردۆتەوە کە بارەی چوونی فەرمانبەرەکە لەعیراقەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێی ئەخوێنێ کە بریتی‌یە لەبایتی پێچوونی خۆی‌و خێزانەکەی‌و دوو منداڵی بۆئەو وڵاتە ، ئەبێ دایرەی فەرمانبەرەکە بیدا ، ئەمە جگەلەوەی کە بارەی ئیجازەکەو نیشانە کردنی بۆ ڕۆیشتن‌و

بڕوانە ل : ٧

وەزیری ڕاگەیاندن پێشوازی سەرۆک‌و ئەندامانی ئەمیندارێتی گشتی یەکێتی ڕۆژنامەگەرانی عەرەب ئەکات

بەڕێز طارق عزیز وەزیری‌ڕاگەیاندن شەوی یەکشەمەی ڕابوردو پێشوازی سەرۆک‌و ئەندامانی ئەمیندارێتی گشتی یەکێتی ڕۆژنامەنەرانی عەرەبی‌کرد ئەوانەی کە بەشداری کۆبونەوەی ئەمیندارێتی گشتی‌ئەکەن بۆ ئامادەبون بۆ بەستنی کۆڕی گفت‌وگۆی‌ڕۆژنامەنەرانی ئەوروپا .

بەڕێز وەزیری ناوبراو پێخۆشحالی خۆی بەرامبەر سەرۆک‌و ئەندامانی ئەمیندارێتی گشتی یەکێتی‌دەربڕی‌و بۆ پێشخستنی کاروانی یەکێتی ناوبراو لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بەرنامەیەدا کە هەیەتی بۆ خزمەتی ئامانجی نەتەوایەتی‌و پیشەیی کەوا تەقەللای وەدیهێنانی ئەدات لایەن گرتن‌و یارمەتی خۆی خستە بەرچاو .

سەرۆکی یەکێتی بەڕێز کامل زهیر لە بە یەک گەیشتنەکەدا داوای لە بەڕێز وەزیری ناوبراوکرد بۆ بەشداربونی لە کۆڕی گفت‌وگۆی عەرەبی‌و ئەوروپادا کە یەکێتی سەرەتای سالی داهاتو لە قاهرە ڕێکی ئەخات لە زوری ناودارانی ڕاگەیاندنی عەرەب‌و ئەوروپای ئیستدا بەشداربونی بێجگە لە ئەقابەو ڕێکخراوە ڕۆژنامەکەریەکانی عەرەبی‌و ئەوروپایی .

بەڕێز وەزیر لە بە یەک گەیشتنەکەدا دووباتی گرنگی ڕاگەیاندنی میللی کردەوە بۆ خزمەتی بارەی ئەتەوایەتیمان‌و هەندێ تێبینی خۆی لەم لایەنەوە خستە بەرچاو .

هەر لەسەر ئەو بنچینەیەوە ئەمیندارێتی گشتی یەکێتی شەوی یەکشەمەی ڕابوردو بۆ لیکۆلینەوە لە بارەی ئامادەبونە وە بۆ بەستنی کۆڕی گفت‌وگۆی عەرەب‌و ئەوروپای ڕۆژنامەنەرانەوە کە یەکێتی سەرەتای سالی داهاتو لە قاهرە ڕێکی ئەخات کۆبونەوەی کۆتایی پێهێنا .

ئەمیندارێتی ناوبراو ئەنجامی ئەو کۆبونەوانەی کە پێنج ڕۆژی خایاند ڕۆژی دووشەمەی ڕابوردو بەیانناممەی کۆتایی پیهاتنی بریارو ئامۆژگاریەکانی خۆی دەرئەکات .

Institut kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی بەڕێز محمدغانم العناز ، بالیۆزی عیراق لە فەنەرلە کۆشکی کۆماریا ئامادەبوو ، بەبۆنەی هاتنەوەی بۆ وڵات ناری خۆی لە دەفتەری میوانداریا تۆمارکرد .

خۆئامادەکردن بۆ بەستنی حەوتەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵ

ئەوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بەریز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵ و چاکردنی کشتوکاڵ و سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی حەوتەمین کۆنگرەی ساڵانە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی لیژنەکەی کرد .

لیژنەکە بڕیاری دا دەلیژنەی شارەزا دابمەزرێنن بۆ ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی نەخشەی کشتوکاڵی ساڵی دادێ بۆ هەموو وڵات . ئەویش بریتیە لەمانەی خوارەوە بەرهەمی گژوگیا (نباتی) و ئاژەڵداری و خزمەتە کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتیەکان و هەروەزی کشتوکاڵی و نادرنە بازاڕو بارەبەقەرزدان و ئاوخاک و مەکینەیی کردن و چالاکی ساڵانە و خانووبەرە و دروست کردن و ڕاهێنان و هێزە پیشکەوتەکان و پێداویستیەکانیان .

لیژنەکە ماوەی نێوان ٢٤ ـ ٣٠ی ئەم مانگەی داناوە بۆ بەستنی کۆنفرانسی قەزاکان و ماوەی ٣ ـ ٧ی مانگی ئایندەشی بۆ بەستنی کۆنفرانسی پارێزگاکان دیاری کردوە .

هەروەك بڕیاری دا ئەرکی چاوەدێری کۆنفرانسەکان لەناو ئەندامەکانیدا دابەش بکا ئەویش بەهەنگاورنان خستن لەگەڵ ئەنجومەنەکانی کشتوکاڵ لەقەزاو پارێزگاکاندا وەك دەزانین لیژنەی ئامادەیی کۆنگرە کە لە ٢٢ی مانگی تشرینی یەکەمەدا دادەبەسترێ بەرێز عفیف عیسی وەکیلی وەزارەتی ئاودێری و ژمارەیەك لەئەندامە تەرخان کراوەکانی (المتفرغین) ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ و سەرۆکی دامەزراوی کشتی خاك و باش کردنی زەویەکان و بەرێوەبەری کشتی نەخشە کێشان و پێداچوونەوە لەوەزارەتی کشتوکاڵ و چاك کردنی کشتوکاڵداو جێگری سەرۆکی یەکیەتی کشتی کۆمەڵە هەروەزیەکانی جووتیاران بەشدارن .

لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کردنی قوتابیە لێهاتووەکان

پێرێ وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەکی پێك هێنا بۆ چۆنیەتی سەرپەرشتی کردنی قوتابیە لێهاتووەکان ئەویش لە ڕێگای کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی و ئامادەکردنی کادری زانستی شارەزا بۆ ئەو قوتابخانانە .

ئەم لیژنەیە کە بەڕێوبەری پەروەردەی تایبەتی سەرۆکایەتی دەکات نوێنەری وەزارەتی لاوان و یەکێتی کشتی لاوانی عێراق تیایدا بەشدارن .

کۆبوونەوەی لیژنەی بەرەلەتامیم

پێری لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەو تنخواز بەسەرۆکایەتی هاوڕێ محمد حمزە ئەندامی سوێری سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و پارێزاری تامیم لە پارێزگای تامیم کۆبوونەوە یەکی فراوانی کرد و سەبارەت ڕێکەی چەسپاندن و قوڵکردنەوەی کاروباری بەرە لە ناوریزەکانی چەماوەری پارێزگەکەدا دواوە .

هەروەها لیژنەکە لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی ئالۆزی مەیدانی عەرەبی خستە بێش چاوو زۆر بەتوندی ڕادوکەوتنی سەرشەڕانەی ڕژێمەکانی عەرەبی تاوانبارکرد لەبارەی ڕابەراندنی نەخشەکانی ساڕاندن و خۆ بەدەستەوەدان لەبێش هەمویانەوە ڕژێمی کاربەدەست لە دیمەشقدا .

لیژنەکە بەگەرمیەوە پێخۆشحالی خۆی بەرامبەر دەست پێشکەری سەرکردایەتی سیاسی حیزب و شۆڕش دەربڕی بەهێنانە بێشەوەی مەسەلەی فەلەستین بەشێوەیەکی گشتی و لەهەمەوە ڕەوایەتی بەرەی ڕەسمی فەلەستین بەشێوەیەکی تایبەتی دەرخست کە لەوە ئیستای کۆمەلی نەتەوە یەکگرتوکاندا کە لەنیوەی ئەم مانگەدا ئەکرێتەوە .

هەروەها پێخۆشحالی خۆی بەرامبەر ئەو خەباتە پالەوانانە دەربڕی کە شۆڕشگێڕانی ئەرتیریا و سۆمالی ڕۆژئاوا دژی داگیرکردنی سوپایی ئەسیوبیا ئەیکەن .

هەروەها لیژنەکە دەربارەی دەوری هەوڵدانی بەرە بۆ سەرکەوتنی کاروباری سەرکردایەتی ئشتی دانیشتوان لەهاوەی ئامادەکردنی ڕێکخستنێکی کۆلیەوە .

پاشماوەی سەروتار

بەرهەمهێنان و بەڕێوەبەریەتی دەوڵەت و کۆمەڵگاوەو دیموکراتیەت بکاتە ڕەفتارکردنێکی سروشتی تێکڕا لە ناو کۆمەڵگای شۆڕشدا .

بڕیاری فراوان کردنی سەرکردایەتی قوتری و زیادکردنی ژمارەی ئەندامەکانی ئەنجوومەن بۆ (٢٢) ئەندام ، ڕوخسارێکی پڕ بڕوای هەیەو بە مەبەستی ڕەخساندنی بەشداری کردنێکی دیموکراتیانەو دووبات کردنەوەی بڕوای سەرکردایەتی کردنی بەکۆمەڵە لە پاڵاترین دەستەی دەوڵەتدا ، لەگەڵ فراوان کردنی ئەرکی سەرکردایەتی و پێبەخشینی پێداویستیتر بە سەرۆکایەتی سەرکردایەتی لە ڕابەراندن و ئووڕێ سەندنی ڕەوتەکانی کرداری شۆڕشگێڕیدا بەلایەنە زۆرەکانیەوەو لە ڕووبەڕوو وەستانی خۆڕاپسکاندنەکانی ئیمبریالیەتیشدا .

بێگومان ئەوبڕیارانەو بڕیارە بە ئامەنجەکانی تری وەك ئەمانیش باوەڕی سەرکردایەتی کردنی بەکۆمەڵ و هاوبەشی کردنی دیموکراتیانە لە سایەی یەکێتی پێوەی حیزب و سەرکردایەتیەکەیدا ، ئەچەسپێنن و چەکێکی سەرەکی سەرکەوتنی حیزب و شۆڕشمن بەسەر خۆڕاپسکاندن و پیلانەکانداو سەرچاوەیەکی بێچینەیی بڕوابوونی کۆمەڵانی خەڵکن بەو بڕیارانەو بە لە دەور کۆبوونەوەیان و بەتوانا پێبەخشینی لە بن ئەهانوو بڕیان لە جەنگە سیاسی و ئابوریەکان و بنیاتنانی کۆمەڵگای نوێدا .

مادامکی ئەو سەرکردایەتیە بیروباوەڕەکانی حیزبی سەرکردە ئەتوانێ بە بابەتدبوونی و بە قولکردنەوەی هەمیشەیی باوەڕی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و بە بەشداری کردنی دیموکراتیانەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا ، زۆر کارێکی بەسندە کە دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا بڕیاری ئەو دواییەی ئەنجوومەن بگەنە ڕیبازێکی نوێی خۆیان لە بێناو فراوان کردنی بنچینەکانی هاوبەشی کردنی دیموکراتیانەو ئەرك لە ئەستۆ گرتنی بە کۆمەڵی دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتدا ، بەمەبەسی بەرەوپێشەوەبردنی کاروانەکەو هێنانەدی ئارەدەیەکی بەرزتر لە بەرهەمهێناندا .

با بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نیشانەیەك بێت لە بەردەمی چەماوەری ئەلەکەماندا ، بۆ دەست پێوەگرتنێکی هۆشمەندانە بەبیروباوەڕو ئەو ڕایانەی لە بڕیارەکەدان هاندانێکیش بێت بۆ زانینی ئەرکە شۆڕشگێڕیەکانمان و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و بنچینەداکوتانی یەکێتی نیشتمانی ، بەجۆرێك کە بەخێرایی و کارێکی دروستکەرانەوە بیروباوەڕەکانی شۆڕش و ئامانجەکانی ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەم کۆنگرەی قوتری حیزب بەجێبهێنێ . تا وەکو گەشانەوەی نیشتمان و خۆشگوزەرانی ئەل و هەموو ئاواتەکانی پێشکەوتن بێنەدی .

پاشماوەی : دانرانی ئەندامانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، لە وەزارەت لابران .

ئەمەشی دەقی مەرسووماکەیە

بسم الله الرحمن الرحیم

مەرسووماکی کۆماری

بەپێی ئەحکامی بڕگە (د) ئەمادەی یەنجاو هەشتەمی دەستووری کاتی ئەمەی خوارەوەمان پەسندکرد ..

ئەمانەی خوارەوە لە پاڵەی وەزیری دەوڵەت لادەبرێن ..

١ ـ نعیم حداد
٢ ـ غانم عبدالجلیل
٣ ـ طاهر توفیق
٤ ـ عبدالفتاح محمد امین
٥ ـ سعدون شاکر
٦ ـ جعفر قاسم حمودی
٧ ـ عبدالله فاضل
٨ ـ عەقید روکن عدنان خیرالله
٩ ـ حکمة مزبان ابراهیم
١٠ ـ محمد عایش
١١ ـ محیی عبدالحسین مشهدی

لەسەر وەزیرەکان پێویستە ئەم مەرسووماە جێبەجێ بکەن . ڕۆژی پێستەمی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٩٧ی ڕێکەوتی ڕۆژی چوارەمی مانگی ئەیلولی ١٩٧٧ی ز لەبەغدا نووسرا .

احمد حسن البکر
سەرۆك کۆمار

پاشماوەی : سەرۆك بەکەر : باوەڕی خۆی

لەناوبردنی نیستیعماری و نیستیعماری نوێ و ڕژێمە فاشیەکەو ڕەگەزپەرستەکان و ڕاگرتنی بزووتنەوەی خۆچەکدار کردن ، بەتایبەتی خۆچەکدار کردن بە تەنەو تێکدانی ئەو ئاکردانانەی کرێی بەیانەکەن و تێکۆشان لە پێناو ڕژێمێکی نابووری نوێی جیهانی و زیانێکی ئاشتی و بەئاسوودەی گەلاندا .

ئێمە لەبڕوایەداین کە چالاکی بزوتنەوەکانی ئاشتی لە حەفتەی هاوکاری کردن لەگەڵ بزوتنەوەی بێلایەنیدا ، لایەنگیری کردنی تێکۆشانی گەلان لەپێناو ئەو ئامانجە بیرۆزانەدا ئەگرێتەوە . کاتێ بەداخەوە بەنجەئەکێشین بۆ ئەو کردارە نالەبارەی دیاردەی پاشکەزبوونەوەی هەندێ ڕژێمی عەرەبی سەربە (سازاندن) سەبارەت بە سازاندنی مەسەلەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە خۆبەدستەوەدان بەسیاسەتی ئیمبریالیەتی ئەمەریکا ئەیکاتە سەربزوتنەوەی بێلایەنی لەناوچەکەماندا ، لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبیدا دێی دیاردەی پاشکەزبوونەوەو هێرشی ئێمبریالیەت لەناوچەکە ماندا و لەپێناو پاکردانی دەستدرێژی ئیمبریالی زایۆنی و ڕزگارکردنی خاکە داگیرکراوەکانی عەرەب و هێنانەدی مافە ئەتەوەیی یەکانی گەلی عەرەبی فەلەستین لە گەڕانەوەیا بۆ نیشتمانی و لەبڕیاردانی چارەنووسی لەسەر خاکی خۆیدا ، سەختترەکا .

لەگەڵ ڕزو هیواکان بەسەرکەوتنی هاوکاری کردن لەگەڵ بزوتنەوەی بێلایەنیدا لە پێناو ئامادەکردنی ڕای نشستی جیهان بۆ لایەنگیری کردنی مەبەسە پیرۆزەکانی .

احمد حسن البکر
سەرکۆماری عیراق

پاشماوەی : یەکێ لە کرێگرتەکانی

سزا هەیە گەلێ هێرشی لەم بابەتانە .. منیش ووتم : هەرچۆنی بێ ئەبێ لێرە بەسار بۆرتم بدەنێ .. چونکە هەر کەسێ بچێتە سوریا ناتوانێ دەرچێت ، ئەمەو جگە لەمەیش هیچ دەرفەتێ بۆ کارکردن نیە ..

داوای لێکردم بۆ بەرژەوەندی سوریای کرێگرتە کار یکەم ئەمیش بەجێبەجێ کردنی هەندێ کاری وێرانکارانەیان لە بەغداو لە ماوەی حەوتەمو لە بەرواری ٢٤ـ٧ـ١٩٧٧دا .. بۆ ئەمە جووماوەلای و بەبەکێکی سوری ی ناساندم کە ناوی عصام اباظەیەو بەسابۆرتی ئوبنانی هەیەو ناوکی تورکی لە خۆی ناوە . کە ئەم بەیوەندیم لە گەڵ ئەکاو بەخەڵکی ترم ئەناسێنێ تا بکەوینە کاری وێرانکاری . ئەوە ئەو منیش بەسەندم کرد .

موزیع : ئەو یارمەتیەی کە ئەدرێتە ئەوانەی دێنە عیراق چیە ؟

کرێگرتەکە : لەسەر ئەوەی کە من شارەزای بەغدامو لە ساڵی ١٩٧٤ەوە لێرەمو هەمو ناوچەکانی ئەناسمو لەبەر ئەوەی من لەگشت ئەو کەسانە شارەزاترم کە دەگەنە ئێرە ، ئەم قسانەش لە بەردەم عصام اباظەو لەلای نصوح جویجاتی قونسول کرا بۆ ئەوەی وێرانکارییەك جێبەجێ بکرێت و منیش لەبری « ٢٠٠ » دینار پێشەکی یارمەتیمان بدەمو باش مانگێك « ٤٠٠ » دیناری ترم بداتی لەگەڵ یارمەتیدا بیاندا لە چەند وێرانکارییەکی تردا کە باشان لەبەغدا دەیکەنو یارمەتیمان بدەم .

کۆبوونەوە .. چەند ئەو کابرا عصام ناوە دەناسیت .

بەکرێگراوە سووریایەکە .. بەڵە مجار بۆمان دوای ئەوەی بەئێم دانێو دوای ئەوەی نصوح جویجاتی باوەڕی پێهێنام بۆ ئەوەی ماوەیەك لە بەغدا بکەم بەم کەسەی ناساندم ..

باش دانیشتنەکەی بابیوخانەی سووریا کە نزیکەی ساعەتاو نیوکی خایاند .. یان دوو ساعات لە سەرو رە زیکەوتین بەکتر ببینینەوە .

کۆبوونەوە .. هەمو قسەکانتان دەربارەی جێبەجێ کردنی وێرانکاریە کە بوو .

بەکرێگراوە سووریایەکە .. جێبەجێ کردنی وێرانکاریە کە وەك بیاندا لە چەند وێرانکاری

منداڵ و ترسنۆکی وسیلە

منالی نۆبەرە کەوا ماوەی وای نیە لەگەل منالی‌تر یاری بکات ، وای لێ دێت کە تەمەنی ئەکاتە دوو ساڵە برادەرەکانی لێ ئەدەن یاری‌یەکانی لێ وەرگیرن ، ئیتر ئەمیش دەستە پاچە ئەوەستێت نازانێت چی بکات ، هەر ئەوەندە بێ‌ئەکرێت بەسەر سامی‌و شلەژاویەوە تەماشایان ئەکات یا هەر ئەوەندەی بێ ئەکرێت بەگریانەوە بچێتەوە بۆ لای دایکی داوای یارمەتی لێ بکات ئەمەش دایك‌و باوکی بێزار ئەکات • بەڵام ئەگەر بێتو بە بەردەوامی‌و رێکوپێکی تێکەڵی منالە برادەرەکانی بێت بەدرێژایی کات ئەوە خێر ئەبێت چۆن بەرگری لەخۆی بکات •

پێویستە لەسەر دایك ئەم هەسەلەیە بەزل ئەزانێت وخۆی خەوتبار بکات‌و بەچاوێکی پر بەسۆزەوە تەماشای بکات‌و بەرگری بکات هەروەها نابێ زۆری لێ بکات بەشداری منالەکانی کە بێت ، بەڵکو ئەبێ پێشنیاری بخاتە بەردەمی بۆ ئەوەی بچێت‌و بووکە شووشەکەی لیان بسێنێتەوە •

زۆر جار باوکە بۆی دەرئەکەوێت کە منالە کوڕەکەی کەوا دوو ساڵانە ئارەزووی وا هەندێ جار بەبووکەشوشەو لەگەل کچانی هاوتەمەنی خۆیدا یاری بکات •

باوکەش ئەم رەفتارەی پێ ناخۆش ئەبێت ئەم دڵە راوکێیەش ئەوە ناهێنێ چونکە منالان لەم تەمەنەدا هیچ جیاوازیەك لە نیوانیاندا نیە لەبارەی چالاکی‌و جموجولیان ئەگەر کوڕین یا کچ بەڵام کە تەمەنیان ئەکاتە سێیەم‌و چوارەم ساڵ دەست ئەکەن بەحەز لێ کردنی جموجولی ویاری لاسایی کردنەوە ئەوەی تایبەتین بەکوڕ و ئەوانەی تایبەتین بە کچ •

شتێکی زۆر سروشتی‌یە ئەگەر منالێ لەنیو تەمەن سێ چوار ساڵەدا لەگەل کچەکانی هاوتەمەنی خۆی لەم ماوەیەدا یاری بکات بە تایبەتی ئەگەر کوڕی لە تەکدا نەبوو ئەگەر منالەکە لەتەمەنی سێ ، چوار یا پێنج ساڵان بوو هەمیشە دوورە پەرێز ئەوە ستێت وتێکەڵی منالی کوڕ نابێت‌و هەمیشە پێ‌خۆشبێ دەوری کچ بگرێتەوە •

ئەوەی ئاشکراشە منالەکە ئەترسێ بە ترسنۆکی بناسرێت لەم ماوەیەدا پێویستە بەیوەندی دۆستایەتی لەگەل باوکی پتەوتر بێت‌و زۆر جار ئەبینین دایك زۆر بایەخ ئەداتە پەروەردەکردن‌و باراستنی منالەکەی‌و خۆشەویستی •

گاڵتەپێ نەکردن و بایەخ دان بەپرسیاری منداڵ

نجاه رفیق حلمی

لەو کاتەی کە منداڵ فێر ئەبێ ناوی دایکوباوکی بینێ‌و دەس بکا بە بزوتنەوەی لێوی کە لە ئەمەنی شەش مانگیەوە دەست پێ ئەکات ئەو منداڵە ئەکەوێتە پرسیار کردن جا بە لێو بێت یاخود بە دەنگ‌و بەچاوو چنگ کەداوای شیربکا بەبزوتنەوەی دەمولێوی دایك ئێ‌ئەگاو زوو مەمکی ئەهاوێتە دەم ئەگەر بۆ باوەشی دایکیش یگەڕێ وا بە دەستو سەرمل ئەگەڕێ ئەپرسێ داوا ئەکا •

کەوانە پرسیاری منداڵ لەپێش ئەوەی پێ‌بگرێ دەست پێ‌ئەکاو بەگوێرەی پلەی تێگەیشتنی پرسیارەکەی زیاد ئەکاو شێوەیەکی‌تر ئەگرتەوە کە بەگریان داوا ئەکا تا **ئەکەوێتە زمان •**

هەنا ئەم رادەیە دایکیش هەموو وەڵامێکی منداڵ بەشیرو خواردن‌و خواردنەوە ئەداتەوە، بەڵام گەلێ جار پرسیارەکانی منداڵ نە بەزمان‌و نە بەگریان ناتوانێ تێمان بگەیەنێ ،دیسان هەر ئەبێ ئەو دایکە زۆر زیرو ووریابێ کە بتوانێ داواکراوی منالەکە جێ‌بەجێ بکات تاکو وای لێ دێ منداڵ هەندێ پرسیار ئەکا بەشێوەی چەند ووشەیەکی بچراو لە پاشا پرسیاری تەواو ئەکا ئەمەش لەتەمەنی نزیك سێ ساڵیەوە دەست پێ‌ئەکاو ئەلێ ئەوە چیە ؟

ئەم پرسیارە زۆر بەڵاوە لەناو منالدا چونکە هەموو شتێك بەنیسبەت ئەوەوە نە ناسراوە و نە زانراوە چیە • جا لێرەدا وەڵام لەسەر دایك‌و باوکەو ئەو کەسانەی لەگەل منالەکەدا ئەژین •

ئەبێ وەڵام چی بێ ؟٠٠ ئەگەر بێتو ئەو وەڵام دەرەوە توانای خۆگرتنی هەبێ بۆ وەڵام دانەوە ئەبێ بەراستی‌و بە شێوەیەکی ئاسان‌و هیچ ئەوەنی تێدا ئەبێ‌و نزیك بێت لە تێگەیشتن وەڵامی بدانەوەو دیسان ئەگەر پرسیارێکی تری کرد دەربارەی ئەو شتە جارێکی‌کە وەڵامی بدانەوەو بۆی روون کاتەوە • بەڵام زۆر جار وەڵامێکی زۆر بێ‌هێزو بێ‌کەڵك‌و بەکورتی ئەدەنەوە کە ئەو منداڵە یا بێ دەنگ ئەبێ‌و تێی ناگا یا لەسەری ئەرواو دیسانەوە ئەپرسێ تا وای لێ‌دێ روو بکاتە بێگانە بۆ ئەو پرسیارانە ئینجا ئەکەوێتە دوای پرسیار کردن لە خۆی‌و وەڵام وەرگرتن لە خۆی کە ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەخۆشی زینەدەخەو •

لێرەدا ئەبێ زۆر چاك دایك‌و باوك گوێ لە پرسیارە کانی منالەکە بگرن‌و زۆربەگوێ رایەلەوە ، کەوابێ هەموو کەورەو بچووکێکی ئەو پرسیارە باش تێبگەن‌و

بڕوانە ل : ١١

ئەم منداڵە لەناو ئاو لەدایك بووە !

نافرەتێکی ئەمریکی کە ناوی« ساندی‌بروان » وتەمەنی ٢٥ ساڵە یەکەمین ژن بوو کە منداڵەکەی لەناو ئاوا بوو !!

وانەزانیت کە ئەم رێگایە باشترین رێگایە کە سوودی بۆ منداڵ‌و دایك هەیەو دوکتۆر (جیم) ئەڵێت کە سەرپەرشتی ئەم لەدایك بوونەی‌کرد هەموومنداڵێك کە لەدایك ئەبێت ئەکەوێتە ژیر پالەپەستوێك‌لەلایەن دایکەوە لەگەل کارێگەری دەرەوە ئەبێتە هۆی ئازار بۆ منداڵەکە لەکاتی لەدایك بوون ، ولەبەر ئەمهۆیە دەست دەکات بەگریان وهەندی پەلەی رەش لەگیانی‌منداڵەکە دەردەکەوی بەڵام منداڵی (ساندی) لەدایك بووبی ئەوەی هێچ پەلەیەکی رەش لەگیانی هەبێت ویەکەمین‌منداڵە لەکاتی لەدایك بوون نەگریاوە ودایکەکە ئەڵێت •

منداڵەکەم بوو لە ناوەوەوزێك ناو کە درێژیکەی ١٨٣ سنتیمترە وپانی ٧٦ سنتیمترەوقووڵی ١٣ر٥١ سنتیمتر بوو •• وکاتی منداڵەکەم بوو لە ناوناو مایەوە بۆ ماوەی نێو سەعات • بی‌ئەوەی بگری وزۆرهێمن بوو • وهۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتی‌منداڵەکە لەناو لەش دایکی ئەبێت ریژەیەکی زۆر لەشلەمەنی دەورەی ئەدات وئەگەر منداڵ خرایە ناو ئاوهەستی جیاوازێکی زۆر ناکات ئایا لەناو لەشی دایکیتی یان‌لەناو ئاودایە •

شنەعزت کردویەتی بەکوردی

دۆڵابێکی تایبەتی بۆ منداڵ

شارەزایانی دیکۆرەکە لوبەلی ناومال لەجیهاندا •• کەلێ کەلو پەلوشتی منداڵانەیان دروست کردووە ناکو فریشتەی زیرەکیان پەرەپسێنێت‌و ••• پالیان پێوەنبێن تا لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیان فیری یاساو چەشەوەرگرتن بن •

دواشت کە ئیستا کە لە بازارەکانی ئەوروپا زۆرە دۆڵابێکی بچووکە لەسەر پێوەبنێن تا لەهەموو قۆناغەچەند چەکمەجەیەکی تایبە منداڵە یاریەکانی خۆی‌و کەلو پەلەکەی تیادا ئەنێت •• ئەم دۆڵابە تازەیە لەدار دروست کراوەو ئەتوانرێ لەسەر زەوی دابنرێت یاخود بەدیوارا هەڵبواسرێت وەکو چاکەت کەپەعەسقی جل هەڵئەواسرێت هەروەها دایکیش ئەتوانێ بەکاری بێنێت بۆ هەڵگرتنی دەرزی‌و شتومەکی دروماو چنین‌و بێویستیەکانی ماکیاج•

گەشەپێدانی لاوان وفتوتابیان

ئایا عیراق پاڵەوانێتی سوپاکانی عەرەب رێك ئەخا

لەرێوەبەرێتی یاریەکانی سوپا لەقەلا ئەدا پاڵەوانیەتی سوپا عەرەبیەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەغدادا رێك بخا ، ئەو یاریانەی ئەکرێن ئەو یاریە پیشەکیانەن کە لە پێش دوا یاریەکانی پاڵەوانیەتی ساڵی ١٩٧٩ی سوپاکانی جیهاندا ئەکرێن •

دەورە پێشەکیەکانی یاری کردنی سوپا عەرەبیەکانیش ، کوێت‌و میسر‌و وڵاتەکانی کەنداوی عەرەبی‌و سوریای تێدان •

وا ئەزانرێ کە کوێت‌و ئێران هەردولایان تەقەلای رێکخستن بۆرپێرتنەکە ئەدەن لەگەل ئەوەدا کە ئەنجوومەن هیچ کامیانی بۆ ئەو مەبەسە هەڵ نەبژاردووە •

زەمالك‌و ئەهلی لە بەغدا یاری ئەکەن

جەماوەری وەرزش خوازانی عیراق لەمانگی تشرینی یەکەم وتشرینی دووەمی دادێن یانەی زەمالك‌و یانەی ئەهلی میسر ئەبینن لە هەندێ یاری لەگەل تیپە عیراقیەکاندا •

تیپی لاوانی دهۆك پاڵەوانێتی تیپەگەلیەکانی بردەوە

تیپی لاوانی دهۆك بە یاری بردنەوەی لە تیپی هێمرش بە (٣) ئۆل بەرامبەر بە دوو ئۆل ، پاڵەوانیەتی تیپە ئەلیەکانی بردەوە •

لە بەشی یەکەمی یاریەکەداهەردوو تیپەکە یەکی دوو ئۆلیان هەبوو ، تیپی لاوان‌سێیەم ئۆلی لە دووەم وەختی یاریەکەدا هێنا ، لەو پاڵەوانیەتەدا (١٤) تیپ بەشدار بوون •

لیژنەی ئۆلمپیای عیراقی‌لە کۆبوونەوەی ئەو دوایەیدا هەڵبژاردەی لاوانی عیراقی کە پاڵەوانیەتی ئاسیای بردەوە بە توێنەری وڵات دانا بۆ یاری‌کردن لەسەر کاسی فەلەستین کە وڵاتی عەرەبی سعودی رێکی ئەخا •

سلێمانی وهەولێر لەیاری کردنێکی بنەبڕی تۆپی باسکەدا

هەڵبژاردەی پارێزگای سلێمانی‌وهەڵبژاردەی پارێزگای هەولێر رۆژی (٥) شەممە٨ـ٩ـ١٩٧٧ بۆ بەدەستهێنانی پاڵەوانیەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دوایاری لە تۆپی باسکەدا ئەکەن •

ئەو تیپەی یاریەکە ئەباتەوە توێنەرایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەکات لە بۆربۆرێنی پاڵەوانیەتی کۆماری تۆپی باسکەدا • یاریەکەش‌لەیاریگای یانەی وەرزشی شۆرش شاری کەرکوکدا ئەکرێ •

یەکێتی عەرەبی تۆپی باسکە بەغدای بەبارەگای خۆی دانا ، دەستەی راپەڕاندنی ئیشوکاری یەکیەتیەکەش پێك هێنراو ئەو بەڕێزانەی تێدان :

اکرم ناجی ـ عیراق سەرۆك

الشیخ فهد الاحمد الصباح ـ کویت یەکەم جێگری سەرۆك

عصمت اباظه ـ میسر دووەم جێگری سەرۆك

فوزی عسکر ـ عیراق ئەمینداری نهێنی

عمر علی ـ فەلەستین ، علی فریش لیبیا ، عبدالله محمد المعزل سعودیە ـ ئەندام ـ •

بەغدا؟ بۆ بەبارەگای یەکێتی عەرەبی تۆپی باسکە

ئەم دروشمە چی دەگەیەنێ



● ئای‌ی ئولمپی‌و پێنج بازنە ڕەنگاو ڕەنگ بەیەکەوە گاند یەکیکە لەو دروشمە ئولمپی‌یانەی کە ئەو واهێنراوەو (بارون بیردژکوبرتان) دژزیەوە •

● لە یاریی‌یە ئولمپی‌یەکاندا ئەم دروشمە لە ناوەڕاستی ئالای وڵاتە بەشداربووەکانی ئەو دەورەیە دادەنرێت ، وە لە کاتی کێڕانی دەورە ئولمپی‌یەکانداو ئەو دەورەکەی‌تیدا بەردەوام دەبێت ئەم دروشمە هەر بەبەرزی دەمێنێتەوە •

● ئەختی ئەم دروشمە (سپی)یەو لە سەری پێنج بازنەی ڕەنگاوڕەنگ دروست ئەکرێ ، کە نیشانەن بۆ پێنج کیشوورەکەی جیهان •

● ڕەنگی (شین) ئەگەڕێتەوە بۆ (ئەوروپا) ، (زەرد) بۆ (ئاسیا) ، (ڕەش) بۆ (ئەفەریقا)و (سەوز) بۆ (ئوسترالیا) وەڕەنگی (سور) بۆ (ئەمەریکا) •

● لەبەشی‌سەرەوەدا (سێ) بازنە دادەنرێت کە بەڕەنگی (شین) لە چەپەوە دەست بێ‌دەکات ، پاشان (ڕەش) لەناوەڕاستادا ، پاشان ڕەنگی (سور) • وە لە بەشی خوارەوەدا (دوو) بازنە دادەنرێت لە چەپەوە بەڕەنگی (زەرد) دەست‌پێ‌دەکات‌و لە ڕاستەوە بەڕەنگی (سەوز) کۆتایی دێت • ئەم ڕەنگانەش ئەو ڕەنگە سەرەکیانەن کە ئالای جیهانی لێ‌پێك هاتوە • ئەمەش بەلگەیە بۆ پێکەوە بەستن میللەتان لە ئالایەکدا •

● بۆ یەکەم جار ئەم دروشمە لەساڵی ١٩٢٠ لە دەورەی بەلجیکا بەرزکرایەوە •

Institut Kurde de Paris

گەشتێك بۆ هاوینەهەواری

شەقلاوە

دوای ئەوەی هاوینەهەواری صلاح‌الدین بەجێ‌ئەهێڵێ‌و بەلای چەند گوندی جوان جوانی قەدپاڵی شاخ‌و دۆڵەکانی تێ‌ئەپەڕی ئەگەیتە هاوینەهەوارێکی قەشەنگی‌تر کە بەناوبانگە بە باخ‌و ڕەزو کانیاوی سازگار ئەو هاوینەهەوارەش شەقلاوەیە لە ڕۆژێکی گەرمی مانگی تەمووز ڕووماڵ تێ‌کرد وە لە گەرمەی نیوەڕۆ گەیشتینە جێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ‌ئەوەی هەست بەگەرمایی بکەی لەناو شەقامەکاندا ئەسوراینەوە ، لەم هاوینەهەوارە دە، ئەمسال لەبەر زۆر بوونی ژمارەی هاوینەهەوارگەران بەدەگمەن ئەگەر بتوانی جێگایەکت‌چنگ بکەوێ‌بۆ حەسانەوە لەهەر بنە دارێك‌و ئوێ کانێك‌دا خۆزانێك ئەبینی کە وا بەهیچ جۆرێك ئارەزوو ناکات ئەم هاوینەهەوارە بەجێ بهێڵێت .

ڕووماڵ‌کردە خێزانێك ئەم دەمەتەقیەیەمان لەگەڵ کردن : ئەم خێزانە خۆزانی (هانی عبدالهادی) بوو لەبارێزگای ئەینەواوە هاتبوون .

● ئەمە یەکەم جارتانە دێن بۆ ئێرە ؟

- ئەخێر ئێمە لە هەموو هەڵێك بەماڵ و منداڵەوە سەر لە هاوینەهەوارەکان ئەدەین .

● باشە شەقلاوە چۆن ئەبینن لەچاو هاوینەهەوارەکانی‌تر .

- ڕاستی شەقلاوە جێگایێکی زۆر خۆشەو بەتەواوەتی تیایدا خەڵك ماندوێتی ڕۆژانەی خۆی لەبیر ئەچێتەوە ، وەبەنسبەت هاوینەهەواری شەقلاوە ئێمە خۆم‌و خێزانم حەز ئەکەین سەری بدەین چونکە باخ‌و باخاتێکی زۆری لێیەو مەجاو حەسانەوەی زیاترە ئەوە فێنکی و خۆشی‌یەکەش لەلایك بێت .

● ئەی چۆنی ئەبینن لەچاو سالانی‌تر ؟

- وەکوو ووتم ئێمە بلەرەدەرام دێن بۆ هاوینەهەوارەکان هەر لە چاو سالی ڕابردوو هەست‌بە جیاوازێکی زۆر ئەکەین بەتایبەتی دوای ئەوەی خۆش‌و ئاشتی کەرایەوە بۆ ئەم ناوچانە ئەوەش هاندەری زۆرێکی هاوینەهەواران ئەدات بۆ ئەهشت‌کردن . ئەمە لەلایك لەلایکی‌تریشەوە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشایین لە هاوینەهەوارەکاندا بێویستیەکانی ڕۆژانەی ژیان ئەتوانم بڵێم بە جۆرێك خراوەتە بەردەستت کە لە شارەکاندا بەم جۆرەتی‌یە .

● ئەی چ دەورێك ئەدەیتە هاوڵاتیان بۆ ڕاستنی ئەم هاوینەهەوارانە ؟

- ئێمە ووڵامان لەدەوری ئەشونمادایە جا زۆر بەبێویست ئەزانم کە هەرچ دەستکەوتێك دێتەدی بۆ هاوڵاتیان ئەبێ بیبارێزن چونکە ئەو دەستکەوتانە هەر بۆ خۆیانە بۆ ڕاستنی هاوینەهەواریش هاوڵاتیان یەکەم شت ئەبێ زۆر چاودێری پاك‌و خاوێنی بکەن وە کە ئەچنە ئەو خانوو کابینانە ئەبێ زۆر چاودێری ئەو کەرەسانەی لەو ماڵانەدا هەن بکەن‌و ئەبێ ئۆقرەبگرن چونکە هاوینەهەوارەکان خەڵکی زۆری لێیە هەتا داواکارێکیان بۆ جێ‌بەجێ ئەکرێن .

● چ پێشنیارێکتان بۆ پێشخستنی ئەم هاوینەهەوارانە هەیە ؟

- ئێرە بە هەڵ ئەزانم بۆ ئەوەی پێشنیارانەی هەمە بیخەمە بەرچاوی لێپرسراوان لەوانە پەر لە هەموو شتێك باشتر وا بە هەموو کاروباری هاوینەهەوارەکان ڕەرمانبەری حکومی لەسەر دابنرێ بۆ ئەوەی مامەلە لەگەڵ هاوینەهەوارەکەران بکات چونکە لەم حاڵەتەدا نیش‌وکارو داواکاریی‌یەکانمیان بەسیوك‌و ئاسانتر جێ‌بەجێ ئەکرێن .

پێشنیاری دووهەمم ئەوەیە کە وا ئەبێ دایرەی هاوینەهەوارو گەشت‌کردن چاودێری لایەنێکی گرنگ بکات ئەوەش ئەو هاوینەهەوارگەرانەی کە دێن بۆ ئێرە لە چینی جیاواز جیاواز دێن لەبەر ئەوە ئەبێ بە گوێرەی ئەو خەڵکە شوێنی مانەوە ئامادە بکات ئەك تەنها بۆ چێنیك هەروەها ئەو خەڵکانەی دێن بۆ ئێرە لەجێگای نزیکەوەش دێن جا باشتر وایە جێگای گشتی بۆ ئەوانە بکرێت وەکو باخچەی گشتی‌و شوێنی یاری منداڵان چونکە ئەوانە نامێننەوە بەڵکو بەیانی دێن‌و ئێوارەکەی ئەگەڕێنەوە لە کۆتایی دا ئەڵێم ئێرە وەیا هاوینەهەوارەکانی تریش توانای ئەوەیان هەیە کە ڕواڵەتێکی جوانتریان هەبێت وەکو ئەو ئاوەی لێرەدا هەیە ئەتوانن بیکەنە تافگە (شڵاڵات صناعیە) ئەوەش زیاتر هانی جوڵانەوەی گەشت کردنی وولات ئەدات . لە کۆتاییدا سوپاسی ئەم خێزانە بەختیارە ئەکەین .

پ. هاوکاری

قوتابخانەی تایبەتی بۆفێربونی مۆسیقی بەڕەنگاربونی پیری

پیری قوناغێکی ژیانە کە لێکۆڵینەوەی ئەکرێ مەبەستە کانیاندا ، هاتنە سەرئەوەی کە زینەدەوەر ، چ مروف ، چ کەی ئەوەیە ئەو ڕێ‌و شوێنانە وەکو پێ‌نانە قوناغی لاوێتی‌یەوە وا لە ئادەمیزاد ئەکات هەست بە سەرلێ شێواوی و نیگەرانی‌و شپرزەیی بکات .

لە ئەڵەمانیای فیدراڵی ، زانیارانی پیری گەیشتنە ڕاستیەکی زۆر گرنگ ، ئەویش ئەوەیە ، دوا قۆناغی ژیان ، وەکو هەموو قۆناغەکانی‌تری ، بایەخێکی تایبەتی هەیەو دەبێ بەتەواوی سوودی لێوەربگیرێ وڵە لێکۆڵینەوەکانیاندا ، هاتنە سەرئەوەی کە وەکو پێ‌نانە قوناغی لاوێتی‌یەوە وا لە ئادەمیزاد ئەکات هەست بە سەرلێ شێواوی و نیگەرانی‌و شپرزەیی بکات .

جا بۆ ئەوەی ، ئەو کەسەی بەرەوپیری ئەچێ باش خۆی بناسێ‌و گیروگرفتەکانی ئەم قۆناغە شارەزا بێت ، زانیارەکانی ئەڵەمانیای فیدراڵی بریاریان دا ، قوتابخانەیەك یازانکۆیەك بۆ پیری‌بکەنەوە ، کە فرمانی یارمەتی‌دانی ئەوانەیە کە لە شەست تێپەڕبونو فیری ئەهێنی‌و گیروگرفتی ئەم قۆناغەیان ئەکات ، هەرکەسە گەیشتە تەمەنی‌چل‌وپێنج ساڵی، ئەتوانێ بچێتە ئەم قوتابخانەیا زانکۆیەو لەوێ دەست بکات بە فیربوونی .

بەشێك لە بەرنامەی خویندنی زانکۆکانی پیری بریتیەلە لێکۆڵینەوەی پیری‌ی بایۆلۆجی -یاخۆ پیری لەش- و پیربوونی کۆمەڵایەتی ، ئەمەش بۆ ئەوەی هەریەکێك لەم ڕواڵەتانە باش دیراسە بکرێت گیروگرفتەکانی بناسرێ ، ئەمجا بزانرێ چۆن ئەتوانرێ وزەوتوانای لاوێتی بۆ درێژترین ماوە ، ئەتانەت لەوپەڕی پیریشدا ، بپارێزرێ ! بەرنامەکان ، هەروەها ، مەسەلەیەکی تریان تیدا دەخوێنرێ کە خۆی لەخۆیدا گیروگرفتێکی فراوان وجیهانی‌یە ، ئەویش مەسەلەی خانەنشین کردنە کە هەندێ کەس ئەوەندەی پی‌ی قەرسن کە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەخووشی دەروونی‌ی بۆیان !

« ئەو هەلوێستە بەعەنگاوێکی ئیجابی لە قەلەم ئەدرێ » عەرەفات ئاماژەی کردە وتەیەکدا کە ئیمڕۆ ئاژانسی دەنگوباسی فەلەستین بڵاوی کردەوە ، بەیاننامەکەی ئەمەریکای وا دانا کە ڕاستییەکی مەوزوعی دووپات ئەکاتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەی فەلەستین جەوهەری مل ملانێی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەنوێنێ •

شەوی ڕابوردوو وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەیاننامەیەکی دەرکردو تیا وتی ، بەدیهێنانی سازاندن لە ناوچەکەدا ، ناتوانرێ بەبێ بەشداری کردنی فەلەستینیەکان لە گفتوگۆکانی سازاندندا بەجێ بهێنرێ •

جەژنتان پیرۆز بێت

ئەم ژمارەیەی هاوکاری لەدەستاندایەو جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بەرەو پیریمان دێت •• لەو کاتەدا گەلەکەمان بە عەرەبو کوردو هەموو بەشەکانییەوە والە گەرمەی فرمانو بنیاتنانی عێراقێکی نوێ بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی پەرەسەندنی نەتەوایەتی ١٩٧٦ — ١٩٨٠ کە هێنانەدەی دەبێتە پێشخستنی ووڵاتەکەمان لە هەموو ڕوویەکەوە •

هەروەها میللەتەکەمان بە توندی پشتی حکومەتی شۆڕش دەگرێت لە خەباتیدا دژی پیلانەکانی دوژمنو دەولەتە جلەو شلەکانی شەیدای «سازاندن» کە دەیانەوێت خەباتی گەلی فەلەستینو مافی ژیانی بکەن بە ژێرەوەو ڕابکەن بەدوای « چارەسەرکردنی ئەمەریکاو زایۆنییەوە » •• کە بەمە دەیانەوێت زەبرێکی توند بدەن لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبو دەولەتە پێشکەوتنخوازەکانی •

بەڵام میللەتەکەمان ، بە سەرکردایەتی ، حزبی فەرمانڕەوای خۆی سفت ئەکاتو هۆشیاری بەرژەوەندیەکانی بۆ تێکشکانی هەموو پیلانە چەپەلەکانی ئیستیعمارو زایۆنی بێگومان جەژنەکانی ئایندە لە سایەی سەرکەوتنی تری بەردەوامدا دەگێڕێت •

فالدهایم گەیشتە پاریس

پاریس ١٣ ایلول — ئادع — دوێنی شەو کۆرت فالدهایمی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە مۆسکۆوە گەیشتە پاریس •

لە کاتێکدا لە مۆسکۆ بوو ، فالدهایم لەگەل لیۆنید بریجنێف ئەمینداری گشتی حیزبی شیوعی سۆڤیەتدا کۆبوەوەو ووتوێژی دەربارەی سیاسەتی تەبایی (وفاق) وباری ئیستای نێو دەولەتان لەگەلدا کرد •

دوژمن سەرلەنوێ دامەزرانی « دەولەتێکی فەلەستین » ڕەت دەکاتەوە

پایتەختەکان — ١٢ — ئاژانسەکان : مەناحیم بیگن سەرەك وەزیرانی دوژمن غزەی داگیرکراودارەت کردەوە •

لە وتارێکدا کە ڕۆژنامەی زایۆنیستیی ((معاریف)) لە ژمارەی ئەمڕێدا کە لە فودسی داگیرکراو دەرچووە ، بڵاوی کردۆتەوە گوتوویە هیچ ڕێی نیناچێ ئەم دەولەتە لەسەر حیسابی ((بوونی ڕژیمی ئەردەن)) دابمەزرێ •

بیگن وتەکانی وەزیری کشتوکالی زایۆنی « ئەریل شارون »یشی دەربارەی ئەکشانەوە لە بەرزاییەکانی داگیرکراوی سوریا دووپات کردۆتەوە •

لە وتارێکی تردا بۆ ڕۆژنامەی زایۆنیستیی « یدیعوت احرونوت » بیگن گوتوویە سەردەمی ڕێکەوتنی مەبدەئی بە تەواوی بەسەرچووە « ئێمە دەمانەوێ هەوڵ بدەین بۆ کەیشتن بە بەستنی پەیمانی ئاشتی » •

هەروەها دژایەتی خۆی بۆ بەشداری ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستین لە کۆنفرانسی خۆبەدەستەوەدەرانەی ژنێڤدا دووپات کردەوەو گوتی ((ئێمە ئەم مەسەلەیەمان بە تەواوی بەرەنج داوەتەوە)) لە لێدوانێکدا کە ئەمشەو بڵاوکرایەوە بیگن دووپاتی کردەوە کە سایروس ڤانس ئاگاداری کردوە کە موشی دایان وەزیری دەرەوەی زایۆنی هەفتەی ئایندە لە نیۆیۆرك چاوی بە هێندێك لە وەزیرانی دەرەوەی ڕژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازان دەکەوێ •

دوێنێش بیگن ڕایگەیاندبوو کە دایان لە نیۆیۆرك لە گەل یەکێك لە وەزیرانی دەرەوەی ڕژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازان وتووێژ دەکا •

ئەو سەرچاوە زایۆنیە لە وتارێکدا بۆ ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی ((معاریف)) گوتی دایان نەخشەیەکی کەناری ڕۆژئاوای لەگەل خۆی بردوە کە مەبەست لەو ڕوونکردنەوەی بەناو پێداویستیەکانی ئاسایشی قەوارەی زایۆنیەو گرنگی ئەوە دەردەخا کە سنووری ئەو قەوارەیە لەسەر چۆمی ئەردەنبێ •

لە واشنتۆنیش بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتوویە هەموو ئەوانەی لە کۆنفرانسی ژنێڤدا بەشداردە بن پێویستە پابەندی بەندەکانی بریاری ژمارەی ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشی ناودەولەتانبن کە دان بەمافی بوونو مانەوەی (ئیسرائیل)دا دەنێ •

بەیاننامەکە لێی زیادکردوە کە بەبێ بەشداری فەلەستینی بەکان لەو تووێژی سازاندا سازان لە ناوچەکەدا وەدی نایە •

یەکەم ڕادەربڕین لە سەر بەیاننامەکەی ئەمریکا لە چەند دەزگایەکی نیزیك بە ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستینەوە لە پاریس دەرچووە کە زۆر پێشوازییان لە بەیاننامەکە کردوە •

لە بیروتیش لیژنەی تەنزیمی ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستین ئەمڕۆ ڕێزە کۆبوونەوەیەکی ئاماسایی بەسەرۆکایەتی یاسر عرفات سەرۆکی لیژنە دەست پێ کرد •

چەند سەرچاوەیەکی فەلەستینی بە پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراقیان گوتوە کە لیژنەکە لەو کۆبوونەوانەدا چەند مەسەلە باس دەکا کە لە هەموویان بەرچاوتر هەرەشەی زایۆنیەکان دەربارەی خوارووی لوبنانو دامەزراندنی چەند ئاوایەکی جوولەکەنشینی تازە لە خاکی داگیرکراو هەڵیسانەنی مەسەلەی فەلەستین لە خولی تازەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانداو بەرهەمەکانی سەردانی عرفات لە یەکێتی سۆڤیەتن •

لە دیمەشقیش ئەنجومەنی مەرکەزی ڕێکخراوی ڕزگارکەر ڕۆژی شەممەی دادێ خولی سێیەمی دەبەستێ •

لە قاهیرەش ئەمڕۆ اسماعیل فهمی جێگری سەرەك وەزیرانو وەزیری دەرەوەی میسر چاوی بە فلادیمیر بلیاکۆف باڵیۆزی یەکیەتی سۆڤیەت کەوتوە •

لیژنەیەکی دەوڵەتان بۆلیکۆلینەوەی تاوانی ڕەگەزپەرستەکان

ئەوتاوانە ڕەگەزپەرستیانەی لەخواروی ئەفریقادا ڕێژیمی کەمایەتی‌یە سپیەکان بەرامبەر گەلانی ئەو وڵاتانە ئەیکات بۆتە جێی سەرنج ڕاکێشان‌و بایەخی ڕای گشتی جیهان .. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم‌جۆرە ڕەگەزپەرستی‌یەی ئەم ڕێژیمانە بەتاری ئەهێنن بەشێوەی کردنی ناشکرای یەیاننامەکانی ئەتەوە یەکگرتوەکان‌و بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ نیە بەڵکو تاوانێکە دژی نادەمیزاد ئەبێ .. ئەمەش وای لەڕێکخراوە جیهانی کۆمەڵە میری‌و نامیریەکان‌کرد تەقەللای لەناو بردنی بدەن .

لەم ڕووەوە کۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتوەکان بەرایکی دەرکردو تیا ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی تاوانبارکردووە بەگوێرەی ڕێکەوتنی دەوڵەتان ڕەگەزپەرستی بەتاوانی دژی مرۆڤ داوەتە قەڵەم ..

هەروەها دەری بڕی کەڕێژیمی ڕەگەزپەرستی بیرۆکراسیا ڕێژیمێکی شەرعی نیە . کۆمەڵەی یەکگرتوەکش لەئەیلولی ۱۹۷۶دا بەیاننامەیەکی دەرکرد لەو بەیاننامەیەدا ئەوەی دوپات‌کردزتەوە کە « ڕەگەزپەرستی ڕێگای پێشکەوتنی ئەوانە ئەڵێن کەتوشیان بوە بەتوشی‌یەوەو ئەوەش کەلەسەر ئەو ڕێگایە بروات بەپاکی نامێنێتەوەو لەنێوان میللەتان‌دا جیاوازی دروست ئەکات‌و ناکۆکی نێوان دەوڵەتان پەیدا ئەکات » .

وڵاتان‌و ڕێکخراوە میری‌و نامیری‌یەکان بۆ خەتابارکردنی ڕەگەزپەرستی کەلێ کۆنکرەیان گرت‌و بۆپشت گرتنی کەلی ڕیمبابۆی « ڕۆدیسیا »و کەلی خواروی ئەفریقا و نامیبیاو بزوتنەوەکانی ئازادیخوازانەی ئەفریقا لەتێکۆشانی چەکدارانەیاندا داوای لەکەلانی جیهان‌کرد کە هەمو جۆرە یارمەتیەکیان بدەن .. ئەمەرجی ئەم یارمەتی دانە .. لابوری‌یان سیاسی یاخود سۆبایی‌بن .. هەروەها داوا لەدەوڵەتەکان ئەکات تەقەللای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتوەکان بدەن بەتایبەتی بۆ ئەناردنی چەک بۆ حکومەتی خواروی ئەفریقا .

ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی ئەدەوڵەتی خواری‌و ئەفریقا‌و ڕۆدیسیا لەسەری ئەڕۆن لای کۆمەڵانی جیهان لەگەڵی ڕووەوە سوکو ڕیسوا‌وە .. هەروەها دوای پتەوبونی نێکۆشانی نیشتمانی چەکدار ئەڕۆدیسیاو نامیبیاو باش بڕیارەکانی ئەناردنی چەک لەدەرەوە لەناوخۆدا فەوارەی سیاسی ئەم ڕژیمانە توشی (ئەڤین)بون .. ئەمەش کەیشتە ئەوەی کە بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای والی‌کرد کەپرۆژەیەک بەحکومەتی ڕۆدیسیا پێشکەش بکەن .. ئەو پرۆژەیەش ئەوە بو کەڕێژیمی ((ئەیان سمیث‌ی ڕەگەزپەرست)) لەماوەی دوسال‌دا دەسەلات بداتە دەست زوربەی دانیشتوان .

بەڵام تاوانی وڵاتانی ڕەگەزپەرست لەناوچەی خواروی ئەفریقادا کەسالی ۱۹۶۰ بەدانانی قەسابخانەی شارپنیل دەستی پێکرد بێوچان نەبو .. لە ۱۶ی حزیرانی ڕابوردودا قەسابخانەی « سویتو » یان داناو زمارەیەکی زۆر منال‌و لاو کە بەرهەلستی ڕێژیمی ئەفریقایان ئەکرد لەناوچون .. بەتایبەتی بەرهەلستی ئەوسیاسەتەی کەزمانی سپیەکانیان لەقوتابخانەکان‌دا تێکەل بەرنامەی خویندکردو ڕۆشنبیری ئەفریقای پێشێل‌کردو قەلاچۆکردنی بەکۆمەل ئەفریقای‌و دەست بەسەراگرتن‌و گرتیان بێ دادگاو ئازاردانیان لەناو بەندیخانەکان‌دا .

لەبەر ئەمە بەهێزکردنی تێکۆشان دژی ڕژیمی ڕەگەزپەرستی شتێکی پێویست‌بو .. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئەم ڕژیمە ڕەگەزپەرستی‌یە لەناوخۆدا شاوق بوو سیاسەتی لاوازو سوکو ڕیسوای هەمولایەکی‌بو .. ئیتر تانی ئەوەها تەپشی کەبەدرێت بەدادناو لەسەر تاوانی دژی مرۆڤایەتی محاکەمە بکرێ .

لەبەر ئەمە لە ۲۰ی تشرینی یەکەمی ۱۹۷۶دا ڕێکخراوی بشتگیری گەلانی نامیبیاو ئەفریقا کۆنگرەیەکی گرنگیان لە « ادیس ابابا » گرت‌و بەشدارانی ئەم کۆنگرەیەش بریاری پێکهاتنی کۆمەڵەیەکیان‌دا کەدوای پێکهێنانی لیژنەیەکی جێبەجێکردنی بکات بۆلیکۆلینەوە لە تاوانەکانی ڕژیمی ڕەگەزپەرستی خواروی ئەفریقا .

بەم ڕەنگە بەردی بناغەی لیژنەی یەکەم لیکۆلینەوە لە تاوانەکانی ڕەگەزپەرست دانراو لەمارتی ۱۹۷۷یش‌دا لەپاریس یەکەم کۆبوونەوەی کردو ((٤٠)) نوێنەری ڕێکخراوە دەوڵەتی‌و نادەوڵەتیکان بەشداریان کردو ئەم لیژنەیەش وادروستبو کە بۆ خوی کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ بێ‌و بەکاروباری خۆی هەستێ‌و ئەندامەکانیشی بریتی ئەبن لە دادیارو فاری‌و مامۆستایانی یاسایی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقاو ڕێکخراوە نیشتمانیەکانی دەونەتان . هەروەها نوینەرانی بزوتنەوەی خواروی ئەفریقاش لەبەرئەوەی کەتەنیان‌و لەڕێکخراوی نامیری دا ئەتاکو توک بەشداری ئەبن چونکە ئەمانە نوێنەرایەتی وڵاتێک یاخود ڕژیمی ناکەن . ئەم ئەندامانەش هەمو لە کانی کۆبونەوەدا وەک یەک مافی دەرکردنی ڕاسپاردەو بریاریان هەیە .

لیژنەکە لە ناو هەمو ئەندامەکانیا سەرۆکو جێگری سەرۆکی هەلبژارد .. هەروەها سکرتاریەتی هەمیشەیشی هەلبژارد .. کە ئەم سکرتاریەتە لیژپرساوە بەرامبەر ڕابەڕاندنی بڕیارەکانی لیژنەو ئامادەکردنی کۆبونەوەکانی ، ئەم سکرتاریەتەش سکرتێرێکی گشتی سەرۆکایەتی ئەکات‌و ئامانجی گشتی‌و ئامانجی دەستنیشان کراوی ئەم لیژنەیەو ئامانجی لیژنەی گشتی .. بۆ پێشکەش‌کردنی ئەوڕاستی‌و ڕوداوانەی پێوەندی بەتاوانی ڕەگەزپەرستی‌یەوە هەیە ئەخواروی ئەفریقادا لیکۆلینەوەیەکی وردی ڕەگەزپەرستی‌یە .

ئەنجامەکانی ئەم لیکۆلینەوەیەی دوبارە ئەبێتە پاڵپشتێکی کاریگەر بۆ ئامانجاکردنی تاوانەکانی ڕەگەزپەرستی‌و بۆ ڕابەڕاندنی ئەوبڕیارانەی کەکۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتوەکان‌و ڕێکخراوی یەکیتی ئەفریقا لەم ڕووەوە دەری ئەکەن .

ئامانجی گشتیش بریتی‌یە لەلیکۆڵینەوەی ئەم تاوانانەی خوارەوەی ڕەگەزپەرستی :

دەست درێژی ، ژەوی خەڵك بەزۆر داگیرکردن ، داگیرکردنی نامەشروع ، قەلاچۆکردنی ڕەگەز ، جیاکردنەوەی ڕەتەزایەتی ، پێشێل‌کردنی مافە بنچینەیی‌یەکانی مرۆڤ کەبەڵگەنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دانی پیاداناوە .

لیژنەکە ئەو لیکۆلینەوەیەشی کۆتایی‌یەکە کەبەجێ‌کردنی ئەو بڕیارانەیە کەکۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتوەکان بۆڕامالینی تەواوی ئیمپریالیزم لەخواروی ئەفریقادا دەریان کردوەو بۆ دەرخستنی هەمولا دانیکیش لەبڕیارەکانی کۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتوەکان‌و ناشکرا کردنی ئەو ڕاستیانەی کە دەست ئەکەوێ‌و کۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتوەکان‌و ڕای گشتی جیهانیان لێ ئاگادار بکرێ .

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە خەباتی لیژنەکە وانەبێ :

١ ـ ناردی چاودێری کەران بۆ لیکۆلینەوە وپشکنین‌و گوێ‌گرتن لەشایەت‌و شارەزایان « بەتایبەتی حەپسەکان » ئەو ڕاپۆرت‌و بەڵگانە وەرئەگرێت کە خەڵك‌و ڕێکخراوە نیشتمانی‌یەکانی وڵاتان‌ئەنێرن‌و لەساغی ئەم بەڵگانە ئەکۆڵێتەوەو ناوی ئەو کەس‌و کۆمەڵانەش ئاشکرا ئەکات کە تاوانی ڕەگەزپەرستیان خراوەتەپال .

٢ ـ ناردنی ئەو ڕاپۆرت‌و بەڵگانەی لەلیژنە وەری‌ئەگرێت بۆ ئەو کۆمەڵەیەو ڕێکخراوو ڕێژیمە جۆراوجۆرانەو بلاوکردنەوەی لەڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌دا .

٣ ـ دەرکردنی بڕیاری یاسایی دژی تاوانبارە ڕەگەزپەرستەکان .

٤ ـ تەقەللادان بۆ ڕەدەست هێنانی هەمو بەڵگەو ڕاپۆرتێکی لیژنەی یاسایی سەربە ڕێکخراوی یەکیتی ئەفریقا‌و یارمەتی دانی لەچالاکی‌یە جۆراوجۆرەکانی‌دا .

بەم جۆرە هەمو پێویستی‌یەکانی تێکۆشان دژی ڕژێمی جیاکردنەوەی ڕەگەزپەرستانە پێکهات‌و کومانیش تێدانیە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەشێکی زۆر بووە ، چونکە لە زیادبوندایە ! لە جیهانیشدا ئیمڕۆکە زیاتر لە (٨٠٠) ملیۆن ئەخوێندەوار هەیە !!

ڕێژەی ئەخوێندەواریش لە جیهانی سێ‌یەمدا (کە ئێمەش لەوین) لە ٧٥٪ی دانیشتوان زیاترە !

بەڵام لە ناوبردنی ئەخوێندەواری کارێك نی‌یە لە دەست ئەیەت .. هەرکاتێك ڕەنجێکی ڕاستەقینەی بۆ دراو ئەشتوانین لە کات‌و ساتی بۆ دانراوی خۆشیدا ئاهەنگ بە لە ناوبردنی ئەخوێندەواری بگێڕین .. لە ئاهەنگ ئێرانی جەژنی جیهانی لەناوبردنی ئەخوێندەواریدا ، چاك وایە هەریەکێکمان خۆی ئامادە بکا بۆئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی سەبارەت بە لە ناوبردنی ئەخوێندەواری بگرێتە ئەستۆ .

ـ کاروباری سیاسی ـ

لەودیوی ڕووداوەکانەوە

سندوقی پارەی دەوڵەتان دەڵالیکی باوەڕپێ‌نەکراوە

ماوەیەك لەمەوبەر لەواشنتۆن کۆبوونەوەیەکی فراوانی سندووقی جیهانی پارە لەبارەی وەزیرانی دارایی‌دەوڵاتی پیشەسازی سەرمایەداری ئەندامی ئەوسندووقەدا بەسترا ، بۆباسی هێندێك بڕیار دەربارەی ئەو قەرزانەکەسندووقەکە دەیانداە بەدەوڵەتە بەرەئەستێنەکانی ئەندامی ئەوسندووقە بۆئەوەی ئەوتی پێبکرن . کارناسەنابوورەکان وای‌دادەنێن کەشەریکە ئیحتکاریەکانی‌ڕۆژئاوا هەموو ساڵی ٤٠ملیار دۆلار لەوڵاتە بەرەئەستێنە بێ‌ئەوتەکان وەردەگرن لەبەهای ئەو ئەوت‌و بەنزین‌و هتد ٥٠٠ داکە لەو شەریکانەی دەکرن .

ئەودەڵالیە کە دەوڵەتە پیشەسازیە سەرمایەدارەکانی ئەندامی سندووقی جیهانی‌ی پارە لەڕێگای ئەو دامەزراوە دارایی‌یەوە دەیکەن دەڵالیەکی باوەڕپێ نەکراوە . نیزیك بوونەوە بەو ڕێگایەدا لە وڵاتە بەرەئەستێنە بێ‌ئەوتەکان سەرلەنوێ ئەو فێل‌و تەڵەکەیە دەخاتەوە بیرکە دامودەزگا ئیمپریالیەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری‌و بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێکیان‌خست بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری دوژمنایەتی وڵاتە بەرەئەستێنە بێ‌ئەوتەکان دژی وڵاتانی بەرهەم‌هێنەری ئەوت، ئەندامانی (اوپك ! ، بەو بیانووە کە گوایە وڵاتە خاوەن ئەوتەکان لەوتەنکەو چەلەمە ئابووری‌یانەدا تاوانبارن کەوڵاتە بەرەئەستێنەکان بەهۆی گرانبوونی نرخی ئەوتەوە تووشی هاتوون . ئەم دەست پێشخەریەش کەدەوڵەتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکان لە ڕێگای سندووقی جیهانی‌ی پارەوە دەیکەن هەربۆ ئەو مەبەستەیە کە وڵاتە بەرەئەستێنە بێ‌ئەوتەکان بکەن سوبێترێك بۆشەڕ دژی ڕێکخراوی وڵاتانی بژەرەوەنیری ئەوت (اوپك)و بۆئەوەیە کەوڵاتانی جیهانی سێیەم بکەنە دووبەش‌و یەکیان بەگژ ئەوی تردا بکەن ،ئەمەش شتێکە کە جێبەجێ کردنی ئەخشەکانی ئیمپریالیەت بۆتێك شکاندنی خەباتی هەموو وڵاتانی بەرەئەستێن لەبنەاوی دامەزراندنی نیزامێکی ئابووری تازەی جیهانیدا کەبەرامبەری‌و یەکسانی تێدایە، عاساترەدەکا هەبەستێکی ترشی ئەوەیە کە ڕەشێکی زۆر لەبارەی ئەوەی کە وڵاتە بەرەئەستێنەکان لەبارەی نەوتی رابکێشن بۆسندووقی جیهانی‌ی پارە بەو بیانووە کەبە قەرز دەیدەن بەوڵاتە بەرەئەستێنە بێ‌ئەوتەکان بۆ ئەوەی ئەوتی پێبکرن ، لەکاتێکدا ئەوبارەیە لەپارەی ئەوتی عەرەب بەقەرز دەدرێ بەدەوڵەتە سەرمایەداریەکان بۆ ئەوەی ئابووری تێك رووخاوی خۆیانی پێبەهێز بکەن کەتووشی تەنگ‌و چەنەمەیەکی خنکێنەری بروانە ل : ٧

٪ دەربارەی بەرنامەی وزەی ئەمەریکا

ناوەڕاستی مانگی ڕابوردوو سەرۆکی ئەمەریکا کارتەر بەرنامەی ووزەی ئەمەریکای بڵاوکردەوە ، داواش لە گەلی ئەمەریکا کرد کە دەست‌بگێڕنەوە لە بەکارهێنانی ووزەدا .

ئەوەی تێبینی ئەکرێ بەرنامەکە کاروکردارێکی زۆری تێدا ڕەچاوکراوەبەمەبەسی ئەوەی ئەهێڵێ ئەمەریکایی‌یەکان لە یەکانهێنانی بەرهەمەکانی ئەوت‌و گازی سروشتیدا دەست‌بڵاوی بکەن ، وە لە هەمان کاتدا ماوەش لە بەردەم کۆمپانیاکانی ئەوتی ئەمەریکادا بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی پترقازانجیان دەست‌بکەوێت .

وە لەو کاروکردارانەی‌بڵاوکرانەوەو هەتدێ لە ئاژانسە جیهانی‌یەکان‌رایان‌گەیاندن :

● زیادکردنی باج لە سەربەنزین بەمیقداری (١٠) سەنت بۆ هەر ئالۆنێك لە هەمووساڵێکدا ، بەمەرجێ لە کارکردنی لە بارستایی ئەو بنمیچە تێنەپەڕێت کە دیاریکراوە تاوەکو نەناتە(٥٠) سەنت بۆ هەر ئالۆنێك .

● سەپاندنی باجێکی نوێ‌بەسەر بەرهەمهێنانی ئەوتی ناوخۆیی (ئەمەریکا)دا بەزنەوەی لەگەل نرخی ئەوتی دەوڵەتان کە بەرمیلی بە (١٢)دۆلارە یەکسان بوەستێتەوە .

● سەپاندنی سزاو باج‌بەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانەدا کە ڕێ‌و شوێنی ئابوریی لە بەکارهێنانی سووتەمەنیدا بەجێ ناهێنن .

● هەلوەشاندنەوەی‌ڕێژیمی نرخی تایبەتکاری ئەو ئەوتەی تازە دۆزراوەتەوە ،عەروەها گازی سروشتیش بۆ هاندانی کۆمپانیا ئەوتەکانی‌ئەمەریکا کە لە ناوخۆدا ئەوت بدۆزنەوە .

● سەپاندنی باج بەسەر بەکارهێنانی پیشەسازکاری گازی سروشتی‌و دانانی‌بارستاییەکی بەرز بۆ نرخی ئەو ئەوت‌و گازەی لە نێوان‌ئەمەریکادا ئەگوێزرێنەوە .

● سەپاندنی ڕێکەیەکی‌ئەوتۆ کە پاڵ بە بەکار هێنەرە ئەمەریکایی‌یەکانەوە بنێت ، بەکار هێنانی ووزە کەم بکەنەوە .

بەوە کارتەر سەرکەوتووئەبوو ـ هەروەکوو ئەپێش خۆشیەوە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا ـ لە دۆزینەوەی ئەو بڕیتییە (ئەفسوونی)یەی‌بەڵێنی پێ بەهاو وڵاتی ئەمەریکی دابوو سەرنەکەوت .

وەوا دەرنەکەوێ کە کارتەر لە ڕای گشتی ئەمەریکی‌و هەروەها لە هەندێ ئەندامانی کۆنگریەوە تووشی بەرهەلستی‌یەکی سەخت ئەبێت .. ئاشکرایە کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئەمەریکا ـ هەروەکوو سەرۆمێری‌یەکی ئەو دوایی‌یەدەری خست ـ متمانە بەوە ناکەن کە « گیروگرفتی ووزەهەیە ، بەڵکو متمانەیان لە سەرئەوەیە کە کۆمپانیاکانی ئەمەریکا لە پشت ئاژاوەی نرخی ئەوتی ناوخۆو گواستنەوەو دابەش‌کردنیدا وەستاوە .. دەزگاکانی‌ڕاگەیاندن لە ئەمەریکا دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی ترس‌لەدەروونی هاووڵاتی ئەمەریکیدا بەوهەوڵەی متمانەی پێ بێنێ‌کە « گیروگرفتی ووزە ، هەیە وە لە ئەنجاما ئەو کردارو کردارانە بگیرێتەبەر کە داهاتی کۆمپانی‌یە ئەوتەکانی ئەمەریکازیاتر ئەکات .

وە بە بڵاوکردنەوەی‌سەرەك کارتەر بۆ بەرنامەکەی خۆی ، لای ئەمەریکایی‌یەکان‌ساغ بۆوە کە ئەمەریکا ناتوانێت شتێکی تر لەبری‌ئەوت‌و گازی سروشتی‌ی بدۆزێتەوە کەوای لێ بکات‌بتوانێت بەلایەنی کەمەوە تاساڵی (٢٠٠٠) واز لەهێنانیان لە دەوڵەتەکانی ڕێکخراوی ئۆپیکەوە بهێنێت .وە لە مانگەکانی داهاتوودا سەرلەنوێ وە بە شێوەیەکی‌سەختتر ، دەوڵەتەکانی ئۆپیك گوێیان لە ئاوازی هاتنەخوارەوە یا ڕاگیرکردنی نرخی ئەوت‌و بانگەوازی دەوڵەتکاریەتی ئەو ماددەیە ئەبێت بە بەڵگەی (ئاسایش کاری‌ووزە)ی دەوڵەتە پیشەسازی‌یە سەرمایەدارەکان ، ئەوەش واڵە دەوڵەتانی ئۆپیك داوا ئەکا پاڵدەنەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی‌هەموو ئەخشە ڕۆتینەرەوەکانی ئەمەریکا ، وە لە هەمان کاتداتوانای کڕیاری خۆیان لە داخوران بپارێزن کە بەهۆی ئاوسان‌و بەرزبوونەوەی ڕادەی نرخ لە جیهانی‌سەرمایەداری‌یدا دێتە ڕێیان .

هێرشێکی سەرانسەر بۆ لەریشەکێشانی نەخوێندەواری

ئاهەنگ‌گێرانی عیراق بەرۆژی جیهانی لەناوبردنی‌نەخوێندەواری بەوەخۆی دەرنەخا کە، دەرفەت ئەدانەبەردەسکەوت‌و نەخشەکانی‌شۆڕش کە خۆیان لە خۆیان بدەوین .

لە هەشتەم ڕۆژی ئەیلولی هەموو ساڵێکدا لە سەرانسەری وڵاتا ئاهەنگ سازئەکرێ‌و تیا مەلبەندێکی زۆری ئەخوێندەواری ئەکرێتەوەو کۆڕی گشتی دەربارەی مەترسی نەخوێندەواری ئەگێڕی‌و تیا بانگهێشتنی هاووڵاتیان ئەکرێ بۆئەوەی بچنەناو ئەو مەلبەندانەوە .

ئاهەنگ‌گێرانی ئیمسال بە ڕۆژی جیهانی لەناوبردنی ئەخوێندەواری لە کاتێکدا دێت کە عیراق خۆی ئامادە ئەکا بۆ هێرش‌بردنێکی سەرانسەرانە بۆ لەریشەهەڵکێشانی نەخوێندەواری لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ .

ئەوەی هیوای سەرکەوتنی ئەو هێرشەشمان ئەخاتەبەر ، هوشیاری سەرکردایەتی شۆڕشە دەربارەی مەودا سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و شارستانیەکانی نەخوێندەواری شتێکی سەلمێنراوە کە نەخوێندەواری بە مەترسیترین کۆسپە لەڕێی ئەو ڕەنج‌و تەقەلا مەزنانەدا کە ئێستا لە پێناو عیراقێکی نوێدا ئەدرێ . دڵنیایی‌یەکی تەواویش هەیە کە (بنیاتنانی سۆشیالیستی‌و چەسپاندنی دیموکراتیەت ، ئەوی پێدەوێ کە بەتەواوی‌و بەبەلە نەخوێندەواری لەناوبڕێ) .. بڕوایەکی تەواویش بەرامبەریەوە هەیە ئەوکردارە کە بە مەسەلەیەکی سیاسی دانەنرێ‌و نەك هونەری ئەبێ دوور لە شێوازو شێوە کلاسیکیەکان‌و دوور لەرەنج‌و تەقەلای پەرش‌و بڵاوو چارەسەری نیمچەیی بەجێ بهێنرێ .

ئاکۆکی لەوەدا نی‌یە کە لەریشەهەڵکێشانی نەخوێندەواری ئەمەن‌و دابەش‌بوونی جوگرافیانەی ئەدا بەدەستەوە، چاکیش وایە بەنجە بکێشین بۆئەوەی کە پێویستە کتێبی لەبار ئامادەبکرێ‌و بە توانایی‌یەکی تەواوەوە مەشق بە مامۆستایان بکرێ‌و ئەو شێوازە جۆربەجۆرو نەرم‌و بەسودانە بکردرێتە بەر کە لەگەل ژینگادا ئەگونجێن .

ئامانجیش لە لەناوبردنی نەخوێندەواری هەروەکو پەروەردەناسان دیاری‌یان کردوە ، ڕزگارکردنی مرۆڤ‌و بەتەواوی نشوتماکردنیەتی . ئەك تەنها هەر فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی‌بێ .

ڕاستە کە شۆڕش باشماوەیەکی قورسی لەبواری فێرکردن‌و خوێندندا بۆ بەجێماوە .. سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ ئەڵێ ، ژمارەی نەخوێندەواران لە ١٥ ساڵانەوە تا ٤٤ ساڵان ، نزیکەی (٨٠٠) هەزار نیرینەو ملیۆنێك‌و ٢٥٠ هەزار مێینەیە ..

بەڵام ئەو ڕەنج‌وتەقەلا سەرکەوتووەی لە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش حەقدەی تەموزەوە دراوە مایەی پێخۆشحانی‌یە .. بەڵام ژمارەکان پەنجە بۆ ئەوەش کێش‌ئەکەن کە پێویستە بایەخێکی تایبەتی بەلەناوبردنی نەخوێندەواری لەناو ئافرەتاندا بدرێ ، ئەمەش ئەوەی پێدەوێ کە ئەبێ کۆسپە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێ لابدرێن‌و ئافرەتان بەگرنگی خوێندن‌و فێربوون هۆشمەندبکرێن .

جامیعەی عەرەبی هەشتەم ڕۆژی کانونی دووەمی بە ڕۆژی عەرەبی بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری دانا‌وە .. عیراقیش بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ ئەگێڕێ‌و ئەزانێ کە چەنگی لەناوبردنی نەخوێندەواری جەنگێکی ئەتەوەیی‌یەو ئامانجەکەی بووژانەوەی ئەتەوەی عەرەب‌و بووژانەوەی شەخسیەتی عەرەبی‌یە ، ئەمەش بە هۆی ئەو پەیوەندی‌یەو توندوتۆلەی لەنێوان نەخوێندەواری‌و دواکەوتن‌و بەش بەش‌کردندا هەیە .

نەخوێندەواری بەوە ناسراوە کە (دواەدەردە ، هەڕەشە لە مرۆڤ ئەکا) .. بێگومان بەمەترسیترین گیروگرفتە کە تووشی جیهان ئەو هێرشە تەنها نابێتەمایەی شانازی ، بەڵکو ئەبێتە هێزێکی تەکانەدەرو بەئیلهام بۆ کارکردنێکی تێکرایی دلسۆزانە لەپێناو بە جێهێنانی کارو ئەرکی‌ئەری کەلێ گرنگ‌و بەبایەخدا گرنگی‌ی نامادە کردنێکی دروستی هێرشەکە لێرەوە دێت ، ئەو پیداچوونەوەی لەو دواییەشدا بۆ نەخشەی لەناوبردنی نەخوێندەواری کرا ، ئەبێ هەمو کەموکۆرییەکی لەڕێلادابێ .. هەروەها سەرژمێرییش لەمەودوا یارمەتی یاساکانی ئەخشەکە ئەداو پوختەیان ئەکات ، چونکە وێنەیەکی ڕاست دەربارەی قەبارەی ئەخوێندەواری ورێژەی بەپێی ئەمەن‌و دابەش‌بوونی جوگرافیانەی ئەدا بەدەستەوە، چاکیش وایە پەنجە بکێشین بۆئەوەی کە پێویستە کتێبی لەبار ئامادەبکرێ‌و بە توانایی‌یەکی تەواوەوە مەشق پێ‌وە بکرێ ، چونکە لە زیادبوندایە ! لە جیهانیشدا ئیمڕۆکە زیاتر لە (٨٠٠) ملیۆن ئەخوێندەوار هەیە !!

ڕێژەی ئەخوێندەواریش لە جیهانی سێ‌یەمدا (کە ئێمەش لەوین) لە ٧٥٪ی دانیشتوان زیاترە !

بەڵام لە ناوبردنی ئەخوێندەواری کارێك نی‌یە لە دەست ئەیەت .. هەرکاتێك ڕەنجێکی ڕاستەقینەی بۆ دراو ئەشتوانین لە کات‌و ساتی بۆ دانراوی خۆشیدا ئاهەنگ بە لە ناوبردنی ئەخوێندەواری بگێڕین .. لە ئاهەنگ ئێرانی جەژنی جیهانی لەناوبردنی ئەخوێندەواریدا ، چاك وایە هەریەکێکمان خۆی ئامادە بکا بۆئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی سەبارەت بە لە ناوبردنی ئەخوێندەواری بگرێتە ئەستۆ .

ـ کاروباری سیاسی ـ

Institut Kurde de Paris

لاوان بۆ شۆڕش و خەبات و پێشکەوتن

شۆڕشی ١٧ی تەموزی نەتەوەیی و سۆشیالستی ، بایەخێکی فراوانی بەپەروەردەو ئامادەکردنی لاوان داوە و ئەم ئامانجەی کردۆتە پیش دەستپێکی ئەرکەکانی شۆڕش و هەمیشە لاوانی بە کەرەستەی ئوێ بوونەوەی خۆیی و پێشکەوتنی داناوەو بەردەوامی کاری شۆڕشگێڕانەشی بەتوندوتۆڵی بە ئامادەکردنی ئەوەی لاوەوە بەستۆتەوە •

شۆڕش بایەخی تەواوی بەوەداوەکە لاوان وزەیەکی لەبن نەهاتوی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەو بۆسوودی شۆڕش و جەماوەریش بایەخێکی گەورەی بەم ڕاستیەداوەو باوەڕیی تەواوی پێهیناوە •

گۆڕانە سیاسی و ئابوریەکە مەزنەکانی شۆڕش لەناو کۆمەڵدا کارێکی گەورەی کردۆتە سەر باری لاوان و ئەو دەورەی ئەیگێڕن و وای کرد زیاتر بەو خورەوشتەوە ببەسترێتەوە کە بەبوونی ئەتەوەی عەرەب و پەیامەکەیەوە بەندەلەدەرەوەو ناوەوە تێکوشانی بەکاری زیاتر بەرەو ژیاندنەوەی کەلەپوری نەمری مرۆڤایەتی بتەوکرد •

زۆر پێویستە بو ئەو گۆڕانە جەوهەریانەی بەهوی شۆڕشەوەو لەڕووی ئابوری و سیاسیەوە بەسەر شۆڕشدا هاتووت ، کورانی قوڵتری لەگەڵدابێ بەرەو ئامادەکردنی مرۆڤ ، بەتایبەتی ئامادەکردنی لاوان ، ئەویش بەپێی ئەو دەورە زیندوو سەرەکیەی لەبنیات نان و بەشداری کردنی بەکاردا ئەیگێڕن بۆ جەسپاندنی هەموو ڕەواڵەتێکی پێشکەوتن و چونکە ئەوان لەم ڕووەوە لەریزی پێشەوەی وەستاون و دەوری بنیاکاری ڕاستەقینەی ئامانج و ئاوانەکانی گەلان ئەگێڕن لەجاوبرینە باشەڕۆژی باشتردا •

سەروکی فەرماندە (احمد حسن البکر) ئەم ڕاستیەی لەو وتارەدا دووپات کردەوە کە لەکۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی گشتی لاوانی عیراقدا خوێندراپەوەو وتی : (ئێوە ئاوانی شۆڕش و وێنەی پاشەڕۆژین ، ئێوە کۆڵەکەی ئەتەوە خۆڕاگر تووەکەمانن و بنکەی ئامانج و کەرەستەی بەهێزن ، بەنازایانە بەربەستی شەڕێلی هەلاتن و ون بوون و خاوخلیچکی بکەن و خۆتان بە خورەوشتی شۆڕش و باوەری سۆشیالستانەی چەکدار بکەن و خۆبەستنەوەتان بە چەوساوەکانەوە پتەو بکەن و کاربکەن بۆ یەکێتی لاوانی عەرەب کە لە محیطەوە تاخلیج ، پەیوەندیەکانتان لەگەڵ لاوانی جیهان بەهێز بکەن لەپێناوی دەستکەوتەی زیاتردا بۆ پاڵپشتی کارووباری عادیلانەتان) •

پەروەردەی لاوان زامنی یە بۆ پاشەڕۆژ

لەئەرکە سەرەکیەکانی حزب ئامادەکردن و پەروەردەی شۆڕشگێڕانەو ئەتەوەیی لاوانە ، چونکە پەیوەندی جەوهەری و فراوانی بەمەسەلەی ئامادەکردنی ئەتەوەیی و سۆشیالستانەی کۆمەلەوە هەیە ، بەرەو زامن کردنی گۆڕانی قوڵی شۆڕشگێڕانەی کەشۆڕش لەپێناوی بەربەستیە کانی نیمپریالی و کۆنەپەرستاندا مەبەستیەتی •

جائەم ئەرکە پێویستی بەباڵپشت و هاوکاری جەماوەری کەلە بەگشتی و لاوان بەتایبەتی ، چونکە ئەوان لەبنیاتنانی کۆمەڵێکی نوێی « دیموکراتی و سۆشیالستی یەکگرتو » وبەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕش چ لە ڕووی نیشتمانی و نەتەوەییەوە بەڕرسیارن •

بەڕاستیش نیشانەی تێکۆشان و گشتی تاقی کردنەوەی لاوان لەوڵاتداو دەوریان لەقوڵ کردنەوەو ئەرکەکانیان بەرامبەر نیشتمان و نەتەوەی عەرەب بەگشتی دەرکەوتو و وزەوتوانای داهێنان ، توانای بەشداری کردنی پێشەنگی هەیە بۆ بەشداربوون لە تێکوشانی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا •

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە دەرکی بەم بایەخەی لاوان کردوە ، لەبەرئەوە ، ڕووکردنەلاوان هەرلەزووەوە نیشانەیەکی بنەڕەتی و سەرەکی فراوان کردنی جەماوەریەتی حزب بوەو بەرەو بەهێز کردنی بزوتنەوەی خەباتی ، لەمڕووەوە ، مامۆستا « میشیل عفلق »ی سەرکردەی دامەزرێنەر دەستی بۆ بزوتنەوەی لاوان کرد ساوەو ئەڵێ : (•• بەتەنیا سیفاتی لاوان و خورەوشتی لاوان لەگەڵ پێویستیەکانی نەتەوەکەماندا ئەگونجی و پشتوانی ژیانەوە وراپەڕینیەتی •)

لەبەرئەوە ، هاتنە ڕیزی شۆڕش و حزب لە لایەنی لاوانەوە ، کاری هێنانەریزی شۆڕشگێڕانەی خەستبوە لە کاروانی بنیات نان و ئەو گۆڕانەی شۆڕش لەم وڵاتەدا مەبەستیەتی و باوەری قوڵی بوە بە وەی بەردەوامی پێشکەوتنی بە گورانکاری شۆڕشگێڕیەوە لە عقلیەتی نەوی نوێوە بەستراوە ئەویش لە ماوەی قوڵ کردنەوەی هۆشیاری سیاسی و پەروەردەی زانستیەوە لە ماوەی پتەو کردنی خوی نوێ و سەر لە نوێ مەلیەستنەوەی بیرو باوەریان •

لێرەدا ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری « حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی » دەربارەی بایەخی پەروەردەو ڕێکخستنی لاوان ئەگەینە ڕابەر کە دەفەکەی ئەڵێ : (••• قۆناغی داهاتو زۆر بە بایەخەوە وا پێویست ئەکات ، حزب خۆی چالاکیەکی دیار فراوان و بۆ ئەوەی ڕێکخراوی لاوانی نوێ بکاتە ڕێکخراوی فراوان و بە کاری جەماوەر لە ناو کۆمەڵدا ، بەو جۆرەی زۆرترین لاوانی کوڕو کچ لە وڵاتدا بگرێتەوە و بەشداریەکی چالاکانە بکەن لە بڵاوکردنەوەی باوەری نەتەوەیی و سۆشیالستیداو لە پەروەردەی ئێوانیان و چاندنی گیان و چالاکی شۆڕشگیرانە لە ڕیزەکانیانداو بەشداری کردنی بەکاریشیان لە بنیات نانی شۆڕشگیرانەداو بەرگری کردنی لە نیشتمان و جی بەجێ کردنی ئەرکە نەتەوەییەکاندا) •

لەبەر ڕووناکی ئەم دیاری کردنە زانستیەی چالاکی لاوان و ئامانجی شۆڕشدا بۆ ئامادەکردن و پەروەردەکردنیان ڕێکخراوەکانی لاوان و یەکیتی گشتی لاوانی عیراق و ڕێکخراوەکانی سەر بەو یەکیتیە « بنیشەنگ ، ئەو جوانان » دروست بوون و دەوریان لە کاری پەروەردەو شۆڕشگێڕیدا چالاک و بەکار بوو تاڕادەی کارتێ کردنی دیارلە بزوتنەوەی کۆمەڵدا ، چونکە ئەو ڕێکخراوانە ، متمانەیان بە بەرنامەیەکی ئایدیۆلۆجی ئاشکرا کردوە • لە بال ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانەدا بەو جۆرەی کە کارکردن لە ڕیزی لاواندا بەرەو پێشەوەچونی خزمەتگوزاری کۆمەڵ و بەشداربوندا ئەچێ لە هەڵکێشانی ڕەگ و ڕیشەی خووڕەوشتی دواکەوتن و کۆن پەرستیدا •

کاری کواستنەوە بەرەو سۆشیالستی و بنیات نانی کۆمەڵی نوێ پێویست بە ئامادەکردنی زانستیانەی پەروەردەی و سیاسی لاوان ئەکات تا دەوری سەرەکیان لە کاری بنیات نانی بنکەی مادیدا « ئابوری و کۆمەڵایەتی » گۆڕانە شۆڕشگێڕیەکاندا ببینن ، چونکە ئەم قۆناغەی بیانێ ئەپەڕین ، نەك هەر پێویست بەوە ئەکات لە سەر ڕێڕەوی زانستی و فێربون بڕۆین بۆ تەواوکردنی پێویستیەکانی بنیات نانی سۆشیالستی ، بەڵکو پێویست بەوەش ئەکات بەرزترین مستەوای زانستی و گۆڕانی تەکنەلۆجی زامن بکەین تا بتوانین مەبەستەکانی جەماوەر بەدی بهێنین ، کە ئەمەش پێویستی بە کەسانی وا هەیە چەکداری بن بە هۆشیاری سەخت •

بەدی هێنانی ئەم کارە پەروەردەیە گەورەیەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست و ڕێکخراوی جەماوەریەکانی لە زۆر ڕووی چالاکی کۆمەڵایەتی و بەرهەم و هونەریەوە خستویەتیە ئەستۆی بە ناشکرا ئامادەکردنی جۆنیەتی لاوانی دیاری کردوەو ڕێگاو ئوسلوبی پێویستی دەست نیشان کردو ئەویش بە متمانەکردنە سەر پەروەردەی زانستی و سیاسی و عەسکەری لەو مستەوایەدا کە بزوتنەوەی لاوان ئەگەیەنێتە ڕادەی ئەرکە گەورەکانی چەسپاندنی بنکەو ڕەوشتەکانی لە ناو کۆمەڵی نویدا تا لەم وڵاتەدا نمونەی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبا بێ • لەم ڕووەوە شۆڕش تێکۆشانی حزب و شۆڕش فراوانی دەست داوتێ دژی دواکەوتن و نەخوێندەواری و ڕامال کردنی دیاردەکانی ڕابواردنی بیری بورجوازیانە لە قوتابخانەو دانیشگاکانداو پەروەردەو فێرکردن گۆڕاوە بە مەیدانی کاری پیشەسازی پیاوانی نەوەی نوێ •

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ڕۆژگاریکی نوێی خولقاند کە سەرکردەی کۆمەڵایەتی وا هاتنە کایەوە لە گەڵ ئەو ئەرکو پێویستیا نەدا کە بۆ کۆمەڵی نوێ پێویستە ئەگونجێن جا لە ڕووی لاوانەوە تەنیا ڕۆشنبیری گشتی مەرج نیە ، بەڵکو ووداناتی نەخشەو بەرنامەی ڕۆشنبیری تایبەت بە لاوان پێویستە کە لە پێش هەموو شتێکەوە بایەخ بە پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیان بدات لەم ڕووەوە هاوڕێ صدام حسین ئەڵێ : (بۆ ئەوەی لاوان بەشێوەیەکی بەکار لە کاری کۆڕانکاریدا بەشداری بکەن ، پێویستیان بە بایەخ پێدانی تایبەت هەیە لە ڕووی بایەخدان بە بەرنامەی تایبەت و بەرنامەی گشتی ، ئەو دەورەی ئەیگێڕن ئیجابی و بەکار بێ بۆ گۆڕانی کۆمەڵ و بەم جۆرە بەڕاستی ئامادە ئەکرێن •) •

ئەرکی ئامادەو پەروەردەی لاوان ،، ئەرگێکی گرانو گەورەیە ، بەڵام بە تایبەتی لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە ، چونکە کۆمەڵی عەرەب و بزوتنەوەکەی ڕوو بە ڕووی گۆڕانی خێرای وا ئەبێ لەوەوبیش نمونەی نەبوە ، جا ئەم گۆڕانە خێرایە زۆر ناکۆکی دروست ئەکات ، بۆیە پێویستە ئامانجی ئامادەکردن دەرك بەو گۆڕانانە بکات و بەشێوەیەکی ئیجابی و لە پێناوی بنیات نانی نوێدا ڕووبەڕووی ببێ ، تا بتوانرێ پارێزگاری بە پەیوەندی ژیان و بیرو سیستەمیەوە بکات کە ئەوە چوارچێوەی ژیان و بەردەوامیەتی و تا باوەڕی بنەڕەتیش لە ئامادەکردندا ، بنیات نانی سیاسی و کاری بەرهەم هێنانی بێ لە هەموو ڕویەکی ئەو چالاکیانەوە کە لاوان کاری تیا ئەکەن ، بە تایبەتی کارگەو کێڵگەو قوتابخانەی هونەری ، چونکە بەرهەمو زانست ڕێگای ساغی سۆشیالستی و بەرفراوانی ئابوری و کۆمەڵایەتیە کە شۆڕش مەبەستیەتی •

بڕوانە ل : ١١

لەبەر ڕۆشنایی گفتوگۆکەی هاوڕێ صدام حسین لە وەزارەتی ئیش و کاروباری کۆمەڵایەتیدا

چاککردنی باری ژیانی هاوولاتیان ڕیبازێکی ڕاست و هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەیە

سەرکردایەتی سیاسی شۆڕش لەعیراقدا بایەخێکی گەورەی بەچاککردنی باری ژیانی هاوولاتیان داوە ، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەژیانی ڕۆژانەیانەوە هەیە •

سەرکردایەتی سیاسی پەتەواوی پاڵی دایە پال جەماوەران و هۆشمەندانە گیروگرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی هەڵسەنگاندن ، لەڕۆژی دروستبوونیەوە بەتەنگ ڕەخساندنی دەرفەتی ئیشکردن و دروست کردن و داهێنان و بچڕاندنی ئەو کۆتانەوە بووە لەبەردەمیاندا ، کە وزەو خواستەکانیانی لەپێناو ژیانێکی سەربەست و سەربەرزانەدا بستبونەوە ، بەوەی کە جەماوەری ڕەنجدەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامرازێکی کاریگەرو بەکارن ، لەگەڵ بەبەرچاوگرتنی ئاراستەکەرو نەخشەکێشی وزەکانیشیان ـ کەلەسەرکردایەتی سیاسیدا خۆی ئەنوێنێ ـ لەشۆڕشگێڕکردنی واقیعی دواکەوتوو بەخشمەکانیان و بەجێهێشتنی ئەو بیروڕاو بەهایانەدا کە ئەو واقیعە دەری داون ، لەگەڵ دروستکردنی بەهاو بیروڕای نوێی ئەوتۆش کە لەگەڵ خواستی شۆڕش و مەبەس و ئامانجەکانیدا بگونجێن هاوڕێ صدام حسین لەسەردانەکەیا بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەوەی دووپات کردەوە کە پێویستە لەپێناو بەجێهێنانی ئەرکی بنیاتنانی سەربەستو

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەندی مۆسیقاژەن کاک حسین قەرەداغی

● کاک حسین قەرەداغی ساڵی ٩٤٦ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ، قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی و پەیمانگای مامۆستایانی هەر لەوێ تەواو کردوە • ماوەی دوو ساڵ لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا وانەی ووتووەتەوە، تا گواستراوەتەوە بۆ مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکان لە پەروەردەی سلێمانی بەشێوەی ڕابەری مۆسیقا • دوای ئەوە هونەری مۆسیقا بکات و گواستراوەتەوە بۆ مەلبەندی هەر بۆ ئەم بەشەدا خزمەتی لایەنی ڕابەری مۆسیقا • دوای ئەوە هونەری مۆسیقا بکات و گواستراوەتەوە بۆ مەلبەندی هەر بۆ ئەم بەشەدا خزمەتی لایەنی ڕابەری مۆسیقا • دوای ئەوە هونەری مۆسیقا بکات و گواستراوەتەوە بۆ مەلبەندی هەر بۆ ئەم مەبەستەیش لاوانی سلێمانی و بوە بە بەرتوەبەری مەلبەندی لاوان لە دەربەندیخان و ئێستاش لە بەشی هونەری ڕۆشنبیری لاوانی سلێمانی (ڕۆشنبیری جەماوەر) لە شێوەی ڕابەری موسیقادا کار ئەکات و هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی خستوتە سەردەمی تازە پێکەیشتنی پەروردەی سلێمانی بەشێوەی ڕابەری مۆسیقا بوە بە هونەری مۆسیقا بکات و لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ، قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی و پەیمانگای مامۆستایانی هەر لەوێ تەواو کردوە • ماوەی دوو ساڵ لە قوتابخانەکانی سلێمانیدا وانەی ووتووەتەوە، تا گواستراوەتەوە بۆ مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکان لە پەروردەی سلێمانی بەشێوەی ڕابەری مۆسیقا • دوای ئەوە هونەری مۆسیقا بکات و گواستراوەتەوە بۆ مەلبەندی هەر بۆ ئەم مەبەستەیش پەیوەندی زۆری بەژمارەیەك لە لاوان و هونەرمەندانەوە کردووە بۆیتك هێنانی تیپێکی مۆسیقا بۆدانانی بنەڕەتی پێش خستنی مۆسیقا لەناو لاوانی شارەکەدا •

● تەبارەی دوا ڕۆژی مۆسیقای کوردی ووتی :ـ

ـ وەکو ئاشکرایە ماوەیەکە بەشی زۆری هونەرمەندانی مۆسیقاژەن لە ئورو قۆلی هەولیان بەتەواو کەوتووەو بەردەوام لەسەر هیلاك کردندان بۆهێنانەدی باشە ڕۆژێکی ڕووناك بۆ ئەم هونەرە (کە بە گوتەی سەردەممان تاڕادەیەك نەتوانم بڵێم دواکەوتوە) هەوڵێ هونەرمەندان لەم مەیدانەدا لەم ساڵانەی دواییدا ئەنجامەکەی سەری هەڵداو گەلێك هزی پێش خستنی هانە کایەوە • ئێمەیش هەر لەم تێڕوانینەوە ڕامان وایە کە پاشەڕۆژێکی باشی ئەبێتو هەمویشی بەستراوەبە هونەرمەندانەوە ، خۆ ئەگەر بە هەولی تایبەتی بڵێی ناوچەکەیشمان ئامادە بیەکی تەواوی هەیە بۆ وەرگرتنی هونەری مۆسیقا چی لەڕوی ئامادەیی کەنەچو لاوانەوەو چی لەڕوی سروشتی تایبەتی ناوچەکەوە ، لێبرسراوانیش هەمیشە ئامادەن بۆ وەرگیری کردنو یارمەتیدان ، لیتر ئاشکرایە ئەگەر هەموو هزکانی کارکردنو هەول دان ئامادە بێت وا ئەمێنێتەوە سەر لەخۆبوردنو خۆ هیلاك کردنی لاوانو گەنجانو هونەرمەندانمان وابزانم هیچ هونەرمەندێکیش حەز ناکات هونەرەکەی لە دواوە بێت بەڵکو هەمیشە سەیری پێشەوەی قافلەی پێش کەوتنی بۆ ئەکاتو پشت بەخوا هونەرمەندانی کوردیش هەولیان بەفیرۆ ناچێ و مۆسیقا بەرەو باشترین شێوەی تازەی سەردەم ئەبەنو دوارۆژیش باشترین ئاوێنەیە بۆ هەموو هەولێك •

● پێویستیمان بە چی هەیە بۆ پێش خستنی مۆسیقاو هاندانی لاوان بۆ هاتنەکایەوە؟

ـ دەربارەی ئەم مەبەستە گەلێك پێویستیو داخوازی هەیەو گەلێك جار باس کراونو منیش وا هەندێکیان لێرەدا ئەخەمە ڕوو بەهیوای ئەوەی لە سوچێکەوە لایان لێ بکرێتەوە هەتا هەمووان بتوانین هاوبەشی پێش خستنو هاندانی لاوان بکەین بۆ هاتنەکایەی هونەری مۆسیقا :ـ

١ـ کردنەوەی پەیمانگایەکی مۆسیقا لە ناوچەکەماندا •

٢ ـ دروست کردنی شوێنی تایبەتی بۆ مەشق کردن •

٣ ـ ڕۆخان کردنی کادری شارەزای ئەم لایەنەو هاندانیان بۆ مەشق پێکردنی لاوانی هەست کەرمی موسیقا •

٤ ـ زۆر کردنو هێنانی بەردەوامی ئامێرە مۆسیقیەکان بۆ ئەوەی لاوان بەئەسانی چنگیان بکەوێ •

٥ ـ تەرخان کردنی وانەیەکیو دانانی مامۆستای تایبەتی بۆ موسیقا لە قوتابخانە ئاوەندیو ئامادەییەکاندا بۆ زیندو کردنەوەو هاندانی ئەو قوتابیانەی هەستیان لەگەڵ موسیقادا ئەگونجێ •

٦ ـ بەرەو پێدانی هونەری موسیقاو مەشق کردنی لە مەلبەندەکانی لاواندا چونکە چنگای ئاوبراو شوێنی کۆبونەوەی هەموو لاوانە چی ئەوانەی لەقوتابخانەنو چی ئەوانەیش کە لە دەرەوەی قوتابخانەن •

٧ ـ ماوە بدرێت بەو منالو لاوانەی کە حەزیان لە مۆسیقایە پێش پێشینو ئاهەنگی تایبەتی بگێڕن بۆ ئەوەی هەستیان زیاتر بجوڵێ و بتوانن حەزی خزیان دەربڕنو زیاتر خزیان ماندو بکەن •

٨ ـ پاداشت دان بەو کەسانەی لە هونەرەکەیاندا بەرهەمی باش پێشکەش ئەکەن • بۆ ئەوەی زیاتر هان بدرێنو کەسانی تریش هەستیان ببزوێ بۆ هونەرەکە •

● ـ دەربارەی بەرهەمە مۆسیقیەکانی ووتی :

ـ ئەوەتای چاوو دەستی هونەری مۆسیقام بزواندوە گەلێك بەرهەمم پێش کەش کردوەو هەمیشە مە تونری توانای خزم کەم تەرخەم نەبووم لەم ڕوەوە •

لەوانەیش لە ساڵەکانی ٧٠و ٧١ دا ئاوازم بۆ گەلێك سرودی قوتابیانی قوتابخانەکان دانا • ئاوازم بۆ چەند گۆرانیەکیو گۆرانی بێژان داناوە کە لە ئیستگەو تەلەفزیۆن ووتویانە وەکو ئاوازی گۆرانی (مەرام) کە هونەرمەند حسین کەرمیانی ووتی هەروەها ئاوازی گۆرانی (چاوت هەڵێنە) کە هونەرمەند سەمیرە نادر دەیڵێت هەروەها هاوبەشی دانانی دوو ئۆپەرێتم کردوە بە هاوبەشی مامۆستایان ولیم یوحنا و خالد سەرکار کە تیایانا پاداشتی باشترین ئاواز دانەرمان وەرگرت • هەروەها ئاوازی گۆرانی (ئازیز) کە تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی ووتیان وایش بە تەمام کە لەمەودوا چەند بەرهەمێکی تر پێش کەش بکەم بە گوترەی ماوەو ئامادەیی براهونەرمەندە گۆرانی بێژەکان •

● ئەو هونەرمەندە کوردانەی لات پەسەندن لە گۆرانی ووتنا کامانەن ؟ •

ـ هونەرمەندانی کورد بە شێوەیەکی گشتی باشنو هەرکەسەشیان بەپێی توانای تایبەتی خۆی هەوڵ پێش خستنی هونەرەکەیان داوە ، ئەو هونەرمەندە گۆرانی بێژانەیش کە بە تەواوی هەستی هونەریم لەگەڵتانابێت بریتین لە هونەرمەندی گۆرانی بێژ محمدی ماملێ کە لە ئێوان لەرینەوەی دەنگەکانیا ڕەسەنایەتی دەنگیو ئاوازی کوردی هەست پێ ئەکەم • هەروەها گۆرانی بێژی خوالێ خۆشبو حسن زیرەك کە میژوویەکی پاکی هەیە لەناو هونەری گۆرانی میللیداو پەیوەندی زۆری بەژمارەیەك لە لاوانو هونەرمەندانەوە کردووە بۆیتك هێنانی تیپێکی مۆسیقا بۆدانانی بنەڕەتی پێش خستنی مۆسیقا لەناو لاوانی شارەکەدا •

● ـ وەکو هونەرمەندێکی کورد بە چی هەیە بۆ پێش خستنی مۆسیقاو هاندانی لاوان بۆ هاتنەکایەوە؟

ـ دەربارەی ئەم مەبەستە گەلێك پێویستیو داخوازی هەیەو گەلێك جار باس کراونو منیش وا هەندێکیان لێرەدا ئەخەمە ڕوو بەهیوای ئەوەی لە سوچێکەوە لایان لێ بکرێتەوە هەتا هەمووان بتوانین هاوبەشی پێش خستنو هاندانی لاوان بکەین بۆ هاتنەکایەی هونەری مۆسیقا :ـ

١ـ کردنەوەی پەیمانگایەکی مۆسیقا لە ناوچەکەماندا •

٢ ـ دروست کردنی شوێنی تایبەتی بۆ مەشق کردن •

٣ ـ ڕۆخان کردنی کادری

لەئاسۆی شەدەبیدا

صلاح احمد

چەندو چۆن

چەندو چۆن بە تێکڕایی دیاردەیەکی ئەم سروشتە پڕ لە سیستەمو ئاژاوەیەیەو ، بە ئاسانیش باڵ بەسەر ئەدەبو بەرهەمی ئەدەبیدا دەکێشێتو دەیکرێتە خۆی • هەر بە کەمێك بیرکردنەوەش گشت ئەدیبو کشت شارەزایەکی ئەدەب دەتوانێت باری سەرنجێکی تێکڕایی لەبارەی ئەم لایەنەی ئەدەبەوە بەدەست بهێنێت •

هەندێك کەورە ئەدیبی دنیا هەن هەر بە تەنها بە یەك بەر هەمێك ناسراون و جێگای بەرزو فراوانی خۆیانیان لەم کۆڕەداو ، لەلای کشت مرۆڤایەتی کردۆتەوەو ، ئێجکار زۆر لە زوربەی ئەسانەش مەزنترو بەخشندەترن کە لە ڕووی چەندەکییەوە زۆر لەمان بەرهەمیان زیاترە •

لە دنیای ڕۆمانئوسیدا « جۆیس » هەر تەنها بە « یۆلسیس »ـەکەی توانیویەتی بچێتە ڕیزی یەکەمی ڕۆمانئوسەکانی ئەم جیهانەوە • ئەگەرچیش دوو ڕۆمانی ترو کۆمەلە کورتە چیرۆکێك و کۆمەلە شیعرێکیشی هەیە •

بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆمانئوسێکی تری هەرە مەزنیشمان هەیە ، کە بە پێچەوانەی « جۆیس »ـەوە زوربەی بەرهەمە زۆرو زەبەندەکەی لە لای خەڵکی ئاسراوەو لە ناو ئەدیبانیشدا جێگایەکی بەرزی هەیەو ، هەر کەسەش یەکێك ، یان زیاتر لە بەرهەمەکانی لەوانی تر بە باشتر دەزانێتو بایەخی پێدەدات ، ئەویش : « دیسترێنقسکی »یە •

لە بابەتی یەکەم : « کازانتزاکیز » بە « زۆربا »کەیو ، « کامز » بە « غەریب »ـەکەیو ، « باربۆس » بە « دۆزەخ »ـەکەیو ، چەندانی تری وەها •

لە بابەتی دووەمیش « هەمەنگوای »و « مۆرافیا »و « مالرۆ »و « بەلزاك »و •• هتد •

ئەمە لە شیعرو گشت جۆرە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تریشدا هەر وایە • جا ج لە ئەدەبی بێگانەدا بێت ، یان لە ئەدەبی عەرەبی ، یان کوردی بێت •

لە لایەکی تریشەوە هەندێك هەن بەرهەمێکی ئەمەتە زۆرو بۆریان هەبووەو هەیە ، ئەگەر بە گێشانە ، یان بە پێوانە لەگەڵ بەرهەمەکانی گشت ئەم داهێنەرانەدا بەراورد بکرێن ، هێشتا هینەکەی ئەوان قورسنتر ، یان زلترن •

ئەم بابەتە ئەدەبو ئەدیبەش لەبەر ئەوەی جێگای خۆیان لە دلی هیچ کەسێکدا ناکەنەوەو ، لەوە ناچنە دەر کۆمەلێك خەڵکی ساویلکەی ناهوشیار ، یان لە باشترین حالەتدا قوتابیانی قۆناغی ناوەندی بیانخوێنەوە ، بۆیە ناویان بە بیری کەسدا نایات •• بۆ نموونە هەردوو « ئەسکەندەر دۆماس » ـ باوك و کوڕ •

ئەنجام : ئەدب نە بە زۆرو بۆرەو ، نە بە کەمو بۆرە ، بەڵکو گرنگی هەرگیز لە چەندەکیدا نییەو ، بایەخ تەنها هەر بە چۆنەکی دەدرێت لە بەرهەمی ئەدەبیدا ئەگەر مەبەستەکە ئەدەب بێت •

بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستی تربێت ، ئەوا ئەوساکە ئەدەبەکە هەر گرنگ نییەو ، تەنها هەر هۆیەکە بۆ دەستخستنی شتەکەی تر ، جا پارە بێت ، یان ناوبانگ ، یان هەر شتێکی تری لەم بابەتە بێت •

وشەلنگەوقوچەکان وچەندتێبینیەك

لە لاپەڕە (١٢)ی ژمارە (٦)ی پاشکۆی عیراقی ڕۆژی ٢١ـ٨ـ١٩٧٧دا مامۆستا ـ ناکام ـ توتارێکی بەژێر ناوی (وشە « لنگەوقوچ »ەکان) بڵاوکردۆتەوە •• چەند بیروڕایەکی دلسۆزانەی بەرامبەر هەندێك ووشە دەربڕیوە کە لە کوردیدا بەکاردێن •• مەبەستە تشتی یەکەشمی پێرۆزبووە • بەم بۆنەیەوە منیش لایەنگیری مامۆستا دەکەم کە بێویستە چاوێکی وورد بەو ووشانەدا بخشێنین کە ئوەان لەڕەسەنو ڕاستیەکەیان دایە •

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك تێبینی بچووکیشم لەسەر نووسینەکەی م• ناکام هەن وا دەیانخەمەڕوو ، هیوادارم سوودبەخش بن •

(١) دەربارەی ووشەی «داهاتو» مامۆستا دەفەرموێت : (وشەی (داهاتو) پێکهاتوە لە کردەی (هات) کە ئامرازی « دا » وە پاشگری « و »ی خراوەتە سەر) ••

ـ مەبەستی لێرەدا ئەوەو ووشەیە کە بەرامبەر «مستقبل»ی عەرەبی یە ـ

● جارێ ئەو « داهەی کە لەم نموونەیەدا هاتووە ئامراز نیە ، بەڵکو پێشگرە • جیاوازیش لەنێوان ئامرازو پێشگردا زۆرە •

لە شوێنێکی تر دەڵێت : (وشەکانی هات ، کەوت ، تەبیو مرد ، کاتی پێشگری « دا »یان بچێتە سەر واتاکانیان دەگۆڕێو لە کردەیێکی ئاسایی یەوە دەیانکا بە قەومانێکی چاوەڕوان نەکراو •• « شەو هات » ڕستەیەکی ئاسایی یە ، بەڵام « هێشتا زۆرم مابو ، شەو بەسەردا هات » واەدەگەیێنی کە ئەم هاتنە کوتوپڕبووە) •

● ڕاستە لکاندنی پێشگری « دا » بە فرمانەکانی (هات ، کەوت ••• تد)وە واتاکانیان دەگۆڕێت ، بەڵام لە کردەوەیێکی ئاسایی یەوە نایانکات بە قەومانێکی چاوەڕوان نەکراو هەروەکو م• ناکام فەرموویەتی •

جگەلەوەش مامۆستا هەڵەیەکی گەورەی کردووە کە نموونەی (دا هات) لە (شەو بەسەردا هات)دای بەراورد کردووە بەو (داهات)ەی لە سەرەوەی باسەکەدا هێناویەتی، چونکە ئەم دووانە یەکنین •• (دا)ی ووشەی (داهات) پێشگرەو بووەتە پارچەیەك لە فرمانەکە ، کەچی (دا)ی (دا ـ هات) ئامرازە تەواوکەری (بە •••)یەو پەوەندی بە فرمانی (هات)ەوە نیە •

لە شوێنێکی تریش دەفەرموێت : (ئەمجا باشگری « و » کە بلکێ بە وشەوە لە روداوی نیستاو درێژەپێدراوەوە ئایکات بە کردەیێکی تێپەڕیو « مەبەستی نووسەر رابردوویە » • ئەشمیبستووە باشگری (و) ئەم کارە بکات • نموونەکانی مامۆستاش چەوتنو مەبەستەکەش نا ئەیەنن، چونکە (داهات) لە (ئەریتی تازە داهات)دا فرمانە (فرمانی رابردووی ئاسایی یە) ، کەچی (داهاتو) لە (ئەریتی تازە داهاتو)ودا ناوی بکەرە تەواوکەری (تازە داهاتو) ئاوەڵناوی (ئەریت)ەکەیە • ئەم نموونەیەش ڕستەنیە چونکە فرمانی تیدا نیە ، کەچی نموونەی یەکەم ڕستەی تەواوە • هەمان شت بەرامبەر (کابرا دانیشت)و (کابرای دانیشتو) • (دانیشت)ی یەکەم فرمانەو •• (دانیشتو)ی دووەم ناوی بکەرەو ئاوەڵناویشە لە هەمان کاتدا •

(٢) بە بیروڕای من : هیچ پێویستەنەبوو مامۆستا ناکام بەو کەسە بڵێت (خواترتو) کە بۆ یەکەمجار ئەم ووشەیەی بەکارهێناوە •• بەڵکو بەو پێویستە سەردەمو بێشکەوتنو ڕێگاپێدان ڕەچاوبکرێتو ، لای من هەرکەسێك کارێك بکاتو دڵسۆزێت لەکارەکەی خۆیداو مەبەستی چاکە بێت بێویستە ڕێزی لێ بگیرێت •• بەتایبەتی لەسەردەمێکی کۆنو بارێکی تەسك دا •

دوایی من لە مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو سەرهاتە نەگەیشتم کە مامۆستا لە کۆتایی باسی ووشەی (داهاتو)دا گێڕایەوە ، هەروەکو من بۆی چووم مەبەستی ئەوە بووە کابراکە ئەیویستوە پیاوە نیوخنکاوەکە ڕزگاربکات ، بەڵکو مرۆڤێکی تر پالەکی بێوە ناوەو کەوتۆتە ناوەوە !

لامڕایە ئەدەبور ئەم نموونەیە بهێنرێتەوە ، چونکە ئەو دڵسۆزیە ناگەیەنێت کە م• ناکام لە سەرەتای باسەکەیدا ئواندویەتی •

(٣) لە توژینەوەی ووشەی « پێشکەش »دا بیروڕای نووسەر ئەوەیە کە هەندێك ووشە هەن (فارسی)ن و لە کوردیدا بەکاردێن •

● من لەگەڵ بیروڕای مامۆستادام کە هەتا ووشەی کوردی پەتی هەبێت ناهێنت ووشەی بێگانە بەکاربهێنین •• بەڵام پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە کوردیو فارسی لە بنەڕەتدا زمانی ئێرانین ، بێشتریش زمانی ئارین• جا مەرجنیە هەرووشەیەکی لە فارسیدا بەکارهات ئیتر هەقی کورد نەبێت بەکاری بهێنێت •

(٤) دەربارەی ووشەی (زانست) مامۆستا لە شوێنێك دەفەرموێت : (لە زاراوەی کوردیدا وشەکانی زانینو فێربوونو خوێندنو تێگەیشتن ئەوەندە تێکەڵاوو لێك ئالاون کە جیاکردنەوەیان ماندوبونێکی هەروەزی بێویستە) •

● من دەڵێم : بەم جۆرەش نیە ، چونکە ئەگەر وابێت دیارە هاوتانو پێویستناکات لێك جیابکرێنەوە •

هەروەها دەفەرموێت : (کوردی نوسەکانمان کە خوێندنەکەیانە) بەرامبەر بە دەزمایەی نوسینیان عەرەبی ووشەکانی « زانینو فێربوونو خوێندنو تێگەیشتن » (کۆڵێك وشەی « عیلم ، معرفە ، ئەعلیم ، تەربیە ، فەهم ، ئیدراك » دەخەنە بەردەمی خزیانو لەجیاتی ووشەی پێویست چاوەیان دەقوچێنن و هەڵمەق مەڵمەق •• وشەیێکی کوردی هەڵدەگرنو دایدەنێنو ئیدی ئەواو) •

● من دەڵێم کورد کە خاوەنی ووشەکانی « زانینو فێربوونو خوێندنو تێگەیشتن »ە ، زۆر باش واتاکانیان دەزانێتو ڕاستیش بەکاریان دێنێت ، بەڵام کە هەندێك جار بە چەوتی بەرامبەر هاوتا عەرەبیەکانیانی دادەنێت، ئەوە وا دەئەیەنێت کە واتای (عەرەبی)یەکان بە باشی نازانێتو •• ئەمەش هیچ شەرەمی تیدا نیە •

(٥) مامۆستا دەفەرموێت : (وشەی (پێزوەردە) لە هیچ ناوچەیەکی کوردستان بەکارنەهاتوەو هیچ کوردێك ناڵێت بەروەراندم ، یا دەیبەروەرێنم یا بەروەراندویانە) •

● من دەڵێم ، ڕاستە ئەم سێ ووشانەی دوایی بەکارنەهاتوون ، بەڵام (بەروەردە) ووشەیەکی کوردیەو (بەروەردەبوون)و (بەروەردەکردن) زۆر باوەو باویش بووە ، ئەگەر نزیکی ووشەی (بەروەرش)ی فارسیش بێت ئەمە وا ناگەیەنێت کە لە فارسییەوە وەرگیراوە •

لە کۆتاییدا دووبارە هەستی مامۆستا ناکام پەسندەکەم ، هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوبێت • سوپاس بۆ خوێنەران •

پۆستەی ڕۆشنبیری

خوێنەرانیش بیروڕای خۆیان هەیە

● پێویستە مرۆڤ لە شوێنێك ئەوەستێت بەلکوو بێویستە لە بیروڕاو بیرکردنەوەدا فراوانتر بێتو بەرەبستێت ، ئەم پەرەسەندنەش ، خۆی لە خۆیەوە ڕوونادات •• باشترین ڕێگاش خوێندنەوەی کتێبە کە بە هۆیەوە شارەزای کەلەپوورو ڕۆشنبیری دەبێت ، ئایێمیش لە خوێندنەوەدا هەریەك جۆرە کتێب بخوێنرێت • بەڵکو بێویستە جۆرەها کتێب بخوێنرێتەوە ئەگەریش چی ڕاتیش لەگەڵی ئەگونجێتو ، ئەگەریش کتێبەکە باش بوو ، ئەوا ئرخی ئەو کتێبە دەزانرێت ، چونکە ئەو کەسەی کتێبی چاك دەخوێنێتەوە وەکو ئەو ئەخۆشە وایە خواردەمەنی چاك ئەبێت هی خراپ ناخوات ، بە پێچەوانەی مرۆڤی لەش ساغەوە کە خۆی لە هەموو خواردەمەنی یەك دەدات • بۆیە من هەندێك کتێبم خوێندۆتەوە ، ئامۆژگاری کەسانی تر دەکەم کە ئەوانیش سوودی لێ وەربگرن وەکو بەرهەمەکانی جەبران خەلیل جەبران ، مەکسیم گۆرکیو ، ڕۆمانی (ئەتیلا)ی ڤۆهلو کتێبەکانی سەلامە موسا !

خالد طاهر قادر

هەولێر

● هیوادارم هەمیشە ئەمڕۆژنامە خۆشەویستەمان سەر کەوتوو بێتو گەرمترین ڕێزو سلاوم هەیە بۆ ئەندامانی ڕۆژنامەکە •

بۆ زانین : ئەمەیان یەکەمین نوسراوەمە دێتە خزمەتتان • دەمەوێت بەکورتی پرسیارێکتان ئاراستەبکەم •

من باوکی خوا لێ خۆش بووم ژمارەیەکی زۆر هۆنراوەی هەیە ، لەبەر کەم دەرامەتی ئیستام ناتوانم چاپی بکەم ، لە سەر بڕیاری بەڕێزتان دەمەوێت ئەم هۆنراوەش بە یارمەتی ئێوە بناسێنین بە ئەتەوەی کورد ، بە بلاوکردنەوەی هەندێ لە هۆنراوەکانی • منیش چاوەڕێی وەڵامی پەرێزتانم •

فاتح ابراهیم

شارەزور

ـ بڕا گیان ، هۆنراوەکانمان بۆ بنێرە ، ئەوەی بە کەڵکی بلاو کردنەوە بشمێت ئیمەش درنگی لێ ناکەین •

هۆنراوە

● کاك نیاز حسن جاف ـ هەولێر :

لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شاعیرێکی عەرەبی هاوچەرخدا ، لە ئۆقارێکی عەرەبی دا بلاوکرایەوە ، گوتی شیعر یاخی بوونە لە یاسا ، بەڵام کام یاسا ؟ یاسای چەوت •• یاسای ڕزیو ؟•

واتە ، بە شێوەیەکی تر ، شیعر پێویستە ئۆڕازێك بهێنێتە دی کە ئەم ئۆڕانەی ون کرد نایێت بە شیعر •

بگەڕێوە بۆ هۆنراوەت « نازدارەکەم •• هەر بەدواتم »و هەموو نیشانەکانی بە فێڕۆدانی مرۆڤایەتیو بکە •

Institut kurde de Paris

موناسەبەت لەشیعری کوردیدا

نومید گاکە رەش

بیگومان موناسەبەت‌دەورێکی گەورەو گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا . کە کار بکاتەسەر هەستو بیرو هۆشی .. ئنجا ئەگەر ئەو کەسە بەهرەیەکی هەبێت وا ئەو موناسەبەتە دەبێتە ئیلهامێکی کتوپڕی‌و ئەو هەستەی کە جوڵاندویەتی دەری دەبڕێت.. بە شیعر بێت یان چیرۆك یان نووسین .

زۆر لەو موناسەبەتانە بەلگەی پڕسوودو بە نرخ دەدەن بەدەستەوە کە جۆرەڕوشنایەکی وا بخاتە بەرچاوو کە بتوانرێت هەندی نووسینی‌بایە خداریان لەسەر بنووسرێت وە مەبەستێکی‌تایبەتی روون بکرێتەوە جا ئەو مەبەستە بەیوەندی هەبێت بەسەر خاوەنەکەیەوە ئەوا زیاتر تامو چێژی بەرهەمەکەی‌خۆش دەکات وە زیاتر خەلکی گیرەوەدەی دەبێو هەلئەسکێنرێت . وەئەگەر پەیوەندی هەبێت بە کەلو نیشتمانەوەئەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژووی بەنرخو کەلکی لێوەردەگیرێت .

زۆر جار کە شیعریك یان‌چیرۆکێك دەخوێنیتەوە یەکەو ڕاست ئەو دیمەنە دێتە بەرچاومان کەلەو کاتەدا بووە کەئەمە دەمان خاتە باوەشی‌مێژوو وەژیانی ئەو سەردەمەوە زۆر بابەت هەیەلەکاتی خۆیدا بەهێزی موناسەبەتەوە وتراوە . بەلامدیاری نەکراوە لەبەر ئەوە بەرهەمەکە شێوەیەکی ئاسایی‌وەرگرتووە .. بەلام کات‌و دیمەنو باسەکەی پاراستوە .

کاتێ کە هەلبەستەکەی‌بیرەمێردی مەزن دەخوێنیتەوە .. یان گوێت لە ئاوازەکەی‌خوالی خوش‌بوو مامۆستا رەفیق چالاك دەبێت .

« دوو ئاواتەکەی شوێن‌ماڵەکەورە » .

جوانترین دیمەنوڕەوشت‌و دەستەلات‌و خۆش گوزەرانی خێڵی جاف دێتەبەرچاومان وەکو فلیمێکی سینەما لەباشدا بەسەر هاتی‌نەمان‌و دەستەلاتیان دەخاتە بەرچاومان .

لەشیعرەکانی مامۆستا(گوران)دا ئەوە دەکەوێتە بەرچاومان کە زمانی‌بەسروشت کردووەو جۆرەها دیمەنی رەنگاو رەنگ لەپێش‌ماندا وادەنێت . کە بە ئەواوی هەستی پێ‌بکەین‌وەلەشیعرە نیشتمانی‌و کۆمەلایەتی‌و دلدارەیەکانداتەواو هەستی بەسەرهاتی ئەو ڕووداوانە بە سەرماندادەچەسپێنی کە خۆمان لەوگاتەدا ببینینەوەو هەست‌بەئێش‌و ئازارەکان بکەین . وەکە شیعری شاعرەکانی‌ترمان دەخوێنیتەوە لەم هەستانە بە دەرنین بۆیە زۆجار هونراوەکە یان چەند دێرک لەبەرنەکەین .

وە ئەگەر باسێکی‌موناسەبەتەکە بزانین ئەوا زیاتر بەرهەمەکە خۆش دەبی.چونکە زۆر بەسەرهاتی دل تەزین بەسەر شاعرەکانماندا هاتووەو بەشیعر دەریان بڕیوە ..

بەلام زۆر موناسەبەت‌وڕووداو هەیە کە تا ئێستا ئاوریان لێنەدراوەتەوەو بەخواری ئەدەست چوون . وە دەستە وەستان بۆ ئەم کارانەزیاتر ئەمان خاتە گێژاوی بیر لێچونەوەو زیاتر بابەتمان لەکیس دەدات . هەوڵدان بۆ ئەم کارە بێسوودو ئەنجام‌نابێت .

« حەمدی ساحیب قرانی‌شاعیر » لە مانگی ڕەمەزاندا لەشاری سلەیمانی دەربەدەربێت لەدەست حوکمرانی ئنگلیزەکان . وە لای‌ناسیاویکی لەگوندێك دەمێنێتەوە ئەو ماوەیە .. ئێوارەیەك لەگەل ناسیاوەکەیدا دەچنە سەرپانی خانووەکەیان‌ودانەنیشن کە بەسەر ئاوایەکەدا ئەڕوانن . دەبینین کۆمەل .کۆمەل . خەلکی ئاوای وەستاون‌و تەماشای ئاسمان‌دەکەن « حەمدی » شاعیر بۆی دەردەکەوێت کە بۆ مانگ‌دەگەرین کە بیکەن بە جەژن .

لەو کاتەدا کچێکی جوانی‌نەشمیلانە بە بەردەمیاندا دێت‌و هەستی حەمدی‌ئەجوڵێن بەسەیرکردنی . وە حەمدی ئەڵێت :

مانگی ڕەمەزان هاتنی ئەوەل‌من بە شەوم دی
هەتا ڕۆژی لە بەر مەستی‌وەهام زانی کە خەوم دی
بۆ مانگ ئەگەران خەکی‌منیش ئەبروی یارم
دی‌وچوم وتم قازی بە حەق‌ماهی ئەوم دی

وە صالح زەکی بەکی‌ساحیب قران .. لە دواژیانی تەمەنی‌دا وینەیەکی خۆی‌ناردوە بۆ شێخ زەینەدین ئەقشبەندی‌و ئەم هونراوەی‌لەپشتی ڕەسمەکەی نووسیووە ..

بڕوانە ل : ۷

دەستی ڕۆژگارو ویندیدکی‌تری خۆشەویستی

نووسینی : هوشیار سیوەیلی

هەستو ئارەزووەکانی خۆی لەناو جاوی ئەمدا دەتواندەوە ، هەر یەکەیان ئالای جۆرە بیرێکیان لەسەر بانی دەروونیاندا داکووتا .. ئەم ئاڵوێدی .. ئەو خۆشەویستی !! بۆیە ئەم سکاڵاکانی لەدەروونی خۆیدا بەرەو ڕووی ڕۆژگار دەکردەوە :

« دەڵك دەورانت بڕووخێ! چۆن دڵت هات دڵو خواستو ئارەزووی لاوێکی وەك من گۆڕکەیت » .

سەیرێکی کردەوە .. بینی تا ئێستاش قولایی چاوەکانی لە دەریای چاوەکانی ئەم دایاری دەکات .

ئەویش کەرتە دووان لەگەل خۆیداو کلانەی جۆرە خەیاڵێکی نوێی تری شی‌کردەوە :

« ئەویان فت !.. ئەم قۆزترە .. بەلام ئاخ !! من‌و تۆو تەنیا ساتێکی خۆشەویستی » ئەمجارەشیان سەیری کردەوە .. وەکو تێی بگەیەنێ :

« کچێ بەس سەیر کە .. دوایی کاڵەك بەئەژنۆی خۆت دەشکێنی .. زۆری تر بوون بە داومەوە .. بەلام تۆش هەمان ئەنجامیانت دەبێ » .

بەلام چی‌بکات .. دڵی بەخۆی دادەما .. بەهەمان جۆری جاران بێ‌ئارامی دایگرتەوە .. شەپۆل‌و لافاوی ووتەش دڕی بەو بەربەستە ئەدا کە دوو ساڵە بە خۆ ئەکردی بۆی دروستکرا .

ئەویش بەهەزارەها جۆر باس‌و خواستو خەیاڵو ئارەزووی خۆی لێکدەدایەوەو هەرجارەی بەجۆرێك .. خۆی زۆر خۆش دەویست چونکە باڵندەی دڵی بووبوو بەداوی خۆشەویستی ئەمەوە .. دە بناغەی کۆشکی کامەرانیەکی هەتا هەتایی بۆ خۆی پێکەوە نا .. هەزارەها تف‌و ئەعلەتی دەنارد ئەوەی پێش ئەم .. بەلام ساویلکەیە !!.. جوزانی وەکو کوردەکە لەجەژنەکەی هەردوولا دەبێت .

بۆ ڕۆژی دووایی .. وەکو هاتبنە جێ زووانی یەکتری.. لە هەمان شوێندا دێتیەوە ، وەکو نێچیری خۆی دەسکەوتبێ ، شوێن پێکانی هەڵدەگرت . ئەو وەستاو ئاوڕێکی دایەوە .. ئەمیش خێرا جڵەوی هەنگاوەکانی توندکردو .. وەستا .

ئەو کەوتەوە ڕۆیشتن .. ڕۆیشت ، تاچووە سەرکورسی یەکی ئاو باخچەکە دانیشت . ئەوەخەتەیەك گرتی ، وەکو کاتێکی بە ئەقڵی ئەم بێت ، ئەمەیان کاتێکدا چەندەها خۆزگەی هەڵدەخواست !.. بەلام چی‌بکات ، کە .. هەزار خۆزگە بوونیك ناکەن ؟!.

ئەمیش دەستی کردەوە بە هەنگاوەکانی لەسەرخۆو خەست بوو ئاواتو ئارەزووی خۆشەندی .. نزیك‌بووەوە .. نزیك تریش .. تا چووە سەرهەمان کورسی کە ئەوی لێدانیشت .

پاش ماوەیەك خامۆشی.. زانی کەقسە ناکات بۆیە ئەم ویستی پێشتر .. دەروازەی ووتە بکاتەوە :ـ

ـ ئەم کاتەت شاد

ـ .. ..

ـ بۆ وەلام نادەیتەوە ! لەکاتێکدا کە کۆتری خۆشاویستی دەرووتم لای تۆ بەندە .. بۆیە بێ هیچ سڵەمێنەوەیەك لات دەوێیت .. کەمن زۆرم خۆش دەوێیت .. بگرە لەخۆم زیاتر .

ـ .. ..

ـ ڕای خۆت بەبەدەستەوە؟!

ـ .. ..

فرمێسك لە چاوەکانی داقەتیس ماو هەڵی دایەوە :

ـ کوڕی ئاسمان ، من لەبەر تۆ خۆم سەرگەردان کرد .

ئەویش بێزاری تەنگی پێهەڵچنی .. خۆی خۆی دەخواردەوە .. سەری دنیای

بڕوانە ل : ۱۱

دەنگی

محمود زامدار

منالو ... ئەدەبیات

● **منال ـ بەتیکرایی ـ : شارەگەو بەردی بناغەی بۆلاڕێژکراوی کۆمەڵو ژیانو پاشەڕۆژە ..! گەر مرۆڤایەتی منالی‌نەبوایە ، پێرەوکەی نەکردایە ، چۆن وا شارستانیەتەکەی گەورەو بەرگوشادتر ئەبوو ، ئەگەیشتە ئەم پلەو ناستە هەرەبەرزە ..!؟**

● **هەزاران جیهان لە نێو ئەم جیهانە گەورەیەی ئێمەدا هەیە ، بەلام ئایا چ جیهانێ بەقەد جیهانی منالان بەداوودڵو پاکو تەرچکە ..؟! سەیرنیە ، گەر سەرجەمی فەلسەفەو ڕێبازەکانی ئەملاوئەولای دنیا ، دەرکیان بەدەوری هەرەمەزنی ئەم قۆناغەی مرۆڤایەتی کردبێو بەوردیو بەشێنەیی چووبێتنە بنچوبناوانی جیهانە پڕ لەوەنەوشەکەی ... هەر لەپەروەردەی کۆنی گریکەوە بگرە ، تا دەگەیتە ئەوروپای چاخی سەرهەڵدانو سەرەتای شۆڕشی فەرەنساو ژانژاکڕۆسۆو تا پەستالۆزیو فروبڵو ئینجا فرویدو قوتابخانەو شاگردەکانی ، لەپاڵ سەدەها کەس لە پیاوانی سێکسۆلۆجیو سایکۆلۆژیو پەروەردەیی وەکو : ئارسەر گیتس‌و ڕۆبەرت شەلمان ، کە لەبارەی منالانو جیهانی منالانو پەروەردەی منالانو ئەم قۆناغە هەرەناسکە دواون ، تا لە ئەنجاما بەردی بناغەی زانستێکی وەکو : (سایکۆلۆژیای پەروەردە)ی لێ‌ڕسکاوە ، کە بەڕاستی : بەیەکێ لە زانستە هەرەبەنرخەکانی ئەم چەرخی تەکنۆلۆژیایەو (پەروەردەی‌نوێ) ئەژمێردرێ ...!**

● **لەلای میللەتانی جاوکراوەی هۆشمەندا ـ بە تایبەتی بەرەی سوشیالیزم ـ بەر لەوەی بایەخ بە پورغیو تراکتۆرو کێڵگەو مەڕومالاتو خەرمانو گوڵو ئاسمانو شاخو بیابان بدرێ ، بایەخی هەرەدیار بە منالانو بە پەروەردەی منالانو بەزمانو زانستو ئەدەبو هونەرو هۆشو جیهانی منالان ئەدرێو جۆرەها نەخشەو پرۆژەو پلانی (پێنجینە)و (دورەمەودا)ی بۆ ئەڕەخسێنرێو بلیۆنەها دیناری بۆ تەرخانو خەرج ئەکرێ ، هەزاران تواناو بەهرەو کەسی بۆ ئەخرێتەکار .. ئێزگەو.تەلیفزیۆنو گۆڤارو فلیمو ڕۆژنامەی منالان ، نمایشو یاریو شانۆگەریو ئۆپەریتو ئۆپیراو بلیاتشۆی منالان ، فلیمی کارتۆنی منالان ، ئامیلکەی منالان ، هونەری بووکەـ شوشەی منالانو هەمو شتێکی منالان ..! نە خەمساردی هەیەو نەسل‌کردنو نەبێ‌باکی ...؟! جێگەی سەرسوڕمانیش نیە ، گەر دەیەها هونەروەرو کەلەئەدیبی وەکو (لیۆناردۆ داڤنشی ـ تۆلستۆی ـ ئەناتۆل فرانس ـ دیستۆیفسکی ـ راسکین ـ زکریاتامر ـ ... تاد) بایەخیان بە قۆناغی ساوایی قارەمانی نێوچیرۆکەکانیان دابێ، نابەلکو هەندێکیان‌هەر بەتەواوی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردبێ ...! هەر لەم پێوداناگەوەیش جێی واق‌وڕمان نیە ، گەر شۆڕشی (۱۷) تەموز بەسەرکەڕمیەوە بایەخ بەم کەرتە هەرەبنەڕەتیەی بنیادنان بداتو دەزگایەکی لەباری وەکو (مجلسی‌و مزمار)ی بۆ بخولقێنێ ..! ئەلێن : ئێستا (کتێبخانەی منال)ی سەر بەئیدارەی ناوخۆی بەغدا ، بڕێتی‌یە لە (۱۷) هەزارو (۸٦۰) ئامیلکەو کتێبی سەر بەمنالان ..!!**

● **لەلای ئێمەش‌دا ، سەردەمانێکە ئەم بابەتە هەرەمەزنە ، لەسەر دەستی وەچەی یەکەمی جوڵانەوەی ڕۆشنبیریمان هاتۆتەکایەو دەمێکیشە هەست بەم لێ‌پرسینەوەیە کراوە ، خامەی ڕەنگینی (عبدالواحد نوری ـ شاکر فتاح ـ زێوەر ـ نجم‌الدینی مەلا ـ پیرەمێرد ـ بێکەس ـ ڕەزی قەزاز ـ حوزنی ـ عمر عبدالرحیم ـ گیو ...) لەم بوارەدا ئاشکراو دیارە .. هەوڵی بەجەرگانەی شاعیرو نووسەرانی وەکو: (هەژار ـ کاکەی‌فەلاح ـ ع.شەونم ـ گۆران ـ کامەران ـ نوری علی امین ـ شوکر مستەفا ـ حەمەی مەلا کەریم ـ فەریدون علی امین ـ جمال نوری ـ عوسمان هەورامی ـ سالح علی ـ فازیل قەفتان ـ مدحت بێخەو ـ ڕەزاشوان ـ محمد رشید فتاح ـ جازا علی امین ...)و چەندانی تر مایەی دڵنیاییمانە .. ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانیشە ، ئەوەیە کە تەنیا بەرهەمەکانی ئەم بابەتە زۆربەی زۆرینەی هەر شیعرو بە شیعر بوە ـ لەبەر گەلێ هۆ ! ـ بەشێکیشی فۆلکلۆرو حیکایەتی فۆلکلۆری .. کەچی کەمتر بایەخ بە چیرۆکو چیرۆکی وەرگێڕاوو هاوچاخ دراوە ... بەلام هەرچۆن بگیرێ ، هەر بەباشیو بەچەندین کۆششی سەرەتاییو بەنرخ ئەرمێردرێ ..! .. با تا ئێستاش تەنیا یەك تاقە لێکۆڵینەوەی خێراو کورتیشمان لەم بارەیەوە هەبێ کە لەمدوایی‌یە کاك (حەمە ڕەشید)ی چیرۆکنووس ئەم باسە بەتامەی بۆ ڕەپێش کردین ، هەرباشەو هەر جێگەی دڵنەوازی‌ی منالانی‌زیرەکو خوێنشیرینی کوردو جوڵانەوەی سەرفراز ، ڕۆشنبیریمانە ..! جگە لەمەو ئەوەی من ئاگام لێ‌بێ ، چەند کۆششێکی بەنرخی هەنێ لە نووسەرانی کورد دراوەو گەلێ کتێبو ئامیلکەو کۆمەلەچیرۆکی وێنەدارو**

بڕوانە ل : ۱۱

هەرزەکاری لەئەدەبدا

ـ شێرزاد عبدالرحمن ـ

هەلبەتە لە ڕێبازەکانی ئەدەبدا گەلێ قۆناغی جیاجیاهەیە ، « هەرزەکاری » یەکێکە لەو قۆناغە ئەدەبی‌یانەی کەدێتە پێشەوە کە نووسەر لە تەمەنی دەست پێ کردنو نوقلانەبوونو سەرگەرمی‌دا دوچاری ئەو تەوژمە ئەبێتەوە، کەورەترین بلێمەتێکی ئەدەبی ناتوانێ لەو تەوژمو شالاوە وەیشومە ڕزکاری‌بێو بای خۆ بە هەندزانینو لاف‌لێدان لەسەری نەدات .

بۆیە سەیرنیە کە ـ برنادشۆ ـیەکی وابلێمەت لەکاتی بلاوبونەوەی یەکەم نووسینی‌دا ئەم هەوای خۆیف دانە دابێتی لەسەری‌و جێی هیچ سەرسوڕمانێکیش نیە کە ـ گۆرکی ـ بەو دڵە گەورە ئەدەبیەوە زیاتر لە دەشەو بەرامبەر بە بلاوبونەوەی یەکەم چیرۆکی ئیشکری کردبێو ، « هۆگۆ »ش لەو قوناغەدا بسکەی سمێڵی هاتبێ !. لە وڵاتی ئێمەشدا کە نووسەرێ ، کورتە چیرۆکێ ئەنووسێ « تۆلستۆی » بە سەبانی خۆی نازانێو ، شاعیرەکەش کە لە کۆڕێ شیعرێ ئەخوێنتەوە ، بێ دو دڵی‌نە لۆرکاو نە نیرۆدا ، بە کارەکەریش ڕاناگرێ . ڕاستە هەرزەکاری لە ئەدەب جیا نابێتەوە ، بەلام سەیرتر لەوەدایە زۆرکەس بەدزێی ژیان ، نەك تەنیا قۆناغێ ،لێی جیانابێنەوەو تا دواهەناسە هەرزەکارانە ئەڕوانێنە ئەدەبو ژیان .

★

پشتەوەتان دەریایە

نەوازد ڕەفعەت

ـ هەمەرو ڕۆژێ ، بەردێ بخەوە ناو تەنەکەیەکەو هەموو بەیانیەکیش پێش ئاوەی بچیتە قوتابخانە ، کوڕێ ئاوەد ، کە تەنەکەکە پڕبوو ، گوڵەکانیش گرانەوە ، باوکت دێتەوە ! ل ۱۵۲ ـ ل ۱۵۳ .

ووشەکان لەکاتی تێهەڵکێشبوونو ڕێزبوونیاندا وردە وردە ئەتبەن بەرەو کۆتایی ئەو شەوکارەی هەتاوی لەدواوە هەڵدێ : « بەلام ئەو کێتی‌یەی تامی خەونی کردبوو ، ئەمجارەیان داچڵەکی ، مناڵو تەیرو هەژارەکان ڕوویان‌کردە تەنەکەکانو دەست بەبەردەوە ناماده ڕاوەستان . » ل ۱۵۷ . ئاوایش کۆتایی بەچیرۆکی ڕەشەبای لین‌دێنێ : « دەستی کرتەو پێش خۆی‌دام منیش سەری ڕەزامەندیم داخست. پێش ئەوەی دەرگا لەدوای خۆمان داخەین کوڕژنی ڕەشەبایەکم کەوتە بەرگوێ . » ل ۱۵۰ .

چەند پاڵەوانێکی ئەم کورتە چیرۆکە ، گێژاوی نوشوستی‌و شکستی لوولیان‌ئەدا بەلام سادی‌و مازۆشی‌نین ئەوەیش لە چیرۆکی (پشتەوەتان دەریایە)دا دەرئەکەوێ : « شەکەت‌بووە . لەم ڕۆوە هەرخوو ئەواتە تەمەلی ڕاکشان . ئەچێتە جایخانەو لە مەیخانە بیسەکاندا ئەخواتەوە . ژن دێنێ پاڵی‌لێ ئەداتەوە . لەچارەنووسی سیزیف‌و شەرە دۆڕاوو خوێناویەکان دوورئەکەوێتەوە ، گوێ لە دەنگ‌و باس ناگرێ . ڕۆژنامەیش ناکڕێ . » ل ۹ .

ئەم کومەلە کورتەی چیرۆکەی ـ مۆنس الرزاز ـ ڕاستگۆیی تێدایەو سوودی لێ‌وەرئەگیرێ .

مۆنس الرزاز ، لە چەند چیرۆکێکی ، کۆمەلە کورتە چیرۆکی ، پشتەوەتان دەریایە دا ، بینایەکی نامەعقوڵی لەسەر بناغەیەکی مەعقوڵو واقیعی بنیات‌ناوەو چیرۆکەکانی لە شیعرو خەون نزیك خستۆتەوەو تیکەڵی (سێکس)ی گردوون بەلام نەك سێکسە ڕووتو بێ‌بوعدەکە . ئەم تەکنیکەیش کە بەکاری هێناوە ، ژمارەیەك چیرۆك نووسی عیراقو عەرەب، لەم چەند ساڵەی دوایی‌یەدا ، بەیەڕەویان کردووەو بێ‌ی‌ئەنووسن‌و بۆتە سیماو دەنگی تایبەتی‌یان !. زیاتریش بۆ بیرکردنەوەو .. وردبوونەوەی قووڵتر بەکاردێ‌و خۆی لە کلیشەی حازرو قسەی ڕووتو سەردی ئاسایی ڕانەپسکێنێ ، بەلام خوێنەر ئاخاتە کەردوونی بێزاری سەرلێ‌شێواوەو ، ئەوا چیرۆکی (بیاوێکی وەك تفەنگ بەخەتەر بڕگراو ، پشتەوەتان دەریایە ، کێتی گوڵێکی سەرکێشە ، ڕەشەبای لین) لەم کۆمەلەدا ئەو سیمایەیان پێوە دیارە .

مۆنس الرزاز ، لەو چیرۆك نووسانەیە کەشتیان ئەخوێنیتەوە هەستەکەی لێتەوە نزیکن ، ڕووداوەکان دەسکردنین ، سەرەتاو کۆی‌و کۆتایی‌یە تەقلیدیەکەت بەزەقی نایەتە بەرچاو . چیرۆك هەن کە چەند دێڕێکی سەرەتایت لێ‌خوێندەوە یەکسەر کۆتایی‌یەکەی هەڵدێنی ، خۆ چیرۆکی ـ کێتی گوڵێکی سەرکێشە ـ تابلۆیەکە بۆخۆی ، زکریا تامر ، لەم بابەتەی زۆرە :

ـ ئەی باوکم کەی ئەگەڕێتەوە ؟

باپیرەی بەدەنگێ هێمن‌و لەسەرخۆ ووتی :

لوتکەی بڵندی سەرکەوتن

مصطفی صالح کریم

« شارلوت برونتی » ١٨١٦ ـ ١٨٥٥ ئەو کێژۆلە ئینگلیزی‌یە ڕۆمان نووسەیە کە ڕۆمانی (جین ایر) کەیاندی‌یە لوتکەی بەرزی جیهانی ئەدەب ، وەیەکێکە لەو نووسەرانەی لە ژیانیا تامی سەرکەوتنی چێشتو هەستی بە شادمانی‌کرد لە ئەنجامی بەدی‌هێنانی ئەو ئاواتەی خەوی پێوەئەبینی ، لەگەل ئەمانەشا بیروڕایەکی تایبەتی هەبو دەربارەی سەرکەوتنی مرۆڤ ! لەهەمو ڕۆژنامەکانی ئینگلترەدا ڕەخنە گرەکان کەوتنە ستایشی « شارلوت »و شابەرهەمەکەی، قەڵەمی‌نوسەران هاوبەشی‌یەکی تەواویان کرد نە بەرزکردنەوەی شارلۆتا . لە گەرمەی ئەم سەرکەوتنەدا ، لە یاداشتی تایبەتی خۆی‌دا ئەمەی نووسی : « بەواتەی نووسەرانو ڕەخنەگرە بە ڕێزەکان ، ئێستا من کەیشتومەتە سەر لوتکەی بلندی سەرکەوتن ، بەلام بەلای منەوە کەس تا سەر لە لوتکەدا نامێنی ، وکەسیش نی‌یە لە ژیانا ئەوەندە بێویست بێت کە ئیتر کەس ڕایەی ئەبێت شوێنێ بێ‌لێز بکاتو هەتا هەتایە هەر ئەو لەسەر بۆیەی بەرزیدا جێگیربێ چونکە ، هەر چەندە سەرکەوتو بێت ، دەبێ ئەوە بزانێت کە کاتێك بە چنگەکڕێ بە قەد شاخا هەڵ دەزنێتو دەکاتە سەر لوتکەی چیا ، دەبێ ئەوە بزانێت کە هەردوا بە دوای ئەو کەسانی تریش هەن عارەقی ناوچەوان دەڕێژن‌و لە جنگەکڕێ دان بۆ سەرکەوتن ، لەبەرئەوە کاتێك ئەو بە بناری ئەو دیوا دادەکەڕێ‌و ملی‌ڕێگای دەشتە پانەکە دەگرێ یەکی لەوانەی تر کەیشتونەتە جێگاکەی .

ئەم ڕاستی‌یە کەم کەس هەیە لە جیهانی ئەدەبا دانی پیانێ چونکە بینیومانە هەندێ لەوانەی کەیشتونەتە سەر لوتکەی سەرکەوتن ئیتر بە دەستو بەدەم ئەیگرن بەهەر چوار لادا پەل‌ئەهاوێن‌و ئەکەونە هەڵپەی هەمە جۆر بۆ ئەوەی کەسی‌تر جێگایان پێ لێز نەکات‌و هەر خۆیان بێ‌و بەس ، تەنانەت بۆ شیان بکرێت لە نیوەی ڕێگادا ئەیان خەتە خوارەوە .

شارلوت برونتی دوو خوشکی تری هەبوو ،(امیلی)و (آن) هەردوکیان بەرودوا شوێن پێی شارلوتیان هەلگرت‌و هەمان سەرکەوتنیان بە خۆیانەوە بینی ، بەهێزی هاندانی خوشکە کەیانەوە ، بەتایبەتی (امیلی) لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیا ـ گردولکەکان وێزەرینگ .

★

Institut Kurde de Paris

سەرۆکی فەرماندە برۆسکە یەکی سوپاسی لەسەرۆکی فینلەندە وە پێ گەیشتوە

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر بروسكەیەكی سوپاسی لە سەرۆك ئۆرهۆكیلۆنین سەرۆكۆماری فینلەندەوە پێ گەیشتوە لە وەڵامی ئەوبروسكە پیرۆزبایەدا كە سەرۆكی بەڕێز بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە بۆی ناردبوو •

ئەمەش دەقی بروسكەكەیە :

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر سەرۆكۆماری عیراق

حەزدەكەم سوپاسی خاوێنم پێشكەشی بەڕێزتان بكەم لەسەر ئەو بروسكە پیرۆزبایەنامەكە كە بەبۆنەی پیرەوەری لەدایك بوونمەوە بۆتان ڕەوانە فەرموو بووم •

ئۆرهۆ كیكۆنین
سەرۆكۆماری فینلەندە

سەرۆکی فەرماندە بروسکەی پیرۆزبایی لەبەڕێز طەحی الدین معروفەوە پێ گەیشتوە

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر بروسكەیەكی پیرۆزبایی لە بەڕێز طە محیی الدین معروف جێگری سەرۆكۆمارەوە پێ گەیشتوە بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە •

ئەمەش دەقی بروسكەكەیە :

بەڕێز سەرۆكۆمار مهیب احمد حسن البكر

بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە حەزدەكەم پاكترین پیرۆزبایی وناوانەكانم پێشكەش بە بەڕێزتان بكەم • لە خوای گەورە داوادەكەم لە بەڕێزتان بەوپەڕی تەندروستی و بەختیاریەوە لە گەلی عیراق لەسێبەری سەركردایەتی لێزانانەتاندا بەوپەڕی پال وپشتدان وپەكیەتی و پێشكەوتنەوە نوێی بكاتەوە •

طە محیی الدین معروف
جێگری سەرۆكۆمار

هاوڕێ صدام حسین بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە بەڕێز طە محیی الدین معروفەوە پێ گەیشتوە

هەروەها بەڕێز صدام حسین بروسكەیەكی پیرۆزبایی بەوبۆنەوە لە بەڕێز طەمحیی الدین معروفەوە پێ گەیشتوە •

ئەمەش دەقی بروسكەكەیە :

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش •

پێم خۆشە بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە جوانترین پیرۆزبایی پێشكەش بە بەڕێزتان بكەمو لە خوای گەورە داوابكەم كە لە ئێوە بەوپەڕی تەندروستی وبەختیاریەوە لەگەڵ نیشتمانەكەشمان بەوپەڕی گەشەكردن و پێشكەوتنەوە نوێی بكاتەوە •

طە محیی الدین معروف
جێگری سەرۆكۆمار

سەرۆکی فەرماندە بروسکەی پیرۆزبایی لەبەڕێز طەحی الدین معروفەوە پێ گەیشتوە

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر بروسكەیەكی پیرۆزبایی لە بەڕێز طە محیی الدین معروف جێگری سەرۆكۆمارەوە پێ گەیشتوە بە بۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە •

ئەمەش دەقی بروسكەكەیە :

بەڕێز سەرۆكۆمار مهیب احمد حسن البكر

بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە حەزدەكەم پاكترین پیرۆزبایی وناوانەكانم پێشكەش بە بەڕێزتان بكەم • لە خوای گەورە داوادەكەم لە بەڕێزتان بەوپەڕی تەندروستی و بەختیاریەوە لە گەلی عیراق لەسێبەری سەركردایەتی لێزانانەتاندا بەوپەڕی پال وپشتدان وپەكیەتی و پێشكەوتنەوە نوێی بكاتەوە •

طە محیی الدین معروف
جێگری سەرۆكۆمار

سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر و بەڕێز صدام حسین بروسکەی پیرۆزبایان لە بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان و کاربەدەستە گەورانی دەوڵەتەوە پێ گەیشتوە •

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بروسکەی پیرۆزبایان بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە لە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێزان وەزیران و پارێزگاران و لێپرسراوانی گەورەی پارتو دەوڵەت وەرگرت کە پیرۆزبایان تێدا دەربڕیبوو هەروەها ئاواتیان خواستبوو کە ئامانجەکانی گەل و ئەنفالەکان لە پەکیەتی و سەربەستی و سۆشیالیستیدا بەجێبێنن •

سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بروسکەی پیرۆزبایان بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە لە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێزان وەزیران و پارێزگاران و لێپرسراوانی گەورەی پارتو دەوڵەت وەرگرت کە پیرۆزبایان تێدا دەربڕیبوو هەروەها ئاواتیان خواستبوو کە ئامانجەکانی گەل و ئەنفالەکان لە پەکیەتی و سەربەستی و سۆشیالیستیدا بەجێبێنن •

ئەمەی خوارەوەش ناوی ئەوانەیە بروسکەیان ناردووە :

وەزیری ناوخۆ : عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش •

طە یاسین رمضان : سەرکردەی گشتی سوپای میللی •

سعدون غیدان
ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ڕێگاوبان

بەڕێز تایەعبدالکریم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیر نەوت •

کەریم محمود حسین وەزیری لاوان •

دوکتۆر فوزی عبدالله : وەزیری دارایی •

بکر محمود رسول : وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی •

عزیز رشید وەزیری هانوجو •

هاشم حسن : سەرۆکی گشتی پولیس •

ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

احمد عبدالقادر : سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی •

عزیز شریف سکرتیری گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و پشتگیری لە کوماری عیراق •

فریق اول رکن سەرۆکی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکان •

لیوای پولیس بەریوەبەری گشتی پولیس •

بەریوەبەری گشتی ئاسایش •

مقدم روکن نوینەری ئەرکانی سوپای ڕزگارکەری فەلەستین •

ابراهیم محمد اسماعیل : ئەمینداری پایتەخت •

جمیل احمد العداد : پارێزگاری بەغدا •

محمد حمزه : پارێزگاری تەئمیم •

ماجد عبدالستار فاضل : پارێزگاری بەسرە •

راضی حسن سلمان : پارێزگاری قادسیە •

عبدالواحد ذیاب الخریبط : پارێزگاری دیالا •

اسماعیل رسول احمد : پارێزگاری هەولێر •

دوکتۆر جبار عجرش : پارێزگاری واسط •

ارشد احمد محمد : پارێزگاری سلێمانی •

ولید ابراهیم : پارێزگاری ئەنبار •

خلف مخلف سلیمان : پارێزگاری صلاح الدین •

یحیی محمد رشید : پارێزگاری دهۆك •

محمد حمدان ـ پاریزگاری مثنی •

حامد محمود الحسن ـ پاریزگاری نجف •

صبحی علی الخلف ـ پاریزگاری ذیقار •

سامی کامل مسعود ـ جێگری پارێزگاری نەینەوا •

خیرالله تلفاح : سەرۆکی کۆمەڵەی جەنگاوەران •

شبیب لازم : سەرۆکی کۆمەڵەی مافیەروەرانی عیراق •

بروانە ل : ٧

باسکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە نێوان عیراق و سودان

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو بەڕێز طارق عزیز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری ڕاگەیاندن پێشوازی لە بەڕێز مامون عوض کردوە وەزیری ووزەو تەعدین باریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکێتی سۆشیالیستی سودان بۆ کاروباری ڕاگەیاندن کە ئێستا سەر لە وولات ئەدات •• وەلەم چاوپێکەوتنەدا کە بەڕێز طە یاسین حسن وەکیلی وەزارەتی ڕاگەیاندن ئامادەبوو باسی پەیوەندی نێوان هەردووو وولاتی دۆست کراوە بەتایبەتی لە بارەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا ••

باسی بەروەردەکردن و شێوەی پێشخستنی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

شەممەی ڕابوردوو، بەڕێز موسی عبدالصمد ئەمینداری گشتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی باڵای ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کۆنفرەنسی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەی پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کردەوە بۆ باس کردنی باری پەروەردە کردن و شێوەی ڕابەڕاندنی لە بەر تیشکی ئەو بەرنامەی کارەی کە ئەمینداریەتی گشتی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردبوو •

لەم کۆبونەوەیەدا ، بەڕێز کۆمەڵو ئۆڕانکاری بەردو بەدی سعاد ادیب جێگری سەرۆکی هێنانی ئامانجە ئەتەوەیی و ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئیشتیراکی و دیموکراتیەکانی ئۆتۆنۆمی ، ئەمینداری گشتی پەرێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆو ژمارەیەك لەهاوڕێیان ئەندامانی ڕابەرایەتی لقی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ونوێنەرانی وەزارەتی پەروەردەکردن و بەرێوەبەرانی پەروەردەی پارێزگاکانی ناوچەکەو نوێنەرانی یەکیەتی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان و دائیرەی سەربەرشتی پەروەردەیی بەشداریان کرد .

بەڕێز ئەمینداری گشتی بەرێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی بەرز لە سەرەتای کۆنگرەکەدا وتارێکی دا وتیندا نرخی بەو یاریدەدانە زۆرە دا کە سەرکردایەتی سیاسی بە مەسەلەی پەروەردەکردنەدا لە وڵاتەکەماندا ووتی ڕابۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ، زۆر گرنگی جیهازی پەروەردەکردن و فێرکردن ودەوری مەزنی ئەو جیهازە لە دارشتنی هیما گشتیەکانی

ئەوتاقمە پیاوکوژە بەکرێ گیراوەی هاوڕێ عثمان محمد فائقی شەهیدیان کوشت

بەغدا ـ ١٣ ئەیلول ئاەدع•

ئەەرۆ ئاەدع• زانی کەدەزگاکانی ئاسایشی گشتی لەمانگی ئابی ڕابوردوودا ئەوتاقمە پیاو کوژەی ئۆکەری ئیسمەعیلی گرتوە کە هاوڕێ عثمان محمد فائقی شەهید ، ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئوتونۆمی و بەرێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی ، لە بەیانی ڕۆژی ١٦ حوزەیرانی ڕابوردوودا کوشت•

سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە ئاسایشی گشتی بۆ ئاەدع دواوەو دەڵێت : ئەو تاقمە پیاو کوژەی ئەم تاوانە چەبەلەیان کردە دانیان تا بە تاوانەکەی خویاندا وهەموویان پێشکەشی دادگا ئەکرێن تاکو سزای ڕەوای خۆیان وەر بگرن ئەمانەش ئەندامەکانی ئەو تاقمە پیاوکوژەیە سلمان داود حسین و جمال سعید و ابراهیم عبدالسلام •

هەروەها سەرچاوەکە گوتی کە دەزگاکانی ئاسایش پەیمانی داوە هەمیشە ئامادەوهوشیاری بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوولاتیەکان و پارێزگاری نیشتمان لە کۆمەکەران و بەکرێ گیراوان کە وێژدانیان فرۆشتوە بە بێگانە •

ئەم تاقمە بەکرێ گیراوە وای دەزانی کە دەتوانی لە دەستی دەزگاکانی شورشوومیری سەربازی بین بەڵام ئەیانزانی کە وا هوشیاری جەماوەرو ووریایی دەزگاکانی ئاسایش وا بەسەر سەریانەوە •

دووپات کردنەوەی بایەخدان بە پاکوتەمیزی بۆخۆپاراستن لە پشانەوە

پێرێ دکتۆر سعدون خلیفە بەرێوەبەری گشتی خۆپاراستنی ئەندروستی گەیشتە هەولێر بۆ ئەوەی ئاگای لەراستیی دەزگاکانی خۆ پاراستن و ئەو خزمەتگوزاریانەبێت کە پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکەن لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا •

دکتۆر خلیفە دوێنێکە سەرۆکایەتی کۆنگرەی سەرۆکانی تەندروستی پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کرد کە بۆ کۆلینەوەبوو لەباری خۆپاراستن لەناوچەکەداو بۆ دوان بوو دەربارەی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بنرێن لەم قۆناغەدا لەپێناوی ئەوەی نەهێڵرێت کولێرەبێتە ناو وڵاتەکەمانەوە •

دکتۆر خلیفە لەدوانێکدا بۆ هەوال نێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی لەهەولێر پەنجەی بۆ پێویستی بایەخدان بە پاکو تەمیزی گشتی و پاکو تەمیزی کەسایەتی درێژکرد بەتایبەتیش لەهاوینەدا چونکە نەخۆشییەکانی جیهازی ئەزم لەم وەرزەدا زۆردەبێت •• سەرەڕای ئەوەی بایەخدان بەپاکی باشترین ڕێگایە بۆ خۆپاراستن لەگشت نەخۆشییەك •

هەروەهاش گرنگی بایەخدان بە پاکو تەمیزی کۆکە کشتیەکانی دووپات کردەوە بەتایبەتی ئەو کۆتایانەی خواردەمەنی و خواردنەوە دەفرۆشن •

دەربارەی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ بەرگرتن نراوە بۆ ئەوەی نەخۆشی کۆلێرە نەبێتە ناووڵاتەکەمانەوە دکتۆر خلیفەوتی وەزارەتی تەندروستی هەر لەسەرەتای هاوینەوە ئەو کارانەی پێکهێناوە لە بۆ پاراستن لەو نەخۆشییانەی چاوەڕوان دەکرێن •

هەروەهاش بەتوندی هەندێ کار پەیوەکران پاش ڕوودانی توشبوونی نەخۆشی کۆلێرە لەهەندێ وڵاتی دەوروبەردا • وەکو ئەوەی دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی بلیتی پشکنینو چاودێری کردنی ئەو کەسانەی دێنە ناو وڵاتەکەمانەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی ساغو سەلیمن و دەستکرا بەدەرمان کردنیان بە « تترۆسایکلینی خەست » .

هەروەهاش وتی چاودێریەکی وردی ئەو کەسانە دەکرێت کە تووشی سك چوون دەبن و دەچنە دەزگا تەندورستییەکانی لە سەرانسەری وڵاتدا •

هەروەهاش وتی کوتانی بەکۆنگرەکەی وەزیرانی تەندروستی وڵاتی خەلیجی عەرەبدا دووپات کرایەوە کە لەشوباتی ڕابوردوودا لە ابو ظبی گیردرا •

دکتۆر خلیفە داوای لەگشت هاوڵاتیانیش کرد کە هاریکاری لەگەڵ دەزگا تەندروستییەکاندا بکەن و بایەخ بەمەسەلەی پاکو تەمیزی بدەن بەگشت جۆرو لایەنەکانییەوە چونکە هەر ئەمەیە بەردی بناغەی خۆپاراستن لەوەها حالەتێکدا •

ئاەدع

دەورەیەکی ڕۆشنبیری ئافرەتان لە هەولێر

٣٥ جوتیاری ئافرەت لەدێی باداوا دەستیان بەو دەورە سەرەتاییەکرد کە بەرێوەبەریەتی ڕۆشنبیری جوتیارانی پارێزگای هەولێر بەهاوکاری لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق ـ لقی هەولێر ـ کردوتەوە •

بەشداریکەرەکانی ئەودەورەیە کە (٧) ڕۆژ ئەخایەنێ موحازەرەو دەرسی بەکردارییان دەربارەی کاروباری کشتوکاڵی و هێشمەندی تەندروستی بەروەردەکردنی منال لە دەورەکەدا بۆ ئەوترێتەوە •

دەرچونی تاقمێکی تازەی جەنگاوەرانی سوپای میللی لە شەقلاوە

سەرکردایەتی سوپای میللی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناهەنگی دەرچونی تاقمێکی تازەی جەنگاوەرانی قەزای شەقلاوەی گێراوە وە بەڕێز قائمقام و هاوڕێ لێپرسراوی ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و جەماوەرنگی زۆر لەم ئاهەنگەدا ئامادەبون ، وە هاوڕێ فەرماندەی کەرتی سوپای میللی لە شەقلاوە وە ئەفسەری ڕوتنی سەرکردایەتی سوپای میللی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئاریان خوێندۆتەوەو تیایدا دووپاتی بایەخدانی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشیان کردۆتەوە لە پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ لە ڕێگای مەشق پێکردنی ڕۆلەی گەل لە بەکار هێنانی هەموو جۆرە چەك لە پێناو بەرگری کردنی شۆڕش لە پاشا دەرچوەکان لە ئۆرەبانەکەداسوڕانەوەو چەند چالاکیەکی سوپاییان نواندو سەرەڕای موماڕەساتی کوشتاری لەپاشا خەلات دابەش کرایە سەرسەرکەوتوەکان •••

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنی بەڕێز کریم محمود دشنتاف باڵوێزی کۆماری عیراق لە ئەرجەنتین سەری لە کۆشکی کۆماری داو ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا بەبۆنەی هاتنەوەی بۆ وڵاتو کۆتایی کاردکەی ئۆمارکرد ، هەروەها بەڕێز فتحی حسین باڵوێزی کۆماری عیراق لە کۆریای دیموکرات بۆ ئیزن ودرگرتنو دوانە سەر کارەکەی سەری لەکۆشکی کۆماری داو ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکرد دیسان بەڕێز محمد جمیل شملش بەریوەبەری گشتی ڕۆشنبیری لەوەوزارەتی ڕاگەیاندن سەری لە کۆشکی کۆماری داو ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردبۆ ئیزن ودرگرتن بەبۆنەی سەفەرکردنیەوە بۆ دەرەوەی وڵات •

کۆنگرەی بەرێوەبەریەتیەکانی پەروەردەی شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ڕۆژی دوشەممەی ڕابردو ، کونگرەی بەرێوەبەریەتیەکانی پەروەردەی شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە لە هەولێر بەسترا ، تەواوبوو •

کۆنگرەکە بریاری بەرفراوان کردنی بینای قوتابخانەکانو بترکردنی ژمارەی بەشی ناوخۆی قەزاو ناحیەکانی داوە ، لە ڕێگای ئاتادارکردنەوەی لایەنە بەرپرسیارەکان بۆ دەستگیرکردنی هەموو جۆرە پێداویستیەك بۆ بەردەوام بوونی پرۆژەی خواردەمەنی لە قوتابخانەکانو خوناماده کردن لە پشوی هاوینەدا بۆ بڕکردنی شاغیرەکانی هەموو جۆرە قوتابخانەیەك ئاکاری خوێندن باشترو پوختتربێ •• سەرباری بەرگوشادکردنی کردنەوەی باخچەی ساوایانو کرینگیدان بە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانە ، سەرەڕای کردنەوەو تیادانانی خانو بۆ مامۆستایانی قەزاو ناحیەو گوندەکانو زیاد کردنی مخصصاتی مامۆستایان بەپێی شوێنی کارو دەسکەوتیان •• هەروا کۆنگرە بریاری دا بە شێوەیەکی فراوان قوتابی لە ئەنوو ئامۆژگای مامۆستایان لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا وەرگیرێتو ئەمانەی قوتابخانەییش بتربکرێت •

Institut kurde de Paris

ئەدەبی

عبدالقادر خلیل

تەمەنم حەفتاو دوو ساڵە هیچ نەخۆشیەکم نەدیوە

لەم ڕۆژانەدا بۆ سەردانی لەهاوڕێیەکم ڕێگەم کەوتە نزیک شۆڕیجە لە دوکانێکی ژێربینای (شماس) دانیشتم هاوڕێکەم ژۆرلێکردم چایەک بخومەوە کوایە چایچیەکەیان چای زۆر چاکی هەیە • بەڵێ چایی هات • هەڵگری چایی سەرنجی ڕاکێشام کوتم ئەرێ کاکە پیاو لەرودا دادەمێنێ بەراستی گەلێک شەرمەزاربوم پیاوێکی پەسالاچوی وەک ئەم پیاوەچایی بهێنێت شتێکی ئێجگار گرانەلەلام • هاوڕێکەم کوتی ها حاجی علی ئەلێت • زۆر لەش سوکە پیاوێکی تابلیت ئێسک سوکە ئەم گوزەرە هەمولای ئەو چایی دەخژنەوە • کوتم کاکە زۆرم پێخوش دەبێت ئەگەر ماوەیەیت تۆزێک بڕسیاری لێ بکەم هەروا بەسەر پێوە • هاوڕێکەم کوتی زۆرچاکەهەر ئێستاکە هانەوە بۆ پیالەکە چیت پرسیارهەیە لێی بکە زۆر پیاوی چاکە •

لەم کاتەدا خالە حاجی هاتەوە بۆ پیالەکەی • ڕوم تێ کرد کوتم خالە حاجی دەستەکانت خۆش بێت بەراستی چای چاک بو • حاجی ڕوی تێ کردم کاکی من تۆشی کیانت بێت • منیش هەلسام لەبەری و کوتم خالە حاجی حەز دەکەم ئەگەر بوچەند ساتێک ماوەت ببێت چەند پرسیارێکت لێ دەکەم • خالە حاجی هەر بەسەر پێوە کوتی فەرمو ئامادەم چیت دەوێت پرسیار بکە کوتم خالە ناوت چی یە ؟ کوتی ناوم حاجی علی محمدە • تەمەنت چەندە ؟ کوتی نزیکەی هەفتاودوو ساڵە • لەساڵی چەندا لەدایک بویت و لەکوێ ؟ بەبیری دەفتەری نفوسەکەم • لەساڵی ١٩٠٠دا لەدایک بوم • لەبەغداد لەدایک بوم • چەند ساڵە چای چیت ؟ چلەردوو ساڵە •

ڕۆژی چەند ساعەت کاردەکەیت ؟ کوتی لەسەعات چواری بەیانی یەوە دێمە شوین کارەکەم تا ئێوارە سەعات شەش لەچ ئەرەکێکی چەندساڵە لەویت ؟ کوتی لەئەرەکی ابوالسیفێزم وسیو دوو ساڵە نیشتەجێی ئەو ماڵەم • ئایا ژنت هێناوە ؟ کوتی بەڵێ • چەند منداڵت هەیە ؟ کوتی ١٤ منداڵ (چوارده) کچوکور • هیچیان پێگەیشتوو کاردەکەن ؟ کوتی نە هیچیان وایان لێ نەهاتوە کاربکەن چگە لەکاری ناومال نەبێت تەنها هەر خۆم نان بەیدا کەریانم • خالە حاجی ئاشکرایە عیراقیت • بەڵێ • کوتم چیت ؟ کوتی کوردم • ئەی چەند زمانەدەزانیت ؟ کوتی کوردی ، عارەبی ، هیندی تورکی • ئیمەقەدیمیی هەر ئەو زمانانە دەزانین • چایخانەکەتی لەکوێیە ؟ کوتی لەنهۆمی دووەمی بنای شماس لەهەورەبانەکەدا قالدرمەیەک هەیە لەسەر پێ پێل کەکانی وەجاخم ساز کردوەو چایخانەکەم هەرئەمەیە • لەخوارەوە بۆ بەروەجافەکەت چەند پلەبەرزە ؟ وەڵامی ٦٢شەستودوو پلەیە • ڕۆژی چەند جار سەردەکەویت وداده‌بەزیت ؟ کوتی بروات بێت لەهەزارجار کەمترنییە ••• خوێندەواری خوشەویست پیاوێک تەمەنی ٧٢ هەفتاودووساڵ بێتو هێندە بەهێزبیت ئەوەندە ئامشوبکات شتێکی سەیرە ؟! کوتم خالە حاجی علی چی وچی دەفرۆشیت ؟ کوتی چای • ترش • قاوە • ساردی کوتم چون سنوقی ساردی دەبەیتە سەرێ ؟ کوتی دوو سنوق دووسنوق دەیانخەمە سەرشانم و سەریان دخەم گازیکی ئەرانی یە • کوتم کەس یارمەتیت دەدات ؟ کوتی نا • کوتم نایا ئەم کارە ئەرانی یەبێت ؟ زیان خوی گرانە دەبێت کاری ئەرانی بۆبکەیت • ئیتر ئەم پیشەی منە گران بێت یان نا؟ دەستەڵاتم چی یە • کێ ئەدەیت ؟ بەڵێ مانگی دوودینار دەدەم بەحاجی خاوەن ئەم دوکانانە •

لەژیانتا هیچ نەخۆش کەوتویت ؟ تائەم تەمەنە هێشتا هیچ جۆرە نەخۆشیەکم نەگرتوەو هیچ دەرمانێکیشم نەخواردوە چی دەخویت ؟ بەیانی زوو کەدێم بۆ کار چوار سەمونی گەرم بەچاوەدەخوم • هێشتا خواردنی بازارم بەهیچ جۆرێک نەخواردوە چگە لەخواردنی مەلەوە • نیوەروانیش دوو یاسێ سەمون دەخوم لەگەڵ ئەو خواردنەی بۆزم دێت • ئێوارەش دووسەمون دەخۆزم بەخواردنی ماڵەوە •

ڕۆژانی هەینی وبشودانت چون بەسەردەبەیت ؟ براهەمو ڕۆژێکی هەینی هاوین و زستان بەپێ لەم شوێنەوە دەچم بو امام موسی کاظم بۆ زیارەت هێشتا سواری ئوتومبیل نەبوم لەم ڕویشتنانەی ڕۆژانی هەینیدا • بەچەند ئەوماوەیە دەبریت ؟ ئەگەر خێرابڕۆم بەدووسەعات دەچمەوە دووسەعات دێمەوە مانێ ئەگەر لەسەرخۆبڕۆم بەدوو سەعات ونیو • خالەحاجی زۆر سوپاس هیوادارم هەمیشە لەش ساغ بیت • خالە • حاجی علی قونەیەکی کردو سینی چایی کەی هەڵگرتو ڕۆیشت بوچاکێران زۆر هونەرە کەسێک ئەمە تەمەنی بێت ئاناوا کاربەچالاکی بکات •

پاشماوەی: وتەیەکلەدەروونەوە

یاری یەوە ئەم دروشمانە لەبەرچاو بگرێت و بەدڵپاکی یەوە یاری بکات •• چاوەڕێی خۆندانی خەڵکی بێت چونکە خەڵکی یاری یەکی ئەوێت گیانی پرایەتی تیاڕووابێت و هانی ئەو جۆزە کەسانە ئەدات کەلەگەڵ ئەو مەبەستەدا خۆیان گونجێنەوە •• هیوادارین •••

ـ وەزرشەوانێک ـ نووسیویەتی ••

لێکۆڵینەوەی باری کتێبخانەکانی هەولێر

لە ژێر دروشمی لەبێناوی بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیریەکی نەتەوەیی دیموکراتی سوشیالیستانەداو بەمەبەسی بلاوکردنەوەو قولکردنەوەی هۆشمەندیی ڕۆشنبیری لەنێوان ڕیزەکانی هاوولاتیان ، لەپارێزگای هەولیردا ، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی دەوری کتیبخانەکان لەژیانی نیشمان وهاوولاتیدا •

لیژنەی کتێبخانەی پارێزگای هەولێر بەسەرۆکایەتی جێگری پارێزگاو ئەندامیەتی قایمقامی مەرکەزی هەولێرو بەڕێوەبەرانی دەزگای نیشتمانی چاپەمەنی دابەشکردنو ڕۆشنبیری چەماوەران و تەحریرات لەهۆڵی پارێزگاکەدا کۆبوونەوە ، بۆلێکۆڵینەوەی واقیعی کتێبخانەکانی پارێزگاکە ، بۆئەوەی بگەنە شێوازێکی زانستانە لەبەڕێوەبردنی کتێبخانەداو باشترین خزمەتیش لەوروەوە بێشکەش بە هاوولاتیان بکەن ، وەک بایەخدان بەباکوخاوێنی و ڕێکخستنی کتێبخانەکان و کردنەوەیان لەبەیانیانو نێواراندەاو هاوکاری کردن لەگەڵ دەزگای نیشتمانی چاپەمەنی دابەشکردن لەهەموو بواریکەوە لەقەزاو ناحیەکاندا ، بۆئەوەی بەوەی کەتاکەلایە لەبێدانی هۆشمەندی ڕۆشنبیریی چاپەمەنی بێیان ، لەگەڵ هاوولاتیان لەوناوچانەدا کردنەوەی لقی نوێی دەزگای بلاوبێتەوەو قولتر ببێت •

دو کۆڕی جوتیاری لەدێهاتەکانی سلێمانیدا

یەکێتی ناوخۆیی کۆمەڵەهەروزکاریە جوتیاریەکانی پارێزگای سلێمانی دوو کۆڕی بۆ جوتیارەکانی دێی شانەدەریو زراینی سەربەناحیەی شارەزورو قەزای دەربەندیخان گرت •

کۆڕەکە بە مەبەسی لێدوانی ئەرکو ئۆبالی سەر شانی جوتیارەکان دەربارەی پەرەسەندنی کشتوکال وزیادکردنی بەرهەمگیرا قسەکەرەکانی ناو کۆڕەکە داوایان کرد کشتوکالی پێشڕەو فراوان بکرێو شێوەی زانستانە لە کشتوکال کردنی نوێدابەکاربهێنرێ •

ئەمساڵ ٢٤ هەزار قوتابی کوڕوکچ لەزانکۆکاندا وەرئەگیرێن

ئەنجومەنی فێرکردنی باڵاو لیکۆڵینەوەی زانستی بریاری وەرگرتنی ٢٤ هەزارو ٥٢٠ قوتابی لەزانکۆکانی وولاتو کۆلیجەکانی ناوبینی و دەزگای ئامۆژگا هونەریەکان لەساڵی خوێندنی تازەی ١٩٧٧ـ١٩٧٨ داوە •

بریار دراوە کە ٦٦٠٥ قوتابی لەزانکۆی بەغداو ٢٧٥٠ قوتابی لەزانکۆی موصلو ٢١٧٠ قوتابی لەزانکۆی بەسراو ١٤٥٠ قوتابی لەزانکۆی سلێمانیو ٢٢٨٥ قوتابی لە زانکۆی مستنصریە وە ١٩٩٠ قوتابی لەزانکۆی تەکنەلۆجیادا وەربگیرێن هەروەها ١٣٠٠ قوتابی لەئامۆژگا تەندروستیەکانی باڵای زانکۆکانی بەغداو موسلو بەسرادا وەرئەگیرێن سەرەڕای ٣٥٠ قوتابی لەکۆلیجەکانی ئابینداا .. وەسەرچاوەیەک لەوەزارەتدا ڕایگەیاندووە کە خوێندن لەهەموو زانکۆو ئامۆژگا هونەریەکانو کۆلیجەکانی ئابینی لە « ١٧ »ی ئەم مانگەوە دەستپێدەکات •

باسکردنی پێویستیەکانی دێیە دورەکانی دهۆک بۆخزمەتگوزاری تەندروستی

ڕۆژی یەک شەممەی ڕابووردو بەڕێزیی محمد رشید پارێزگەری دهۆک لەگۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دکتۆر محمد زبور ئەمیندارى گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی باسی پێویستیەکانی دێیە دوورەکانی کردووە بۆ بنکەی تەندروستی تازە بۆزامن کردنی پێویستی هاوڵاتیان بۆ خزمەت گوزاری تەندروستیو خۆپاراستنو چارەسەرکردن •• وە لەم

گۆبونەوەیەی کە ژمارەیەک پەیتی لەپارێزگادا بۆ کارگەری لەسەرۆکانی دەزگاکان ئامادەفەنی بۆ پێشکەش کردنی هەموو بوون ووتو وێژ کراوە جۆرە خزمەت گوزاریەکی دەربارەی زامن کردنی تەندروستی بۆ دانیشتوانی پیویستیەکانی بنکەی کۆمەڵاـ ناوچە میلیەکان •

پاشماوە

پاشماوەی : بۆستەی ڕۆشنبیری

● کاک ڕێبوار محمدـ قەڵادزێ :

ئەو هەموو ڕەشبینی یە چی یە ؟ دوور نیە زۆر کەس سەیری جیهان بکەن دەڵێی زستانێکی بێ سەروبنە کەچی جیهان خۆی وا نیەو واش نابێ بەڵام هەلەکە لە خۆیەتی ، تۆش کە دەڵێی (بەیانی بێ خۆر) واتە هەموو پێوەرەکانی ژیان دەفەوتێنیتو لەناودەبەی ، خۆی تێگەیشتنی ژیان لە ژیان نایەت بەلکو لە هەلسەنگاندنی لایەنەکانی ئەم ژیانەوەیە • ئێستاش کۆنفۆشیۆس و بوداو زەردەشت بیرکەیتەوە • ئایا تێگەیشتنی ژیان لە لای ئەوان هۆیەک بوو بۆ لاواز بوونی نرخی ئەم جیهانە لە پێش چاویان یان بووە هۆی بەرزبوونی پایەی ژیانی ئادەمیزادو مرۆڤایەتی مرۆڤ ؟

● کاک ئازاد علی عثمان ـ سەنگەسەر •

ناتوانم تێبگەم هۆی دڵداریت لەگەڵ هۆنراوەکەتدا « بۆ خۆشەویستەکەم » چیە ! بەڵام لە توانامدا هەیە دەرک بەوە بکەم کە ئەو شتەی خۆمان دروستی دەکەین یاخود دەینووسین زۆر ئازیز دەبێت لە لامان ، لە کۆنی کۆنەوەش ئەوە گوتراوە کە « بە چاوی سووکەوە مەلێن شتی خەلک هیچ ناهێنێت » مانا کەشی باشکرایە چونکە لەلای هەموو کەسێ ـ یاخود زۆربەی زۆریان ـ وایە کە ئەو شتەی هەیەتی لە هی ئەوانی تر زۆر چاکترە •

هەر هیچ نەبێ ، زۆر جارشت ڕوودەدات کە هیچ بە خەیالدانایەت دەربارەی مەسەلەی هەلسەنگاندنی بەرهەمی ئەوانی تر ، بۆ نموونە ئێستا گەرهاتوو هۆنراوەیەکی کۆران بدۆزرێتەوە کە لە سەرەتای هەرزەکاری خۆی نوسرابێ ، ئەوا بلاوکردنەوەی ئەم ناقە هۆنراوە بێ بەهـا دەبێت • نیوونەیەکی تر ، بە چەند ساڵێک پاش کۆچی دوایی بۆڵ سیزان ، دوو تابلۆکەی کە بە ناوی « کوڕێکی بە بەروانک »و « خانووێک لە بڕۆفنس » بە ملیۆن و نیو ملیۆن دۆلار فرۆشرا •

بەڵام هەر وەکو برایەک پێت دەڵێم ، فێربە هەرگیز خۆت ئامادە بکەیت بۆ دڕاندنی هەموو ئەو هۆنراوانەی کە بۆتی شیاوی لێ نایەت ، ڕۆژێک دێ وا هەست بکەیت کە شتێکی موستەحیلە دوا هۆنراوەکەت پشت گوێ بخەیت ، چونکە لە ڕاستیدا گەوهەرێکە ، نەک تەنیا لە پێش چاوی تۆدا ، بەڵکو لە پێش چاوی هەموو کەسێک •

● کاک سۆران محەمەد ـ سلێمانی :

هەنگاوێکت نا بەرەو نوێکردن هەر وەکو پەندە چینی یەکە دەڵێت : « ڕێگەی ملیۆنە کیلۆ مەتریک بە هەنگاوێک دەست پێ دەکات » •

پاشماوەی : چاوپێکەوتن

شایانی هەموو باسێکە • هونەرمەندی گۆرانی بێژ کاک قادر کابانیش باشەو لەرینەوەکانی دەنگی ئامادەیی هەیە کە یارمەتی دەنگە موسیقیەکان بدات و هونەرمەندای تریش هەر کەسەیان لە جێگای خۆیاندا بەسەدن •

● ئەی بۆدوارۆژ ئەڵێی چی ؟

ـ هەموو هونەرمەندێکی دڵسۆز بە هونەری کەلەکەی چاوەڕوانی دوارۆژێکی ڕووناکە بۆ هونەرەکەی • منیش وەکو هونەرمەندێک تامەزرۆی بینینی دوارۆژێکی پێش کەوتوی سەرکەوتوم بۆ موسیقای گەنەکەمانو هیوام وایە بەهۆی مۆسیقاوە بتوانین لە دوارۆژا خۆمان بناسێنین بە گەلانی تر چونکە موسیقازمانی هەموو گەلانەو هۆی ناسینی هەموو گەلێکەو هەرئەوە لە هەموو زمانێکدا جێگای خۆی ئەکاتەوە • بۆ ڕوناک کردنەوەی ڕێگای بەرەو پێشەو چونمان لە دوارۆژ داوام ئەوەیە هونەرمەندان کەم تەرخەمی نەکەن لە هێنانەکایەی تازە بابەتداو واز لە لاسایی کردنەوە بهێنن بۆ هێنانەدی باشترین پاشەڕۆژی موسیقای کوردی •

حمە سعید حمە کریم

پاشماوە پاشماوە پاشماوە پاشماوە

پاشماوەی : دەنگێ

چاپ نەکراوی یان ئامادەکردوە ، کەچی هێشتا بەهەناسەساردی ماونەتەوەو تا ئێستا هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیری خۆمانی نەیگرتۆتە باوەشی خۆیو چاپەوە ••! •• ئەمەو بێگومان دەوری دیاری ئۆقاری نەمری (گەلاوێژ) هەمیشە لەبەرچاوە •• لەم دواییەش نەخوازەئلا دوای شۆڕشی تەموزیش ، ڕۆژنامەو ئۆقارە کوردیەکان ، بەتایبەتی (بەیان)و (بەروەردەو زانست) هەوڵە پاکەکانیان لەم دەرفەتەدا خۆی نەنوێنێ •• خۆ کۆششە هەرەبەنرخەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردیو زنجیرە ئاراستەکراوو جوانەکانی لەم مەیدانەدا لەبەر دڵو دیدەی هەموو مناڵو بسمێنکو ژیانویستێکەو مایەی شانازی هەموو لایەکمانە •••!! سەردەمێکیشە لە سەرانسەری ئەدەبەکەمانا ، بەتایبەتی لە کورتەچیرۆکی هاوچاخماندا ، ڕەگەزەکانی ئەم ئەدەبو جیهانە پاکە ، ڕەنگی وەنەوشەیی خۆی ئەڕێژێو ڕۆژ تا ڕۆژ تا دێ ڕەنگ دانەکوتیو لە ڕۆنیاس ئەدرێ •••!

● گومان نیە •• کە ئەدەبی مناڵان ، نەک هەر ئەدەبێکی زۆر لەبارو گرینگەو بەس ، نەک هەر بوارێکی سەوزو کەشی نێوان گەورەو بچوکەکانەو بەس ، هەر زانیاریوفێرکردنەو بەس و فەرهەنگیلەو زمانی سادەو سواری منالانەو بەس •• نابەڵکو یەکجار یەکجار قورسیشەو هەر سمێل سوڕێ بێی ناوترێو هەر خامەبەدەستێ ناتوانێ لە زەریای شینو شیرینیدا بێمەلە بکات •••! ئەوکەسەی زۆرجاکو بەوبەری بەرفراوانیەوە شارەزایی لەفەلسەفەو لەسایکۆلۆجیەلایەنی منالو پەروەردەی منالو جیهانو قۆناغو ئەمەنو بنەیشتنی منال نەبێ ، خۆیشی تا ڕادەیەکی باش هەست بە ساوایی خۆی نەکا ، ناتوانێ بە زیرەکی سات وسەوا لەگەڵ ئەم ئەدەبو جیهانەدا بکات •••!

● دەبا ئەو نوسەرو شاعیرو هونەرەندە کوردانەی کەلەکەلێ ئۆڕوبابەتی ئەدەبیە خۆیانو بەختی خامەیان ناقی کردۆتەوە •• جارێ ، هەرتەنیا جارێکو بەس خۆیان لە فێرگەی (ئەدەبیاتی مناڵان) یشدا ناقی بکەنەوە ، تا بزانن دەرئەچن یانا ؟ ئەر دەرچوون ئەوا هەزار ناسکەچەپلەو گوڵو ئاوەرین •• ئەئینا با خەریکی خۆیانو بابەتی خۆیان بن •• ئەسەر لە (منالان) بشێوێنن •• نە خۆیانو ئەدەبی ئەم لێ پرسینەوە هەرە بەچێژە ، شەوارەبکەن •••!

پاشماوەی : مونەسەبەت لە شیعری ••

فوتوغراف خزمەتی ژۆرەمنم ئەم وینەیێ دەنگە
وەلەو ئەفشیکی بێ ڕۆحەلەمن زیاتر بڕی ڕەنگە
بەیادی صدقو نیخلاص بمێنی باڵە خزمەتا
بەقای بۆکەس نی یە ئەمچەرخە نامێنی ئەم ناهەنگە

وە خوانێ خۆش بوو ماوەتستا (علی کەمال باپیر)

لە کۆتای تەمەنی ژیانیداچاوەکانی کزبوو بوو ژۆر کەسی نەدەناسی تاکو خۆی بێ نەناساندایە •• خۆی گیرایەوە ووتی : لە ماڵێکی ناسیاو بووم یەکی هات بۆلام دەستی ڕانکو جۆغەی لەبەردابوو بێیان ناساندم کەکورە ، داوای شیعری لێ کردم •• بەڵام بۆم دەرکەوت کچەو ناوی یەخشانە ونەمەم بۆ ووت ••

نووری دوو دیدەم پەخشان
ڕوو وەک مانگی درەخشان
قوربانی ئەو خوایەبم
کە ڕووی تۆی وەها نەخشان
ئول کەبە ڕەنگی بۆیە
کەی جوانە وەکوتۆیە
لە کوێ لە ئەلمان وەک تۆ
بە خەنەدەو ئفتو ئۆیە
ڕۆژی ئەگەر نەت بینم
گیانە بێ هیزو تینم
بەڵێو لەعلی بەدەخشان
گیانی شیرینم پەخشان

پاشماوەی : لەودیوی ڕوداوەکانەوە

ئابووری هاتوە • لەلەندەن باس کرا کەسندووقی جیهانیی بارە پێشنیار بەدەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو سندووقە دەکاکە ١٥ میلیارد دۆلار لەودەوڵەتانە وەربگرن کەلەداهاتی سماڵانەیاندا پاشەکەوتیان هەیە بۆئەوەی بەقەرزبدرێ بەدەوڵەتە سەرمایەداریەکانی ئەندامی سندووقەکە • دیارە مەبەست لەو دەوڵەتانەی پاشەکەوتیان لەداهاتی خۆیاندا هەیە ، هێندێک دەوڵەتی بۆ دەرەوەنیری ئەوەن کە سەربە سندووقی جیهانیی پارەن • لەوماوەی دواییدا سندووقی جیهانی بارە چوارهەزار میلیۆن دۆلار قەرزی دابوو بە بەریتانیا کە ئابوورییەکەی لەسێیەمی تەنگەو چەندەمی ئابووری ئێستای دنیای سەرمایەداریدا بەرەوڕووی ئێک ڕووخانێکی مسۆگەر ببۆوە • ماوەیەک لەمەوبەریش ٣٥٠ میلیۆن دۆلاری دابەئیتالیا بۆزرزئارکردنی لەئێک ڕووخان •

ئێمە دەپرسین وڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکان بۆچی ئەوەندە بایەخ بەوڵاتە بەرەنەستێنە بێ ئەوەتەکان دەدەن ؟ وبۆچی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان هەول دەدەن چەند مەبلەغێکی دیاری کراو قەرزبدرێ بەودەوڵەتانە تاکوو ئەوئی بێبکرن ، لەکاتێکدا ڕێکخراوی (اوپک) سندووقێکی تایبەتی بە ١٦٠٠ میلیۆن دەسمایەوە بۆیارمەتی ئەودەوڵەتانە دامەزراندەوەو سندووقی (اوپک) تا ئێستا یارمەتی بەزیاتر لە ٦٠ دەوڵەتی بەرەنەستێن کردوە • ئایا هۆی ئەوە هەروەک گومان ئەوەنیە کەدامو دەزگا تیمپریالیەکان دەیانەوێ لەرێگای ئەو هەلوێستەو دەڵالیە گومان لێکراوانەوە ناکۆکی بخەنە ناو وڵاتانی جێهانی سێهەمەوەو ڕێکخراوی (اوپک) وەئاک بخەنەنو ئەونەوتەی (اوپک) بڕیاری بەرهەم هێنانو نرخەکانی دەداببخەنە ژێر ڕەحمەتی دەوڵەتە تیمپریالیەکان ، ئیحتکازە خاوەن جنسیە جۆراو جۆرەکانیان ؟ • ئەگەر دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان بەڕاستی لەرەفتاری خۆیان لەگەڵ وڵاتە بەرەنەستینەکاندا دادبەروەرن و بەڕاستی دەیانەوێ یارمەتییان بدەن • بۆچی لەکۆڕو کۆمەلە ئابووریە جیهانیەکاندا دژی داخوازە ڕەوا کانیان وەستان ، وەک لەوتوێژی ئابووری جیهانیو کۆنفرانسی چوارەمی بارزگانیو بەرەبێدانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانداا دیتمان یان بۆچی ماوەیەک لەمەوبەر لەجنێڤ ئامادەنەبوون لەدامەزراندنی سندووقێکی تایبەتیدا بەشدارین بۆ پشتگیری ئەو کەلوبەلە ئەساسیانەی وڵاتە بەرەنەستینەکان دروستیان دەکەن •

هەموو شێوەکانی ئیمپریالیەت بۆ لێکشانەوەی دەوڵەتە بەرەنەستینەکان ئەگەر بەدیمەنیش جیاوازبن لەناوە ڕۆکدا یەکن ، بۆئەوەی وڵاتانی جیهانی سێهەم لەخەباتی خۆیاندا بۆ دامەزراندنی نیزامێکی تازەی ئابووری جیهانی یەک بگرن پێویستە فرتو فێڵەکانی ئیمپریالیەت تێک بشکێنن و هاوبەیمانی خۆیان لەگەڵ هەموو هێزە ڕزگاریخوازو پێشکەوتووەکانی جیهان بەرەبێ بدەن •

پاشماوەی : بەچێ گەیاندنی

پێویستە « سەرنجی ئاریکەرو بزووتنەوەی بەرهەمهێناندا •

ـ ستی لە بزووتنەوەداو بەسەر کۆڕی بەرهەمداریدا بە گەورە نیشاندانی دەسکەوتەکان •

لە قۆناخی ئێستاداو پاش تێپەڕبوونی ساڵێکی تەواو مەبدەئی بدرێو بە هیممەتێکی بەرزەوە هەول بدرێ ئەو دۆزینەوەی شێوەی بنگەیشتووو جۆراوجۆر بە چەشنێک کە لەگەڵ ئامانجی لەچێهێنانی ئەرکە ئابووریو کۆمەلایەتیەکان بە بلەیەنی بەرزو بەچەشنێکی نوێدا ڕابکەوێ » •

پاشماوەی : سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکرو هاوڕێ صدام حسین ••

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان •
مەکتەبی سیاسی پارتی شورشگێڕی کوردوستان •
مەکتەبی ڕایەڕاندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق •
هشام ایوب صبری ـ ئەقیبی ئەندازیارانی کشتوکال •
مظهر فهمی حسین ـ ئەقیبی پارێزەران •
محمد نایف عبدالرحمن ـ سەرۆکی یەکێتی کشتی ژوورە بازرگانی یەکانی عیراق •
عادل احمد زیدان ـ ئەقیبی مامۆستایان •
ئەقیبی ئەندازیاران •

پاشماوەی : بۆ پاراستنی ••

ئەبینین هەندێ کەس چاوەکانیان ئەئاوسن هۆیەکەش تێکچوونی ئەندروستی ئەمتی ئەو کەسەیەو ئەو ئەخۆشیانەی کە تووشی ناو سمک ئەبن ئەمانە کار ئەکەنە سەر چاو لەم حالەتەدا پێویستە بچیت بۆ لای پزیشک هەتا بزانی کەوا چاوەکانت ساغنو ئەو ئەخۆش یەش ڕەچاو بکرێت کەوا کاری لێ کردووە •

عفاف عبدالرحمن

مەبەستی چیرۆک بۆ منال

جاران زوو کە ئەیان گێرایەوە چیرۆك بۆ منالان باسی زۆر سەیر وخەیالی و دروست کراو • هەر لەباس دوو درنج هەتا ئەژدەهاو ماری ئوریس ، شیرو پلنگ ئورگ و قولنگ وابو شەو ئەبو بێ ئەوەی منداڵەکان بێهەستو سستکەن وەبیان کەئە خەو •• دل بڕ ترس و غەمتاکو بەیانی چەن خەونکی ناخۆش وگرانیان ئەدی ، بەو جۆرە زندەوەرانەوە کە لە چیرۆکەکەدا کارەساتیان بێ ئەگێرا وەحکایەتەکە لەسەر ئەرکی ئەوان کوتای پێ ئەهات•

وەلەبەر ئەوەی کە ئەوکاتە منال زۆر چاوی ئەکرابووەوە وەشتی زۆر ئەدیبو وەکو سینەماو تەلەفزیۆن وەکو قاریکی وێنەدار کە نیستا هەیە لەبەر ئەوە هینانە بەرچاوی ئەمایەوە سەر وەسفی دایکوکەسی کە ئەو زندەوەرانەی بۆباس ئەکەن •

جا ئەگەر ئەو چیروك بێژە خەیالی زۆر بەهێز بوایە وەبێ ئەوەی بیرلە هەستی منالەکەی بکردایەوە ئەوجورە زندەوەرەی بە شێوەیەکی واناشیرین و ناچاك ئەهێنایە بەرچاوی منالەکە کە زۆر لەسەر رۆیی تیا ئەکرد بەجوریك کە لە سنوری سروشتی دەرئەچو وەئەبووە شتیکی داگرتووەوە وەکو دێو کەوینەی دنووی بەیەلە هەوریکی گەورەی ئەهینایە بەرچاوی رەش وەبەگرمەگرم ، مەمکی دێوەکە وەکو مەشکەی دۆ شیری پیاڵەهاتە خواری کەمانای باران ئەگزیتەوە بەگوێرەی هەورە رەشەکەوە • ئەمیش هەموی غەزەبوو بە سەر جیهاندا لەبیر کردنەوەی منالەکەدا •

ئایاکی ئەو چیرۆك خوانە بیری لە دوا رۆژی ئەو منالە ئەکردەوە کەچەن ئەبی بەهوی مەترسی وسستەم لەدنیا هەتا هەتایە هەوری رەش و باران لەمێشکیاو ئەقلی ناوناخنیا لەدێوە رەشەکەو مەشکە دۆکانی پیکهاتوە ئەمەش هوی ویرانی و زەوتی سەرجیهانە هەرچەن خوی باس ناکا •

ئایاکی ئەو چیرۆك خوانە بیری لەوە ئەکردەوە کە مەبەست لەچیرۆك بومنال هەر ئەوەنیە داینێ ئۆی بگرێ و بحەپەس بێ ئەوەی هیچ سودێك لەوچیرۆکە وەرگرێ ، ماوەیەك منالەکان بەو چیرۆکە بێسوودە ئەچەسپان بەدەوری چیرۆك بێژەکەوە تا هوش و بیریان ئەرویشت بۆ دور دووا بەدوای ئەو وێنە سەیرانەی کە ناویان ئەهات لەچیرۆکە کەدا تا پشویان پیدا ئەهاتەوە ئێجا وردە وردە بیریان ئەکردەوە لەو ئەندامانەی بەشداری چیرۆکەکەیان ئەکرد راست بێ یادرۆ لەناوەندی درۆوراستیدا لیان تێك ئەچو ئەتەوتنە سەرخەیالی برواکردن بەقسەی رنکخراوی پیرۆزنان وایان لێئەهات جار بەجاریش خۆیان بەیەکیك لەئەندامی چیرۆکەکە بزانن وە بال بگرن بەئاسمانا بفرن •

مەبەست ئەمە چیە ؟ هەتا بتوانی دایکو ئەو کەسانەی کەچیرۆك ئەگێرنەوە بزمنال دور بن لەشتی کەمێشکی منالەکە هەلی ئەگرێ وە واقعی ئەبیت ئێمە نالیین لەخەیال دورکەونەوە بەلکو زۆرشت هەیە کە بەهوی خەیالەوە منال ئەخاتە سەر هەوەسی دروستکردنی کەلن شتی گرنگو تازەو بەکەلك ئەوانەی کارەباو تەلەفزیۆنو رادیوو ئەلەفونیان دروست کردوە هەر لەمنالیەوە دوا بەدوای خەیالەوە رۆیشتوە • بەلام مەبەست ئەوەیە چیرۆك بەدیوو گورگ بلنگو درندەوە ئەناخنین بەلکو وایت لەجوانترین ئەندامی بیاوچاك و نازاو بێ وێل وراست کو پێك هاتبی وە لەناو باغو گوڵو سەر روباروچەمو چیاو ئاوەڵانی بژین لەشمارنك بر لەخوشی وروناکی بر دلپاکی بۆ ئەوەی بتوانین ریگایان بۆ ئەوون کەینەوە •

جیاوازی کردن لەنێوان منالان دا

زوربەی دایکو باوکان جیاوازی لە نێوان منالەکانیان ئەکەن بەو بڕوایەی کە منالی نازیرەك بەهاندانی دایکو باوکی ئەجوونی و لەبیریان ئەچێتەوە کە خۆیان هۆی یەکەمی ئەم گیروگرفتەن ، ئەگەر ئۆزی بیر بکەنەوە ئەم ناکۆکیەی نێوان منالان لە ئەنجامی جیاوازی کردنی نێوان منالەکانیان لەکاتی پەروەردە کردنیاندا و هەندێ منال هەن جۆرە ڕەوشتیکی وایان هەیە کە ڕەوشتی دەورو پشتی کاری تێ کردوونو هیچ نێوانیان نیمەدا نەکرد ، بەم جۆرە بەسووکی تەماشای باوکو دایکی ئەکات •

لە دواییدا ئاشکرایە شێوازی جیاوازی کردن لە نێوان منالاندا شێوازێکی ناراستو چەونەو لەپەروەردە کردنداو ئەنجامێکی خەراپی هەیە ، لە بەر ئەمە پێویستە منال لەسەر ریگایکی راستو دروست پەروەردە بکرێت بۆ سوود بەخشی خۆی و گەلەکەی •

رجاء خضير

بۆ پاراستنی چاوەکان

هەر وەکو ئەزانین رووناکی پرشنگدار واتە ئەگەر رووناکی یەکە زۆر بوو لەوانەیە ببێتە هۆی تووش بوونی سەریەشە لەبەر ئەمە باشتر وایە چاوێلکەی هەتاو بەکار بهێنرێت ، ئەوەی شایانی باسە پێویستە چاومان بەخوێندنەوەی زۆر یاکارنکی دوورو درێژ هیلاك ئەکەین و پێویستە کتێبەکە لەچاومان دوور بخەینەوە بۆ ئەوەی ماسۆلکە گرژبوەکانی چاو بحەسێتەوە

هەر وەها پێویستە چاودێری ئەوە بکرێت کە رووناکی یەکە لەپشتەوە بکەوێتە سەر کتێبەکەوە نەئەوەندە کەم بێتو نەئەوەندە زۆر بێت بەلکو بەشێوەیەك بێت کار نەکاتە سەر چاوەکانت چونکە ئەگەر بێتو رووناکیەکە بە شێوەیەکی راست نەبوو بەم جۆرە زیانێکی گەورە ئەکەیەنێتە چاوو ئەگەر شتێکی تیا چوو بکرە خۆڵوتۆز بێت یا میکروبێك بێت ، پێویستە بەناو بشورێت بۆ ئەوەی لەم کێچەلە رزگارت بێتو لە کاتی ئەوەی بەسووربونە وەیەك تووش دێ پێویستە یەکسەر بچیت بۆ لای پزیشك چونکە ئەم سووربونەوەیە هەر چەندە بەبجووکی بێتە بەرچاو تووشی گیروگرفتێکی زۆرت ئەکات ، هەر وەها سوور بونەوە ئەبێتە هۆی کەوتنی برژانگی چاوو پەیدابوونی مادەیەکی سپی شێوەی لەو توێکلە ئەچێت کە لە دەورووپشتی پیلو دەرئەچێتو پیلووەکانی چاویش سوور هەلدەگەڕێنەوە •

بڕوانە ل : ـ٧ـ

زمان گرتن لەقسەکردنا

ڕووداوێکی سروشتی یە بەڵای هەندێ منالەوە

هەندێ منداڵ لە تەمەنی نێوان سێ تا دە ساڵیدا گرانیەك لەسەر زمانیانە لە هەندێ ووشەدا بەجۆرێك ، یان دوو سێ جار ووشەکە ئەڵێنەوە ، یان جولانەوەیەکی سەیر بەبێ ئەوەی خۆی بیکات لەگەڵ سوور هەڵگەڕاندنی دەموچاویاندا وەکو ئیشێکی گرانیان کردبێت •

بۆ چارەسەرکردنی ئەمەم ئەخۆشیە بەشێوەیەکی سروشتی پێویستە پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

١ ـ نابێ بەهیچ جۆرێ باسی زمان گرانیتی و لالی لای ئەو منداڵە بکەن تا هەست بەکەمی و عەیبنەکات لە خۆیدا چونکە ئەبێتە هۆی تووش بوونی بیرکردنەوەو گومڕایی •

٢ ـ وە ئامۆژگاری ئەوەمنداڵانە بکرێت کە ئەم هاوڕێیەتیانئەکات ، کە گاڵتەی پێ ئەکەنو بۆ پێکەنین خۆیان لال ئەکەن •

٣ ـ شتێکی لەهەموان گرنگتر ئەوەیە ، هەستانو دانیشتن بە لەسەرخۆیی و قسەخۆشی و بەچاوی بەزەیی و سۆزەوە لەگەل ئەو منداڵەدابجولێتەوە ، وای لێ بکەیت پەیوەندی نێوان ئەوو کۆمەڵ پەیوەندییەکی پاك و ڕەوان بێت تاکو زیاتر سۆزو هەستی نەشونما بکات و دڵی خۆش بێت ، بەمانە ئەتوانری زمان گرانی منداڵ چارەسەربکرێت لە سەرەتاوە •

ئامادەکردنی
محمد صالح عبدالکريم

لاوان وقوتابیان

پێشمێرگەی عیراق بۆچاکردنی یاسای باڵەوانێتی ئاسیا و باڵەوانێتی لاوانی ئاسیا

یەکێتی فوتبۆڵی ئاسیا ڕۆژی بیستو یەکی ئەم مانگەی بە دوایەمین ڕۆژی وەرگرتنی پێشمێرە تایبەتیەکانی سەبارەت یاسای باڵەوانێتی ئاسیا و لاوانی ئاسیا داناوە ، ئەمە بەپێز موید عبدالمجید سەرۆکی لیژنەی بۆڕێزان لەیەکێتی ئاسیا و سەرۆکی یەکێتی فوتبۆڵی عێراق ڕای گەیاندووە کە بەم پێیەوە نامەیەکی تایبەتی لە کوالالمپوورەوە وەرگرتووە •

ئەوەبوو عێراق پێشمێرگەی پشکەش کردووە تیایدا هاتووە کە باڵەوانی دەورەی پشوو لەئەل تیمی وولاتە ڕکخەرەکەدا بەپێ ئەوەی بشداری یاریەکانی سەرەتایی بکەن پێویستە لە خۆوە بکەنە دەوری کۆتایی باڵەوانێتی یەکە ، ئەم پشمێرەی عیراق لەئەل پشمێرەکانی دەولەتانی تردا تۆمارکران •

قوتابیان وگرنگی سەرژمێری گشتی دانیشتوان

ئەو پەرەپێدانەی قوناغی ئەمڕۆی کۆمەڵی پێداتی ئەبەرێت لەرووی کۆمەڵایەتی و روشنبیری و سیاسیەوە ، لەناکامی نەخشەکێشان و ڕۆژنامێکی تایبەتیەوە هاتۆتەوە ، کەدەروانێتە ئاسۆیەکی فراوانی پڕ لە خێرو سەرفرازی بی دوارۆژێکی رونانك و پرشنگدار بۆبنیاتنانی کۆمەڵی سوشیالستی • کەشۆڕشی ١٧ی تەمووزی نەتەوەیی و پێش کەوتنخوازو سەرکردایەتی شۆڕش و حزب بایەخێکی تەواو گرنگیان داوە بەو ئۆرانە خێرایانەی وولات پیایدانەروات ، لەروی ناوەدانی کردنەوەو راپەرینی ئەتەوەیانەوە • ئەم راستیەش راپورتی سیاسی بەنچەی خستۆتەسەر کەئەلێ بەبێ ئەخشەکێشان ناتوانین ئابوری نیشتمانی بنیاتبنین وە پەرەپێدانی بەشێوەیەکی رتك وپێك وسەرکەوتوو هەموو لایەنەکانی یەکتری تەواو دەکەن •

قوتابیانی ئازیز

سەرژمێری گشتی دانیشتوان یەکێکە لەلایەنە گرنگەکانی ئێستا کە ئەبێتە دەستکەوتێکی بایەخدار بۆئاسان کردنی ئەخشەکێشان و دەرخستنی ئەو پێداویستانەی کە کۆمەلی کەل داوای دەکات بۆ راپەرین و بایەخدان بەباری کۆمەلایەتی و روشنبیری و سیاسی و بەوهەمهێنان پەرەدان و فراوان کردنی کارگەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و بازرگانی و چاك کردنی باری ئابوری ، کەسەرانسەری وولات دەگرێتەوە ، کەواتە باڵەپێناوی سودبەخشین و بەختیاری و خۆش ئوزەرانی کۆمەلدا درێغی نەکەین ، هەولدەین بۆ بەرەپێدانی هوشیاری قوتابیانەمان و قول کردنەوەی پەیوەندیمان لەناو جەماوەری کەلو هاونیشتمانیە ئازیزەکانمان • بۆرون کردنەوەوتێ ئەیاندن لەو لایەنە مەزنانەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان ئەی بەخشێت •

بێ گومان ئەوی قوتابی تێگەشتە :

بەبەشداری بوونت لەسەرژمێری گشتی دانیشتواندا •• دەوری بەهێزو گرنگی خۆت ئەسەلمێنی لەجێبەجێ کردنی بڕۆگرامەکانی شۆڕشی مەزندا •

هیوا ئامادەی کردوە

★

یانەی سلێمانی بەسەر یانەی فتوە داسەرکەوت

تیپی یانەی وەرزشی سلێمانی بەسەرتیپی یانەی (فتوە)دا ، لە تۆپی باسکەدا بە سێ گێم بەرانبەر بەگێمێك سەرکەوت ، ئەم یاریەش لە وەرزشگای یانەی وەرزشی مووسل بەڕێوەچوو لە چوارچێوەی باڵەوانێتی یانەکانی پلەی یەکەمی ناوچەی زوورو •

نمونەیەکی عراق تازە لەمەلەوانی ٢٠٠ مەتریدا

مەلەوان سیروان لەپارێزگای بەغدادا نمرەیەکی عیراقی تازەی تۆمارکرد لەمەلەوانی ٢٠٠ مەتری لە سەر سینگدا کە بەماوەی سێ دەقیقەو چوار سانیەو ٦ لە سەر دەی سانیە ئەو مەسافەیەی بڕیوە بەمە نمرەکەی پشوی کە سێ دەقیقەو پێنج سانیە بوو لابردووە ••

ئەنجامی باڵەوانێتی تیپە میللی یەکانی پارێزگای سلێمانی

لەچوارچێوەی یاریەکانی باڵەوانێتی تیپە میللیەکانی پارێزگای سلێمانی لە فوتبۆڵیندا کە لیژنەی راتەیاندنی سەرژمێری لەپارێزگادا رێکی خستبوو تیپی شۆرش لەتیپی جوارچوی بردەوە بەتۆلیك بەرامبەر بەهیچ •

هەروەها تیپی سولاف لەتیپی ئاری بردەوە بەچوار گۆل بەرامبەر بەیەك وە تیپی مەولەوی لەتیپی دیمەنی بردەوە بەیەك گۆل بەرامبەر بەهیچ ••

وتەیەك لەدەرونەوە :

یاری بۆیاری نەك بۆبردنەوە

ئەگەر بەوچاوەوە بڕوانینە یاری شتێکی کات بەسەر بردنە •• راستی یە •• چونکە چەندەها یانەو دەورەی وەرزشی بۆ ئەم مەبەستەدانراوە •• کەواتە ئەمانە جێ بەجێ کراوە کە ئەمە هەمووی بۆ خلاڤاندنی خەلکی راستی یەو ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەل نیازی پاکی وەرزشدا ناگونجێت و یەکناگرێت ••

ئەگەر بلێین یاری بۆبردنەوە نی یە •• راست ناکەین چونکە هەموو تیپێك بۆبەدەست هێنانی سەرکەوتنی گرنگ هەوڵ دەدات •• بەلام ئەوەی مەبەستمانەو پیمانەوێت بەکورتی بیدەین بەگوێی هەموو وەرزشەوان و تیپێکی یاری داو لەگەل ئەم دروشمەوەرزشی یە (یاری بۆیاری نەك بۆبردنەوە) بگونجێت وا بەم ووتەیە رونی دەکەینەوە •

بایاری یەکەت مەبەستی بردنەوەی لەبەرچاو گرتینت ، بەلام نابێت ئەوەش لەیادبکەیت کەبردنەوەکەت ئەگەر ئامانجی وەرزشی لەگەلدا نەبێت وواهەست ئەکەیت لەیاریکادای بەهیچ دەچێت •• چونکە گرنگترین مەرجی وەرزشەوان « ڕەوشتی وەرزشی یە » کەلەو(ڕەوشتە) چووە دەرێ واتە نیازی پاکی یاریش پیس دەبێت•

کەئەچیتە یاریگاوە ئەوتوانایە بەکاربهێنە بۆ یاری یەك دەیخەیتە کار ئەوتوانایە بەکارمەهێنە هەبۆشەو بەکاری دەهێنێت •• چونکە شەڕویاری دووشمنی دژبەیەکن •• سەرکەوتنی یاری تەنها ئۆمار ـ کردنی گۆڵ نی یەوبەس بەلکو ئۆمارکردنی دنسۆزی و برایەتی ئۆر مەرجترەو بەجێ هێنانی یەکێکە لەدروشمەکانی وەرزش کە دەڵێت : « وەرزش نامەی ئاشتی و برایەتی یە » •

سەرکەوتن لە ڕەوشتی یاری یەکەدا زۆرگرنگترە لەوسەرکەوتنەی کە بەشێوەیەکی ناڕاست لەتۆمارکردنی گۆڵدا بەدەستی دەهێنێت •• بەلام بەداخەوە لەزۆربەی یاری یەکان ئەبینەشەڕویاریگاکانیش ئەبینە گۆڕەپانی جەنگ ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەمەبەستی پاکی یاری ووەرزش ئەگەیشتون ولەوانە وایە یاری یەکە بزدەست هێنانی « کاسە » •• بەلام باهەموو وەرزشەوانێك بزانێت چاوی راستی ناگیرێتو خەلکی راستی خۆی هەر ئەلێت و بەخشش و ئافەرین بۆ ئەو تیپەیەکە بوونی خۆی بەیاری بسەلمێنێ و خۆی لەیاریگاکان دادەربخات نەك بوونی خۆی بەشەڕو بردنەوەی دوورلەراستی دەربخات •• دەبا نیازی گەورەمان لەیاری دا « یاری بۆ یاری نەك بۆ بردنەوە » بێتو پەیڕەوی دروشمی (وەرزش • نامەی ئاشتی و برایەتی یە » بکەین •• داواکەهەموو وەرزشەوانێك دەکەین کەچووە گۆڕەپانی

بڕوانە ل : ـ٧ـ

پەیامی قوتابیان

هەگبەی ئەمجارە نامەیەکی کاکە (ئاراز محمد)ە لە سلێمانی ، ئەم بڕا قوتابیە هەروەك خۆی دەڵێ کەوتۆتە ناو گیژاوی بیرکردنەوەو دامان لە دوارۆژی خوێندنی ، کورتەی نامەکەی وادەتەیەنێ کەوا کاك ئاراز لە قۆناغی باڵق بووندایە ، ئینجا دەپرسێ کە بۆچی ئەم قۆناغە وا کاردەکاتە سەردڵو دەروونی گەنجەکانمان ؟ ئایا چارەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە یان هەرئاوا دەمێنێتەوە ؟ گەلێ پرسیارو گلەیی تریش کە مەگەر هەر زاناو پسپۆرێکی دەروونناسی بتوانێ لێی بتۆژێتەوە • ئێمەش بە ئەماشاکردنی هەندێ سەرچاوەی زانیاری دەروونی و بەپێی توانا وەلامی ئەم بڕا قوتابیە دەدەینەوە •

برای بەڕێزمان کاکە ئاراز :ـ قۆناغی باڵق بوونی یان خۆناسین کارێکی راستەوخۆ دەکاتە سەر ڕەوتی زیندەگی هەموویەکێك کە بەم دەورەدا تێ ئەپەڕێ ، زانا سایکۆلۆجیەکان دەڵێن گەنجەکان بۆیە لەم قۆناغەی ژیان خۆیان وون دەکەن چونکە لە حالەتی جۆلانە کردندان لە نێوان دوو دەوری لێك جیاوازی ژیان یەکەمیان قۆناغی منداڵێتی یە ودووەمیان قۆناغی کامل بوونەیان هەروەك لەکوردەواری پێی دەڵێن « گەڕانەوە » مەبەستیش ئەوەیە کە مرۆڤ لەکاتی باڵق بووندا ڕو بە مانای ووشە منداڵ نیە چونکە ئەمەی نەختێ بەرەوژوورچووە ، وەکاملیش نیە واتەنەگەڕاوەتەوە نیتر بە دەورەی ئەلقەی ئەو بژشایی یەدا خول دەخواتەوە ، لاسایی گەورەکان دەکاتەوەو ئەقلیەتیشی هێشتا هەر منداڵانەیە یەکێ لەو لاسایی کردنەوەیە جگەرەکێشانە زۆربەی خەلك لەم دەورەدا فێری جگەرەکێشان دەبن •

دەروون ناسەکان دەڵێن: هەندێ کەس کە بەم دەورەدا تێدەپەڕێ دەکەوێتە ژێر تەنسیری ئارەزوو وغەریزەی خۆی و هەڵس وکەوتی سەیرسەیری لێدەوەشێتەوە واتە ئەم قۆناغە بە هاش وهۆش بەڕێ دەکات بەپێچەوانەی ئەمانەش زۆرکەس بە هێمنی و لەسەرخۆی بەم دەورەدا تێ ئەپەڕدەبن •

بەلام بەگوێرەی پرسیاری درای ، کە ئاراز بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەم دیاردەیە وابزانم زاڵبوون بەسەر نەفس و ئارەزووی خۆتو خۆڕاگرتنت باشترین چارەسەری یە بۆ ئەم مەسەلەیە •

لەکۆتاییدا ئاواتەخوازم کە کاکە ئاراز سوودی لەم چەند ووشانەی سەرەوە وەرگرتبێ، داوای دوارۆژێکی ڕوونناك دەکەم بۆ کاکەی ناوبراوو هەموو قوتابیە ئازیزەکانم •

جمال الدين محمد امين
ـ دەینووسێ ـ

Institut kurde de Paris

قەڵای شیروانە مێژووی رەسەنێتی و کۆڵنەدانە

• عبدالکریم حمید •

لەخوارووی شاری (کەلار)ی سەر بە پارێزگای (سلێمانی) بە کیلومەترێك یا باشتر بڵێین لە نێوان زێی (سیروان)و ئەو شەقامە تشتیەی کە بەرەو (کەلار)و (دەربەندیخان) دەڕوانێ بەسەر خۆیەوە ڕاگرتووە ، بەڵێ ئەم تەپە دلسۆزە چەندەهای ساڵە ئەم کۆشکەی هەڵگرتووەو ئیستاش هەربەبێ باکی ئەیپارێزێ بۆ ئەوەی پیشانی ئەوەی داهاتووی تری بدا تا ئەوانیش مێژووی کۆنی خۆیان لەیاد نەکەنو بزانن باوو باپیریان چی دروست کردووەو هەوڵی پاراستنی بدەن •

ئەم کۆشکە بەرزە لە مێژەوە سەرنجی ڕاکێشابووم بۆیە لە هەڵێك ئەگەڕام کە سەرنگی لێ بدەمو بتوانم لە نزیکەوە لێی وورد ببمەوە ، تا لەم دوایی یەدا بۆم لواو ئەو هیوایەم هاتەدی ، جارێ لە بێشاتەلێ کەورە پیاوو بەساڵاچووی ناوچەکەمان بینیو پرسیارمان لێ ئەکردنو هەواڵی قەڵاکەمان لێ پرسین ئەوەی زۆرتر سەرنجی ڕائەکێشا لەم گفتوگۆیەدا وەڵامەکانیان بوو کە بەشی زۆریان لەو بڕوایەدابوون (ئەنو شیروان) یا بەشێوەی ووتنی خۆیان (نۆشیروان) دروستی کردووە ، وابزانم هەر ئەبەر شێوەی لەیەك چوونی ناوەکانیانە (قەلای شێروانە ـ ئەنوشیروان) ئەمەیان پتر بەستووە ئەگینا هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ئەم قەلایەو ئەوم پاشایە نییە کەوا نزیکەی هەزار و چوارصەد ساڵ لەبێ ژیاوە (٥٣١ـ٥٧٩ ز) ـ وانا لە دەوروبەری داهاتنی ئاینی ئیسلام قەت ئەقلیش ئایگرێتەوە کۆشکێکی ئەو سەردەمە تا ئێستا بمێنێتەوە بە جۆرێ کە تەنانەت زۆرو قولەو بیبیلکانەو تاقو دەرگاکانی بەشێوەیەکی ناشکرا ماوە ـ لە دوای ئەم ھەموو کارەساتانەی بەسەریا هاتووە کە لەدوایی دا باسیان دەکەین ـ جگە لەمەش ئەم پاشایە لە کاتێکدا کە لە عیراقدا فەرمان ڕەوایی دەکرد لە (ئەیوانی ئیرا)ی پەناوبانگ کە نزیك بە شاری بەغدایە دەژیا ئەمە بە پێچەوانەی ئەوان کە دەڵێن گوایە لەم کۆشکەدا جێنشین بووە ئەمانە هەمووی لەحاڵەتێکدا ئەگەر بڕوا بەو سامانە ڕاستەو ڕەوانە نەکەین کە مێژوو نوسی کورد مامۆستا (ئەمین زەکی بەگ) بەجێی هێشتووەو تێدا دەڵێت محمد پاشای جاف باوکی مەحمود پاشا دروستی کردووە ـ (مێژووی کوردو کوردستان ـ بەعەرەبی چاپی ١٩٦١) بەپێی کتێبەکەی (سزن) پش (مەحمەد پاشا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا مردووە) بەم جۆرە ئەگەر لە ڕۆژانی ژیانی محمد پاشادا دروست کرابێت ئەوا تەمەنی قەڵاکە نزیکەی صەد ساڵێك دەبێت کە ئەمە ڕاستی یەکەو هیچ شکێکی تیدا نییە •

بەڵام با بگەڕێینەوە سەر باسی ئەو ئەخسانانەی دەربارەی ـ ئەنو شیروان ـ ئەیگێڕنەوە دەڵێن ، گوایە ئەم پاشایە فەرمانی دروستکردنی کۆشکێکی نایابی داوە کە هاوتای لەو ناوچەدا نەبێ بۆیە بیاوەکانیو بە هاوکاری چەند وەستایەکی بێگانە ئەوپەڕی هەوڵو تەقەلایان دا تا توانیان ئەو قەلایە کە بریتییە لە چەند قاتێك لەسەر تردێکی بەرز بنیات بنێن ، هەر لەو شەوە پردێی تەورە بەسەر سیراواندا و تا ئەو بەر دروستکراوەو بەسەریا هاتو چۆیان کردووە • پاشا خۆی لەسەرەوەی تشت دانیشتووەو فەرمانی دەرکردووە و بە دادپەروەری حوکمی دەکرد بە بەجۆرێ کە زنجیرێکی درێژ لە کۆشکی پاشاوە شۆڕکرابووە خوارەوەو بە ئەلقەیەکو زەنگۆلێك کۆتایی دەهات ، هەر کەسێك داواکاریەکی بوایە یەکسەر ئەچوو زەنگولەکەی ئەجولاندەوو دوای ئەچووە سەرەوە بۆ بەستنی باسو خواسی •

هەر چۆنێك بێت ئەوەی لەم باسانە پەیوەندی بە دادپەروەری ـ ئەنوشیروان ـ دەوە بێت ڕێی تێ ئەچێت چونکە خۆی بە پیاو چاکو دادپەروەر ناسراوە تەنانەت (پێغەمبەر ـد ـ) دەڵێ (لە زەمانی پاشای دادپەروەر لەدایك بووم) بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لەوێ ژیاوەو ئەمانەش ڕوویان دابێت • ئەمانەو شتی تری سەیر سەیر زۆربوون کە لێی ئەدوان کە هیچ کامیان جێی بڕوابێ کردن نەبوو •

بەرەو قەلاکە چووین و ئێی نزیك بوینەوە لەپێشا دریکی دەورەو پان ئنجا لە ناوەڕاستیەوە تەوژنکەیەکی خڕترو لەپاشان قەلاکە دێ • ئەوەی بڕەمان ناشکرابوو نوسراوی کوردیو عەرەبی وشیعری فارسیو تەنانەت گەڕۆکە بێگانەکانیش کە بەوندا تێپەڕیان کردووە بە ئینگلیزی شتیان تیدا نووسیوە •

صەد ساڵ زۆر نییە بۆ بنیاتێکی قایمی ئەو سەردەمە ئەبوایە دەوامی بکردبایەو بەرەو ڕوخاندن نەچووبایە ، بێ گومان چەند کارەساتێك هەیە وبەسەریا هاتووە بۆیە بەم جۆرەیە • لەوانە ، خەڵکی ناوچەکە خۆی کە ئەوەندە گوێی نادەنێو بەتەنگیەوە نین هەر بەڕێکەوت کە لەوێ بڕوین شوانو ئاوانمان ئەبینی یاری بە بەردو دیوارەکانیان ئەکرد ، لەبێش ئەو سەردەمەش ئەم قەلایە جێمەی ڕابواردنو هاوین بردنە سەری هەندێ لە بەڕێزەکانی جاف بووە لەوانە کەریم بەگ (کە کوڕی فەتاح بەگی مەحمود پاشای جافە) هەتانەت بە نیازی جاککردنەوە هەندێ دەستکاریشی کردووە ، ئەبێ ئەوە شمان لەیاد نەچێ کە هەر لەپاش ئەو کەریمیانو کۆئیستانەی کەریم بەگ دا و بە دزێژایی ئەم ماوەیە وەکو

بڕوانە ل : ١١

کەشی هاوکاری لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

سینەمای شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی چ جورە فلیمێك نیشان ئەدەن؟

بێگومان ، زۆربەی زۆری خۆئنەران ، لەسەرلاپەڕەکانی ڕۆژنامە نیشتمانیەکانی وڵاتو لەماوەی لاپەڕەکانی ڕاگەیاندنو بەروەردەییەکانەوە ئیستەکەو تەلەڤزیونو لەکوڕو کۆڕەکەلە هونەریەکان ، ئەوەو ئێگونیەوانە سەرنجی ڕاکێشاون کە دەربارەی باری « خانوو سینەماییەکانی پایتەخت بەتایبەتیو تێکڕای شارەکانی تری وڵات بە نشتی دەستی ئی کردەوەو چۆن بەپێی ئەو ئەخشە ناڕاستەییو پەروەردەییەی سەرکردایەتی شۆڕش داینناوە •

تەقەللای ئەوە ئەدرێ ئەو فلیمە سینەماییانەی پیشان ئەدرێن ، لەمستەوای ئەو ئەخشەیەدابێ و لەهەردوو لایەنی ڕۆشنبیرکردنو سوود وەرگرتنەوە خەڵکی ئەوجۆرە فلیمانە ببینن کە خزمەتی باری کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری ڕۆژانەیان ئەکات ، جا ئەم بایەخدانە ، بەسینەماو ئەو فلیمانەی پیشان ئەدرێ ، هانی داین ، سەرنجێك لەباری سینەماکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بدەینو بزانین تاچرادەیەك ئەو هەوڵو تەقەللایەی بۆ ڕێزگرتنی ئارەزووی خەڵکی لەلایەن دامو دەزگا بەرپرسیارەکانەوە دەستی پێ کردوە ، سینەماکانی ناوچەکەی لەڕووی پیشاندانی فلیمە سینەماییەکانەوە ، گرنگتەوە •

● هوی گیروگرفتەکە :

لەماوەی کەڕانەکەماندا ، بۆمان دەرکەوت، هوی بنەڕەتی گیروگرفتی سینەماکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کەرتی تایبەتینو خاوەنەکانیان ، خۆیان ، بەئارەزووی خۆیان فلیمەکان ئەکڕنو کەرتی سۆشیالستی لە سینەماو دابەش کردنی فلیمەکاندا ، هەرهیچ ئەبێ هەتا لە مەلیەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، سینەمایەکی تایبەتی نیە بۆ پیشاندانی فلیمی سینەمایی •

بڕوانە دەربارەی

سینەما ! ئەوا خەڵکە چاویان لەوسینەما نوێیەیە کەگوایە بەمۆزوانە تەواو ئەبێ !

چارەچیە ؟

ئەوەی سەر لەناوچەی ئۆتۆنۆمی بدات ، هەست بەوجولانەوە گورج وگۆڕلە ئاوەدانیو پێشکەوتنە ئەکات ، زۆرلایەنی ژیانی کرتۆتەوەو دلسۆزان شەورۆژ لەکاران تانەخشەی ئاوەدانیو پێشکەوتنی ناوچەکە بێتە ڕابەڕاندن • بەڵام ، مەسەلەی بایەخدان بەلایەنی سینەماکانو ئەوفلیمانەی لەسینەماکانی ناوچەکەدا پیشان ئەدرێن ، نابێ لەوچاودێریو بایەخە دلسۆزانە تێکڕاییە بەدوورین کە ناوچەکەی کرتۆتەوە تێکڕالە گفتو گۆکانمانا لەگەل هاوولاتیەکاندا کەیشتینە ئەوەی :

ـ پێویستە لەشارەکانی ئەو فلیمانە پیشان بدرێن کە سوود بەخش و لەگەل بارەزیانی ئیستاو ئارەزووی خەڵکەکەدانەگونجێن ئەو فلیمانەی ئیستا پیشان ئەدرین ، کۆن ، ناوەرۆك بۆشی دور لە واقعی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەن •

ـ لەبەرئەوە ، وای بەباشتر ئەزانن ، هەر هیچ نەبێ ڕۆژێك بەغدا لە هەر شارێکدا سینەمایەکی تایبەت بەلیژنەی هێنانو دابەش کردنی فلیمی سینەمایی هەبێت بۆئەوەی ئەو فلیمە باشانەی لەبەغدا پیشان ئەدرێن خەڵکی ئەم ناوچەیەش سوودی لێ وەربگرن •

● دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەرو سینەماو فلیمەکان

بێگومان ، ئیستا لەشارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر تەنیا لەهەولیر کاروباری تەواوی دەست بی کردەو چالاکی هەیەو بریارە بەمۆزوانە ئەم بەریوەبەرایەتیە لەسلیمانیو دهۆك بکەونەکار • لەبەریوە بەریتی ڕۆشنبیری جەماوەر ، سەرچاوەیەکی لێپرسراو پێی وتین کە بەریوەبەری یەکەی فلیمی سینەمایی ئەهینی لەشوێنە شتی یەکانەدا پیشانی خەڵکی ئەدات • ئەمەکاریکی چاکە ، بەڵام وەك برمان ڕون کرایەوە • ئەو فلیمانەش هەر فلیمی کۆنو بێ کەڵکن • بۆنموونە ، ئەو میهرەجانە سینەماییانەی بۆ فلیمی چاکی خرمانی ئەکرێ، تائیستا نە لە سینەماکانی کەرتی تایبەتو نە لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەرەوە هەر هیچ نەبێ لەمەلیەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پیشان ئەدراون •

بەپێی باوەڕو بۆچونی ئێمە دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەریان ئەمانەتی تشتی خۆی ئەتوانی چارەسەری خیرایی ئەم گیروگرفتە بکات کەپەیوەندی بەئارەزوو زەوقی زوربەی زۆری خەڵکەوە هەیەو هیوادارین لەماوەیەکی کەمدا ، دلسۆزان دەستی دلسۆزانەیان بگەیەننە سینەماکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو لەهەموو لایەنەکانیانەوە ، وای ئاراستە بکەن ، ئارەزووی خەڵکی لەئاراستەیی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا بەدی ئەهێنێ •

ـ بەشی لیکۆلینەوە ـ

مەرەمەری عیراقی

بەشی لیکۆلینەوە

پیشەسازی مەرەمەر لەعیراقدا کارێکی تازە نییە ، بەڵکو عیراقیەکان لەدەمێکەوە مەرەمەریان ناسیوە ، بەڵام لەگەل ئەو مێژوە درێژەشدا پیسەسازی مەرەمەر چ لەڕووی دەرهێنانی لە کانەکانەوەو یالەڕووی دروست کردنیەوەیەوە ئەسەند ، تاوەکو دەزگای تشتی کانەکان ، ئەرکی پێکهێنانی پیشەسازی یەکی ئەواوی ئرتە ئەستۆ ، هەر لەدەرهێنانی بەردە مەرەمەردو تا ئاقە مەرەمەر لێ دروست کردنو بریتی بە ئەندازەی ڕێکۆپێکو بەپێی پێویست لەگەل بریسکەدنەوەیدا •

دەزگاکە بە تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوانەی دروست کردنی مەرەمەر دەستی داوەتە ئەو پیشە سازیە بۆئەوەی بەرەی پێبداو کەرەسەی خاوی سروشتی ئەو مادەیە لە ڕووی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژووی وڵاندا ڕەنێوبهێنێ ••

● کانە مەرەمەرەکان

کەلێن جۆری مەرەمەر لەعیراقدا هەیە ، کە لەڕووی جۆریەوە لەیەکتری جیاوازن، هەندێکیان شان لەشانی باشترین جۆری دەرەوەی ئیتالی ئەدەن • جورەکانی لە (٣٠) جۆر زیاترنو لەڕووی ڕەنگو بنەوەیو خاسیەتی سروشتی تردوە لەیەکتری جیاوازن •

لە دووساڵی ڕابوردوودا توانرا (٧) کانە بەردی نەرسازبکرێ بۆ دەرهێنانی مەرەمەر لە ناوچەکانی گەلالەو ڕایاتو دەربەندی ڕایاتو سەلاحەدین لەپارێزگای هەولێردا ، لەگەل ناوچەکانی گەلالەو کانی گوێژو قەرەجماغ لەپارێزگای سلێمانیدا •

هەرچەندە ئەو ناوچانەی مەرەمەریان لێیە ڕوونەن ، بەڵام لەگەل ئەوەشدا توێژینەوەی ئامرازی دەرهێنان وەك تەلی بژاڵی لە هەندێ کانەکاندا خراوەتە ئەو کارەوە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە ڕێبازێکی زانیاریانەی ئەوتۆ دەرئەهێنرێ کە سەرچاوە سروشتیەکان لەزیان ئەپارێزێ •

وزەی بەرهەمهێنانی ئەو کانانە لەساڵێکدا ئەگەنە (٣٧٥٠) مەترە شەش پالوی بەردە مەرەمەری هەمە ڕەنگو ئەو میقدارە بەشی زۆری پێویستیەکانی کارگەی مەرەمەر دروستکردنی هەولێرو کارگەکانی کەرتی تایبەتی کە لە بەغداو موسڵو سلێمانیداهەن ، دابەشێ •

هەروەها لەساڵی ئایندەدا چوار کانەبەردی نوێ بۆ دەرهێنانی بەردی مۆزایك کە لەدەرەکەوە کەبریتین لە ڕەشی خەتخەت سپیو زەردی پەلەپەلاویو خۆڵە مێشیەکی کاڵو تۆخو خەتخەتی زەردوسپیو سەوز • مەرەمەری عیراق پتەوەو زۆر ئەبریسکێتەوە ، ئەمەش وای لێ کردوە بەکەلکی هەمووجۆرە بەکارهێنانێك بێت •

بۆ ئەوەی پێویستی بازاری ناوخۆ لە مەرەمەری هەمەرەنگ مەیسەر بێت ، ئەلی ڕەنگی تری مەرەمەری بێگانە لەدەرەوە بەردێکی بووکەو لەپیشەسازی مۆزایك دروست کردندا بەکار ئەهێنرێ ، وزەی بەرهەمهێنانی ئەو کانانەش ئەتەنە (٥٠) هەزار مەترە شەش پالو لەساڵێکدا •

● کارگەی مەرەمەر دروستکردنی هەولێر

لەوانەیە ئەو کارگەیە ببێتە بەردی بناغەی پیشەسازی مەرەمەر دروستکردن چونکە ئامرازو ئالەتی ئەوتۆی تێخراوە کەپێشتر نە عیراق لەو پیشەسازیەدا بەکار نەهێنراون •

ئۆبالی پەرەسەندنو پێشکەوتنی ئەو پیشە سازیەش لەوڵاتدا ، خراوەتە ئەستۆی ئەو کارگەیەوە •

ئەوکارگەیە لە حەوتی نیسانی ١٩٧٦ وە کەوتۆتە گەڕو مەرەمەری عیراقی ، بەرهەمی سەرەکی کارگەکەیەو (٧) جۆرە مەرەمەری ڕەنگاو ڕەنگی لێ دروست ئەکرێ ئەهێنرێ ، بەم هێنانەوە جۆری مەرەمەر لەعیراقدا ئەتاتە (١٤) جۆرو وزەی بەرهەمهێنانی کارگەکەش لە ساڵێکدا ئەتاتە (١٠٠) هەزار مەترد پوار ئامادەکراو •

دروستکردنی مەرەمەرەکە بەدرو ڕەگەز ئەگرێ :

یەکەمیان : تاتە مەرەمەرەکان بە ئەندازەیەکی ئەگونجێ بەبڕین ، کە ئەمەش پێوانەیەکی باوی بەکارهێنانە لەڕووی درێژیو پانیەوە وەك ٦٠ × ٤٠ سم ، ٤٠ × ٤٠ سم، ٣٠ × ٣٠ سم ، ٢٠ × ٤٠ سم لەگەل داواکردنیشیدا لەبەردەستدا ئەبێت •

دووەمیان : بڕینی تاتە مەرەمەرە بە ئەندازەی جیاجیا بەپێی داوا ئەکرێ •

● مەرەمەر ناردنە بازاڕ

بواری بەکارهێنانی مەرەمەر لەعیراقا لەو ساڵە کەمانەی ڕابوردوودا لەبەر هەندێ هۆ فراوانبووە ، لەو هۆیانە :

بەرزبوونەوەی ڕادەی داهاتی هاو وڵاتیانو جوان بوونی تەرزی باڵەخانە خانووبەرە دروستکردنو

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

بەرپەرێ دەهێ زارێ کرمانجی و بیروباوەریێت مێ • زێرەڤان •

بەرپەرێ دەهێ ژ روژنامەا« هاوکاری » یا خوشتڤی بێ گومان پێتکافەکا پیروز وکارەکێ راستە و کریارەکا چەند بێژی د جهێ خو دایە وسوپاسگوزارێیە ، ژ بەرکو ژ لایەکێڤە راستکردن سازکرنا کریارا نە دجهێ خودا بویە کو هندە بەرپرسیارێت هاوکاری ئەڤ بەرپەرە سێ سالان نەهێلایی،ژ لایێ دووێ ژێڤە رێ دەشت و لەپلانکرنە ل بەر هژمارەکا نفیسەڤانێت کرمانجیزار ل عیراقێ یێت کو بێتر ژ (٤٠)سالان زرپەهر بوینە کو ل دوی زانینا خو هەڤیشکی نفیسەڤانێت دی یێت کورد د نفیسینا گۆتاران ل سەر تورو کولتور و روشەنبیریا کوردی بکەن چ تورێ نفیسی یان ژی فولکلوری بیت •

ئەڤ بەرپەرە نەگەرچی پێشکەڤتی نو کەشدارە ، جهێ بێ خوڕین و شەهنازیێیە ،لێ بەلێ بێ گومانە هێژ سافایە یێ بەیاورك دبیت ،هێژب درستی بستە نەبویە کو بدەتە رێ نەکەڤیت :

ئەڤ مەوەیە ئەگەر نە نابدارە کرمانجیە نەو قەدر ل کارە

ئەڤ بەرپەرە بێتفی ما ژێخارن و دبەرپا چۆنەکا بوسپورانە و شەهرەزانەیەداکو باش پێ بێنە بەر نە هەلنگفیت و بکەفیت و بشێت رێکا راست بکریت تێرا بچیت • دڤێ قوناغا پەیاورکیێدا ئەز ب پێتفی دزانم فان بیرو باوەرێت خو ل بەرچاڤێت خویندەڤانێت ڤی بەرپەرێ دانم ب هیڤی وهومیدا وج ژێ کرتن و رێ سفك و خوشکرنێ ل بەرنفیسەڤانێت دلسۆژ یێت ڤی بەرپەرێ و هەمی دلسۆژان •

د زمانێ کوریدا نەمازە« زارێ کرمانجی » چەند کرن (فعل) یێت خوجهی هەنەو ل کارن ، بکارئینانا وان جودایێ د نفیسینێدا دیار وخویادکت • من دڤێت ئەز ل سەر باخڤم ب هیڤیا یەکگرتناوان بۆ یەکگرتنا نفیسێن کو دڤێت ب هزرا ئارمانجاهەمی نفیسەڤانا بیت کو بەرە بەرە خو ژ زاراف وگۆتنێت خوجهی دویر بێخین•

کرنا یەکێ :

کرنا « هەبونێ »یە ل دەمێ نهو (مثبت)دا • ئەڤ کرنە دڤی دەمی و ب وی ئاوایی ل هندە جهێت دەڤەرا بەهدینا ب ڤی جورەیی تێتە کێشانی(تەهریفکرنێ) بەروڤاژی کێشانا وێ ل جهێت دی ژبەهدینا و زارێ کرمانجی ب گشکی : کێشان ب ڤی جورەیی یە :

کەسێ یەکی کەت (یەکینی):من یێ هەی (منێهەی) وەك من قەلەمێ هەی کەسێ دووێ کەت (یەکینی) : تە یێ هەی، وەك تە کراسێ هەی •

کەسێ سێ کەت (یەکینی):وی (وێ) یێ هەی ، وەك : وی (وێ) دەفتەرا هەی •

هەسێ یەکێ کرم (پرینی) :مە یێ هەی ، وەك : مە رەزێ هەی •

کەسێ دووێ کوم (پرینی):وە (هەوە) یێ هەی ، وەك : وە مالا هەی •

کەسێ یەکێ کوم (پرینی): وان یێ هەی ، وەك : وان دەرسا هەی •

هەکە هات ژ تشتەکی پێتر هەبت دێ بتە :

کەس یەکینی	پرینی
١ ـ من یێت هەین •	١ ـ مە یێت هەین •
٢ ـ تە یێت هەین	٢ ـ وە یێت هەین •
٣ ـ وێ یێت هەین •	٣ ـ وان یێت هەین •

بەلێ کێشانا ڤێ کرنێ دڤی ئاوایی‌دا ب لایێ گشکی کو زارێ کرمانجی بجارەکێ دکرت سەرەڕای سۆرانی ژی کو نەهێی بێ ئاخفتنێیەب ڤی جورەیێ ژێریە •

کەس یەکینی	پرینی
١ ـ من هەیە •	١ ـ مە هەیە •
ا ـ وی هەیە •	٢ ـ وە (هەوە) هەیە •
ب ـ وێ هەیە •	٣ ـ وان هەیە •

ئەڤ کێشانە ژبو هەبینا تشتەکی تێنێیە ، لێ هەکە ژ تشتەکی پێتر بیت کرن ل شوینا «هەیە» دێ بتە «هەنە» بتنێ ، چو گوهورین یێت دێ‌تێدا نابن :

من هەنە • ژبو یەکینی ،مە هەنە • ژبو پرینی •
تە هەنە • ژبو یەکینی ،وەهەنە • ژبو پرینی •
وی (وێ) هەنە • « ، وان‌هەنە » •

ئەڤ جورێ دووی ژبەلی گشکیێ ، سفکتر و خوشترە ژی • ئەڤ جورێت کرنێت‌خومالی نەکو د زارێ کرمانجی‌دا بەرچاڤن ، لێ د زارێ سورانی‌ژی هەنە ، هەتا ل باژێرەکێ وەکی سلێمانیێ ، «هاتمەوانی»،هەڤبەری « هاتمەوە » « رویشتمەوانێ » هەڤبەری« رویشتمەوە » هەر دو ل کارن •

کرنا دووێ :

کرنا دووێ کرنا نێز بۆرێیە هەر وەکێ سەیدایێ جەگەرخوین دکتێبا خودا «ئاوائو دەستورا زمانێ کوردی » ب ناڤ دکەت ، کو رامان وپەژن ژێ دەمێ بۆرێ یێ چو وێ وەسا ب سەرفە نەچویە(الماضی التام

کو دیسا ل چەند جهێت کێم ل‌دەڤەرا بەهدینا بەروڤاژی زمانێ کوردی ب تێکرایی چ کرمانجی‌یا سورانی ل کارە نو هندە نفیسەڤان ژ نەزانینا خودەدنەکاری •

دەمێ نێز بۆرێ ژ «هاتن» :

١ ـ ئەزێ (یێ ، وێ)هاتیم •
٢ ـ تو (یێ ، وێ) هاتی•
٣ ئەو (یێ ، وێ) هاتی •

ئەو (یا ، وا) هاتی
١ ـ ئەمێت (ئەم یێت ،وێت) هاتین •
٢ ـ هونێت (هون یێت ،وێت) هاتین •
٣ ـ ئەوێت (ئەو یێت ،وێت) هاتین •

بەلێ ئەڤ کرنە ژ بنکەهێ‌خو یێ راست و ل کار ب ڤی ئاوایێ ژێریە :

دەمێ نێز بۆرێ ژ هاتن :

یەکینی	پرینی
١ ـ ئەز هاتی مە •	١ ـ ئەم هاتینە •
٢ ـ تو هاتیی (هاتی) •	٢ ـ هوین هاتینە •
٣ ـ ئەو هاتیە •	٣ ـ ئەو هاتینە •

ئەڤە هەکە کرن نە دەرباز(لازم)بت ، بەلێ هەکە کرن دەرباز بت ب ڤی ئاوایێ ژێریە :

دەمێ نێز بۆرێ ژ «برن» :

یەکینی	پرینی
١ ـ من بریە •	١ ـ مەبریە •
٢ ـ تە بریە •	٢ ـ وە (هەوە) بریە •
٣ ـ وی (وێ) بریە •	٣ ـ وان بریە •

ئەڤە هەکە تشتەك بیت ،بەلێ ژ یەکی پێتر ل شوینا « بریە » دبتە « برینە »وەك:« من برینە » ژبو یەکینی ، « مە برینە » ژ بو پرینی ، «تەبریە » ، « وە برینە »+ هتد• ژبەرکو ل دوی بنکەهێ‌رێزمانێ ، دەمێ نێز بۆرێ ب ڤی رەنگی تێتە سازکرن :

١ ـ جهنافێ کەسی •
٢ ـ رهاکرنێ •
٣ ـ کرنا بوینی کو کرنەکاهاریکارە •

ئەڤ هەر دوکرنەنە ب‌ئاوایێ (جورەیێ) گشکی راستر و سفکترن ، ژ بەلی‌هندێ ژی زمانێ کوردی بەر یەکگرتن نو ئێك رەنگێ‌نفیسینێڤە دبەن کو دڤێت ئەڤ یەکگرتنە ئارمانجا هەمی‌نفیسەڤانان بیت • ژبەر هندێ ب من وەرە هەمی نفیسەڤان‌هزرا هندێ بکەن دەمێ دەست ب نفیسینی دکەن چ گۆتاریان ژی کێتب بیت •

کرنا سێ ژیین (ژیێن)،ژیان :

د زارێ کرمانجی‌دا« ژیین »(١) ژین ب رامان و پەژنا (مەعنا) زێندینی ،زێندیبون ل کارە ، کو ژ ژێدەری « ژیین » « ژین » کرن‌ژێ تێتە درستکرن ، کرنا تێتە درستکرن یا سازکرن‌کرنەکا نەدەربازە دکەل جونیا یەکێ یا جهنافێت کەسی تێتەکێشان دێ بێژی : ئەز ژیم • ئەز ژیمە • ئەزێ دژیم • ئەژژیباما • ئەز دژیم • ئەز دێ ژیم • ئەز بژیم • هتد •چەند پێشپرت (پێشگر ـ پێشبەند) ل پێشڤە تێنەبەستن بێژەیێت نوی ب رامان‌و پەژنێت نوی تێنە درستکرن‌وەك : (ڤە + ژین = ڤەژین)• پێ ژین • هەروەسا ژی‌پاشپرت ب سەرڤە تێنە بەردان بێژەیێت نوی ب رامان وپەژنێت نوی ژێ درست دین وەك : ژین + دان = ژیندان‌ژین + داریەژیندان •• هتد•

بەلێ ب زارێ سورانی ل‌شوینا « ژین » • ژیان ل کارە (فەرهەنگا توفیق وەهبی)(٢) ئەگەرچی بەرانبەری « ژین »

بروانە ل : ١١

جزیری و قەفتەکا سۆفیێت عەرەبان

دەریانێ قاڤو قولزەمی
یان چەرخی گەردانی « مەلا »

ڤێجارێ ئەم دێ دەفتەرا هندەك سۆفیێت دینی‌و نولیێت عەرەبان ڤەکەین ، ئەوێت ـ جزیری ـ ئاڤێت وان د هۆزانێت خودا برین‌و هزمارتین •• سۆفیێت دیێت فارس‌و تورکو کورد ، بارا داسەکا دی‌نە بدرویت‌و بچنیتن •

مینا مە کوتی ـ جزیری ـ ژ کانیێت گەلەك رەوشەنبیری‌یا ڤەخاریە ، ژوان بێگومان رەوشەنبیری‌یا عەرەبیە ، ژبەر ئەگەرا نولێ ئیسلامێ بێ‌بیروز ، کو کارەکێ مەزن د هۆزانێت وی‌دا کریە •• پال‌پێڤەنای گولولکا سوفیاتیێ بکریت‌و هەلکەت •• ئو ئاڤێت قەفتەکا سۆڤیێت مەزن د هۆزانێت خودا بکولیت ، کو د ڤێ گوتاری‌دا ئەم دێ ئێکەئێکە ئەلەمتریکێ ئێخینە چاڤان •

١ ـ حسین کوڕێ منصورێ حەللاج ، ژدەیکبونا وی لباژێرێ ـ بیضاء ـە ، لناڤبەینا ٨٥٨ ز ـ ٩٢٢ ز ژیایە ، خاندنا خۆ لجەم سۆڤیێت مەزنێت وەکی : تستری‌و جونەیدی ، تەڤافکری‌یە ، ژبەر ئەگەرا زانینێ ل گەلەك وارو دەڤەرا گەڕیایە ، مینا ترکستان‌و هندستان‌و مەکەهو مەدینا ••• دیماهی‌ئ ل بەغدا ئاکنجی‌بویە • دبێژن مروڤەکێ « کێم‌خورا ، گەلەك نڤێژکەر ، هەمیشە پروژی‌بو ! » ، مشە خەلکی رێکا وی‌یا سۆڤیاتی‌ئ دبێچا ، لسەردەمێ ـ المقتدر بالله العباسی ـ ژبەر پیلانێت بەکروکا هانەکرتن ، پاشی شەنقکرن ، نقشتوکا وی ـ طاسین الازل ـ زۆرا بنافودەنکە ، دیوانا وی ژ لایێ دکتور (مصطفی الشیبی) ڤە هاتیەچاپکرن ، روژهەلاتناسان گولدژهێر Goldziher و لویس ماسینیون L Massignan مشە پەرتوکو نڤیسین لسەردانینە•(بێژە: الزرکلی‌ـالاعلام ج ٢ ب : ٢٨٥ • ابن الندیم ـ الفهرست ـ ج ١ ب : ١٩٠ • ابن کثیر ـ البدایه والنهایه ـ ج ١١ ب : ١٣٢ • ابن الاثیر ـ الکامل ـ ج ٨ ب : ٣٨ • الخطیب البغدادي ـ تاریخ بغداد ـ ج ٨ ب : ١١٢ ـ ١٤١ • محمد شفیق غربال ـ الموسوعه العربیه ـ ب : ٧٣١ ـ ٧٣٢) •

جزیری نافێ ڤی سۆڤیێ هێژاو هەژی د هۆزانێت خودا مشە ئینایە •• وەختەکی دبێژیت ، ئەڤینێ دل هەقوت‌و گفاشت •• دل بناکرو پێتا وێ هاتەسۆتن‌و شەوتاندن •• حەلیاو فەنابو •• لەورا دگوت (انا الحق) ! باوریکەن دل ـ منصورێ حەللاج ـ ٥ ، یێ‌کەهشتیە ئێتوینا فرەگەرما فەنابونێ •• قۆناغا دیماهیا شەطەحاتێت سۆڤیان :

هۆستاین عشقێ دل هەڤوت
سەرتا قەدەم هنگی دسوت
رەمزا (انا الحق) هەر دگوت
باوریکەن ـ منصورە ـ دل !

دیوانا جزیری ـ ئامێدی ـ ب : ٢٩٠

دمالکەکا دی‌دا ـ جزیری ـ دیەیفیت‌و دبێت ، ئەم بێت گەهشتینە نیڤەکا دەریا خەلیان‌و فەنابونێ •• ئەڤ تشتە مە ژ لێڤێت لەعل‌و یاقوتی زانی •• نێ بەری ئەم بدرستی بچین‌و فەنابین •• گولافا سەرێ زولفان ئەم مەست‌و سەرخۆشکرین •• ئینا مینا (منصورێ حەللاج) ژبەر شەطەحاتان هاتینەشەهیدکرن :

ژ (انا الحق) بلەبێن لەعلی خەبەرداری بوین
بگولاپا سەرێ زولفا خوە تە (منصور)ی کرین

دیوانا جزیری ـ ئامێدی ـ ب : ٣١٢

٢ ـ معروفێ کەرخی ، معروف کوڕێ فەیروز ، داکوبابێت وی خەلکێ ـ واسط ـ بون ، ل بەغدا ـ تاخا کەرخێ هاتیەدنێ‌و ژیایە ، سالا ٨١٥ ز دەما چویە بەردلوڤانیا خودێ ، هەر لوێرێ، هاتیە نخافتن‌و ڤەشارتن ، سۆڤیەك‌و خودێ‌نیاسەکێ کەنکەنەو مەزن بو ، ژبەر تیەڕکیێ مشە خەلکی ڤەستدکرێ ، گەلەك جاران زانایێ بلندو پایە بەرز ـ ئەحمەد بن حەنبەل ـ ژبەر ئەگەرا بورێ ڤەستا وی کریەو سەرادایە • بێژە : الزرکلی ـ الاعلام ـ ج ٨ ب : ١٨٥ • ابن خلکان ـ وفیات الاعیان ـ ج ٢ ب : ١٠٤ • القاضی محمد بن ابی یعلی ـ طبقات الحنابله ـ ج ١ ب : ٣٨١ ـ ٣٨٩ • الخطیب البغدادي ـ تاریخ بغداد ـ ج ١٣ ب : ١٩٩ • محمد شفیق غربال ـ الموسوعه العربیه ـ ب : ١٤٥٠)•

جزیری نافێ معروفێ کەرخی ، جهەکیدا ، دگەل نافێ ئەبو بکر شبلی‌و سەعدی شیرازی‌و فرخی سیستانی دبەت ، دەما دبێژیت ، حەڤا بێرو سێتریت ئەڤینێ گەش‌و دیاربکەن •• شولحەو بنڤا ڤەدمن •• دڤیا ئەڤینداریت وەکی ئەڤێت نافبری هەبن •• وئکافێ ئەڤینی‌یا راست‌و درست دێ کفش‌و خویابیت :

دا کفش‌بین کەوکەب د چەرخ
رابن هزار معروف د کەرخ
شبلی‌و سەعدی‌و ئالی فەرخ
عشقێ دوان کەشفا خوەدا !

دیوانا جزیری ـ ئامێدی ـ ب : ٤٣

هەر وەتۆڤ‌و وەڕەنگ ـ جزیری ـ د هۆزانەکا دی‌دا دبێژیتن : ئەم وەستاین‌و کەرخین •• مە دڕاندن پەردەو نیقاب •• بوینە داناو عارفێ زەمانی •• دێ بلا بێت معروفێ کەرخی ، ئەم دێ کەنکەشەو بکروبکێشا ڕازو نەپەنی‌یت سۆڤیاتی‌ئ دگەل کەین‌و گرنەدین :

کەرخین ئەم د قیامێ مە ژ دل پەردە دڕاند
عارفێ وەقتەو معروف بلا بێتە ژ کەرخ

دیوانا جزیری ـ ئامێدی ـ ب : ١٩٥

٣ ـ ئەبو بەکر شبلی ، دولف کوڕێ جوحدرێ شبلی‌یە ، لناڤبەینا ٨٦١ ز ـ ٩٤٦ ز ژیایە ، بەریکێ والی‌ئ دەڤەرەکا نێزیکی ـالری‌ـ بو ، پاشی ئەو بەرپەرِ ڤەدا رێکا سۆڤیاتی‌ئ‌و کولپەستنێ کرتو پێچا ، بارابتر ژ موریدیت ـ جونەیدئ بەغدادی ـ بو ، پشتی شەنقکرنا حسینئ حەللاج ، هارو دیوانە بو •• دەما چویە بەر دلوڤانیا خودئ هەر لبەغدا هاتە ڤەشارتن • (بێژە : ابن خەلکان ـ وفیات الاعیان ـ ج ١ ب : ١٨٠ • ابو نعیم الاصفهانی ـ حلیه الاولیاء ـ ج ١٠ ب : ٣٦٦ • ابن تغری بردی ـ النجوم الزاهره ـ ج ٣ ب : ٢٨٩ • الزرکلی ـ الاعلام ـ ج ٣ ب : ٢٠ ـ ٢١) •

جزیری ، نافێ ڤی سۆڤیئ خودئ‌نیاس ، دگەل ڤەفتەکا دی‌یت وەکی وی دبەت ، مینا بەری نهو ئەم لسەر ئاخفتین‌و پەیڤین ، دەما مە باسی ـ معروفئ کەرخی ـ کری ، ئەو رێزك‌و مالکیت نافێ ـ ئەبو بەکر

یامای ل : ١١ئ

عبدالرحمن مزوری

سوڕکا بژشا مینا گوسکی تێتەخار •• میرئ ڤەهاندنا گلوازیت لەعل‌و مراریا •• شاهینئ پر لەوەندئ رێل‌و بەتەنیت هۆزانا کوردی هەر « جزیری »یە ! کێ وەکی وی ژ سیلاڤ‌و کانیت رەوشەنبیری‌یا سەردەمئ خۆ ڤەخاریە ؟ یان وەکی وی بەرمل‌و مەکولیت کتیبا دۆزەندکا خۆ دانایە ؟ • ڤێ کوتەل‌و گەریا فرەهو بێهەڤنا ، دانئ زانین‌و زانستا عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی •• ژبل کوردیئ ، پێقوتای‌و هێرای ، نەمازە دەخل‌و دانئ ئۆلپەرستن‌و سۆڤیاتیئ ، لەورا بویە ڤەرهەنکا پر پەیڤ‌و مەعنا •• « بەحرا قاڤ‌و قولزەمئ ! » :

دیوانا جزیری ـ ئامێدی ـ ب : ٣١٢

هەندەرسیار لسەر هژمارتنێ

هژمارتنا ئەڤسالە ژهەمیت **هاتینەکرین‌تاکونهو بەرقرەهترە پێتر پیتەیا پێهاتیەکرن • بێگومان هژمارتنێت زانستی دێ هەمی کێمو لەنگیا دەستنیشان کەت‌و رێدەمی بەرپرسیار دێ بسناهی شێن رێکەکا درست بوچارەکرنا وان‌دانن • بو بەرهەڤکرنا فەرمانبەرێت بکارئ هژمارتنئ رادبن لهەمی عیراقئ دەورێت فەکرین • لسەرسنگئ وئامیدیئ ماموستا موشی واحمد عبدالغفور وطیب عبدالله فیرکەرێت دەورێنە لسەرهژمارتنئ ودەورا مەچەند پرسیار زبرادەر طیب عبدالله کرن وی‌ژی بدلەکئ خوش بەرسڤامەدا**

پرسیار : کەنگی دێ بدەست هژمارتنئ کەن •

بەرسڤ :ـ ژمارتنا گشتی یاوولاتیان روژامەفدەی مەیفا چریا ئێکئ بنانەهیا خودئ دئ‌دەست پئ‌کەت • لدویف بریارا لیژنا بالا باسەژمێرا گشتی لدەڤەرێت ئاڤەدان بەری سئ‌روژا هژمارتنا گشتی بدەست پئ‌بکەت دی‌ئیستیمارا بەلافکەن لسەر خێزانادا بەرسڤێت پرسیارێت سناهی بدەن هەلبەت تڤێت سەروکئ خێزانئ بڤی کاری رابیت بئ‌گومان ئەڤەژی دئ کاری لبەر لیژنێت هژمارتنئ کێمکەت‌و سفککەت •

پرسیار :ـ نارمانجا هژمارتنئ چیە

بەرسڤ :ـ نارمانجا هژمارتنئ ئەوە دابەرپرسیار هەمی کێماسیێت چڤاکئ عیراقئ بزانن ودەست نیشان بکەن تاکو نەخشێت زانستی‌و درست بوبکێشئ داوەلاتئ‌مە یئ خوشتڤی بەرەو پێش‌خستنەکا مەزن بچیت • خزمەت‌گوزارێ بوهەمی وولاتیان وەکو ئێك پێش‌کێش‌بکەن • ئەڤ تشتە ژی دئ بنەجهبیت بهاریکاریا کورێت وولاتی‌و گوتنا وان یاراست بوڤەرمانبەرێت بکارئ هژمارتنئ رادبن •

پرسیار: پەیسکا سەرکەڤتنا دەورا ئێکئ یاهژمارتنئ‌لئامیدیئ یاچاوابو •

بەرسڤ :ـ دەورا ئێکئ یاهژمارتنا گشتی‌یا هاو وولاتیان لئامیدیئ گەلەك یابسەرکەڤتی‌بو • هەلبەت شانازی‌بو بەرپرسیارێت ڤەژاییە چمکی هاریکاریەکا مەزن بومە پێش‌کێش‌کرنەدهێلا



کێم‌وکوری درێکا کارئ مەدا پەیدابیت •

پرسیار : ئەرئ یاڤەرنینە راگەیاندن‌و پروپاگەندەکامەزن بوهژمارتنئ بهێتەکرن ل‌گوندا•

بەرسڤ :ـ لباژێرا وگوندیت دکەڤنە سەرجادئ لیژنا بالا یاهژمارتنئ بئ‌کولەکا مەزن یاکری بوروهن‌کرنا هژمارتنئ بهاریکاریا روژنامەاو رادیویئ‌و تیلەڤزیونئ ئوگەلەك رئکێتدی • بەلێ ل‌گوندا باهرا پێتر کورێت وولاتی نەشەهرەزاو نەخوینندەوارن هەلبەت رادیوژی دکێمن بەرڤئ چەندئ یاڤەرە خویندەوارو تێگەهشتی بچنە گوندا بوروهن کرنا ئارمانجێت هژماراتناگشتی تاکو هاووولاتی بدرستی بەرسڤا هژمارکەری بدەن •

بروانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

بۆزانین

له پرۆژەکانی نەخشەی نەتەوەیی پەرەپێدان ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ـ ئەمینداریەتی کشتی بەڕێوەبردنی کاروبنیشتەجێکردنی ناوچەی کوردستان قۆنتراتی نهێنی ژمارە « ٧٧/٤٨ » ـ دروستکردنی خانووی حاکم لەزاخۆ ٠

ڕای دەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ دەتوانرێت کۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەلبەندی ئەم بەڕێوبەرایەتیە یاخود لە بەڕێوبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بە (ـ١٠)دە دینار دەستبکەوێت، کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە کشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوازدەی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ٢٠ـ٩ـ١٩٧٧ دەبێتو دەدرێت بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەلبەندی ئەم ئەمینداریەتیەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە دەبێت لە کەل تەندەرەکاندا بن :

آ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـ٥٠٠) دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆماوەی شەش لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودابێت ٠

ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لەگەل بەڵگەنامەیەکدا لەبەڕێوبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠

حـ ـ بەنارمەی ئەو کارانەی لەمە دەچن ٠

د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لە کاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت گوێ دەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوبەرایەتیە لە سەری نیە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر ڕۆژێکی دوا کەوتنی کار (ـ٢٠)بیست دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی دەدرێتێ ئەندازیارێکی سەرپەرشتیکەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بە جێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لە گەل تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا دەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلسی بەتەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەوتەندەرانە پشت گوێ دەخرێن کەکەر لە ناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لەبە جێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجە کشتیەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە ، دەبەسترێت ٠

ئەمینداری کشتی بەڕێوەبردنی
کارو نیشتەجێکردن
شیروان علی امین

١ـ٢

بۆزانین

له پرۆژەکانی نەخشەی نەتەوەیی پەرەپێدان ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ـ ئەمینداریەتی کشتی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتراتی نهێنی ژمارە ٧٧/٥٢ دورستکردنی خانوی حاکمێك لەشەقلاوە ٠

لەبەرنامەکانی فەسلی (٣٥)ی مادەی (٤)ی ژنجیرە (١٦) ٠

لەبەر بەرزبونی ئەو نرخانەی کەلەلایەن قۆنتراتچی ژمارە ٧٧/٢٩ پێشکەش کراوە ، بۆیەکە بڕیارمان‌دا بەمەرجانەی خوارەوە ئیعلانەکە دوبارە بکەینەوە :

١ ـ ئەتوانرێ کۆمەڵە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەلبەندی ئەو بەڕیوەبەرایەتیە ، یاخود لەبەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای هەولێر بە (١٥) دینار دەس‌بکەوێ ، کەشایەنی ڕەتکردنەوەنیە ، بەڵام ئەبێ قۆنتەراتچی مەرجە کشتیو مواسەفاتە هونەریەکان کاتێ بکرێ ، کە قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دواماوەی تەندەردانان لە، یاخودپێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەمەی ڕێکەوتی ١٩ـ٩ـ١٩٧٧و تەسلیمی سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەردانان ئەکرێ لەمەرکەزی ئەو ئەمینداریتە ٠

٣ ـ تەندەرەکان ئەمانەی خوارەوەیان لەگەڵ‌ئەبێ :

ئا ـ بارمتەی سەرەتایی « پێشەکی » بەمیقداری (٣٧٥٠) دینار بەشێوەی کەفالەتی بانق کەبۆماوەی شەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتراتەکەوە ٠

ب ـ ئاسنامەی ژوری بازرگانی لەگەل بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرێتی باجی‌داهاتدا کەبۆ ئەمساڵ تازەکرابێتەوە ٠

حـ ـ بەرنامەیەکی ئەو کارانەی کەوەك ئەوەن وپێشتربەجێی هێناون ٠

د ـ ئاسنامەی پلەی قۆنتراتچیەتی .

٤ ـ هەرتەندەرێك لەکاتی خۆیدا دانەنرێ یاخود هەمو مەرجەکانی تێدانەبێ ، پشت گوێ ئەخرێ ٠

٥ ـ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ، لەسەری‌نیە نزمترین تەندەرلە ڕوی‌نرخەوە یاهیچ جۆرە تەندەرێکی تر پەسەندبکا ٠

٦ ـ هەر ڕۆژێك کارەکە دوابکەوی (٢٠) دینار سزای لێئەستێنرێ و پێویستە قۆنتراتچی کاتێ قۆنترانەکەی ئەدرێتێ ، ئەندازیارێکی سەرپەرشتیکەر دابنێ ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە لەڕۆژی دانانیەوە شەش مانگ‌ئەبێ ٠

٨ ـ ئەبێ قۆنتراتچیەکان نەخشەو تەندەرەکان بهێنەوە نەخشەکان تەنیابۆ ئەو قۆنتراتچیە ئەبێ کە قۆنتراتەکەی بۆدەرچوە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتراتچی پولێکی (٢٥٠) فلسی بە زەرفەکە بلکێنێ ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانەی لەزەرفێکی داخراودا نەبن ڕەفز ئەکرێن ٠

١١ـ لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە کشتیەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردو بەشی یەکەمو دووەمیەوە ئەبەسترێ ٠

١٢ـ هەر سڵ‌کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتراتچیەکانەوە لەنێو تەندەراکان بنوسرێت بەهیچ ئەزمیردرێ و ڕەفز ئەکرێ ٠

ئەمینداری کشتی بەڕێوەبردنی
کاروخانە سازی
شیروان علی امین

١ـ٢

پاشماوەی : بەرپەری دەهێ٠٠

کو ب کرن داتنیت و دبێژیت‌ئەگەرە بێژەیا « ژیان » کو ب بنگەهـ دادنیت ٠ بەلێ‌دزارێ کرمانجی‌دا « ژیار » ب دامان و پەژنا جور و ڕەنگی‌مروڤی‌یە ژ مال و خوارن و فەخوارن و رابێدانێ کو ب‌درستی مەعنا « معیشە » ب زمانێ عەرەبی ددەت و ڕەنگەژی ژ « ژیان » ببتە « ژیار » چکو ئەف بێگگوهورینادەنگدارا دزمانێ کوردی ناقدارە وەك (ژن‌مام) ،(ژرمام) تێتە گۆتن ، ژیارا خۆش و سەرفەراز دژیت‌ژبەرکو دەستهاتی و پارەیە ٠ خو نە ژیارە ،سەردارددژیت ؟! وەکی سەبێ پێ سوتی‌یە پارەیك ل فێ مالێ‌ئێك ل مالا هەنێ ٠ نیشانەیا دزی ئەفەیە : پێشبرتا «فە »ب سەر « ژین » فە تێ بەردان (فە + ژین = فەژین) ،هەڤبەری « وە » یان « ئەوە » وەکی پاشبرتێ ب سەرە ژیان ،فە تێ بەردان (ژیان + ئەوە = ژیانەوە) ٠ کو « فەژین » و « ژیانەوە » هەر دو ب مەعنایەکێنە ٠ ژبەرهندێ ژیین ژێدەرێ بنیاتی‌یە کرن ژێ تێتە درستکرن وە« ژیان » دکرمانجی‌دا نینە ٠ ژبەرکو د چو کتێبێت ڕێزمانا‌کرمانجی (کرن ـ فعل) ژ « ژیان » نەهاتیە کێشان،(تەسریفکرن) ، و هەر ب ژێدەر (مصدر) نامێتە‌هژمارتن ٠

نفیسەفانێت بەرپەرێ دەهێدو جورێت پرینی‌یا پالفدانێ (نزافێ) ددنەکاری کو ژبنیاتی ژی سێ جورن :

١ ـ ب سەرفە بەردانا(ئێت) یا (یێت) وەکی پاشبرتی ب سەرنافانفە وەك :کورێت من ٠ زەری یێت من ٠ ئەف جورێ پرینی‌یا پالفدانێ‌ل‌دەفەرا بەهدینا ژبلی‌بەرواری ژۆری‌یا ل‌کارە ٠

٢ ـ ب سەرفە بەردانا (ئێد)یا (یێد) وەکی پاشبرتی ب سەر نافانفە وەك : کورێدتە ٠ زەری (یێد) وی ٠ ئەف جورێ پرینی‌یا پالفدانێ ل‌دەفەرا هەکاری ، بایەزید و وانێ هتد ٠ ل کارە ٠

٣ـ ب سەرفە بەردانا (ئێن)یا (یێن) وەکی پاشبرتێ ب سەرنافانفە وەك کورێن تە ٠زەری یێن وان ٠ ئەف جورێ پرینی‌یا پالفدانێ ل بوتان ،موش دیاربەکر و سەرحەدان هتد ٠ ل کارە ٠ ژ بو جاك‌تێ‌گەهشتنێ بەرێ خو بدنە گۆتارێ د کۆڤارا « روژی‌کوردستان »دا د هژمارا (٢٨ ـ٢٩)ێ تەموز سالا ١٩٧٥ و (٣٠ـ٣١)ێ ئەیلول ١٩٧٥ب قەلەمێ صادق بهاءالدین نامێدی‌ب فێ ناف و نیشانێ « یەکینی و پرینی د زمانێ کوردی‌دا »بەلافبویی ٠

دمینت فولکلورێ دنیـــی‌بەرپەڕی‌دا تێنە بەلافکرن ، براستی جهێ شەهنازی و چژ زار نفیسی یا ژێ فەگوهازتی ، جهێ لێ بوینا وی،ژبێ وی ، زانایە ، یان نەزان ، دمێ نفیسینی ، فەگوهازتنێ‌یان ژ زارەوەگرتنێ ، داکو نرخەك و بهایەکێ زانستی(علمی) هەبت نفیسەفان ژی دنیت دەمەتهاتی بیت بشێنت‌فولکلورێ راست و تەراست هەتا ڕاەکێ ژێك جودا بکەت‌بو نمونە : گەنەك سەرحاتی سێ مالکی‌نە وەك :

بەژن بەژنێت درێژن ، رەش‌روحان کاتا تاڤێژن ، ب بەژن کورتا ئلنشی برێژن ٠

سوڕ دسوتی‌نە ، سپی دپوتی‌نە ، رەش ئەسمەر بێ گۆتی‌نە ٠

(١) ا : فەرهەنگا کوردی‌روسی ، قەنانێ کوردو موسکفا ١٩٦٠ بەرپەر(٤١٦)ێ

ب ـ فەرهەنگا کوردی ،فرەنسی ئنگلیزی ، جویس بلو ١٩٦٥ بەرپەر (١٢٣)ێ ٠

(٢) فەرهەنگا کوردی‌ئنگلیزی ، توفیق وهبی ، ئەمونس بەرپەر (٧٠)ێ(١٩٦٦)ێ ٠

پاشماوەی : قەلای شیروانە

مزگەوت شوێنی حەسانەوەو شەو بردنە سەری فەقیران وسوالکەرانو گەڕۆك بووە ٠

بەم جۆرە ئەتوانین بڵێین : **قەلاکەڕۆژ بەڕۆژبەرەوڕوخاندن ئەچێ کە ئەمەش کارێکی ناپەسەندو نارێکەو زیانێکی گەورەیە ئەبێ ئەو بەری هەوڵو تەقەلا بدەین بۆ پاراستنی ئەم شوێنەوارە مەزنە کە وەك هەموو شوێنە وارنکی تری ئەم وولاتە بە پاشماوەیەکی مێژوویی بیرۆز لە قەڵەم ئەدرێتو پێویستی بە چاککردنەوە هەیە ، ئەمانەو ڕازو نیازی‌تر لە مێشکما خولی ئەخواردەوەو هیوای ئەوەم بوو کە ڕۆژێك بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکان چاوێکی پێوەبێو تیماری بکا ٠ بەرەو شار ئەڕاینەوەو توانیمان خۆمان بگەیەنینە لێ‌پسراوانی قایمقامیەتی شار وباری قەلاکەمان بۆیان ڕوون کردەوە بەڕاستی زۆر بەخەمەوەرو پێ‌خۆشحال بووین کاتێ گوێمان لە وەڵامەکانیان دەگرت و ئەیانووت ٠ کەوا لیژنەیەك لەو بەڕێوەبەرایەتیە ماوەیەك لەمەو بەر پشکنینی قەلاکەی کردووەو وادیارە بەتەمای چاککردنەوەو پاراستنین ٠ بێ‌گومان ئەم کارە هەنگاوێکی پێشکەوتووانەیەو جێگەی ڕیزو ستایشە ، بەم جۆرە بە هەوڵو کۆشتنی دلسۆزانەی لێ‌پسراوان سەرلەنوێ قەلای شێروانە زیندوو ئەبێتەوەوڕوو بەڕووی سروشتی سەخت دەوەستێو بێ سەردانەواندن وەکو بەیەکەرێکی ناسنین سەربەرز دەمێنێتەوەو گۆڕانی جاویدانی بۆ وولات ئەنێتەوە ومێژووی ڕوونی میللەتەکەمان ناشکرا دەکات وهەتا هەتایە هەر قەلایەکی ڕەسەنو کۆنەدەرە ٠**

---

(٣) کەریم‌بەگ لەدەورو‌بەری ساڵی ١٩٥٧ دا مردووە بەڵام ئەو بەجەند ساڵێك پێش‌کۆچ‌کردنی وازی ئەم کارە هێناوە (کەرمیان‌و کۆیستان)ەکە ٠

پاشماوەی : لاوان ..

ئامادەکردنی لاوان ئەرکی شورشگیرانەی پێشکەوتنی کۆمەڵە

یەکەم ئەرکی ئامادەکردنی لاوان ، بە ئامادەکردنی کۆمەڵایەتی دەست پێ ئەکات ، تا بتوانن بەشداری نیجابی لە چوار چێوەی ژیانو کاری سۆشیالیستیدا ، ئەم ئامادەکردنە پێویست ئەکات لاوان بە توانای هونەریو لایەنی‌کاری بیویست رابهێنرین بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستە جا لە رووی ئورینی بەرنامەی قوتابخانەوە بێ یان بە مەشقو رێکخستنو ئامادەکردن لە لایەن رێکخراوەکانی لاوانو حزبەوە ٠

● گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پەوەردەکردنیان بە کاری بەکۆمەڵو بەرهەم بۆ تێکڕای کۆمەڵە وە لە گەل فراوان کردنی ڕادەی هەست‌کردن بە لێپرسینەوە بەرامبەر ڕۆڵەکانی کۆمەڵی بە گشتی لە ماوەی دووبات کردنەوەی ڕاستی بزوتنەوەی یەکیتی کۆمەڵەوە ٠

● پەروەردەکردنی لاوان بە باوەڕی نەتەوەیی‌و هاندانیانی بۆ خەباتی نیشتمانی کە بەشێکە لە خەباتی نەتەوەیی عەرەبو کە ئەنجامەکانی بە سەرکەوتنی نەتەوە نەبێ بە سەر کەرت بونو دواکەوتندا سەرناگرێ ٠

● **فراوانکردنی توانای هونەری لاوانو بەستنەوەی ئەم ئۆڕانە بە بایەخی چارەسەری گیروگرفتەکانی نەتەوە لە ڕووی گەشەسەندنو رزگاریو یەکیتی‌یەوە ٠**

● نەخشەکێشانی ئامانجی کۆمەڵایەتیو شۆڕشگێڕی لە بەگژا چوونی دوژمنداو دیاری کردنیان لە ناوەو دەرەوەداو دیاری کردنی کەرەستەکانی تێکوشان کە پێویستە لە دەست‌خستنی سەرکەوتنی تەواودا متمانەیان پێ‌بکرێ ٠

● بەستنەوەی پەروەردە بە کاری بەرهەمدارەوە بە وەزیفەی جەوهەری کۆمەڵی سۆشیالستی دائەنرێو بەستنەوەی ئەم ڕاستی‌یە بە ڕدوشتی کارکردنەوە لە ئەڵ مەسەلەی نەتەوەیو نیشتمانی هەتا پەروەردە بیتە هۆی نووبات‌کردنەوەی بایەخی سۆشیالستیو لە شێوەو ناوەروکدا پێویستیەکانیو ئاواتو ئامانجی نەتەوەیو مرۆڤایەتی کۆمەڵی بنوێنێ ٠

گەورەترین مەبەست ئەبێ کاری پەروەردە متمانەی پێ‌بکات چەسپاندنی ڕەوشتو خۆی نوێیە لە ڕێگای تیلتزامی تەواوە بە کاری داهێنانیو ڕەوشتی شۆڕشەوە و چونە ناو جەماوەرو زیادکردنی بەرهەمو هاوکاری بەردەوامی تێوان ژنو پیاو بلاوکردنەوەی گیانی یەکسانی لە کاری بەرهەمداردا‌و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تردا ٠ چونکە مەیدانی لاوان تۆوی زیندوی شایان بە باراستنو بە بێت کردنە بەرەو سودی جەماوەرو پێشکەوتنی شۆڕش‌و خێرایی‌کردن لە دەسکەوتی ئۆڕانگاری سۆشیالستدا کە مەبەستی بەختیاری جەماوەرو لاوان هێزی تیلتزامی یەکەمی ئەم ئۆڕانەن ئەگەر متمانە بە نەخشەی شۆڕش‌و بەرنامەی بەروەردەی کرا بۆ بنیات‌نانی بەم جۆرە پاشەڕۆژ زامن ئەبێو شۆڕشی کۆمەڵایەتی گورج‌وگولی ئەبێ ٠

پاشماوەی : ئەدەبی

جزیریو ..

شبلی ـ تێدا تێت ئەفەنە :

دا کفش‌بین کەرکەب د چەرخ
رابن هزار معروف ژ کەرخ
(شبلی)و سەعدیو ئالی فەرخ
عشقێ دوان کەشفا خوەدا !

دیوانا جزیری ـ ئامێدی ـ ب : ٤٣

٤ ـ **بو علی سینا** ، حسین کوڕێ عبدالله کوڕێ سینایە ، لکوندەکێ دەفەرا ـ بخاری ـ ژدەیکبویە ، لنافبەینا ٩٨٠ ز ـ ١٠٣٧ ز ژیایە ، خودانێ دەستەکێ ژیهاتیو زێرین بو د فەلسەفا ئیسلامێدا ، ژبلی مەلەفانیا وی د پزیشکیو منطقو فەلەکێدا ٠٠ دەما میر نوح کوڕێ منصورێ سامانی ، لسەر دەستێ وی ژ نەساخبونێ قورتالبوی ، بو علی سینا بو وەزیرێ دەولەتا نافبری لـ (هەمەدان) ، هەر لوێرێ بێ چویە بەر دلوفانیا

خودێ ٠ ئەوی پتر ژ سەد نفشتوك‌و بەلاڤوکا پێت‌دانایین ، کتێبا وی ـ القانون ـ بناودەنێترین کتێبە د پزیشکیو نوژداریێدا ، حەتا فێ دیماهیێ ژی ، لفیرگەهێت بلندێت ئەوربا دهانەخاندن ٠ (بنڕە : الزرگلی ـ الاعلام ـ ج ٢ ب : ٢٦١ ٠ ابن جلجل ـ طبقات الاطباء ـ ب : ١٤ ، ٢٢ ٠ دائرە المعارف الاسلامیە ـ ج ١ ب : ٢٠٣ ٠ ابن قیم الجوزیە ـ اغاثە اللهفان ـ ج ٢ ب : ٢٦٦ ٠ عمر فروخ ـ تاریخ الفکر العربی ـ ب : ٤٠٥) ٠

دیسان ـ بو علی سینا ـ دەستەکێ درێژو باش ، د هۆزان چنینو فەهاندنێدا هەیە ٠٠ کاریو شیایە خۆ داهێلیتە ڕەهێت کویر ٠٠ بتۆزا بەلگافە نەمینیت ٠٠ ئەفە سەرێ هۆزانەکا وی‌یا بەرکەتی‌یە :

هبطت الیك من المحل الارفع
ورقاء ذات تعزز وتمنع

٠٠ هتد ٠

کەلەك زانایت نافدارو مەزن ، ئەف هۆزانا بوری یاشیکارو رافەکری ٠٠ ژوان ـ ابن العربی ـ د نفشتوکا خودا (محاضرە الابرار) ، ـ ابن خلکان ـ د نفشتوکا خودا (وفیات الاعیان) ، ـ الدمیری ـ د نفشتوکا خودا (حیاه الحیوان الکبری) ، ـ ابن العماد ـ د نفشتوکا خود (شذرات الذهب) ٠٠ ژبل گەلەکێت دی ژی ، کو ئەم نکارین هەمیان ڕێزکەین و بژمێرین ٠

ـ جزیری ـ د مالکەکا خودا دبێژتین ، ئەز نزانم یارا من چ ڕەنگ مرۆڤە ؟ چتوف ئینسانو بەردلکە ؟ مینا ـ عیسا ـ یە ئەو (د ٠ خ) خودان ڕازو معجزاتە ٠٠ یان ژی مینا ـ بو علی سینا ـیە ، خودان دەرمانو نوژداری‌یە :

ئەز دبێم عیسایە ئەو ، یا (بو علی سینا)یە ئەو
لەو بڕەمزو عیشوەیان پڕ موعجزاتو شیوەیە

دیوانا جزیری ـ ئامێدی ـ ب : ٢٣٧

دجهەکێ دی‌دا ـ جزیری ـ دفەرموت ، یاری نییەتو نیازە ، جانو کیانی لە تاڵانو یەغماکەت ، دا سیحرو نوژداری شەرەزایی‌یا خۆ وەکی (بو علی سینا) دیارو ئاشکەراکەت ، کا چەوان ئەساخێت لاکێت بێ‌تێزو هێز ، بشەرەزایی‌یا خۆ ، ژ دەستێت ئەساخیێ ڕەزگارو قورتال‌دکرن :

یار قەستا جان یەغما کرت
دا موعجزێ پەیدا کرت
رەفرەك ژ ڕەنگ عیسا کرت
یان سیحرێ (بو سینا) کرت
دیوانا جزیری ئامێدی ـ ب : ٥٠٠

ئفێرێ ئەم دێ سنگێ هەسپێ خۆ قوتین ٠٠ دەرگەهێ گوتارا خۆ کرین ٠٠ ئافێ ژ گولشەنو گولزارێت جزیری وەرگێرین ٠٠ حەتا سەیرانەکا دی ٠٠ گەشتەکا دی ٠٠ گەڕیانەکا دی ، هوین بمینن خۆش ٠

پاشماوەی : مەرەمەری عیراقی ٠٠

بەکارهێنانی ئەو مادەیە لەلایەن ئەندازیاری بیناکاری‌یەوە لە بیناکردندا ، بەهۆی ئەوەی کە جوانکاری‌یەك ئەنوێنێو تاسالانێکی درێژیش بەرازەویی ئەمێنێتەوە ٠

ئۆڕانێك لە ئارەزوی هاو وڵاتی عیراقی بەرامبەر ئەو میقدارەی لەو ساڵە کەمانەی رابوردوودا لەو ماوەیەدا بەبارهێنراوە چەندایەکی زۆر زیادی‌کردوە ، تاوەکو قەبارەی پێویستی‌ی بازاڕی عیراق بۆ ئەو مادەیە لەساڵێکدا بە ٢٠٠ ـ ٢٥٠ هەزار مەترە چوار ئۆشە ئەخەمێنرێ ، لەوانەیە لەدوارۆژدا ئەلێ لەوەش تێپەڕ بکا ٠

● **بەکارهێنانی مەرەمەڕ**

مەرەمەڕ لەزۆر شتدا بەکار ئەهێنرێ ، وەك داپۆشینی ڕووکاری دەرەوەی خانوبەرەو، داپۆشینی زەوی زۆرورازەو بیبلیکانەو داپۆشینی دیواری ناوەوەی عەندێ بیناو بۆ رازاندنەوەی پەیکەری کۆرەیانە ئشتیەکانو دروستکردنی هەندێ بارچەی کەلوپەلی ناومال ٠

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەتوانرێ لەبواری تریشدا بەکاربهێنرێ ، وەك ئەوەی کە لەبری هەندێ مادەی وەك تەختەو خشتی ڕووکاری خانوبەرەو بەردێکرتنی دیوارو ئەئەمنیۆمو ئەڵ مادەی تری کە وەك دژا کەرەسەی بیناکاری بەکار ئەهێنرێ ، بەکاربهێنرێ ٠ خۆ ئەگەر ئیمرۆکە مەرەمەری بێگانە لەبازاڕی عیراقدا بەدی‌ئەکرێ٠ هۆی سەرەکی ئەوەو بۆ مەیسەرکردنی کەم ڕەنگی مەرەمەری عیراقی‌یەو تاوەکو بەپێ ئارەزووی بەکارهێنەرانی هەموو جۆرە ڕەنگێکی‌نر بڕەخسێنرێ ٠

هەرکاتێ توانای هونەریش زیادی‌کرد ، دەزگای کشتی کانەکان کانی تر بۆدەزهێنانی ئەلێ جۆرە ڕەنگی تازەی‌تری مەرەمەڕ ئێ‌ئەداو وردەوردە واز لە مەرەمەری بێگانە ئەهێنێو مەرەمەڕ ئەبێ لەبازاڕدا ٠ ئەو سیاسەتەش ئەنها لەوەوە ئەهاتوە کە حەز لەشتەهێنان ناکرێ ، بەڵکو لەوەوە هاتوە کەبێویستە سەرجاوەکانی سامانی کانزایی لەعیراقدا ڕەنێو بهێنرێ ، لەکەل ئەو باوەڕبوونەش کە جۆرەکانی مەرەمەری عیراق لەجۆرە مەرەمەڕەکانی ئیتالیاو نوردن ، لەڕووی ساغی‌و باشیەوە لەوان کەمترنین ، ئەگەر کەلێ لەوان باشتر نەبن ٠

ـ چیادترکی ـ

پاشماوەی : دەسنی ڕۆژگارو

لێ هاتبوویەوە یەك ٠٠ وەکو هەمو جیهان‌ئەم کۆبوونەتەوەو داوای وەڵامی لێ‌بکەن ٠٠ ئەیزانی چۆن ئێ بکەیەنێ کەکەلکی نی‌یە ٠ کەنو کوڵن ووتە ختووکەی ژێ‌کانی دەنگی‌دا تا بە ناچاری ٠٠ لەسەر هەمان ئاوازە ناخۆشەکەی جارانی٠٠ ئاشکرای کرد :

ـ هە ٠٠ هە ٠٠ هە ٠٠ هە ٠٠

کچەکەش کە ئەمەی لێ بیست ، ڕەنگی تێك‌چوو ٠٠ تاسا ٠٠ شلەژا ٠٠ خۆی لەبیرچوویەوە ٠٠ دەماری ڕك‌وکینە بەئاسانی لەسەر دەستە نەرمۆلەکانی دەژمێردرا ٠٠ ئەیزانی چی‌بڵێ ٠٠ چونکە هەموو هیواو ئاواتەکانی دەستو پێوەندکرانو خرایە بەندیخانەی ژیانیەوە ٠٠ وەوای لێ‌کرد کە ئەمیش کۆشەیەکی تەنیایی بگرێت ٠ ئەمانە هەمووی لەباش ئەوەی کە بزی دەرکەوت ئەو کوڕەی کە بۆی بەپەرۆش‌بوو وە تامەزرۆی ئەوەبوو کە تەنیا جارێك لەگەڵیدا بدوێت‌و باسی خۆشەویستی خۆی لابکات ٠٠ کوڕە لاوێکی لالە !! وهیچی‌تر ٠

Institut Kurde de Paris

پێتان ئەڵێم

أحمد محمود

● چاوەڕوانی ڕۆژی حەفدەی تشرینی یەکەمی داهاتوین کە گەورەترین کردەوەی سەرژمێرکردنی دانیشتوان لەمێژووی هاوچاخی وڵاتەکەماندا دەستپێ-ئەکات ، ڕۆژنامەکان هەموو ڕۆژێك دەنگۆو باسی گەلێ جۆرچالاکیو کردەوەی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیمان نیشان ئەدەن کەلەلایەن کەسانی ناوچەماوەرو پیشەییەکانەوە لەهەموو پارێزگەیەکی وڵاتەوە ئەکرێن ، ئەمەش بەتایبەتی لەپارێزگەکانی ناوەڕاستو باشوردا بۆ ئامادەکردنو ڕۆشنبیرکردن لەهەموو ڕوویەکی سەرژمێرکردنو کارو مەبەستە پێویستیەکانیەوە لەسەر واقیعو دواڕۆژی گۆڕانی گەلەکەمانو گەشەکردنی لەگشت لایەنێکەوە ئاسکراو دیارە .

● لەوشتانەی کەدووبارە ئەبێتەوە لەژیانی گەلەکەماندا ئەو سەرژمێریەیەو پلەی بەبەوەندی کاریگەرتیی بەنەخشەی گەشەپێدانی فراوانو گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕیو دیموکراتیە بەرکەماڵانەیە کە لەکاروانە بە چنگە ئەماندا مەبەستنو کەواپشتی بەوحساب ونیشانە زانیاریانە ئەبەستێ کەوردبینیو لێکزڵراوەکانو بەرهەمەکانی سەرکردایەتی سیاسیمان نیشانی داوین ، تەنەللای ڕێکخراوەجەماوەریەکانو بەشدار کردنی گورجو گۆڵانەیان لە پارێزگاکاندا بۆ هۆشیار کردنەوەو ڕۆشنبیری کردنی دانیشتوانی لە گشت ڕوویەکی سەرژمێرکردنی جاوەنواڕ کراوەوە هیچ بێی ئالێنن دووبارە کردنەوە .

● لاکردنەوە لە بەرزکردنەوەی هێزی کاریگەری ڕاگەیاندن لە ناو چەماوەرداو پال پێوەنانی بۆ شوێنی پەسەندی سروشتی سەرژمێرکردنی دانیشتوانو هاوناری کردنی بۆسەرکەوتنیو بۆ چەساندنی زمارەکانی لەبێناوی پال پێوەنانی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنو گەشەکردنماندا ڕەنگەبەنوسینو وتارو هەروەها بەبۆستەرو تابلۆو بەیکەرو گۆرانیو شانۆگەریو زانیاری بکرێ هەروەك لەفولترین ناوچەی هۆزەکانی وڵاتەکەماندا باوە .

● ئەمەش بانگەواز کی دلسۆزانەیە بۆ هەموو ڕۆشنبیرکی کورد کە وا پێویستە زیاتر بگەنە ڕادەی ئەو ئەرکانەی کەلەسەرمانە کردنی گشتی دانیشتواندا بەرەنگاریان ئەبێ هەر وەك ڕاستیەکی بایەخداری ژیانمان

مەهەرەجانی : یەکێتی ئافرەتان لەسلێمانی

لە ژێر دروشمی (باهەموو هێزە خبرخوازەکان لە پێناوی عێراقێکی پێشکەوتودا دەست بخەنە نێودەستی یەکتر) یەکێتی ئافرەتانی سلێمانی لەژێر چاودێری پارێزگاری سلێمانیدا بەڕێز ارشد احمد محمد خۆی ئامادەکرد بۆ گێڕانی میهرەجانێك بەبۆنەی جەژنی بیرۆزەوە ، ئەمەش ڕۆژی ٨-٩ و ڕۆژانی پاشی بەر دەوام بوو .

بەم بۆنەیەوە چوینە بارەگای یەکێتی ئافرەتان و ووتێژی فۆتۆغراف ئەمەش لەکاتی ٧٫٣٠ ئێوارەی ڕۆژی ٨-٩ دا ئەبێت لە باغچەی مەلبەندی ڕۆشنبیری ژانکۆی سلێمانی .

٢ - لە کاتی (٨)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژو لە هەمان شوێندا هەندێ فلیمی وەسائقی پیشان ئەدرێت .

٣ - لە ٧٫٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی ٩-٩ دا لە یانەی ئەقابەی مامۆستایان بازارتکی گەلی ئەکەنەوە ئەمەش بۆ ١- کردنەوەی پیشانگایەکی ئەوەی خێزانە دەست کورتەکان بتوانن جلو بەرگ بۆ منالەکانیان بکڕن بە نرخێکی یەکجار هەرزان .

٤ - لە کاتی (٨)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژدا هەڵئەسین بە گێڕانی ئاهەنگێك ئەمەش تا شەو تارێکی درەنگ دەخایەنێت .

لە پاشان خوشکە معصومە سەبارەت بە چەوجۆڵی ئافرەتانو یەکێتیان ئەوەی دووبات کردەوە کە ئەوانە هەرتزاو هەرگیز سەر نارگرێ ئەگەر وەك ئێستا دەستی یارمەتی حزبو شۆڕشی ١٧ی گەلاوێژی بۆ درێژ نەکریت لە هەموو ڕوویەکەوە .

لە وەڵامی پرسیارێکی کەدا سەبارەت بە دەوری یەکێتی ئافرەتان بۆ گۆڕینی باری ژیانی ئافرەتانی ئوندەکان خوشکە بەروین غریب عارف لێپرسراوی لیژنەی ڕۆژینی ئافرەتانو پێشکەوتنیان ووتی:

ئامانجی سەرەکیمان بەرزکردنەوەی باری ژیانی ئەو ئافرەتانەیەو نەهێشتنی ئەو جیاوازیانەیە کە ئێستا لە نێوان ئافرەتانی شارو لادێدا بەدی ئەکرێت . بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە هەفتەی ڕۆژێك کۆڕتکیان بۆ ئەگێڕینو دەوری ئافرەتیان لە کۆمەڵدا بۆ ڕوون ئەکەینەوە هەروەها ڕاستەوخۆ ئەچینە ناو خێزانو مالەکانیانەوە بۆ ئەوەی یەکسەر تەنگو چەلەمەو کۆسپەکانیان بە چاوی خۆمان ببینینو دەمو دەست بەپێی توانا چارەی بۆ دانێین ، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەل خۆمانا چادرێك ئەبەین و هەر لەوێدا هەندێ ئیشو کاری ڕۆژانە وەك - دورمان ، چنین ، چۆنیەتی بەخێوکردنی منال - فێریان ئەکەین ، ئەمە جگە لە خزمەت کردنیان لە ڕووی تەندروستیەوە کە هەموو جارێك کۆمەڵێك بۆ ئەم مەبەستە تەرخان ئەکرێت .

پرسیار : باشە خۆتان کۆسپتان دێتەڕێ ؟

وەڵام : بێگومان پێویستە لەو واقیعەوە بدوێن کە ئێستا تیایدا ئەژین بۆیە ئەلێم تا ئێستا باری ژیانی ئافرەتانی لادێو شار گەلێك جیاوازە ، زۆر گوند هەیە بە چاوێکی سەیرەوە تەماشامان ئەکەن بۆ وێنە جارێك چوینە تیلەکۆی سەر بە کەلار لە پێشا ئەیان دەویست بە دەنگمانەوە بێن ، بەڵام کە لە مەبەستمان گەیشتن ئەوان خۆیان داوایان لێ ئەکردین کە لە گوندەکەیانا لقی ئافرەتانیان بۆ بکەینەوەو سوربون لەسەر ئەوەی کە بیاوەکانیشیان هاوبەشی ئەو کۆڕانە بکەن .

هەروەها لەکاتی ئەو سەردانانەدا ئەبینین دانیشتوانی گوندەکان خۆیان داخوازیەکانیانمان بۆ ئەهێنن وەك نەبوونی ئاو .. قوتابخانە .. باری تەندروستی .. بڕینەوەی پارەی خانەنشینی ، بێگومان ئێمەش لە لای خۆمانەوە ئەو داخوازیانەیان بۆ ئەخەینە پێش چاوی لێبرسراوان و زۆربەی زۆریان بۆ جێبەجێ ئەکرێت .

لە پاشان خوشکە معصومە احمد سەبارەت بە هەندێ چالاکی نوێی یەکیەتیەکەیان ووتی :

ڕۆژی ٢٥-٩ لە شاری هەولێر پیشانگایەکی وێنەی دەست ئەکەینەوە کە ئەمەش واقیعی ژیانی ئافرەتی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا پیشان ئەدات ، واتە سەبارەت بە پێشکەوتنی ئافرەت ئەدوێو ئەو قۆناغانە پیشان ئەدات کە ئافرەتی کوردی پیادا تێپەڕیوە . ئەمەش هەموو پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هاوبەشی تیادا ئەکەن .

هەروەها سەبارەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری و سەرکەوتنو سەرکرتنی سەرژمێری گشتی ئێمە بەردەوام هەڵئەستین بەگێڕانی ئەدەوەو کۆبونەوەی خۆمان لە پێناوی ئافرەتانا بۆ بنیات نانی عێراقێکی نوێی پێشکەوتوو لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی گەلاوێژی پیرۆزدا .

پ . هاوکاری لە سلێمانی

مۆزەخانەی ناسریەدا پێك ئەهێنرێ . یحیی ادریس

کورتە بەیەك گەیشتنێکی هونەری

لە لیژنەی نیشتمانی عیراقی مۆسیقا لەوەزارەتی ڕاگەیاندن، خۆئامادە ئەکرێ بۆ ئاهەنگ گێڕان بە سەریەم ڕۆژی جیهانی مۆسیقا کە لە حەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەمی ئایندەدا ئەکرێ ، بەوبۆنەیەوە هونەرمەند باسم حنا بطرس ئەمینداری نهێنی لیژنەی نیشتمانی عیراقی مۆسیقا دەربارەی گرنگترین چالاکیو کارەکان دواو وتی :

● مەلبەندی دەوری جوێندنی مۆسیقای تەقلیدی ، لە کۆنگرەی دەولەتانەی مۆسیقا لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە بەغدا ، ئەمەی ڕاسپارد ئەکرێتەوە ، ئەمەش یەکەم مەلبەندە لەو بابەتە کە لە نیشتمانی عەرەبیدا ئەکرێتەوە .

هەروەها بەڕێز باسم وتی : ڕێز لەو پێشەوایانەی بڕرتنەوەی مۆسیقا ئەنرێ کە لەماوەی ساڵانی ١٩٤٠-١٩٥٠ ئیشیان کردوە ، لە گەل یەکەم تاقم لە دەرچوانی ئامۆژگای ئاواز خوێندنو دووەم تاقم لە دەرچوانی قوتابخانەی مۆسیقای باڵێ .

دەربارەی چالاکی مۆسیقاو هونەرییش وتی :

● تیپە مۆسیقاییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندنو تیپی ئەمینداریەتی بابەتخەتو تیپی مۆسیقای سوپاو تیپە هونەریەکانی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراقو تیپەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەرانو تیپە هونەریەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەو چالاکیانەدا بەشدار ئەبن .

ئەی دەربارەی ئەو هونەرمەندە ژاوێنیەی بانگهێشتنکراوە :

هونەرمەندە ژاوێنیەکە سوسو بانشیتای کوڵو لیدەرە، ئەو بۆنەیەوە چەند ئاهەنگێك ئەگێڕێ .

هەروەها باسمی هونەرمەند وتی :

دکتۆر - تاریانا مینون - سەرەڕای ئەجوومەنی مۆسیقای دەولەتان بە نامەیەك ئاهەنگەکە بەسەر ئەکاتەوەو لە بری خۆی لە ئاهەنگەکەدا ئەخوێنرێتەوە .

سەرەڕای ئەو ئاهەنگانە ، بە هاوکاری لەگەل بەڕێوەبەریەتی گشتی دەزگای ڕۆشنبیری جەماوەرانو لیژنەی نیشتمانی مۆسیقادا بەگەم قۆناغی گۆرانی لادی لە ناسریە ئەگێڕرێ ئەو گۆرانی بێژانەی تیا بەشدار ئەبن کە گۆرانی وتن پیشەیان نیەو لە لایەن نوێنەرانی ڕۆشنبیری جەماوەرانەوە لە پارێزگای جیاجیادا دۆزراونەتەوە ، هەروەها کۆڕێکیش بۆ لیدانی مۆسیقای سەربێی ئەگێڕێو پیشانگایەکی مۆسیقاییش لە

پێتی «ع» لە قاموسی زمانی کوردیدا

بەم دوایی‌یەو لە بەرگێکی قەشەنگو بەنگینو بەچاپێکی یەکجار پوختو شیرینەوە ، بەرگی یەکەمی قاموسی زمانی کوردی لە کۆششی مامۆستا عبدالرحمن زەبیحی و قەلەمە چەنەنگەکەی کەوتە بەردەس و دیدەی خوێنەرانی کوردەوە .

ئەم بەرگە بڕێتی‌یە : لە سەرەتایەکی خێراو بەنرخی زمان و زمانی کوردیو شوێنو باسنامەی زمانی کوردی لە بڕ زمانەکانی هیندۆ ئێرانیدا لەسەر ١٩ بەش دابەش کراوەو ١٠٠ لاپەڕەی ڕیکی گرتوتە خۆ .. قامزەکەیش کە تەنیا پێتی « ع »ی لە باوەش گرتوە بڕێتی‌یە لە ٢٤٤ لاپەڕە .. ئەمەیان بەرگی یەکەمەو هێشتا ٩ بەرگی تریشی بە دواوە دێ .. جاوەڕێین وبیازخوازی سەرکەوتنی مامۆستا زەبیحین بەم بارە مەزنەیدا .

هاوکاری

داهێنانێکی نوێ



لەم دواییەدا قەرەوێلەیەکی تایبەتی بۆ ئەخۆشان داهێنراوە دەتوانرێت بۆ هەموو چەشنە پائکەوتنو دانیشتنێك بەکار بهێنرێت بەجۆرێك یارمەتی ئەخۆش بدات بۆ ئەو دانیشتنەی یان ئەو پائکەوتنەی پێویستە . بۆ وێنە ئەگەر ئەخۆشەکە لەپائکەوتنەوەویستی دابنیشێت ئەوا پاڵپشتەکە درێژ دەبێتەوەو ئەخۆشەکە دەتوانێت دانیشێت بەبێ‌ئەوەی پێویستی بەخلیسکانێکی خێرا یان سۆڕبوونەوەیەکی خێرا بکات وەك بڵێیت لەسەر قەرەوێلەیەکی‌ترەیە .

ڕووکاری قەرەوێلەکە ڕۆشنایە تابتوانرێت بەهۆیەوە وێنەی « ئەشیعە »ی بێ‌بگیرێت ، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە بکات ئەخۆشەکە ببرێتە سەر قەرەوێلەی تایبەتی «ئەشیعە» .. قەرەوێلەکە دەتوانرێت هەڵبگیررێت و زۆرپش سووکەو ، لە جۆرە ئاستێکیش دروستکراوە ژەنگ نابگرێت .

کامەرانی‌ی ڕاستەقینە

کامەرانی بە خشتیکە بۆ ئەو کەسەی تیدا بژێت ... ئەوانەی لە ژیانیشدا کامەرانن وەکوو باڵندەی سەربەست وان ، سروەی زۆر فێنك هەڵدەمژن .. بەڵام کامەرانی تاکوو سەر نی‌یە ، ئەگەریش وابوو ئەوا دەبێتە بارتکی گرانی سەرشانی ئەوانەی کامەرانن‌و هەست بەبێزاری‌و سستی‌و جارسبوون دەکەن .. مرۆڤی توانا بەتین‌و هۆشیار ئەوەی بەگەش بینی‌یەوە سەیری ژیان دەکات دەتوانێت ئەو کامەرانی‌یە وەچنگ بخات .. دڵوسنگی خۆی بەفراوانی بۆ ژیان‌و خۆشی‌یەکانی بکاتەوە .. بەڵام هەندێك کەس دەبانەوێت هەر بەژۆرو بەزەبری هێز کامەرانی وەدەستبهێنن .. ئەوەش هەرگیز نایەتەدی .. ئابا دەتوانیت لەلای کەسێکدا کامەرانی بچێژیت .. خۆشیت دەوێت‌و زۆر دلسۆزی‌ی خۆتی پیشان دەدەیت‌و لاوتی خۆتی‌لە پێناودا دەدۆڕێنیت ،ئەویش ئوێت پێنادات‌و پشت‌گوێت دەخات وەك بڵێیت هیچ نەبوویتە لە ژیانی‌دا .. ئەو کاتە ئەم کامەرانی‌یە دەبێتە دژەخێکی ئەوتۆ تیایدادەرنابەیت .. چونکە ناتوانیت خۆت بسەپێنیتە سەر مرۆڤێك‌دا بوون‌و هەستو نەستی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی خۆشتی بوێت یاخود لێت نزیك‌ببێتەوە .

لەوانەشە دلت پێبدات بۆماوەیەك .. بەڵام ئیستاکە بیروڕای خۆی سەبارەت بە تۆ گۆڕیوە .. مرۆڤیش بیرکردنەوەو بڕیاردانە .. بیر دەکاتەوە ئینجا بڕیار دەردەکات .. لەوانەیە هەندێك شت وای لێ‌کردبێت ناچاری کردبێت پشت‌گوێت بخات‌و خۆشتی نەوێت .. بەڵام چەند ئایاب‌و قەشەنگە ئەو کامەرانی‌یەی لەدڵو دەروونی مرۆڤ خۆیەوە هەڵقوڵا بێت .. کێمان ڕۆژێك لەڕۆژان لەناو کامەرانی‌دا ژیاوەو هەستی پێ‌کردووەو دوای ئەوەش پشتی تێ‌کردووە .. ئەوە هەرنەبووەو کاری نەکەردەنی‌یە .. ئێمە مانان هەموو ئارەزووی کامەرانی دەکەین ، کاتێکیش هەست بەوە دەکەیت ، ئەو کامەرانی‌یەی پێت بەخشراوە لێت سەندراوەتەوە .. بەبێ هیچ گومانێك ئەو کاتە هەست بەتەڵە نەفەسی‌و خنکان دەکەیت‌و لەناو پەرتشانی‌و بەزارەدا دەخولێتەوە ، کەواتە ئەو کامەرانی‌یە پاك‌و تەمیزەو ئەو ژیانە خۆش‌و بەجێژەی لە ئامێزی خۆشەوبست ترین کەس‌دا دەتبردە سەر لێت سەندرایەوە .. دوا ڕۆژیش شتی زۆر سەیری بۆ مرۆڤ شاردۆتەوە .. با هەندێك ڕوودای ئەم جیهانەی کە هۆی چێشتنی ژان‌و ئازارە بشت‌گوێ بخەین‌و بە دوای کامەرانی‌ی ڕاستەقینەدا بگەڕێین !!

م.ح.ز

ئێوە ئەڵێن چی ؟

نوری جەبران

لەنێوان ڕەخنەو هێرش کردندا

گومان لەوەدانی‌یە کە ڕەخنەی ئەدەبی شتێکی ئێجگار پێویستە بۆ گەشەکردنو پێشخستنی ئەدەبو بەهۆی ئەوەوە ئەتوانرێت زەمینەیەکی ئەوتۆ لەبارو خۆش بێنینە کایەوە کە بەچاکی ئەدەب ئەشونەمای تیدا بکات‌و پەروەردەبێت .. لەبەر ئەوەی کە ڕەخنەی ئەدەبی ئەو دەورە گەورەو باڵایەی هەیە.. هەندێ جار بۆ هەندێ کەسانی‌وا ڕێك ئەکەوێت کە لە بواری خۆ هەڵقورتانە مەیدانی ڕەخنەو ڕەخنەکاری‌و هەڵزنانیان بەوکارە پیرۆزەدا شتە تایبەتی‌یە پەنگ خواردوو کپەکانی دەرونیان دەربڕن ..

ئەو دەربڕینەش لە شێوەی .. پیدا هەڵدانێکی بێ‌مانای بێ‌ڕێ‌وجێو زل‌کردنی کاری بێ نموی بێ بایەخو گەورەکردنی شتی ئێجگار بچوکی نابوت‌و جوڵاندنی گیانی پەك‌کەوتەی ڕەیاخود هێرش بردنێکی بێ‌مانای دوور لە ڕەوشت‌و خوی بەرزی ئەدیبانەوەو کەم کردنەوەو شکانی دەقی ئەدەبی ئەوتۆ کە شایەنی ئەو هێرش‌و بلارە نی‌یە .. بەجۆرێکی ئەوتۆ ڕەش بگرێت بە سپی‌و سپی بەڕەشی و هەڵەمەت‌و هێرشی ببرێتە سەر ئەدیبەکەو دورکەوتنەوە لە دەقە ئەدەبێکە .. کە بێ‌گومان ئەم کارە بەهەردوو دیوەکەیدا ئەبێتە مایەی لاوازکردنی ئەدەب و لادانی لە ڕێگای ئاسایی خۆی‌و خەریك‌کردنی ئەدیبەکان بەشەڕە دەنوکێکی بێ مانای بۆش‌و بە تالی دوور لە ڕەخنەی ڕاستەقینەوە .. ئەو بابەتەی کە ئەدەب دەوڵەمەند ئەکات .. ئەو ڕەخنە ئەدەبی‌یەی کە لە ڕۆشنبیریەکی فراوانەوەو تێکەیشتنێکی نەواوەوە ڕەخنەگر کارێکی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێ‌و لەبەر ڕۆشنایی بیرو باوەری خۆی‌و جۆرو بابەتی ئەدەبەکە نرخێکی ڕەواو عادیلانەی ئەداتێ .. بە بڕیایەکی تەواوو زانستیانەوە لایەنی چوان‌و کەم‌و کوری ئەو بەرهەمە یادەقەکە نیشان ئەدات‌و لەو کارەیدا پشت بەدلسۆزیەکی تەواو ئەبەستێ .. بەبێ ئەوەی توخنی ئەدیبەکە بکەوێت .. ڕەخنە ئەگەر بەم جۆرەیان بێت ئەوە خزمەتەو دلسۆزیەو هەوڵدانە لە پێناو پێشخستنی ئەدەبداو بەڕاستی‌ی ئەدەب دۆستی‌یە.. ئەگینا هێرش بردنێکی ڕوت‌و بێ هەڵدان‌و زەم‌کردنێکی نابەجێ کەی بەرەخنەی ئەدەبی ئەزمێردرێت !؟

لە هەمو کاتێکدا و بە هەمو شێوەیەك بێدەنگی ئەو جۆرە ڕەخنەچیانە لە نوسینی ئەو جۆرە قسە بەتاڵانەیان خزمەت زیاتر ئەکات ..

★★

Institut Kurde de Paris